# بیبلیۆگرافیای کوردناسی

بەرگی دووەم

بیبلیۆگرافیای

# کــوردناســی

کورد و کوردستان

لە سەرچاوە ئینگلیزییەکان دا

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

–ناوی كتێب: بيبليۆگرافيای كوردناسی
– بابەت: بيليۆگرافيای شيكاری
–بەرگی دووەم: كورد و كوردستان لە سەرچاوە ئینگلیزییەكان دا
– د. نەجاتی عەبدوڵڵا.
– تايپ و هەڵەچنی: وەرگێر.
– چاپ:
– تيراژ:
– ژمارەی سپاردن (   ) ی 2009
–چاپی یەكەم: 2009.

# پێشەكی

خوێنەری خۆشەویست،

پاش چەندین ساڵ گەڕان و سوڕان بەناو كتێبخانەكانی پاریس و لەندەن وا خۆشبەختانە بەرگی دووەمی ئەم كتێبە تەواو بوو كە زیاتر لە دەساڵ زیاترە بە پچڕپچڕ كاری بۆ كراوە و ئەم و ئەو كتێبخانەی لێرە و لەوێ بۆ پشكنراوە . دیارە ئەم كتێبەش وەكو هەر كتێبێكی دیكە مێژوویێكی تایبەتی خۆی هەیە. هەروەك لە بەرگی یەكەمی ئەم كتێبەدا نوسیبووم بیرۆكەی نووسینی ئەم كتێبە ڕێك لەوكاتەوە لە مێشكم گەڵاڵە بوو كە ساڵی 1997 دوای ئەوەی زانكۆی پواتیێ-م جێهێشت و هاتمە پاریس و لەوێ بۆ خوێندنی زانكۆ گەڕان و سووڕان بەدوای سەرچاوەكان زۆر هیلاك یان دەكردم و كاتێكی زۆرم بۆ ئامادەكردنی بیبلیۆگرافیا تەرخاندەكرد, كاتێك قوتابی كورد لە دەرەوە لە بواری مێژوو، زمان، كۆمەڵناسی و یان هەر بەشێكی دیكەی زانستە كۆمەڵایەتییەكان دەخوێنێ هەستێكی زۆر نامۆ دەیگرێ كاتێك دەبینێ هیچ سەرچاوەیەكی لەبەردەست دا نییە تاوەكو ڕێنمایی بكات بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ئەو سەرچاوانەی ئەو بە دوایاندا دەگەڕێ. ئا لێرەدا ڕاستەو ڕاست بیرۆكەی سەرەتایی نووسینی ئەم بیبلیۆگرافیایە كەوتە مێشكمەوە و دواجار كاری شەووڕۆژی پرۆژەكەش لە ئەمساڵ دا بوو بە واقیع و خۆشبەختانە وا ئێستە بەرگی یەكەمی ئەمكارە كە تایبەتە بە زمانی فرەنسیی بڵاوكرایەوە و بەرگی دووەمیش كە تایبەتە بە زمانی ئینگلیزی لە داهاتوویێكی زۆر نزیكدا تەواو دەبێت.

دیارە پێویست ناكات باسی گرینگی ئەم پرۆژەیە بكەم كە زۆر بەداخەوە وەك زۆر كاری دیكەی كورد زۆر بە دواكەوتووە و دەبوایە هەر هیچ نەبوایە لە ساڵانی حەفتایەكانەوە بكرابوایە و هەموو چەند ساڵ جارێكیش چاپی تازە و ڕاستكردنەوە و زیادەكاری بۆ بكرابوایە، بەڵام كە ئەوە نەكرا ئیدی كاتی گلەیی بەسەر چووە و گرینگ ئەوەیە دواجار كارەكە بڵاوكرایەوە. دیارە پێم خۆشە سەرەنجی خوێنەر بۆ چەند ڕاستییێك ڕابكێشم:

1-ئەم كارە بە دڵنیاییەوە سەرجەمی هەموو ئەو كارانە نییە كە لەسەر كورد وكوردستان بە زمانی ئینگلیزی نووسراون، بەڵام بە دڵنیاییەوە -دەتوانم بڵێم- بەشی هەرە زۆرترینی كارەكانە بە تایبەت كتێب و نامیلكە و لێكۆڵینەوە و كاری زانكۆیی.

2- دیارە وتارگەلی ڕۆژنامە و گۆوارەکان و بە تایبەتی ئەوانەی نرخێکی ئەوتۆی مێژوویيان نییە نەخراونەتە ناو ئەم بیبلیۆگرافیایە لەگەڵ ئاگاداربوون لەوەی کە ڕەنگە وتار و ڕاپۆرتاژی دیکەی گرینگی مێژوویی لە دوو تویێ ڕۆژنامە و گۆوارەکان مابێت و ئێمە بەرچاومان نەکەوتبێت. بێگومان ئەمکارە بە هیچ شێوەیەك بە ئەنقەست نەبووە و لە چاپەکانی داهاتوو هەوڵدەدەین هەموو کەموکوڕییەکان چاکبکەین.

3-ئەم بیبلیۆگرافیایە کارێکی شیکارییە و دیارە بە پێوانی زانستی بیبلیۆگرافیای شیکاری هیچ هەقێك بە خاوەنەکەی نادات حوکم بەسەر بابەتەکان بدات بەڵکو زیاتر ئامانج لەوە بەدیارخستنی ناوەڕۆکی باسەکەیە و بەس.

دیارە جێگەی خۆیەتی ئەوە بگوترێ کە کاری ئەم بەرگی دووەمە و هەروەك بەرگی یەکەم بە پشتیوانی و یارمەتی ئەکادیمیای کوردستان و بە تایبەت بۆ ئەکادیمیای کوردستان ئامادەکراوە کە ئەگەر کۆمەگی ئەوان نەبوایە ڕەنگە ئەم پرۆژەیە هەر هیچ نەبوایە تا درەنگانێك لە دایك نەبوایە.

خوێنەری خۆشەویست ئێمە خەونی ئەوەمان هەیە کە ئەم پرۆژەیە بەردەوام دەوڵەمەند بکەین و زۆریش بە هیواین لە چاپەکانی داهاتوو ئەم بیبلیۆگرافیایە بکەینە کارێکی تەواو و هەرچی تەنانەت وتارێك لە هەر جێگەیەك سەر کورد و کوردستان نووسرا بێت بیخەینە ناو ئەم پرۆژەیە و بۆ ئەوەی کتێبخانەی کوردی ڕازاوەتر بێت. دیارە لە کۆتایی ئەم بەرگەشدا هەر هەمان داواکەی بەرگی یەکەمم دووبارە دەکەمەوە و لە زمانی سەرداری مێژوونووسانی کورد، شەرەفخانی مێژوونووس لە زانایان و دانایانی بەوەجی کورد بپارێمەوە کە بە چاوی ڕەخنە لە کارەکەم بڕوانن و لە هەر جێگەیەکیش ناتەواوی و هەڵەیەکیان بینی هەڵە و پەڵەکانم بۆ ڕاست بکەنەوە بۆ ئەوەی بۆ کاری چاپەکانی داهاتوو کە بە نیازین هەر چەند ساڵ جارێك چاپی تازەی بکەینەوە دەستگیرۆییمان بکات و زۆر بە نەوازشیشەوە لە هەر هەڵەیەك کە بەسەرماندا تێپەڕبووبێ داوای بەخشین دەکەین.

د.نەجاتی عەبدوڵڵا

پاریس، ئابی 2009

# چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم فەرهەنگە

**خوێنەری خۆشەویست،**

**حەزدەکەم لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم کتێبە برێك خاڵ ڕوونبکەمەوە:**

**یەکەم**: هەموو سەرچاوەکان بەگوێرەی بابەت دابەشکران و دواتر هەر بەشە و سەرچاوەکانی بە گوێرەی ساڵی چاپ و بڵاوکردنەوە ڕیزکراون و پەیرەوی میتۆدی زانستی کراوە, ناوی هەموو کتێب و سەرچاوەیەکی سەربەخۆ بە خواری واتە (ئیتالیك) نووسراوە، هەرچی وتاری ناو ڕۆژنامە و گۆوارەکان یان بەشێکی کتێبێك بێت خراوەتە ناو دوو کەوانەوەی بەمشێوەیە " ".

**دووەم**: لەناو کتێبەکەدا ناوی نووسەرەکان وەکوو خۆیان نووسراونەتەوە بۆ نموونە : (Robert Olson)، (David Neil MacKenzie) یان ( Cecil John Edmonds) هتد.

**سێیەم**: لە ئیندێکسی ناوی نووسەرەکان دا هەمیشە ناوی خانەوادە بە پێش ناوی نووسەرەکە خراوە، بۆ نموونە لە ئێندێکسەکە لە جیاتی (Robert Olson) نووسراوە (Olson, Robert) یان لە جیاتی (Cecil John Edmonds) نووسراوە (Edmonds, C.J) ئەمە زۆر گرینگە خوێنەر ئەوە بزانێ کە ئەگەر لە لیستی ناوی نووسەرەکان بە دوای نووسینێکی (ڕۆبەرت ئۆلسن) دا بگەڕێ دەبێ لە پیتی (ئۆ) بە دوای ئۆلسن دا بگەڕێ نەك بەدوای (ڕۆبێرت) و ئیدی ئەم ڕێسایە بۆ هەموو ناوەکانی دیکە ئاوایە.

**چوارەم**: ژمارەی پێش هەر ناوێك لە ئیندێکسی (ناوی نووسەران) و ئیندێکسی (ناوی سەرچاوەکان) ئاماژە بۆ ژمارەی سەرچاوەکانی ناو کتێبەکە دەکەن و بە هیچ شێوەیەك ژمارەی لاپەڕە نین. بۆ نموونە کەسێك ئەگەر ناوی وتارێك یان نووسەرەکەی بزانێ زۆر بە ئاسانی لە ڕێگەی ئیندێکسەکانەوە دەتوانێ زۆر بە ئاسانی سەرچاوەکە بدۆزێتەوە.

بەشی یەکەم

# مێژوو، ئارشیتۆکتۆر و ئارکیۆلۆژیا

## 1.1: کارە گشتییەکان

1-Arshak Safrastian, *Kurds and Kurdistan*, London : Harvill Press, 1948, (106 p).

1-ئارشاك سافراستیان، *کورد و کوردستان*. سافراستیان بۆ خۆی ئەرمەنییە و لەم کتێبەدا بە دیدێکی زۆر بێلایەنانە بگرە زۆر دڵسۆزانە مێژووی کورد و کوردستانی نوسیووەتەوە. نووسەر کتێبەکەی دابەشی سەر شەش فەسل کردووە. لە پێشەکی کتێبەکەیدا سافراستیان باسێکی خێرای مێژووی نەتەوەی کورد دەکات و وەك گەلێکی هەرە کۆنی ڕۆژهەلات باسیان دەکات (لا: 7–13). فەسلی یەکەم تەرخانکراوە بۆ مێژووی کۆنی کورد لە گۆتۆییەکانەوە تا وەکو هاتنی ئیسلام (لا:17–31).، فەسلی دووەم: دەورانی حوکمڕانی ئیسلامەکان و تا دەورەی تەتەرەکان (لا:33–38).، فەسلی سێیەم تەرخانکراوە بۆدەورەی عوسمانییەکان لە کوردستان و پێوەندیان بە هۆزە کوردەکان و هاوکات لە ئێرانش باسی بنەماڵەی زەند و جوگرافیای کوردستان دەکات (لا:39–48 ).، فەسلی چوارەم باسی دەستپێکی ناڕازایی و هەڵگەڕانەوەی کوردەکانی عوسمانی دەکات و لەم ناوەدا باسی ڕاپەرینی پاشای گەورەی ڕواندوز و میر بەدرخانی جەزیرە و ڕاپەرینی کوردەکانی ئێران و پەرەسەندنی هۆشیاری نەتەوەیی و دامەزراندنی سوارەی حەمیدییە دەکات (لا:49–68) بەڵام بە هیچ شێوەیەك باسی ڕاپەڕینەکانی ئەمارەتی بابان و شەری میرەکانی بابان ناکات لەگەڵ والیەکانی بەغدا و ئەستەمووڵ. فەسلی

پێنجەم تەرخانکراوە بۆ دەورانی دوای شۆڕشی گەنجە-تورکەکان 1908 و ساڵەکانی جەنگ و کۆنفرەنسی ئاشتی دەکات (لا: 69-80. ، فەسڵی شەشەمیش تەرخانکراوە بۆ ڕاپەڕینی شێخ سەعید 1925، ڕاپەرینەکانی ئاگری داغ (1930-1932) و ڕاپەرینی دێرسیم 1937-1938 پاشان باسی بارودۆخی کورد لە تورکیا، سوریا و لوبنان و قەفقازیا دەکات (81-96) بەڵام بە هیچ شێوەیەك باسی خەباتی کوردەکانی کوردستانی عێراق و ئێران ناکات کە ئەمە بەڕاستی خەوشێکی گەورەی کارەکەیە. پەراوێزەکان (لا:97-106) و هەروەها کتێبەکە کۆمەڵێك وێنەی جوانی کوردستانی لەگەڵ دایە.

2-Captain Sheik A. Waheed, *The Kurds and their country. A history of the Kurdish people, from earliest times to the present*, Baghdad, Ed. Coronet Bookstore, 1955, (XII-191 p).

2-کاپیتان شێخ ئا.وەحید، *کورد و وڵاتەکەیان. مێژووی کەلی کورد لە دەورانی هەرە کۆنەوە تاوەکو ئێستە*. ئەم کتێبەی شێخ وەحیدی پاکستانی دوجار بە ئینگلیزی چاپکراوە، چاپی یەکەمی ساڵی 1955 و چاپی دووەمی ساڵی 1958 بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکە بریتییە لە (7) فەسڵ. فەسڵی یەکەم: تەرخانکراوە بۆ باسێکی گشتی دەربارەی ئایین، ئایینزا، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ژیانی ناوماڵیی. فەسڵی دووەم: باسی لایەنەکانی جوگرافیا، تۆپۆگرافیای و ئاو هەوا و بەروبوومەکانی کوردستان دەکات. فەسڵی سێیەم: باسێکی مێژووی کۆن و کوردستان دەکات لە دەورانی کۆنی مێژووەوە تاوەکە دەورانی ئیسلامی. فەسڵی چوارەم باسی قۆناغی دەورانی ئیسلام و مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی کوردستان تاوەکوو شەپۆلی داگیرکردنەکانی هۆلاکۆ بۆ ناوچەکە. فەسڵی پێنجەم: فارس و تورك. باسی وەدیارکەوتنی تورکەکان دەکات لەسەر شانۆی ڕووداوەکان. وەدیارکەوتانی صەفەوییەکان و مەلا ئیدریسی بدلیسی و کورد لە ئێران و جەولەی شەرەکانی عوسمانی-سەفەوی تاوەکو کۆتایی دەسەڵاتی زەندییەکان باسدەکات.

فەسڵی شەشەم زیاتر تەرخانی مێژووی کورد کراوە لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم و لەم فەسڵەدا باسی شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەهەمی کورد، کورد لە ریزی سوپای عوسمانی، گەنجە-تورکەکان و جەنگی یەکەمی جیهانی و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیش باسی بزووتنەوەکەی شێخ مەحموودی حەفید باسدەکات. فەسڵی حەوتەم تەرخانکراوە بۆ باسی هۆزە کوردییەکان دەکات لە هەموو بەشەکانی کوردستان و هەروەها باسێکی کورتی ئێزیدییەکانیش دەکات.

3- S. S. Gavan, *Kurdistan, Divided Nation of the Middle East*, London: Lawrence & Wishart, 1958, (56 p).

3- س.س.گاڤان، *کوردستان وڵاتێکی پارچەپارچەکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا.* لێکۆڵینەوەیەکی گشتییە دەربارەی مێژووی کورد و کوردستان. فەسڵی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە تەرخانکراوە بۆ باسێکی گشتی دەربارەی کوردستان، مێژوو، دانیشتوان، زمان و ئەدەبی کوردی. فەسڵی دووەمی تەرخانکراوە بۆ باسی ئابووری کوردستان. دواتر کوردستان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دا کە تێیدا باسی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی تورکیا، پەیماننامەی سێڤەر و کورد باسدەکات. دواتر باسی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق دەکات لە ئایاری 1919ەوە تاوەکو قەتڵوعامی ساڵی 1933 ی ئاسوورییەکانی کوردستانی عێراق. فەسڵی دواتر باسی بزووتنەوەی کورد دەکات لە کوردستانی ئێران لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاوەکوو دروستبوونی پەیماننامەی سەعد ئاباد. بەشێکی دیکەی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ کوردستان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و تێیدا باسی بزووتنەوەی کورد دەکات لە هەریەکە لە تورکیا، بزووتنەوەی بارزان، کۆماری مەهابادی دیموکراتی و ڕەوشی بزووتنەی کورد لە عێراق تاوەکوو ڕاپەڕینی ساڵی 1952. دوایین بەشی لێکۆڵینەوەکەش تەرخانکراوە بۆ باسی کێشەکان و ئەرکەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد کە لەم بەشەدا باسی پەیام و کێشەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و ڕوانگەی کورد دەکات بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان لەگەڵ گەلانی عەرەب،

فارس و تورك دا. ماوەتە سەر ئەوەی بڵێین گاڤان ناوی خواستراوەی صەلاح سەعدوڵلا بووە.

4-Cecil John Edmonds, Review of : "The Kurds and their country: a history of the Kurdish people from the earliest times to the Present; by Major Sheikh A. Waheed", In: Journal of the Royal Central Asian Society.–London: Soc.– 46.1959, 3–4 (July–Oct.), pp. 301–302.

5-Hassan Arfa, *The Kurds : an historical and political study.* London, New York, Toronto : Oxford university press, 1966, (XII-178 p).

5–حەسەن عەرەفە، *کورد: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسیی*. نووسەری کتێبەکە لە سوپای ئێرانی دا پلەی ژێنێرال دواتریش سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێرانی بووە لە ساڵەکانی 1944–1956 و بەخۆی ماوەی (25 ساڵ) بەشداری کردووە لە سەرکوتکردنەوەی بزووتنەوەی کورد دا. دوای خانەنشین بوونیشی لە ساڵی 1958 تا 1961 بالوێزی ئێران بووە لە تورکیا. بەڵام ڕاستیەك هەیە کە ئەم کتێبە بە بەراورد لەگەڵ نووسراوەکانی دیکە کە بە قەڵەمی تۆژەرەوە و نوسرانی نەتەوەی سەردەستە نووسراون، گەلێك بیلایەنانە نووسراوە. کتێبەکە دابەشی سەر چوار فەسڵی سەرەکی کراوە. لە یەکەم فەسڵدا لە مێژووی کۆنی کوردستان دەستپێدەکات و کورد بەر لە ئیسلام و دوای ئیسلام و مێژووی کورد تا دەستپێکی سەدەی نۆزدەهەم ە دواتر بزووتنەوی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە باسە سەرکیەکانیەتی. لە فەسلی دووەم کە تەرخانکراوە بۆ کوردی تورکیا باسی سێ ڕاپەرینی گەوری کورد: شێخ سەعیدی پیران 1925، شورشی ئارات و شۆڕشی سەیدڕەزای دێرسیم و دواتریش سیاسەتی تورکیا لەبەرامبەر کورد شیدەکاتەوە. فەسڵی سێیەم کە تەرخانکراوە بۆ کوردستانی ئێران باسی شۆڕشی سمکۆی شکاك،

بزووتنەوەی حەمە ڕەشید خان، کۆماری مهاباد 1945-1946 و ڕەوشی ئێستەی کوردەکانی ئێران دەخاتە ڕوو. هەرچی دواین فەسڵە ئەا تەرخانی کوردستانی عێراق کراوە. لەم بەشەدا لە ساڵی 1919 دەستپێدەکات و باشی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، دواتر شۆڕشەکانی بارزان و مەلا موستەفا بارزانی و بزووتنەوی کورد و شەری عەرەب باس دەکات. کتێبەکە چەندین وێنەی مێژوویی نایاب و نەخشی هەر سێ پارچەی کوردستانیشی لەگەڵە.

6-Thomas Bois, *The Kurds*, translated from the French by M. W. M. Welland, Beirut : Khayats, 1966, (159 p).

6- تۆما بوا، کورد. باوکە تۆمابوا (1900-1975) یەکێکە لەو زانا و کوردناسانەی کە ماوەیەکی یەکجار زۆر لەناو کورد دا ژیاوە و زمانی کوردی بە تەواوەتی زانیووە. ئەم کتێبە یەکێکە لەو هەوڵە زانستیانەی کە لە بواری کوردناسی دا نووسراون. ئەم کتێبە بریتییە لە یانزە فەسڵی جیا و نووسەر زۆر زانستیانە لە فەسڵی یەکەم لەبارەی جوگرافیای کوردستان، سەرچاوە ئابوورییەکان و شارە کوردییەکان دەدوێ (لا: 1-6 ) و پاشان لە فەسڵی دووەم بە مێژووی کۆنی کورد دا هاتۆتە خوارەوە و باسی کوردستان دەکات لە سەرچاوە یۆنانییە کۆنەکان و دواتر لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە چاوێك لە ڕەسەنی کورد دا دەخشێنێ (لا:7 -18 ). لە فەسڵی سێیەم زۆر بە وردی باسی ژیانی کۆچەری و جێنشینی، شوێنی نیشتەنی و ژیانی ڕۆژانە و هونەر و پیشەوری لای کورد دەکات (لا: 19- 29) و لە فەسڵی چوارەمیش باسی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد دەکات: پێکهاتەی هۆزی کورد، سەرۆکهۆزی کورد و لەناوچوونی ڕەوشی خێڵەکی دەکات لەناو کورد دا (31 - 41). فەسڵی پێنجەم تایبەتە بە خێزان لە کۆمەڵگەی کوردەواری و لەم فەسڵەدا باسی ژنخوازی، ئاهەنگی زەماوەند، بێشکە و منداڵێتی و پەروەردە دەکات (لا:43 - 58 ), فەسڵی شەشەم تەرخانکراوە بۆ خولیا و حەزەکان وەك گۆرانی، ئاهەنگ و یاری (لا: 59 -74 ). فەسڵی حەوتەم باسی لەشساغی دەکات لە کوردستان (لا: 75

( 84 –) و فەسڵی هەشتەم تەرخانکراوە بۆ پێگە و جێگەی ئایین لە ژیانی کورد ( 85–98 ) و فەسڵی نۆیەم تەرخانی خورافیات کراوە وەك نوشتە، پڕوپووچی و جادووگەری کراوە (لا:99– 109). فەسڵی دەیەم بۆ ئەدەبی کوردی تەرخانکراوە و باسی شاعیرانی کورد و چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانیی کوردی دەکات ئەم بەشەی زانیاریەکانی تا ڕادەیەك کرچ و کاڵن و زۆر سەرتایین (لا:111 – 136). دوایین فەسڵی کتێبەکە لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردە کە لە سەرهەڵدان و بنچینەی نەتەوەی کورد دەکۆڵێتەوە ( 137– 154). دواجاریش بیبلیۆگرافیا(لا:155 –157 ).

7-Derk Kinnane, *The Kurds and Kurdistan*, London; New York : Oxford University Press, 1970, (VI-85 p).

7–دیریك کینان، کورد و کوردستان. کتێبێکی گشتییە لەبارەی مێژووی کورد. لە فەسڵی یەکەم: نیشتمان و دانیشوان (لا: 167) و فەسڵی دووەم: کۆمەڵگەی کوردی (لا: 8–20) زۆر بە خێرایی باسی نیشتمانی کورد، دانیشتوانی کورد و کۆمەڵگەی کوردی دەکات. فەسڵەکانی ( سێ تاوەکوو هەشت) یەك لە دوای یەك کورتەیەکی مێژووی سیما گشتیەکانی مێژووی کورد لە بنچینەوە تاوەکوو جەنگی یەکەمی جیهانی (لا: 21–29).، ڕەوشی کوردستان لە دەورانی کۆماری تورکیا دا (لا: 30–34).، عێراق لە نێوان دوو جەنگ دا (لا: 35–42). لە سوریا (لا: 43–44).، لە یەکێتی شورەوی دا (لا: 45). کورد لە ئێران لە سەدەی بیستەم دا (لا: 46–58). هەرچی فەسڵی نۆیەمە (لا: 59–81) باسێکی درێژترە و تەرخانی شەڕی شۆڕشی ئەیلوول کراوە و لە شۆڕشی ساڵی 1958 ی عێراقەوە دەستپێدەکات و باسی وەحشیەتگەری یەکەمین دەسەڵاتی بەعس دەکات چۆن لە ماوەی تەنها (15) ڕۆژدا (167) وندی وێرانکردووە، 634 کەسی کووشتوون لەوانە 137 یان منداڵی لە خوار (3) ساڵی بوون و 10307 کەسیش برینداربوون (لا: 76).

8-Margaret Kahn, *Children of the Jinn: in search of the Kurds and their country*, New York: Seaview Books, cop. 1980, (XIV-302 p).

**8-مارگرێت کاهن، *منداڵەکانی جنۆکە. گەڕان بەدوای کورد و نیشتمانەکەیان.* مارگرێت ژنێکی ئەمریکاییە و ساڵی 1974 بە هاوەڵی هاوسەرەکەی بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە رەزاییە (ورمێ) لە باکووری-ڕۆژئاوای ئێران جێنشین دەبێ. ساڵی 1976 کارنامەی دوکتۆرا لەبارەی زمانی کوردی وەردەگرێ. ئەم کتێبەی دابەشی سەر سێ بەشی سەرەکی کردووە : 1-لە دەرەوەی کوردستان.، 2- لەسەر سنووری کوردستان و 3-لەناوەوەی کوردستان دا. دواتر لە هەژدە فەسڵدا باسی بیرەوەری و یادداشتەکانی ڕۆژانەی خۆی لەسەر گێڕانەوەیەکی ئەدەبی دەگێڕێتەوە و تێبنییەکانی خۆی لەبارەی ڕەوشی ژیانی لە کوردستان و تێبینی و سەرنج دەربارەی کۆمەڵگەی کورد، ستاتووی ژنی کورد، سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد، شۆڕشی کورد، کورد لە تورکیا و ئێران و زۆر لایەنی دیکەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕوانگەیەکی ڕۆژئاواییانە دەخاتە ڕوو. ئافرەتی کورد بە پێچەوانەی ئافرەتی تورك و فارس "بە گەرمییەوە پێشوازیان لێکردووە" و جگە لەوە کتێبەکە کۆمەڵێك وێنەی جوانی ئافرەتی کورد و کوردستانی لەگەڵ دایە.**

9-David McDowall, *The Kurds : A nation denied,* London : Minority Rights Publications, 1992, (X-150 p).

**9-داڤید ماکدۆیل، *کورد، نەتەوەیەکی نکۆڵێلێکراو.* یەکێکە لەو کارە گشتیانەی کە لەبارەی مێژووی کوردەوە نووسراوە. کتێبەکە دابەشکراوە بۆ سەر پێشەکی و (15) فەسڵ. پێشەکی (لا: 1-6). فەسڵی یەکەم: کوردستان: نیشتمانی کورد (لا: 7-15). فەسڵی دووەم: بناغەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری: خێڵ، شێخ و ئاغا (لا: 17-23). فەسڵی سێیەم: شاراوەکانی مێژوو: کورد لە پێش 1920 دا (لا: 25-34). لە فەسڵەکانی (4-6) تەرخانی کوردەکانی تورکیا کراوە و باسی میراتی کەمالیزم و**

چەوساندنەوەی ساڵانی 1990 و 1980 و دواتر ڕەوشی کورد لە تورکیا لە ساڵی 1990 بەدواوە باسدەکات (لا: 35–56). فەسڵی حەوتەم: کوردە عەلەوییەکان: کەمینەیەکی بێ ستاتووی کەمینەیی (لا: 57–63). فەسڵەکانی (8–9) تەرخانی کوردەکانی ئێران کراوە و باسی کورد لە دەورانی شاو کۆماری ئیسلامی دەکات (لا: 65–79). فەسڵەکانی (9–11) تەرخانکراوە بۆ باسی مێژووی کوردەکانی عێراق و لە سەدەمی ئینتدابەوە بۆ دەورانی بەعس و دواتریش فەسلێکی تایبەت تەرخانکراوە بۆ باسی کورد لەسەردەمی بەعس دا (لا: 81–102). فەسڵی دوانزەهەم: کورد لە نێوان دەوڵەتە شەرکەرەکان دا: شەڕی نێوان ئێران و عێراق (لا: 103–111). فەسڵی سێزدەهە: ڕاپەڕینی 1991 ی کورد: سەرکەوتنێکی کورت و شکستێکی تاڵ (لا: 113–120). فەسڵی چواردەم: کورد لە پەراوێز دا: لە سوریا، لوبنان و یەکێتی شوورەوی دا (لا: 121–126). دەرئەنجام (لا: 127–133). پەراوێزەکان (لا: 134–141) بیبلیۆگرافیا (142).

10-Mehrdad R. Izady, *The Kurds:* A concise handbook, Washington, D.C : Crane Russak, 1992, (XVII-268 p).

10–میهرداد ر. ئیزەدی، *کورد: ڕابەڕێکی کورت*. کارێکی گشتییە لەبارەی مێژوو و کۆمەڵگەی کوردستان. نووسەر کارەکەی دابەشی سەر پێشەکی و (10) فەسڵی سەرەکی کردووە کە هەموو تەورە و جەمگە سەرەکیەکانی مێژووی کوردستان لە خۆوە دەگرن. بەرایی (لا: سیانزە–چواردە)، چەند تێبینیەك دەرباری سەرچاوەکان، ڕێنووس و تێبینی گەلی دیکە (لا: پانزە–شانزە). دواتر فەسڵەکانی کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراون. فەسڵی یەکەم: جوگرافیا. لەم فەسڵەدا باسی جوگرافیا، سنووری کوردستان، دابەشبوونی کورد و دابەشکردنە ناوەخۆییەکان دەکات (لا: 1–12). فەسڵی دووەم: خاك و دەوربەر. باسێکی تۆپۆگرافیا، جیۆلۆجیا و ژینگەی کوردستان دەکات (لا: 13–22). فەسڵی سێیەم: مێژوو. لەم فەسڵەدا باسێکی گشتیی مێژووی کوردستان دەگێڕێتەوە هەر لە قۆناغی پێش مێژووە و قۆناغەکانیشی بەمشێوەیە دابەشکردووە: 1–قۆناغی کۆن 3000–400 ی پێش

زایین، 2–قۆناغی کلاسیکی: سەدەی پێنجەم پێش زایین تا وەکوو سەدەی شەشەمی دوای زایین.، 3–سەدەکانی ناوەڕاست: لەسەدەی شەشەم تا سەدی شانزەهەمی زایینی.، 4–قۆناغی مۆدێرنی بەرایی 1497–1918.، 5–قۆناغی هاوچەرخ 1919–1959.، 6– قۆناغی تازە لە 1960 تا ئیمڕۆ (لا: 23–72). فەسڵی چوارەم: جوگارفیای مرۆیی. باسی هۆز، پێکهاتەی هۆزەکان، کۆچ و کۆچەری، گوندنشینی و ژیانی شارنشینی باسدەکات (لا: 73–130). فەسڵی پێنجەم: ئایین. تەرخانکراوە بو ئایینی ئیسلام، ئیزیدیاتین یارسانیزم، عەلەویزم، تەریقە سۆفیگەرییەکان، مەسیحایەتی، حولەکایەتی و بابیزم (لا:131–171). فەسڵی شەشەم: زمان، ئەدەب و چاپەمەنی (لا: 172–182). فەسڵی حەوتەم: کۆمەڵگە. باسی ناسنامەی نیشتمانی، ڕێکخراوە کۆمەلآیەتییەکان و ستاتووی ژنان و ژیانی نا و خێزانی باسدەکات (لا: 183–196). فەسڵی هەشتەم: مەسەلە سیاسی هاوچەرخەکان. باسی تێوری دروستبوونی نەتەوە–دەوڵەت و ناسیۆنالیزمی کورد و ناوچەگەری دەکات (لا: 197–219). فەسڵی نۆیەم ئابووری. تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر ئابووری کوردستان، سەرچاوە سروشتیەکانی کوردستان وەك: نەوت، کانزایەکان، ئاو، کشتوکاڵ و هتد (لا: 221–235). فەسڵی دەیەم: کولتوور و هونەر. لەم فەسڵەدا هونەری میللی، فۆلکلۆر، حەکایەتی میللی، یادەورەی، هەڵپەرکێ، مۆزیقا هتد لە باسە سەرکیەکانیەتی (لا: 237–268). جگە لەوە کتێبەکە پڕیە لە نەخشەی ورد و کارتۆگرافی هەمەچشنە لەسەر کوردستان کە هێندەی تر کتێبەکەیان دەوڵەمەند تر کردووە. شایانی باسە میهرداد ئێزدی ماوەی چەندین ساڵ مامۆستا بووە لە زانکۆی هاڤارد و نیۆیۆرك.

11-Gérard Chaliand (ed), *A people without a country : the Kurds and Kurdistan*, New York : Olive Branch Press, 1993, (XII-259 p).

11–ژێرار شالیان (ئیدیتۆر)، *گەلێکی بێدەوڵەت: کورد و کوردستان*. داڤید ماکدوێل پێشوتاری چاپی ئینگلیزی نووسیووە. ئەم کتێبە سەرەتا بە فرەنسی چاپکراوە

دواتر هەر زوو تەرجەمەی ئینگلیزی، ئەڵمانی، عەرەبی و فارسی کراوە. چاپی ئینگلیزی ئەم کتێبە دابەشی سەر 11 فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم : کورد لە ئیمپراتۆریای عوسمانی دا لە نووسینی کەندال (لا: 11–37).، فەسڵی دووەم : کوردستانی تورکیا لە نووسین کەندال(لا: 38–94).، فەسڵی سێیەم: کوردستانی ئێران لە نووسینی عەبدولرەحمان قاسملو (لا: 95–121).، فەسلی چوارەم : کۆماری کوردیی مەهاباد، وتارێکی ئارچی ڕۆزڤێلتە لەبارەی کۆماری مەهاباد کە لە ژمارە یەکی تەمموزی ساڵی 1947 ی گۆواری *Middle East Journal* بڵاوکراوەتەوە لێرە وەکو خۆی دووبارە چاپکراوەتەوە (لا: 122–138).، فەسڵی پێنجەم تەرخانی کوردستانی عێراق کراوە و باسێکە عیصمەت شەریف وانلی نووسیوویە (لا: 139–193).، فەسلی شەشەم تایبەتە بە کوردەکانی سووریا و بەناوێکی خوازراوەی موستەفا نازدار بڵاوکراوەتەوە (لا: 194–200).، فەسڵی حەوتەم کەندال لەبارەی کوردەکانی یەکێتی شورەوی نووسیووە (لا: 202–210). تا ئێرە وەرگێراوی چاپی فرەنسی کتێبەکەیە بۆ ئینگلیزی و دواتر چوار فەسلی دیکە بۆ چاپە ئینگلیزییەکە زیاد کراوە. لە فەسڵی هەشتەم ژێرار شالیان لەبارەی کوردەکانی ئێران لە سەردەمی خومەینی دەنووسێ (لا: 211–213).، لە فەسڵی نۆهەم دا ڕۆژنامەنووسی کورد کامیران قەرەداغی باسێکی نووسیووە بە ناوی دوو جەنگی کەنداو: کورد لەسەر شانۆی جیهان دا 1979–1992 (لا: 214–230). پاشان لە فەسڵی دەیەم دا بێڵ فریلیك باسێکی لەبارەی ناوچەی نەوای ئارامی کوردستانی عێراق نووسیووە بەناوی : ئۆپیراسیۆنی نەوای ئارام: بەلێنی درۆزنانە بۆ کورد (لا: 231–237). دوایین فەسڵ بریتییە لە باسێکی ئێلزا مارکۆس بەناوی : کوردەکانی تورکیا لە دوای جەنگی کەنداو: ڕاپۆرتێك لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە (لا: 238–247). دوایین جاریش کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان لا: 248–253 و بیبلیۆگرافیا لا: 254–256.

12- Philip G. Kreyenbroek, (ed.); Allison, Christine (ed.). *Kurdish culture and identity*. London, Ed. Zed, 1996, (VI+185 p).

12-فیلیب.گ. کراینبروك و کریستین ئالیسوون (ئیدیتۆر)، ***کولتوور و ناسنامەی کوردی***. بریتییه له کۆکراوەی کۆمەڵێك وتاری زانستی لەبارەی کورد و مێژووی کورد. بابەتەکانی ئەم کتێبە هەمەچەشنەن وەکو بابەتگەلی: ئەدەب، ئایین، کولتوور، داب و نەریت و تەونکاری و جل و بەرگ. بەشێکی زۆری وتارەکانی ناو ئەم کتێبە کۆکراوە لەو کۆنفراسە پێشکەش کران کە لە 26 ی ئاداری 1993 لە زانکۆی سواس پێشکەش کران. بەشەکانی ئەم کتێبە بەمشێوەیە دابەشکراون. پێشەکی ئیتۆرەکانی ئەم کتێبە (لا: 1-4). کەندال نەزان، " کورد: ڕەوشی ئێست و پاشخانی مێژوویی" (لا: 7-19). فەسڵی دووەم: جۆیس بلۆ، " ئەدەبی نووسراوی کوردی" (لا: 20-28). فەسڵی سێیەم: کریستین ئالیسۆن، " ترادسیۆنە کۆن و نوێییەکان لە بادینان " (لا: 29-47). فەسڵی چوارەم: ئەمیری حەسەنپوور، " دروستبوونی کولتووری ڕاگەیاندنی کوردی "(لا: 48-84). فەسڵی پێنجەم: فیلیب.گ. کراینبروك، " ئایین و ئایینەکان لە کوردستان دا" (لا: 110). فەسڵی شەشەم: زێبا میر حوسێنی، " باوەڕ و نەریتی کولتووری لەناو ئەهلی هەقەکان دا" (لا: 111-134). فەسڵی حەوتەم: ماریا.ت.ئۆشیا، " جل و بەرگی کوردی: هەمەچەشنەیی و جیاوازییە ناوچەییەکان" (لا: 135-155). فەسڵی هەشتەم: ولیام ئیگلتۆن، " سەرەتایەك بۆ: تەونکاری و قالیچەی کوردی" (لا: 156-161). فەسڵی نۆیەم: کارین کرێن، " کولتووری ماددی کوردی لە سوریا" (لا: 162-173). بیبلیۆگرافیا (لا: 174-180). هەروەها کتێبەکە نەخشەیەکی کوردستانیشی لەگەڵ دایە.

13-Gina Lennox (edit), *Fire, snow & honey: voices from Kurdistan : essays, life stories, poems, short fiction and fables contributed by people from Kurdistan*, New South Wales, Australia : Halstead Press, cop. 2001, 1 vol. (677 p).

14-Jemal Nebez, *The Kurds : history and culture*; translated into English by Hanne Kuchler; preface by Hasan Mohamed Ali, London : WKA, 2004, (90 p).

**14–جەمال نەبەز، *کورد: مێژوو و کولتوور*. لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستان. ئەم کتێبە لە بنەواندا لە 19 ی سێپتامبەری 1997 لە ئەڵمانیا–بەرلین وەکو موحازەرەیەك پێشکشە بە کوردەکانی بەرلین کراوە و هانە کوشلەر لە ئەڵمانییەو کردوویە بە ئینگلیزی و د. حەسەن محەمەد عەلی پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیووە (لا: 3–6). پاشان موحازەرەکە دەستپێدەکات کە باسێکی گشتییە دەربارەی مێژوو و فەرهەنگی کوردی و سەرەتا بە بنچینەی ئایینە کۆنەکانی کورد دەستپێدەکات و پاشان باسی ئیسلام و ڕەوشی کورد دەکات لە دەورانی ئیسلام و سانکرێتیسمی ئایینی لای کورد و لەم بەستێنەدا باسی ڕۆڵ و پێگە و بەشداری کورد دەکات لە فەرهەنگی ئیسلام و دوایی دەچێتە سەر باسکردنی مەولانا خالید و و شێخ مارف نۆدەیی و تا دەگاتە شەڕی یەکەمی جیهانی (لا: 7–65). پاشان باسێکی کورتی ژیاننامەی جەمال نەبەز و کارەکانی (لا: 68–89).**

## 2.1 : کورد لە ئینسکلۆپیدیایەکان دا

15-Henry C. Rawlinson, « Kurdistan », in *The Encyclopedia Britanica : A Dictionary of Arts*, Vol 14, 9th ed, 1882, pp. 155-160.

16-C. J. Edmonds, "Kurdistan », in *Collier's Encyclopedia , Katmandu - Longhi : Crowell-Collier* Publishing, Vol 14, 1964, pp. 199-201.

17-E. G. K. « Kurdistan », in : *Encyclopaedia Judaica*, V 10, JES-LeI, The Macmillan Copany, New York, 1971, pp. 1295-1301.

**–ئـی.گ.ك، "كوردسـتان". باسـێكی زۆر كـورتی مێـژوو و شـوێنی كوردسـتانە لـە ڕۆژھەڵاتی ناوەڕاست دا. لەم باسەدا ڕەوشی ئابووری، ڕێكخراوە كۆمیونیتەییەكان، زمانی كوردی و مۆسیقای ترادسیۆنی كوردی بەرچاوخراوە.**

18-T.F. Aristova, "Kurds", In: *Encyclopedia of World Cultures, Vol VI: Russia and Euroasia /China*. (ed by) Paul Friedrich and Norma Diamond, Boston, Mass: G.K.Hall & Co, 1994, pp. 224-227.

19-Annette Busby, « Kurds », In : *Encyclopedia of world cultures*, David Levinson (editor in chief), v. 9. Africa and the Middle East, John Middleton & Amal Rassam ( volume editors), Boston, Mass. : G.K. Hall, 1991-1996, pp. 174-177.

20-H. Attalah, « Kurds », In *Worldmark encyclopedia of cultures and daily life*, Timothy L. Gall (editor), [ Encyclopedia of cultures and daily life ], v. 3. Asia and Oceania, Detroit : Gale,1998, pp. 414-417.

## 3.1: ئارشیتۆكتۆر، دەورانی پێش مێژوو و مێژووی كۆن

21-Ellis H. Minns, Parchments of the Parthian period from Avroman in Kurdistan, The society for the Promotion of Hellenic studies, 1915, *Journal of Hellenic Studies*; XXXV, 1915, pp. 22-65.

22-G. R. Driver, "The Dispersion of the Kurds in Ancient Times", *The Journal of the Royal Asiatic Society*, London, 1921, pp. 563-572.

22–گودفری ڕۆللیس درایڤەر، " بڵاوبوونەوەی کورد لە چاخە کۆنەکان دا". درایڤەر (1892–1975) ڕۆژهەڵاتناس و پسپۆری زمانە سامییەکان و ئاشوریناسی لەم وتارەدا پێ لەسەر ناونانە کۆمنەکانی کورد دا دەگرێ لە چاخە کۆنەکان و بە تایبەتیش لەسەرچاوە یۆنانی، ئاشووری یەکان دا و دواتریش باسی کورد دەکات لای سەرچاوە جوگرافیناسە ئیسلامییەکان دا وەك ئیبن خەردابە، ئەلمەسعودین ئیبن حەوقەڵ و ئەلمستەوفی.

23-Cecil John Edmonds, « Two ancient monuments in southern Kurdistan », In: *The Geographical journal*. 65. 1925, pp. 63-64.

23–س.ژ.ئیدمۆندز، "دوو شوێنەواری کۆن لە کوردستانی خواروو دا" بریتییە لە باسێکی کورتی دوو شوێنەواری مێژوویی یەکەمیان لەناوچەی دەربەندی پەیکولی(بوتخانە) کە ساڵی 1844 راولینسۆن دۆزیویەتیەوە و تیمێکی ئارکیۆلۆژی ئەڵمانی بەسەربەپرشتی دوکتۆر ئێرنست هیرزفایلد لێیان کۆڵیوەتەوە و دووەمیشیان بەردنوسێکە لە ناوچەی قەرەداغ (دەربەندی گاور). جگە لەوە وتارەکە چەند وێنەیەکی شوێنەوارەکانیشی لەگەڵ دایە.

24- C. J. Edmonds, « Two more ancient monuments in southern Kurdistan ». In : *Geogr. Journ.* Aug, 1928, pp. 162-163.

24– ئیدمۆندز.س.ژ، " دوو شوێنەواری زۆر کۆنی دیکە لە کوردستانی خوارووودا". لەم وتارە دا ئیدمۆندز باسی دوو شوێنەواری زۆر کۆن دەکات لە چیای بەمۆ. یەکەمیان شوێنەوارێکە و لە بەرد هەڵکەنراوە و لە ئاداری 1926 ئیدمۆندز سەردانی ئەم شوێنەوارەی کردووە و وێنەی گرتووە. هەر لە گەشتێکی دیکەی نیسانی ساڵی 1927 نووسەر شوێنەوارێکی دیکە لەسەر ڕوباری هەواسان دەدۆزێتەوە و ئەم شوێنەواران وەك نووسەر دەڵێ وا دیارە ئێجگار کۆن و هەشت یان نۆ ئارچە تاشی هەڵکەندراون کە درێژیان وەکوو یەك نییە. بە قسەی شوێنەراو ناس سپایسەر ئەم دوو شوێنەوارە کۆنە دوور نییە پاشماوەی لۆلۆییەکان بن (2500–700 ساڵ پێش زایین).

25- Cecil John Edmonds, "A third Note on Rock Monuments in Southern Kurdistan", In In: *The Geographical Journal*, Vol. LXXVII, (Jnauary to June), 1931, pp. 350-355.

25–س.ژ.ئیدمۆندز، " سێیەم تێبینی دەربارەی گاشەبەردێکی شوێنەواری کوردستانی خواروو". باسی ئەوە دەکات کە لە نیسانی ساڵی 1926 لە گەشتێکی نێوان هەولێر بۆ ڕەواندوز لە نزیك باتاس گاشەبەردێکی مێژوویی بینووە و وەسفێکی بەردەکە و چەند تێبینی و شیمانەی خۆی لەبارەیەوە نووسیووە و چەند وێنەیەکی شوێنەوارەکەشی لەگەڵ وتارەکە بڵاوکردۆتەوە.

26-Cecil John Edmonds, « A tomb in Kurdistan », In: *Iraq*. Volume 1. Published by the British School of Archaeology, 1934, pp**.** 183-193.

27-Ralph S. Solecki, "Notes on a Brief Archaeological Reconnaisance of Cave Site in the Rowanduz District of Iraq", in. *Sumer*, Vol. VIII, N° 1, 1952, pp. 37-44.

28-V. Minorsky, "The Alân capital Mags and the Mongol campans" (Cauacsiaca III), In: *BSOAS*, 1952, VIV/2, pp. 221-235.

29-V. Minorsky, *Studies in Caucasian History*. I. New light on the Shaddādids of Ganja. II. The Shaddādids of Ani. III. Pre-history of Saladin, Cambridge Oriental series; no. 6, London : Taylor's Foreign Press, 1953, (178 p+18 p).

**29–ڤ. مینۆرسکی، *لێکۆڵینەوە لە مێژووی قەوقاز*. فەسڵێکە لە کتێبی (جامع الدول) ی ئەحمەد بن لگف الله منجم باشی کە تایبەتە بە مێژووی بنەماڵەی شەدادییەکان کە ساڵی 340 کۆی–951 ی زایینی–468ی کۆچی–1075ی زایینی بۆ ماوەی 128 ساڵ حوکمڕانییان کردووە و دەسنووسە عەرەبییەکە ئێستە لە کتێبخانەی تۆپ قاپی سەرای لە ئەستەموولْ لە تورکیا بە کۆدی ژمارە (MS.2951) پارێزراوە. مینۆرسکی کتێبەکەی دابەشی سەر سێ فەسڵ کردووە. فەسڵی یەکەم: چەند ڕوناکییێکی نوێ سەبارەت بە شەدادییەکانی گەنجە، لا: 1– 77 (تێکستی عەرەبی ئەم فەسلە وەرگێراوە بە عەرەبی کراوەتە پاشکۆی کتێبەکە).، فەسلی دووەم: شەدادییەکانی ئانی، لا: 79–106. فەسلی سێیەم: پێشمێژووی سەلاحەددین، لا: 107–139. لەگەڵ چەند پاشکۆ و پاشبەندێك وەك: چەند سەرنجێك دەربارەی کورد**

**له دەورانی ئەیوبییەکاندا، لا: 139–157. دوا موسافیرەکان و ڕەوادییەکان لا: 158–169.**

30-Laessøe, Jørgen, *The Shemsharā tablets : a preliminary report*, København : Munksgaard, 1959, (103 p).

**30–جۆرگن لیسیۆ، "خشتەکانی شمشارە، ڕاپۆرتێکی بەرایی". ئەم کتێبە بریتییە لە کاری هەڵکۆڵینی لێژنەی شوێنەوارناسیی دانیمارکی دوکان کە لە بەهار و هاوینی ساڵی 1957 خەریکی هەڵکۆنینی پاشماوەکانی گردی شمشارە بوون.**

31-Robert J. Braidwood & Bruce Howe, *Prehistoric investigations in Iraqi Kurdistan*, with contributions by Hans Helbaek, Frederick R. Matson, Charles A. Reed, Chicago (Illinois) : The University of Chicago Press, Coll. Studies in ancient oriental civilization; N° 31 , 1960, (XXVIII-184 p).

32-D. N. MacKenzie, « The origins of Kurdish », In : *Transactions of the philological society*, Hertford : Stephen Austin, 1961, pp. 68-86.

**32–مەکەنزی، "بنچینەکانی کورد". لەم وتارەیدا مەکەنزی[1] گفتۆگۆی ڕایەکانی مێنۆرسکی دەکات سەبارەت بە کورد نەبوونی ماددەکان زۆر بە توندی دژی ئەو ڕایە دەوتێتەوە کە هیچ پێوەندییەك لە نێوان کورد مادەکان بوونی هەبێت. مەکەنزی لە ڕێگەی زمانەوانییەوە بەراوردکاریەك لە نێوان زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکانی دیکە دەکات بە گویرەی میتۆدی Paul Tedesco لە "لێکۆڵینەوەی دیالێکتناسی**

[1] D.N. Mekenzi (8 avril 1926-13 oct 2001)

تێکستەکانی تورفانی سەر بە دیالێکت ڕۆژئاواییەکانی ئێران"[*] و بە چەند گریمانەیەك دەگات کەوا زمانی کوردی زیاتر کاریگەری زمانی فارسی ناوەڕاستی بەسەرەوەیە کە سەر بە لقە زمانەکانی باشووری–ڕۆژئاوای ئێرانە. هەروەها گومان و دوودڵی خۆی ڕادەگەینێ بەوەی کە زمانی کوردی سەر بە زمانە ڕۆژئاواییەکانی ئێران بێت. ئەم وتارەی مەکەنزی بوو بەهۆی گفتوگۆیەکی گەرم و تۆفیق وەهبی بە توندی وەڵامی مەکەنزی دایەوە. بۆ دەقی وەڵامەکەی وەهبی بڕوانە کتێبی ژمارە ( ) ئەم بەرگە.

33-Ralph Solecki, « Prehistoric Investigations in Iraqi Kurdistan : Robert J. Braidwood and Bruce Howe » [review], In: *American antiquity, publ. By the Society for American Archaeology.* – Salt Lake City, Utah : University of Utah Press, 27.1961, 1 (July), pp. 118–119.

34- John Limbert , «The origins and appearance of the Kurds in pre-islamic Iran », In : *Iranian Studies* (1968) vol. 1, 2, pp. 41-51.

35-Ralph S. Solecki, *Shanidar, the first flower people,* New York, Knopf, 1971, (xv, 290 p).

35–ڕالف س. سۆلسکی، *شانەدەر، یەکەمین گەلی گوڵان* . باسی ئەو دوزینەوانە دەکات کە لە ئەشکەوتی شانەدەر لە بارەی ئینسانی نیادەرتال دۆزراونەتەوە. شیکردنەوەی خاك و خۆڵی دەوروبەری پاشماوەی ئێسك و پروسکەکان ئەوە بەدیار دەخات کە هەڵاڵەی گژو گیا و هەشت جۆر گوڵی لەگەڵ دا بووە. ئەمەش بەڕای نووسەر ئەوە دەسەڵمێنێ کەوا لاشەکان تەنها لەگەڵ گوڵ نێژراون و ئەمە وای لە

[*] *Dialektologie der Westiranischen Turfantexte*

نووسەر کردووە کە ڕوانینێکی نوێ بە ئینسانی نیاندرتال بەبخشێ و بە "خەڵکی گوڵان" بیانناسێنێ.

36- Taufiq Wahby, *The rock-sculptures in Gunduk Cave (in Kurdistan)* préface de S. Lloyd, Suède, 1983, (27 p).

36–تۆفیق وەهبی، ***ئەشکەوتەکەی گوندۆك***. ستیۆن لیۆد وتەی بەرایی بۆ نووسیووە (لا: 5). باسی هەڵکۆڵین و شوێنەوارەکانی ئەشکەوتی گوندۆك دەکات بەگوێرەی ئەو هەڵکەندنانەی کە لە پاییزی 1947 لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتیی بەشی شوێنەراناسیی عێراق ئەنجام دراون دوای ئەو هەڵمەتەی کە بۆ بەدواداگەڕان و تۆمارکردن و وێنەگرتنی شوێنەوارە گرینگانەی کە لە کوردستانی عێراق دا هەن ئەنجام دران. لەناو ئەشکەوتی گوندۆك دا دوو گرووپی بەرد هەن کە یەکەمیان کەوتۆتە دیواری چەپ و دووەمیشیان کەوتۆتە سەر هەمان دیوار، حەوت مەتر لە سەرووی دەستە ڕاستی ئەوەی یەکەم. سێر لایارد ساڵی 1850 سەردانی ئەم شوێنەی کردووە و دواتر وەسفێکی دورودرێژی ئەشکەوتەکەشی کردووە.

37- I. M. Diakonoff, « Media », in : *The Cambridge history of Iran*, V.2: Median & Achaemenian periods (ed). Ilya Gershevitch, Cambridge : CUP, 1985, pp. 36-148.

38-Ralph S. Solecki, "Archaeological Survey of Caves in Northern Iraq." *The International Journal of Kurdish Studies* 12, nos. 1-2 (1998), pp. 1-70.

39-Paramesh Choudhury, *India in Kurdistan, part 1 & II : the Kurds are part of those Indian migrants who went over to West Asia in prehistoric times like gypsies, who have been*

*proved to be of Indian origin,* Kolkata : Qwality Book Co., 2005, (510 p).

## 4.1: سەدەکانی ناوەڕاست

40-Vladimir Minorsky, « Mongol place-names in Mukri Kurdistan » (Mongolica, 4), in: *BSOAS*, London, 1957, pp. 58-81.

**40-ڤ. مینۆرسکی، " ناوە-شوێنی مەغۆلیی لە کوردستانی موکری دا". وتارەکە دابەشی سەر چوار فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: لێکۆڵینەوە لە تۆپۆنیمی ئێرانی (لا: 58-61). فەسڵی دوەم: جوگرافیای کوردستانی موکری. وەك نووسەر خۆی دەنووسێ سێ جاران لە ساڵەکانی 1905، 1911 و 1914 دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵکەوتووە سەردانی ناوچەکە بکات و لە نزیکەوە شارەزایی دەرو ناوچەکە بووە (لا: 61-62). فەسڵی سێیەم: چارەنووسە مێژووییەکەی. بریتییە لە گێڕانەوەیەکی وردی مێژوویی ناوچەکە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە تاوەکوو ڕوخانی کۆماری مەهاباد (62-65). فەسڵی چوارەم: تۆپۆنیمی مەغۆلی. تەرخانی ئەو ناوە مەغۆلیانە کراوە لە ناوچەکە وەك ناوی: ڕووبار، چیا، دۆڵ، ناوچە، گوند و هۆزەکان.(لا: 65-75). هەروەها وتارەکە دوو پاشکۆشی لەگەڵ دایە: 1-لیستی زیادکراوی ناوە-شوێنە یەکەمینەکان.، 2- لێکۆڵینەوە بەراییەکان لەبارەی تۆپۆنیمی ناوچەیی "پارسوا" و "داریاوسا" (لا: 77-819).**

41-V. Minorsky, *A history of Sharvān and Darband in the 10th-11th centuries*, Cambridge : Heffer,1958, (vii, 187, 32 p).

**41-ڤ. مینۆرسکی، *مێژووی شێروان و ئەلباب*. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر فەسلێکی (مێژووی ئەلباب و شێروان) نووسراوە کە بەشێکە لە کتێبی (جامع الدول) ی**

**ئەحمەد بن لوتفوللا منجم باشی. نووسەر هاتووە پێشەکیەکی گشتی بۆ باسەکە نووسیووە (لا: 1–21) و دواتر تەرجەمەی ئینگلیزی باسەکەی کردووە بە ناوی (مێژووی شێروان و ئەلباب)، لا: 22–55. ئینجا کۆمێنتاری خۆی لەسەر هەریەکە لە بابەتی شێروان (لا: 56–69) و (ئەلباب، لا: 69–74) نوسیووە، دواتریش کۆمەڵێك تێبینی و سەرنجی جوگرافی و ئیتنۆلۆجی لەسەر تاریخی ئەلباب نووسیووە و سەربار کۆمەڵێك پاشکۆ و پاشبەندی زانستی بۆ کتێبەکە نووسووە و لە کۆتایی کتێبەکەشدا دەسنووسی عەرەبی (*فصول من تاريخ الباب و شيروان*) ی بە عەرەبی چاپکردۆتەوە.**

42-*Evliya Celebi in Diyarbekir : the relevant section of the Seyahatname,* edited with translation, commentary, and introduction by Martin van Bruinessen and Hendrik Boeschoten., Leiden : Brill, 1988, (xvi, 270 p).

**42–مارتن ڤان بروینسن، *ئەولیا چەلەبی لە دیاربەرکر*: بەندە گرینگەکانی سیاحەتنامە بە وەرگێران و کۆمێتار و پێشەکی. لە نیسان و ئایاری ساڵی 1655 گەڕاڵی تورك، ئەلیا چەڵەبی چەند هەوتوویەك لە دیاربەکر دەمێنێتەوە. لە بەرگی چوارەمی سیحاتنامەدا وێنەیەکی زیندووی شارەکە، ڕەوشی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسیی و کولتووری شارەکە دەگێڕێتەوە. بەشی یەکەمی کتێبەکە باسی داگیرکردنەکانی عوسمانی دەکات بۆ دیاربەکر و ڕێکخستنی ئیداری ویلایەتی دیاربەکر لە هەردوو سەدەی شانزەهەم و حەڤدەهەم دا. هەروەها باسی ژیانی ئایینی، دیاردە سروشتیەکانی شار دەکۆڵێتەوە. هەرچی بەشی دووەمی کتێبەکەیە کۆمێنتارە لەسەر وەسفی ئەولیا چەلەبی بۆ شاری دیابەکر.**

43-Robert Dankoff, Evliya Çelebi in *Bitlis (Land and People of the Ottoman Empire in the Seventeeth Century),* (trad., commenté et introd.), E. J. Brill, Leiden, 1990, (435 p).

43-ڕۆبەرت دانکۆف، *ئەولیا چەلەبی لە بدلیس*. ئەولیا چەڵەبی (1611-1683؟) یەکێك لە بەناوبانگترین گەڕۆکەکانی سەدەی حەڤدەهەمی ئیمپراتۆریای عوسمانییە (سیاحەتنامە) دە بەرگیەکەی بەهایەکی گەورەی مێژوویی و جوگرافی هەیە. لەم کتێبەدا پشت بە نووسخەیەکی تورکی(نوێی) سیاحەتنامە و لە بەرامبەریشدا تەرجەمە ئینگلیزییەکەی ئەو بەشانەی بڵاوکردۆتەوە کە تایبەتن بە ویلایەتی بدلیس. بەگوێرەی ئەولی چەلەبی بدلیس لە سەدەی حەڤدەهەم دا 5000 ماڵ، 1200 دوکانی لێبووە. حاکمەکەی "خان" یێکی کوردی هۆزی ڕۆژەکی بووە و بەناو سەر بە ویلایەتی وان بووە بەڵام لە ڕاستیدا سەربەخۆ بووە. ئەولیا چەلەبی لەتەك مامی، حاکمی ویلایەتی وان لە نێوان ساڵەکانی 1655-1656 سێ جاران سەردانی بدلیسی کردووە و مام بە دەست و پێوەندەکەی لە ڕێگەیان بۆ وان ماوەی (10) ڕۆژ لە میوانداری خانی بدلیس، عەبدال خان دا ماونەتەوە. لە سەفەری دووەم هاوەڵی ئۆردووی پاشا بووە لە ئابلۆقەدانی بدلیس و دواین جاریش ئەولیا چەلەبی دەنێردرێ بۆ بدلیس بۆ کۆکردنەوەی پارە لە (خان) ی نوێ بەڵام ئەولیا دەستبەسەر دەکرێ و بە هەزار ناخۆشی و سەختی بەناو بەفر و شەختەدا خۆی ڕزگار دەکات و عەبدال خانیش دەگەڕێتەوە سەر تەختی میرنشیتی بدلیس. ئەولیا لەم گەشتنامەیدا زانیاری پڕ داوێن لە بارەی دانیشتوان، شوێن، شار، چەك و چۆڵ، خواردن، جلوبەرگ، باری کولتووری (کتێب) و هەتا هەڵوێستەکانیش دەگێڕێتەوە.

44-Paul Blaum, "A History of the Kurdish Marwanid Dynasty, A.D. 983-1085, Part I."*Kurdish Studies: An International Journal* 5, nos. 1-2 (Spring-Fall 1992), pp. 54-68.

44- پاول بلوم، "مێژووی ئەمارەتی کوردی مەروانی". ئەم وتارە کرۆنۆلۆژیایەکی کورتی سەرهەڵدان و داڕمنی ئەمارەتی کوردی مەروانییەکانە کە لە ساڵی 983 تا

ساڵی 1085 ی زایینی بۆ ماوەی سەدەیەك زیاتر وەك یەكێك لە میرنشینە سەرەكیەكانی ڕۆژهەڵات حوكمڕانی بەشێكی كوردستان یان كردووە.

45- Stephen R. Humphreys, “The Origins of the Ayyubid Confederacy.” In: *The International Journal of Kurdish Studies* 13, no. 1 (1999), pp. 63-103.

46- j. Reid James « Rozhiki revolt, 1065/1655 », In : *The Journal of Kurdish Studies* (1998-2000) vol. 3, pp. 13-40.

47-Sharaf al-Din Bitlisi, *The Sharafnama, or, The history of the Kurdish nation;* English translation and commentaries by M.R. Izady, Costa Mesa, Calif : Mazda, 2004, (272 p).

47–شەرەفەددین بتلیسی، *شەرەفنامە یان مێژووی نەتەوەی كورد*. وەرگێرانی ئینگلیزی و پەراوێزنووسیی لە لایەن م.ر. ئیزەدی. بەرگی یەكەمی وەرگێرانی ئینگلیزی شەرەفنامەیە، وەرگێر پێشەكیەكی پوختی بۆ شەرەفنامە نووسیووە و لەم پێشەكیەدا بیۆگرافیای شەرەفخان، ژیان و دەورانی سیاسیی و رەوشی ناوچەكە و باسی ئەو سەرچاوانە دەكات كە شەرەفخان لە نووسینی شەرەفنامە سوودی لێوە بینیوون. هەروەها باسی دەسنووسەكانی شەرەفنامە دەكات كە هەرە كۆنترینیان ئەو دەسنووسەیە كە ڕووسەكان لە كتێبخانەی صەفی ئەردەبیللی بردوویانە كە مێژووی نوسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1599) واتە دووساڵ دوای نووسینی شەرەفنامە و ئەم دەسنووسە ئێستە لە كتێبخانەی سان پێترەسبورگ پارێزراوە. پاشان باسی چاپەكانی شەرەفنامە دەكات (لا: حەوت–سی و پێنج). ئینجا لێرەوە تەرجەمی ئینگلیزی بەشی یەكەم دەستپێدەكات كە ئەم بەرگەیان تەنها پێنج فەسڵی یەكەمی شەرەفنامەی گرتۆتە خۆ (لا: 2–247). كارێكی نایابی ئەم چاپە ئەوەیە كە ئەم وەرگێڕانە ئینگلیزییە دوو زمانەیە، واتە لایەكی تێكستە فارسییەكە و لایەكی

دیکەشی وەرگێراوە ئینگلیزییەکەیە. دواتریش کۆمەڵێك نەخشەی زۆر ورد و نایابی شانشینی مەروانییەکان (991–1096)، حەسنەوییەکان (1000)، ......(1040) و ئەتابگیەکانی لوڕ (1330) و ئەیوبییەکان و هەروەها چەندی درەختی بنەماڵەی فەرمانڕەوایەکانی مەروانی، حەسنەوی و ئەتابگیەکانی لوڕ و ئەیوبییەکانی لەگەڵ دایە (لا: 248–261). دواجار بیبلیۆگرافیا (لا: 262–264) و ئیندێکس (لا: 266–272).

## 5.1 : مێژووی هاوچەرخ

48-Godfrey Rolles Driver, « Studies in Kurdish history », In: Bulletin of the School of Oriental Studies", in: *BSOAS*, London, 1922, Vol II, Pt 3, pp. 491-511.

48–گودفری ڕۆللیس درایڤەر، "لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد". باسی بنچینەی کۆنی کورد و ڕوانگەی نووسەر و گەڕاڵە ئیسلامییەکانی دەورانی ئیسلامی دەکات بەرامبەر بە کورد و هاوکات باسی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان دەکات و بە مێژووی کورد دا هاتۆتە خوارەوە لە دەورانی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە تاوەکوو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و دواتر کەمێك باسی کەسایەتی کورد و زمانی کوردی دەکات.

49-W. G. Elphinston, « Kurds and the Kurdish question », In: *Journal of the Royal Central Asian Society*. London : Soc. 9 35.1948, 1 (January), pp. 38–51.

49–دەبلیو.گ ئەلفینستۆن،"کورد و پرسی کورد". ئەم باسە پێشتر وەکو موحازەرەیەك لە 24 ی ئەیلوولی 1947 لە کۆمەڵەی شاهانەی کاروباری ئاسیای ناوەڕاست لە لەندەن پێشکەش کراوە. نووسەر لەم وتارەیدا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ

وەڵامی پرسیارگەلێك بداتەوە: کوردەکان کێن؟ ئایا کێشەی کورد هەڕەشەیە بۆسەر ئاشتی جیهانی بەوپێیەی کە کوردەکان "چیمەنتۆ"ی یەکێتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن؟ لە وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەدا مێژووی کورد، ڕەوشی کورد لە تورکیا، عێراق،ئێران و سوریا دواجاریش چارەسەری کێشەی کورد دەخاتە ڕوو.

50-Abdul Rahman Ghassemlou, *Kurdistan and the Kurds,* Prague : Pub. House of the Czechoslovak Academy of Sciences, 1965, (304 p).

50- عەبدولڕەحمان قاسملو، ***کوردستان و کورد***. ئەم کتێبەی قاسملۆ (1930-1989) بریتییە لە کارنامەی دوکتۆراکەی کە ساڵی 1964 بە زمانی چیکۆسلۆڤاکی بڵاوکرایەوە ساڵی دواتر کرایە ئینگلیزی و هەر لە چیك بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە هەر زوو سەرنجی پسپۆرانی بیانی بۆ خۆی ڕاکێشا و وەکوو کارێکی ڕەسەن و ئۆریژینال تەماشا کرا. نووسەر لەم کتێبەدا لە بەشی یەکەمدا کە دابەشی سەر سێ فەسڵ کراوە بەمشێوەیە فەسڵی یەکەمی یەکەمی باسەکەی تەرخانکردوە بۆ باسێکی جوگرافی دەربارەی کوردستان: سنوور، شوێنی کوردستان، ئاو هەرا، جوگرافیا، ئایین، زمان و دیالێکتەکانی کوردی (لا: 13-32). لە فەسڵی دووەمیش دا چاوپێداخشانێکی بە مێژووی کورد دا کردووە هەر لە شەری چالدێرانەوە تاوەکوو تاوەکو پەیماننامەی سێڤەر و لۆزان (33-49). فەسلی سێیەمیشی تەرخانکردوە بۆ دابەشکردنی کوردستان لە دوای پەیماننامەی لۆزان و لێرەوە تا ساڵە وەختی نووسین باسەکە واقیعی کوردستان دەخاتە ڕوو و باسەکانی وەك: کورد لە تورکیا، پێوەندی نێوان کورد و ئەرمەن، کورد لە عێراق، کۆماری مەهاباد و کورد لە سۆڤیەت و سوریا لە باسە سەرەکیەکانیەتی (لا: 50-84). بەشی دووەمی کتێبەکە کە دابەشی سەر حەوت فەسڵ کراوە ئیدی لە فەسلی چوارەمەوە تا فەسلی دەیەم (لا:85- 218) تەرخانکراوە بۆ کرۆکی سەرەکی باسەکە کە بریتییە لە خوێندنەوەیەکی ئابووری کوردستان و لەم کلاورۆژنەیەوە باسەکانی: شێوەی

پەرەسەندنی پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە لادێیەکانی کوردستان، شێوەکانی مولکانەی زەوی و زار، بەرهەمەکانی کوردستان، شوێنی کۆمەڵایەتی ژیانی لادێنشینی کوردستان، ڕەوشی بازرگانی دەکات لە فەسلی دەمیش بە ڕوویێکی گشتی باسی نەوت دەکات لە کوردستان. بەشی سێیەمی کتێبەکە کە بریتییە لە فەسلەکانی یانزەهەم تاوەکوو سێزدەهەم دەگرێتەوە (لا: 219–286) یەك لە دوای یەك باسی مەسەلەی کورد لە ڕۆژگاری ئێستە و مافی دیاریکردنی چارەنووسیی نەتەوەکان و مەسەلەی کورد و دوایین فەسڵیش باسی کێشە و گرفتەکانی ئابووری پەرەپێدان دەکات. دواجاریش دەرئەنجام (لا: 287–293) و بیبلیۆگرافیا (لا: 294–296).

51-Taufiq Wahby, *Kurdish Studies*, Kurdica, 1968, (35 p).

51–تۆفیق وەهبی، *لێکۆڵینەوەی کوردی*. سەرەتا باسی شوێنی نیشتەنی جوگرافی کورد باسدەکات و پاشان باسی زمانی کورد دەکات وەك بەشێك لە خێزانی زمانە هیندۆ–ئەوروپییەکان و شوێنی زمانی کوردی لە خشتەی ئەم زمانانە دیار ی دەکات. دواتر بە شوێن بنچینەی کورد دا دەچێ و کوردەکان بە وەچەی کاردۆخییەکان دادەنێ و موناقەشەی بنچینەی کورد دەکات لە ڕواگەی نووسەر و مێژوونووسە یۆنانییەکان و لە دوایین بەشی لێکۆڵینەوەکەشدا باسی چەن تێبینییەکی زمانەوانی دەکات لە بەراوردکردنی وشەی وەرگیراوی میدی لەگەڵ دیالێکتەکانی کوردی دا.

52-William Eagleton, *An introduction to Kurdish rugs and other weavings*, Buckhurst Hill : Scorpion, 1988, (144 p).

52–ولیام ئیگلتۆن، *دەروازەیەك بۆ مافور و تەونکاریی دیکەی کوردی*. نووسەر کتێبەکەی بەسەر چەند فەسلێکدا دابەش کردووە و لە فەسلی یەکەم و دووەم دا باسێکی کورتی مێژووی کورد، بنچینەی ئیتنیکی، زمان، ئاینی کورد دەکات و

دواتر باسی مێژووی کورد دەکات و قۆناغەکانی مێژووی کوردی بەمشێوەیە دەستنیشانکردووە: قۆناغی بەر لە سەدەی نۆزدەهەم، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم تا جەنگی یەکەمی جیهانی، لە جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ جەنگی دووەمی جیهانی و دواتر لە ساڵی 1947–ەوە تاوەکوو ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی بیستەم. پاشان فەسڵی سێیەم و چوارەم و پێنجەم یەك لە دوای یەك تەرخانی هۆزەکانی کوردستانی ئێران، عێراق و تورکیا و سوریا کراون. دواتر کۆمەڵێکی زۆر وێنەی ڕەنگاوڕەنگی مافور و تەونی کوردی بڵاوکردۆتەوە. گۆواری *Kurdish Times* خوێندنەوەیەکی بۆ ئەم کتێبە کردووە[2].

53-Philip G. Kreyenbroek & Stefan Sperl (ed), *The Kurds : a contemporary overview*, London : Routledge, Coll. Routledge-SOAS politics and culture in the Middle East series, 1992, (XII-250 p).

53–فیلیپ.گ. کرینبرووك و ستیفان سپێرل (ئیدیتۆر)، ***کورد: ڕوانینێکی هاوچەرخانە***. بریتییە لە کۆکراوەی کۆمەڵە وتارێکی زانستی کە لە لایەن کۆمەڵێك مامۆستای پسپۆری زانکۆ و شارەزای بواری مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی نووسراونەتەوە. پێشەکی: سامی زوبێدە (لا: 1–9). فەسڵی یەکەم: داڤید ماکدۆیل، پرسی کورد: بەرچاوخستنێکی مێژوویی (لا: 10–32). فەسڵی دووەم: مارتین ڤان بروینسن، کۆمەڵگەی کورد، ئیتنیستی، ناسیۆنالیزم و کێشەی پەناهەندە (لا: 33–67). فەسڵی سێیەم: فیلیپ. کرینکروبووك، دەربارەی زمانی کوردی (لا: 68–83). فەسڵی چوارەم: ژان کۆنۆرس، سیستمی یاسایی مرۆیی و پرسیی کورد (لا: 84–94). فەسڵی پێنجەم: حەمید بۆزئەرسلان، چەند لایەنێکی سیاسیی کێشەی کورد لە تورکیای هاوچەرخ دا (لا: 95–114). فەسڵی شەشەم: مونیر موراد، ڕەوشی

[2] *Cf. Kurdish Times*, 2, no. 2, 1988, pp. 43-44. (Reviewed by the Editorial Board).

کوردەکانی عێراق و تورکیا: ئاڕاستە و پێشهاتەکانی ئێستە کە (لا: 115–133). فەسڵی حەوتەم: ئا. شێرزاد، بزووتنەوەی کورد لە عێراق 1975–88 (لا: 134–142). فەسڵی هەشتەم: عیصمەت شەڕیف وانلی، کورد لە سوریا و لوبنان دا (لا: 143–170). فەسڵی نۆیەم: فریشتە کوهی–کەمالی، پەرەئەستاندنی ناسیۆنالیزم لە کوردستانی ئێران دا (لا: 171–192). فەسڵی دەیەم: عیصمەت شەڕیف وانلی، کورد لە یەکەتی شورەوی دا (لا: 193–218). پەراوێزەکان (لا: 219–233). بیبلیۆگرافیا (234–241).

54- Gerard Chaliand, *The Kurdish tragedy*[3], London & New Jersey : Zed Books, in association with UNRISD, 1994, (VIII-120 p).

54–ژێرار شالیان، *مەرگەساتی کورد*. فیلیپ بلاك لە فرەنسییەوە کردوویە بە ئینگلیزی. بریتییە لە پێشەکی و (5) بەشی سەربەخۆ. لە پێشەکەی کتێبەکەیدا بەناوی پرسی کورد (لا: 1–13) نووسەر قۆناغەکانی وەدیارکەوتنی پرسی کوردی بۆ چوار قۆناغی سەرەکی دابەشکردووە. قۆناغی یەکەم: 1920–1945.، قۆناغی دووەم: 1945–1958.، قۆناغی سێیەم: 1958–1975 و قۆناغی چوارەم: 1975–1993. ئینجا بەشەکانی کتێبەکە بەمشێوە دابەشکراون: بەشی یەکەم: ناسنامەی کورد (لا: 14–28). لەم بەشەدا باسی ڕۆڵی فاکتۆری ئایینی و عەشیرەتگەری دەکات لە دروستبوونی ناسنامەی کوردی و پاشان بەرچاوخستنێکی گشتی ڕاپەڕینەکانی کورد لە سەدەی نۆزدەهەم و دواجاریش باسی لە دایکبوونی ناسیۆنالیمی کورد دەکات. بەشی دووەم: کوردەکانی تورکیا (لا: 29–50). ئەم بەشە تەرخانی کوردەکانی تورکیا کراوە هەر لەسەرەتای دروستبوونی کۆماری تورکیا تاوەکوو دروستبوونی پەکەکە و هەروەها ئایدۆلۆژیای ڕەسمیی کەمالیزم، بەڕێوەبردنی هەرێمەکانی ڕۆژهەلات، شۆڕشەکانی کورد لە تورکیا (شێخ سەعید (شوبات–ئایاری

[3] Trad. of: *Le malheur kurde*, Paris, 1992

1925)، ئارارت (1930)، دێرسیم 1936–1938 و جگە لەوە باسی ڕەوشی کۆمەڵایەتی ناوچە کوردەوارییەکان، دیمۆگرافی، ئابووری، لەشساغی، پەروەردە و ژیانی سیاسیی کورد دەکات لە تورکیا. بەشی سێیەم: کوردەکانی عێراق (لا: 51–72). باسی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەکات لەم بەشەی کوردستان، بزووتنەوەی شێخ مەحموودی، دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، یەکەیمن ڕاپەڕینی بارزان (1945)، کۆتایی پاشایەتی (1958)، شەڕی 1961، قۆناغی 1963–1968: یەکەیمن جەنگی بەعس و ناسیۆنالیزمی عەرەبی ماریشال عارف، دووەم جەنگی بەعس، ڕێکەوتنامەی ئادار، جەنگی 1974–1975، دواجار باسی پەرەئەستاندنی ژیانی حیزبایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات لە کوردستان و باسی ڕاگوێزان و ئاوارەبوونی کوردەکان لە باسە سەرەکیەکانیەتی. بەشی چوارەم: کوردەکانی ئێران (لا: 73–83). سمکۆ، کۆماری مەهاباد، پەرەسەندنی بوزووتنەوەی کورد لە نێوان 1946 و 1980، بزووتنەوەی کورد لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران. بەشی پێنجەم: کورد لە سوریا (لا: 84–88) کە تایبەتە بە باسی کوردەکانی سوریا و بە تایبەتیش سیاسەتی بەعسی سوریا بەرامبەر بە کورد. دەرئەنجام: مافەکانی کەمینە نەتەوەیەك (لا: 89–93). دواجار لە بەشی پاشکۆ دا سیٚ پاشکۆی گرینگ کراون بە پاشبەندی کتێبەکە: 1– تێکستی بڕیارنامەی ژمارە 688 ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتووەکان (لا: 94–95).، 2–تێکستی بڕیارنامەی پەرلەمانی ئەوروپا (لا: 96–98).، 3– لیستی ناوی ئەو گوندانەی کە بە چەکی کیمیاوی لە لایەن هێزی ئاسمانی عێراقەوە بۆمباباران کران (لا: 99–101). کرۆنۆلۆژی (لا: 102–109). بیبلیۆگرافیا (لا: 110–211) .، پاشبار (لا: 113–116) و جگە لەوە کۆمەڵێك نەخشە و کارتی زۆر نایابی لەگەڵە.

55-Kamal Madhar Ahmad, *Kurdistan during the First World War*; translated by Ali Maher Ibrahim, foreword: Akram Jaff, London : Saqi Books, 1994, (234 p).

55–کەمال مەزهەر ئەحمەد، " کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا". ئەم کتێبە لە ڕووی چاپە عەرەبییەکەوە لە لایەن عەلی ماهر ئیبراهیم کراوە بە ئینگلیزی و ساڵی 1994 بە پێشبار لە لایەن ئەکرەم جاف (لا:7–9) لە لەندەن لە لایەن دار الساقی بڵاوکراوەتەوە. بریتییە لەم بەشانەی خوارەوە: پێشەکی نووسەر (لا: 11–15).، فەسڵی یەکەم: سەرەتای چاوتێبڕین (لا: 17–50).، فەسڵی دووەم: لە ئاستانەی جەنگ دا (لا: 51–79).، فەسڵی سێیەم : لەناو نووتەکی جەنگ دا (لا: 81–119).، فەسڵی چوارەم: خەبات و قوربانی (لا: 121–143).، فەسڵی پێنجەم: کورد و خوێنی ڕژێنراوی ئەرمەن (لا: 145–183).، فەسڵی شەشەم: بەرجەستەکردنی چاوچنۆکی (لا: 185–213).، دەرئەنجام (لا: 215–222).، ئیندێکس (لا: 223–234).

56-David McDowall, *A modern history of the Kurds*, London, New York, Ed.I.B.Tauris, 1997, (xii, 480 p).

56–داڤید ماکدوێل، *مێژووی هاوچەرخی کورد*. ماکدووێل ئەو ڕۆژنامەنووسە بەناوبانگەی ئینگلیز لە کۆتایی هەشتایەکان و نەوەدەکان دا وەکوو پسپۆڕێکی تایبەتمەند لە بواری کاروباری کورد بە دیارکەوت. ئەم کتێبەی باسێکی گشتی و ئینسکلۆپیدییە و وەك خۆی لە پێشەکیەدا دەنووسێ "مێژووی کورد مێژووێکی نەنووسراوە بۆیە درێژەی بە باسەکان داوە"..."بایەخێکی زۆریشی بە ساڵەکانی 1918–1925 داوە وەك ئەو لای وایە هۆیەکەی ئەوەیە کە کوردەکان لەم ساڵانەدا هەلێکی زێرینی بەدەوڵەت بوونیان لە دەستدا" (لا: شەش). کتێبەکە بەسەر یەکەوە دابەشی سەر (5) کتێب و (20) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: پێشەکی: ناسنامەی کوردی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. لەم فەسڵە بەراییەدا نووسەر باسی نەتەوەی کورد، دانیشتوانی کوردستان، خاك، ئایین و کۆمەڵگەی کوری دەکات (لا: 1–18). پاشان کتێبی یەکەم دێت: کورد لە دەورانی هۆز و ئیمپراتۆریا دا. ئەم کتێبە بەمشێوەیە دابەشی سەر (5) فەسڵ کراوە. فەسڵی دووەم: کوردستان پێش سەدەی نۆزدەهەم.

کورتە باسێکی مێژوی کۆنی کوردستان، کوردستان لە سەدەکانی ناوەڕاست، کورد لە ململانێی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان و ئەمارەتە کوردییەکان لە باسە سەرکیەکانیەتی (لا: 21–37). فەسڵی سێیەم: کوردستانی عوسمانی 1800–1850 (لا: 38–48). فەسڵی چوارەم: کوردستانی عوسمانی 1850–1914 (لا: 49–65). فەسڵی پێنجەم: قاجار و کورد. کوردستان لە دەورانی قاجارەکان دا، ناوچە کوردەوارییەکانی ئازەربایجان، ڕەوشی عەشیرەتگەری کوردستان لە نیوەی دوایی سەدەی نۆزدەهەم، شۆڕشی مەشرووتەی 1906و کورد لە نێوان ڕووسیا، عوسمانی و ئێران دا لە باسە سەرەکیەکانیەتی (66–86). فەسڵی شەشەم: شۆڕش، ناسیۆنالیزم و جەنگ 1908–1918. باسی یەکەمین دەستەی ڕیفۆرمخوازەکانی کورد، یەکەمین قۆناغی سەرەتایی خەملینی هەستی نەتەوایەتی، کوردستان لە دەورانی شۆڕشی مەشرووتەی تورکیا، ڕاپەرینەکانی بارزان و بدلیس و ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی باسدەکات (لا: 87–112). کتێبی دووەم: وەخۆگرتنی کوردەکان کە دابەشی سەر ئەم فەسڵانە کراوە. فەسڵی حەوتەم: دووبارە کێشانەوەی نەخشە: پارچە پارچەبوونی کوردستانی عوسمانی. باسی ڕەوشی ساڵانی دوای جەنگ، سیاسەتی کوردیی بریتانیا، کورد لە نێوان ململانێی تورکیا و ئینگلیز، کورد لە نێوان هەردوو پەیماننامەی سێڤەر و لۆزان و کێشەی مووسڵ لە باسە سەرکیەکانیەتی (لا: 115–150). فەسڵی هەشتەم: کورد، بریتانیا و عێراق. باسێکی زۆر وردی ڕەوشی سیاسەتی بریتانیا لە بەرامبەر پرسی کورد لە عێراق دا زۆر بە وردیش نهێنی سیاسەتی کوردیی بریتانیا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تاوەکوو ساڵانی سییەکان شیدەکاتەوە (لا: 151–183). فەسڵی نۆیەم: وەخۆگرتنی کوردەکانی تورکیا. لە یاخیبوونی قۆچگیرییەوە باسدەکات تاوەکو خامۆشکردنی دوایین شۆڕشی دێرسیم و "وەخۆگرتنی" کورد لەناو بۆتەی دەوڵەتی تورکیا باسدەکات (لا: 184–213). فەسڵی دەیەم: کورد لە دەورانی حوکمڕانی ڕەزا شادا (لا: 214–228). کتێبی سێیەم: ئیتنۆ–ناسیۆنالیزم لە ئێران دا. فەسڵی یانزەهەم: هۆز یان ئیتنیسیتی؟ کۆماری مەهاباد (لا: 231–248). فەسڵی دوانزەهەم: ئێران: دروستبوونی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی (لا: 249–260). فەسڵی سێزدەهەم:

ڕەعیەتگەلی کۆماری شیعە (لا: 261–283). کتێبی چوارەم: ئیتنۆ–ناسیۆنالیزم لە عێراقدا. فەسڵی چواردەهەم: لە دایکبوونی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لە سەردەمی حوکڕانی هاشمی دا (لا: 287–301). فەسڵی پانزەهەم: کورد لە عێراقی شۆڕش دا (لا: 302–322). فەسڵی شانزەهەم: کورد لە دەورانی حوکمڕانی بەعس دا 1968–1988 (لا: 323–342). فەسڵی حەڤدەهەم: ڕێگە بەرەو جینۆساید 1975–1988 (لا: 343–367). فەسڵی هەژدەهەم: ڕاپەرین و حوکمی–خۆیی (لا: 368–391). کتێبی پێنجەم: ئیتنۆ–ناسیۆنالیزم لە تورکیا دا. فەسڵی نۆزدەهەم: ژیانەوەی نەتەوایەتی کورد لە تورکیا 1946–1979 (لا: 395–417). فەسڵی بیستەم: پەکەکە و بزووتنەوەی جەماوەری (لا: 418–444). پاشبار: ڕوانینێك بۆ ڕابوردوو، ئاسۆبینینێك بۆ ئایندە (لا: 445–449). پاشکۆ: پەیماننامەی سیڤەر (لا: 450–451). جگە لەوە کتێبەکە کۆمەڵێك نەخشەی زۆر نایابی کوردستانی لەگەڵ دایە.

57-Mehmet Firat Kilic, « Between empires : the movement of Sheikh Ubeydullah",In : *The international journal of Kurdish studies*, The Kurdish Library. New York : The Kurdish Library, 20.2006, 1–2, pp. 57–121.

58-Christopher Houston, Kurdistan: crafting of national selves, Bloomington, Ind. : Indiana University Press, cop. 2008, (vi-186 p).

## 6.1 : بەڵگەنامە

59- F. David Andrews, *The Lost peoples of the Middle East : documents of the struggle for survival and independence of the Kurds, Assyrians and the other minority races in the Middle*

*East,* Salisbury, N. C. : Documentary publications; 1982, (VI-171 p).

59- ف. داڤید ئەندەرس، *گەلانی سەرگەردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا: بەڵگەنامە و خەبات بۆ مانەوە و سەربەخۆیی کورد.* بریتییە لە کۆمەڵە بەڵگەنامەیەکی نهێنی ئەرشیڤی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بەشی زۆرینەیان تایبەتن بە کوردستانی عێراق لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بە تایبەت ساڵەکانی (1945-1947)، هەروەها کۆمەڵێك بەڵگەنامەی تایبەت بە ئاسووریەکان و چەند کەمینە نەتەوەیکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدایە. بەڵگەنامەکان یان لە لایەن کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان دراون بە وەفدی بریتانیا یان بالوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بۆ کاروباری تایبەت بە خۆیان تەرجەمەی ئینگلیزییان کردوە. ئەوەی گرینگە بۆ ئێمە ئەم کتێبە چەندین بەڵگەنامە و دەستاویژی تایبەتی حیزبی هیوا، حیزبی رزگاری کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغێکی زۆر ناسکی مێژوویی بۆ پاراستووین.

60-Lokman I. Meho, *The Kurdish question in U. S. foreign policy : a documentary sourcebook, Westport, Conn. [u.a.]* : Praeger, 2004, (XV, 698 p).

60-لوقمان محۆ، *پرسی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا. سەرچاوەی بەڵگەنامەیی.* نووسەری ئەم کتێبە بۆ خۆی مامۆستای زانستەکانی ڕاگەیاندنە و ئەم کتێبەی بریتییە لە کۆکراوەی کۆمەڵێکی زۆر بەڵگەنامە و دەستاویژی ئەمریکی لەبارەی پرسی کورد. لوقمان محۆ پێشەکیەکی بۆ کتێبەکە نووسیووە (لا: نۆ-پانزە). دواتر مایکل گوتنەر وتارێکی نووسیووە بەناوی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە کوردەکان (لا: 3-12) و زۆر بە تایبەتی پێی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا دادەگرێ لە دوای ساڵی 1990-ەوە. دواتر لوقمان محۆ و مایکل گوتنەر پێکەوە باسێکیان نووسیووە کە زیاتر بەرچاوخستنێککی کورتی

**مێژوویی کوردە لە دوای شۆڕشی 1958 ی عێراق و دواتریش تێکستی بەڵگەنامەکان کە بریتین لە (327) بەڵگەنامە کە زۆربەیان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت و ژمارەیەکی زۆر سەرچاوە کۆکراونەتەوە و زۆربەی زۆری بەڵگەنامەکان هی کۆنگرێسی ئەمریکی، پێوەندییەکانی دەوەرەوەی ئەمریکا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و بەڵگەنامەکانی سەرۆکایەتیین.**

61-Beitullah Destani (ed), *Minorities in the Middle East. Kurdish communities, 1918-1974*, Slough : Archive Editions, 2006, (4 vols).

61-**بەیتوڵڵا داستانی (ئیدیتۆر)، *کەمینەنەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا: کۆمیونیتەی کورد*. بریتییە لە کۆکراوەی بەڵگەنامە و دەستاوێژە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کە تایبەتن بە پرسی کورد لە نێوان ساڵەکانی 1918 تا 1974. کتێبەکە لە چوار بەرگی گەورەدا بەشێکی ئەو بەڵگەنامانەی وەکوو خۆی بە فاکسمیل بڵاوکردۆتەوە و هەر بەرگێك تەرخانی قۆناغێکی مێژوویی کراوە. بەرگی یەکەم ساڵەکانی 1918- 1930 (577 لاپەرە).، بەرگی دووەم ساڵەکانی 1931-1940 (441 لاپەڕە).، بەرگی سێیەم ساڵەکانی 1941-1967 (474 لاپەرە) و بەرگی چوارەم ساڵەکانی 1968 - 1974 ( 525 لاپەڕە) دەگرێتەوە. ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی ڕەسەن و دەستی یەکەمە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی هاوچەرخی کورد.**

# بەشی دووەم

# لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە

# تاوەکوو دروستبوونی کۆماری تورکیا

## 1.2 : کورد لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا

62-Ralph E. Carr, *The Kurdistan mountain ranges, considered in reference to a Russian advance on the Tigris valley*, [S.l.] : [s.n.], 1878, (183 p).

63-Major H. Trotter, “Report on the Kurds”. In: *Parliamentary Papers*, n° 134, 1881, *Turkry* N° 6.

64-Sir Mark Sykes, *The Caliph's last heritage: a short history of the Turkish Empire*, London : Macmillan & Co. 1915, (X-638 p).

65- L. O. Fossum, "The war-stricken Kurds," In: *The Kurdistan Missionary,* Vol. 10, No.7, 1918, pp. 5-6.

66- C. H. D. Ryder, "The Demarcation of the Turco-Persain Boundary in 1913-1914", in: *The Geographical Journal*, N° LXVI, (July to December), 1925, pp. 227-242.

66-س.هـ.د.ریدەر، " دیاریکردنی هێلکێشانی سنووری نێوان تورکیا و ئێران 1913-1914". بریتییە لەو موحازەرەیەی کە لە 8 ی حوزەیرانی ساڵی 1925 لە کۆمەڵەی شاهانەی جوگرافی لە لەندەن خوێندرایەوە. نووسەر خۆی یەکێك بووە لە دەستەی کۆمسیۆنی ئینگلیزی دیاریکردنی سنوور کە لەگەڵ کۆمسیۆنی ڕووسی وەکوو نێوانکار ئەرکی دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیا و ئێران یان پێسپێردرابوو. دوایین کاری ئەم کۆمسیۆنە بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی کاری تێداکرا. نووسەر لە باسەکەیدا بە کورتی گەڕاوەتەوە سەر مێژووی کاری دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو وڵات لە دوای مۆرکردنی دووەمین کۆنفرەنسی ئەرزەرۆم 1847 و دواتر باسی کارەکانی کۆمسیۆن دەکات کە لە دیسامبەری ساڵی 1913 دەستیان پێکرد و لەناوچەی مەحەمەرڕەوە دواتر بۆ ناوچەکەکانی پشتکۆ-قەسری شیرین-هەروران-شنۆ و ناوچە سنووریەکانی دیکەی سەر سنووری عوسمانی-ئێرانی. وتارەکە کۆمەڵێکی یەکجار زۆر وێنەی دەگمەن و مێژوویی تێدا کە بوون بە بەشێکی ئەرشیڤی نەتەوەیی ئێمە لە ساڵەکانی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا.

67-Jonet Klein, *Claiming the Nation : The origins and nature of Kurdish Nationalist Discursc : « Study of the Kurdish Press in the Ottoman Empire »*, Master's Thesis, Princeton University, 1966.

68-James Felix Jones, *Memoirs of Baghdad, Kurdistan and Turkish Arabia, 1857* : selections from the records of the Bombay Government, no. XLIII, new series, [Great Britain] : Archive Editions, 1998, (XXXIII, XXII, 500 p).

**69–جەیمس فلیکس جۆن، *یادداشتەکانی بەغدا، کوردستان و تورکیای عەرەبی، 1857*. ڕەوشی سنووری نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێران ساڵی 1843 ئاڵۆزی و گرفتی زۆری تێکەوت و لەم سۆنگەیەوە ئینگلیز و ڕووس بەناوی نێوانیکردن هاتنە ناو کێشەکە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سنوور، ئەرزەرۆم وەکوو ناوەندی کۆبوونەوەکانی هەر چوار تەرەف دەستنیشانکرا. لە بەغدا مێجەر راولینیسۆن شوێنی کۆلۆنێل تایلۆری گرتەوە. ئەم سەفەرەی نووسەر بۆناو کوردستان و ئێران لە 19 ی ئابی 1844 لە بەغداوە دەستپێدەکات و لە ڕێگەی بەلەدروز، خانەقین دەگاتە قەسری شیرین بۆ ناو جاف و هەمەوەندەکان و بە ناوچەی کەرەند و کرماشان تێپەر دەبێت. تێبینی و سەرنجی لەبارەی ناوچە کوردنشینەکان تۆمارکردووە و دواجار دەگەڕێتەوە سلێمانی بۆناو ئەمارەتی بابان و باسی ئەحمەد پاشای بابان دەکات.**

69-Baki Tezcan, « The Development of the Use of « Kurdistan » as a Geographical description and the Incorporation of This Region into the Ottoman Empire in the 16 th Century ». In : *The great Ottoman-Turkish Cvilization*, Vol 3, (Ed) Kemal çiçek, Ankara, Ed. Yeni Türkiye, 2000, pp. 540-53.

70-Hakan özoglu, « Nationalism and Kurdish notables in the late Ottoman and Early Republicain Era », in : *International Journal of Middle East Studies* 33, n° 3 (August, 2001, pp. 343-409.

**70- هاکان ئۆزۆگلو ، "ناسیۆنالیزم و بەگزادەی کورد لە دەورانی دوایی عوسمانی و دەستپێکی کۆماریدا". باسی مێژووی کورد دەکات لە دوایین چارەگی سەدەی نۆزدەهەم و ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و پێوەندی نێوان بەگزادە کوردەکان و بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد و سەرەتا سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لەناو کۆمەڵگەی کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی شیدەکاتەوە و دواتریش بە ڕووێکی تایبەتی پێ لەسەر بنەماڵەی شێخەکانی نەقشبەندی شەمدینان دادەگرێ و درەختی بنەماڵەکە و نەخشەی جوگرافی بڵاوبوونەوەی نفووزی بنەماڵەکە بەدەستەوە دەدات و لەم پێوەندیەشدا باسی شۆڕشی شێخ عوبەدوڵلای نەهری (1880) و دواتریش باسی سەیید عەبدوالقادری نەهری (1851–1925) دەکات و لە دواییشدا باسی بنەماڵەی بەدرخانەکان دەکات و لەم پێوەندیەشدا باسی ئەمین عالی بەدرخان (1851–1926) و جەلادەت و کامیران بەدرخان باسدەکات.**

71-Janet Klein, *Power in the periphery : the Hamidiye Light Cavalry and the struggle over Ottoman Kurdistan, 1890-1914.* thesis, Princeton University, 2002, (v, 424 leaves).

72-Robert Olson,"A comment on Hakan Özoğlu, "Nationalism and Kurdish notables in the late Ottoman–early republican era", In *: International journal of Middle East studies: IJMES. Publ.* Under the ausp. Of the Middle East Studies Association of North America. New York, NY, Cambridge : Cambridge University Press, 2002, 3, pp. 423–424.

73-Walter Posch, « What Is a Frontier? Mapping Kurdistan between Ottomans and Safavids », in : Éva M. Jeremiás,

ed., *Irano-Turkic Cultural Contacts in the 11th–17th Centuries*. Piliscsaba, [2002] 2003, pp. 203-215.

**73–والتەر پوش، " سنوور چییە؟: وێنەکێشانی نەخشەی کوردستان لە نێوان عوسمانی و سەفەوی دا". بریتییە لەو موحازەرەیەی کە لە کۆلۆکی (پێوەندییە فەرهەنگییەکانی ئێرانی–تورکی لە سەدەی یانزەهەم–سەدەی حەڤدەهەم) کە لە ڕۆژانی 14 و 15 ی سێپتامبەری 1998 لە بۆدابست بەسترا، خوێندرایەوە. بەشی گەورەی سنووری عوسمانی–ئێرانی بەناو خاکی کوردستان دا تێپەردەبێت و ئەو شار و ئاواییانەی کە کەوتبونە هەر دوو دیوی سنوور لەژێر دەسەڵاتی هۆزە کوردییەکان و بەگزادە کوردەکان بەڕێوە دەچوون. یەکەمین خاڵ کە عوسمانی و سەفەوی وەکوو سنوور دابەشیان کرد، شاری قارس بوو، ئەو شارەی کە شا سمایل وێرانیکرد. هۆزی بابان کە دەکەوێتە خوارووی زێی گەورە لە نێوان ساڵەکانی 1520 و 1530 دا دەسەڵاتی ئەو هێندە بەرەو باکوور هەڵکشا بوو کە تا زەریاچەی ورمێ دەڕۆیشت و تا دەگەیشتە کۆی–بازێر*، ئەو دێیەی کە دواتر ساڵی 1789 شاری سلێمانی لەسەر بونیاتنرا. دواتر نووسەر باسی شارە گرینگەکانی ئەو سەردەمی کوردستان و دواجار باسی ڕۆڵ و پێگەی هۆزە کوردییەکان دەکات لە نەخشەی سیاسیی ئەو سەروبەندەی ململانێی نێوان عوسمانی و ئێران.**

74-Hakan Ozoglu, *Kurdish notables and the Ottoman state : evolving identities, competing loyalties, and shifting boundaries*, Albany, NY : State Univ. Of New York Press, 2004, (XV, 186 p).

**74–هاکان ئۆزۆگلو، *بەگزادە کوردەکان و دەوڵەتی عوسمانی: ناسنامەگەلی پەرەسەندوو، کێبەرکێ ی پێبەندیی و گۆڕینی سنوورەکان*. ئەم باسە تەرخانی بابەتێکی گرینگ کراوە کە ئەویش ڕۆڵ و پێگەی بەگزادە کوردەکانە لە خەمڵینی**

* ڕاستیەکەی شاربازێرە.

هۆشیاری نەتەوەیی و ڕۆڵیان لە دروستبوون و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد. باسەکە دابەشی سەر (5) فەسڵی سەرەکی کراوە. لە پێشەکی باسەکە وەکو بەرچاوڕوونی و بۆ تێگەیشتنی باسەکە کۆمەڵێك کێشەی میتۆدۆلۆژی باسکردووە وەك مەسەلەی پیناسەکردنی ناسیۆنایزم، ڕۆڵی ئیتنیستیّ و ناسیۆنالیزم لە پەرەئەستاندنی ناسنامەی ناسیۆنالیزمی کورد. دواتر باسی ناسیۆنالیزم و چینی بەگزادە دەکات لە ئیمپراتۆریای عوسمانی و سنوورو کەوشەنی لێکۆڵینەوەکە دیاری دەکات (لا: 1-19).، فەسڵی دووەم: پەرەئەستاننی گروپی ناسنامە: کورد و کوردستان لە هەلومەرجی مێژوویی دا. لەم فەسڵە نووسەر باسی بنچینە کورد دەکات لەسەرچاوە کۆنەکانی مێژوو و دواتر باسی کورد و کوردستان دەکات لەسەرچاوەکانی سەدەکانی ناوڕاست و بەتایبەتیش شەرفنامە. ئینجا ئەولیا چەلەبی وەکوو ڕوانگەی گەرۆکێکی عوسمانی بە نموونە دەهێنێتەوە. ئینجا باسی دەرچونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردستان (1898) و کوردستان لە دەورانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەکات (لا: 21-42).، فەسڵی سێیەم: پێوەندییەکانی دەوڵەت-خێڵ: ئیمپراتۆریای عوسمانی و عەشیرەتگەری کورد لە سەدەی شانزەهەمەوە. لەم فەسڵەدا باسی خێڵ، وسیستمی ئیمارەتی کوردی دەکات و لەم ڕوانگەیەوە هۆزی کوردی پێناسە دەکات و باسی سەرقافڵەیی هۆزی کورد دەکات لە داگیرکردنەکانی عوسمانی دا. پاشان باسی ململانێی نێوان سەفەوی و عوسمانی و شوێنی کوردستان لەم ململانێیەدا دەکات. چمکێکی دیکەی ئەم فەسڵە بۆ باسی ئیداری عوسمانی لە کوردستانی سەدەی شانزە و حەڤدەهەم و ئۆتۆنۆمی کورد و دواتریش بۆ سیاسەتی کارگێڕی عوسمانی لەسەدەی نۆزدەهەم تەرخانکراوە (لا: 43-68).، فەسڵی چوارەم: "پرۆتۆ-ناسیۆنالیزم"ی کورد؟: سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم. لەم فەسڵەدا باسی ڕاپەڕینی چەکداری بەدرخان پاشا (1847)، بنەماڵەی شەمدینان و شێخ عوبەیدوڵلای نەهری دەکات (کە ئەو بە سەیید عوبەیدوڵلای نووسیووە)، گۆڕانکاری لە ناسیۆنالیزمی دوو ڕێکخراوی کولتووری و سیاسیی کورد (1908-1920) کە ئەوانیش جەمعیەتی تەعاون تەرەققیی کورد (1908) و جەمعیەتی تەعالی کوردستان (1918)ن. (لا: 69-86).، فەسڵی پێنجەم:

ڕۆڵی پێشقەرەوڵی پێوەندیی و بەگزادەکان لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد. لەم فەسڵەدا باسی ئەو بنەماڵە بەگزادانەی کورد کراوە کە ڕۆڵیان هەبووە لە جۆشدانی ناسیۆنالیزمی کورد لە پێشەوەی هەموویان بنەماڵەی نەقشبەندییەکانی شەمدینان (سەیید عەبدوالقادر)، بنەماڵەی بەدرخانییەکان (ئەمین عالی بەدرخان، جەلادەت و کامەران عالی بەدرخان)، ئەندامانی دیکەی جەمعیەتی تەعالی کوردستان لە بنەماڵەی بەدرخان. بنەماڵەی جەمیل پاشا زادە (ئەکرەم جەمیل پاشا، قەدری جەمیل پاشا (زنار سلۆپی)، شێخ شەفیق ئەفەندی، محەمەد شەریف پاشا، بەدیعولزەمان سەعید نەورسی، کەمال فەوزی (لا: 87–120).، هەرچی فەسڵی شەشەمە بریتییە لە تێبینی دەرئەنجام و پێشنیارەکان بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر (لا: 121–129).، دواتر پەراوێزی سەرجەمی فەسڵەکان بەسەر یەکەوە (لا: 131–157).، دواجار بیبلیۆگرافیا (لا: 159–178) و ئیندێکس (لا: 179–186).

75-Robert Olson, « Kurdish notables and the Ottoman state : evolving identities, competing loyalities, and shifting boundaries ; by Hakan Özoğlu [review], In: *The Middle East journal* / Middle East Institute. Washington, DC : Inst. 58. 2004, 2 (spring), pp. 305–307.

76-Zharmukhamed Zardykhân, «Ottoman Kurds of the First World War Era : Reflections in Russian Sources», In *MES*, Vol. 42, n° 1, Januarys 2006, pp. 67-85.

76– ژەرموخەمەد زاردیخان، "کوردە عوسمانییەکانی دەورانی جەنگی یەکەمی جیهانی: چەند تێڕامانێك بەناو سەرچاوە ڕووسییەکان دا". لەم وتارەدا نووسەر باس لە ڕۆڵ و پێگەی کورد دەکات لە سالانی جەنگی یەکەمی جیهانی و سەروبەندی ڕوخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بە گوێرەی سەرچاوە ڕووسییەکان. لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی ڕۆژهەلاتناسیانە باسی کورد دەکات وەکوو هۆزگەلی کۆچەر و ئەوە

ئاشکرا دەکات کە بە گوێرەی زانیارییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ساڵی 1912 ژمارەی کوردە نیشتەجێ و کۆچەرەکان لە شەش ویلایەتەکانی ئەنادۆڵ یەك لە دوای یەك 242000 و 182000 کەس بووە. جگە لەوە باسی داب و نەریت، پابەندی ئایینی لە لای کورد، خەسڵەتەکانی هۆزی کورد و پایەی ژن لە کۆمەڵگە و پاشان باسی ڕۆڵی سوپای حەمیدییە دەکات لە شەرەکانی عسمانی دا. لە دوایین بەشی وتارەکەشیدا بایەخێکی تەواو بە مێژووی پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن دەدات

## 2.2 : کورد لە ئێران دا

77-H. C. Rawlinson, « Notes on a march from Zoháb, at the foot of Zagros, along the mountains to Khúzistán (Susiana), and from thence trough the province of Luristan to Kirmánsháh, in the year 1836 », In: *The journal of the Royal Geographical Society.* London: Murray, 9.1839, 1, pp. 26–116.

78-H.C. Rawlinson, « Notes on a march from Tebriz, through Persian Kurdistan to the ruins of Takhti-Soleiman and from thence by Zenjian and Tarom to Gilan, in October and November 1838, with a memoir of the site of Atropatenian Echbatan", In: *The journal of the Royal Geographical Society.* – London: Murray, 10,1841, pt 1-2, pp. 434-444.

79-Lady Sheil, *Glimpses of life and manners in Persia : with notes on Russia, Koords, Toorkomans, Nestorians,* Khiva, and Persia. London : J. Murray, 1856, (xi, 402 p).

80- D. W. Marsh, (Dwight Whitney), *The Tennesseean in Persia and Koordistan : being scenes and incidents in the life of Samuel Audley Rhea, Philadelphia* (USA) : Presbyterian Publication Committee; New York : A.D, Randolph, 1869, (381 p).

81- T. F. Aristova, «The Kurds in Persia », in : *Central Asian Review* 7, N° 2, 1959, pp. 175-201.

81-ت,ف, ئاریستۆڤا، "کورد لە ئێران دا". ئەم وتارە لە ڕاستیدا لەسەر کۆمەڵێك وتاری بەرهەمی شورەوەی ئامادەکراوە کە لەم دوو ساڵەی ڕابووردوو* بڵاوکراونەتەوە کە ئەوانیش بریتین لە: 1- کوردەکانی موکری (ڤیلچڤسکی).، 2- وتارێکی ئاریستۆڤا دەربارەی کوردەکانی ئێران و وتارێکی کۆردۆیڤ. وتارەکە بەمشێویە دابەشکراوە. فەسڵی یەکەم هۆزە کوردییەکان کە بە درێژی باسی هۆزە کوردییەکانی موکری و ئازەربایجان دەکات. فەسڵی دووەم: مێژووی تازەی سیاسیی کە لەم فەسڵە باسی مێژووی سەرەتای سەدەی بیستەمی کوردستانی ئێران دەکات تاوەکوو ڕوخانی کۆماری مەهاباد, فەسڵی سێیەم: نووسینی کوردی. باسی ڕۆژنامەوانی کوردی و بەتایبەتی ڕۆژنامەوانی کوردستانی ئێران دەکات و فەسڵی چوارەمیش تەرخانکراوە بۆ باسی شارەکانی کوردستانی ئێران و لە دواین جاریشدا ئیدمۆندز کۆمەڵێك پەراوێز و کۆمێنتاری لەسەر وتارەکان نووسیووە.

82-C. E. Bosworth, « The intrepid Victorian lady in Persia: Mrs Isabella Bishop's travels in Luristan and Kurdistan, 1890 », In : *Iran* Vol. 27 (1989), pp. 87-101.

* مەبەست ساڵی نووسینی وتارەکەیە

83-James John Coyle, *Nationalism in Iranian Kurdistan*, Ph.D, The George Washington University, 1993, (369 p).

84-Jigalina Olga, « The constitutionnal revolution in Kurdish northern Khorâsân (1905-1911) », In : *Iran : questions et connaissances : Actes du IVe congrès européen des études iraniennes organisé par la Societas irnologica europaea,* Paris, 6-10 sept. 1999. Vol. III : cultures et sociétés contemporaine Bernard Hourcade.–Paris: Association pour l'avancement des études iraniennes, - 2003, pp : 241-245.

**84–ئۆلگا ژیگالینە، " شۆڕشی مەشروتە لە ناوچە کوردییەکانی باکووری خوراسان" . شۆڕشی مەشروتەی ئێران 1906 تەواو شارە گەورەکانی ئێرانی هەژاند و تەنانەت شارە دوورە دەستەکانی وەك ناوچە کوردییەکانی باکووری خوراسانیشی گرتەوە. ئەم باسە لەسەر بنەمای مەتریالی ئەرشیڤخانەی ڕووسیا هەڵچنراوە و باسی ئۆپۆزسیۆنی نێوان سەرۆکهۆز ترادسیۆنەکان و دەوڵەتی ناوەندی لە قۆچان و دەرگەز دەگێڕێتەوە. هەروەها لەناو زۆرێك لە ئەنجومەنی شارەکان دا کە کراوە بوون بۆ گۆڕانکاری و ئەو ناوچە گوندنشینانەی کە دەستەبژێری ترادسیۆنی تێیدا باڵادەست بوون. هەروەها ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی خانە کوردیەکانی خوراسان لە دەرگە ز و قۆچان لە باسە سەرەکیەکانیەتی.**

## 3.2 : قەتڵو عامی ئەرمەنەکان و پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن

85-Robert Curzon, *Armenia: a year at Erzeroom, and on the frontiers of Russia, Turkey and Persia*, - 3d edition, London : J. Murray, 1854, (xiv-253 p).

86-Charles Williams, *The Armenian campaign : a diary of the campaign of 1877 in Armenia and Koordistan,* London : [s.n.], 1878, (XX, 366 p).

87-James Creagh, Armenians, Koords, and Turks, London : *Samuel Tinsley & Co*., 1880, 2 v.(xvi,304; [4],303,(1 p).

88-Svoboda, "Among Kurdish brigands in Armenia", in: *Wide World Magazine*, London, 1899, Vol IV, (178 p).

89- G. Thoumaian, « The Kurds and their relation to Armenin ». In : *Ararat* 1910, pp. 375-378; pp. 426-430.

90-Armenia and Kurdistan, Handbooks prepared under the direction of the Historical Section of the Foreign Office , 91, London : HMSO, 1919, (IV, 85 p).

91-*Armenia and Kurdistan*, London : H.M.S.O., Coll. Handbooks prepared under the direction of the Historical section of the Foreign Office, N° 62, 1920, (VII-84 p).

92-Eugene Pittard, « Kurds and Armenians », In : *Miscellanea Asiatica Occidentalis*, vol. II, 1948, (on ADIM Nr. 2483, pp. 1-381), pp. 83-100.

93-Tessa Hofmann & Gerayer Koutharian, "The History of Armenian-Kurdish Relations in the Ottoman Empire", in: in "*Armenian Review*" n° 4-156, 1986, pp. 1-45.

93- تیسا هۆفمان و گێرایێر کۆچاریان، "مێژوی پێوەندییەکانی ئەرمەنی-کوردی لە ئیمپراتۆریای عوسمانی دا". دوای شکستی ئێران لە جەنگی چالدێرانی ساڵی 1514، ئیمپراتۆریای عوسمانی دەستی بەسەر ئەرمەنستانی ڕۆژئاوا دا گرت. ئیمپراتۆریای عوسمانی زۆربەی جار کوردەکانی وەکوو وەسیلەیەك بەکاردەهێنا بۆ چەوساندنەوەی ڕەعیەتە ئەمەنییە مەسیحییەکان. بەڵام زۆربەی کات کوردەکان هاریکاری ئەرمەنە چەوساوەکانیان کردووە و پێوەندی هاوکاری کورد و ئەرمەن بە تایبەتی لەو کاتانەدا دیاربووە کە کوردەکان خۆشیان ڕووبەڕووی چەوساندنەوە بوونەتەوە. مێژووی ئاڵۆزی پێوەندیەکانی تورکی-کوردی-ئەرمەنی لە بەشداریکردنی کورد لەو قەتڵوعامەی کە دژی ئەرمەنییەکان لە لایەن حکومەتی عوسمانییەوە ڕێکخرا گەیشتە دۆخێکی زۆر ئاڵۆز. دوای ڕیشەکێشکردنی ئەرمەنییەکان لە تورکیا بزووتنەوەی سەربەخۆیی کورد لە تورکیا بوو بە تیری سیاسەتی تورکیزەکردنی تورکیا.

# بەشی سێیەم
# پۆلەتیك، ناسیۆنالیزم و دەوڵەت

## 1.3: كورد ، دەوڵەت و پرسی كورد

94- Arshak Safratian, « The Kurds ; their origin and history ». In : *Near East and India*, London Nov. 1928, vol. 34, Nr. 914, pp. 613-615.

95- W. G. Elphinston, « The Kurdistan question". In: *Intern. Aff.*, 22 (1946), pp. 91-103.

**95–دەبلیو.گ. ئەلفینستۆن، "پرسی كورد". كۆلۆنێل ئەلفینستۆن لەم باسەیدا كورتەیەكی گشتی مێژووی كورد و ڕەوشی ئێستەی كوردستان دەگێڕێتەوە. بە قسەی نووسەر سەربەخۆیی كورد كارێكی پراتیكی نییە و قورسە بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە كە تواندنەوەی كورد كارێكە شیمانەیەكی دوورە و داوا دەكات ڕێز لە داب و نەریتی كورد بگیرێ.**

96-Kamiran Alî Bedir-xan, « The Kurdish problem », in : *JRCAS*, Vol XXXVI, PT, 3-4, 1949, pp. 237-248.

97-Cecil John Edmonds, "The place of the Kurds in the Middle Eastern scene", In: *Journal of the Royal Central Asian Society*. London, 1958, 2 (April), pp. 141–153[4].

**97–س.ژ. ئیدمۆندز، " شوێنی کورد لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا". ڕاپۆرتێکە لەبارەی ئەو موحازەرەیەی کە لە لایەن نووسەرەکەیەوە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی شاهانەی کاروباری ئاسیای ناوەڕاست لە 20 ی تشرینی دووەمی 1957 پێشکەش کرا. بە قسەی نووسەر "ناسیۆنالیزمی کورد واپێدەچێ وەك ئەوەی هێزی خۆی لەدەست دابێت وایە". دواتر نوسخەیەکی پاککراو و بە زانیاری زیاتر و بەداوێنتر لە کتێبی: *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ: ترادسیۆن و نوێبوونەوە*، چاپی نیۆیۆرك بڵاوکرایەوە[5].**

98-Mohamad Salih Karadaghy, *Kurdistan and Kurds.* Kurdish. Students Society, in *Europe, U.K. Branch* , London, 1962, (20 p).

99-Emmanuel Sivan, "The Kurds: Another perspective", in: *Case Studies on Human Rights and Fundamental Freedoms.* Editor in chief, Willem A .Veenhoven, 2, 1975, pp. 137-156.

---

[4] Red. In: *Yearbook of the Kurdish Academy 1990*, (edit by): Kamal Fuad; Ferhad Ibrahim; Najat Mahwi (eds.). Ratingen: The Kurdish Academy, 1990, pp. 115–140.

[5]CF. *The Contemporary Middle East: Tradition and innovation*, edited with an introduction and notes by Benjamin Rivlin & Joseph S. Szyliowic, New York: Random House, 1965) , pp: 283-293.

**99-ئیمانۆیل سیڤان، "کورد: ڕوانینێکی دیکە". جارێکی دیکە جەنگ لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق سەرنجی جیهان لەبارەی پرسێکی زۆر ترسناك سەبارەت بە داپلۆسینی کەمینە نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕادەکێشێ. بەهەرحاڵ پرسەکە ناکرێ هەر بە تەنها لە چوارچێوەی کوردستانی عێراق تێبیڕوانین بەڵکو پێویستی بە ڕوانینێکی بەرفراوانتر هەیە چ لە ڕووی سنوور و چ لە ڕووی سەردەمەوە. ئا لێرەوە نووسەر باسەکەی بۆ چەند بەشی جیاجیا دابەش دەکات وەکو: "سیما بنەڕەتییەکان"، "کۆمەڵگەی کۆچەری لە پرۆسیسی نیشتەجێکردن دا"، "مێژوویێکی دوورودرێژ"، "لە عەشیرەتگەرییەوە بۆ ناسیۆنالیزم"، "ڕاپەڕین لە عێراق"، "گەیشتن بە دەروانی ناسیۆنالیزم"، "خەبات دژ بە تەتریك"، "کۆماری کورد لەژێر ویسایەی شوورەوی دا"، ڕاپەڕینی گەورەی چەکداری لە عێراق 1961-؟" و ڕێکەوتنامەی ئاشتی 1970.**

100-Georges S. Harris, "Ethnic conflict and the Kurds". In: *Annals of the American Academy of Political and Social Science* 433, sept. 1977, pp. 112-124.

101-Kurdistan Democratic Party, *The road of the Kurdish liberation movement.* Know the Kurds series, no.5, [London?], International Relations Committee, 1977, (103 p).

**101-پارتی دیموکراتی کوردستان، *ڕێگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد*. بریتییە لە ڕاپۆرتی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە کۆنفرەنسی 11-15 ی ئابی 1976 پەسند کراوە و بریتییە لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی شۆڕشی ئەیلوول و پرۆگرامی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان. باسەکە بریتییە لە (2) بەشی سەرەکی. بەشی یەکەم: هەڵسەنگاندنێکی شۆڕشی ئەیلوول. بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی شۆڕشی ئەیلوول و**

سەرکردایەتی شۆڕش و هۆیەکانی دەرەکی و ناوەخۆیی شکستەکە شیدەکاتەوە و باسی قۆناغەکانی دوای 11 ی ئاداری 1970 دەکات و زۆر ڕەخنەی بەجێ و وردی تێدا هاتووە (لا: 7–70). بەشی دووەم: پرۆگرامی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان. باسی دامەزراندنەوە و هێڵی سیاسیی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان و سیاسەت و بەرنامەی پارتی لەسەر ئاستەکانی: کوردستانی، عێراقی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەخاتە ڕوو (لا: 71–103).

102- W. E. Hazen, « Minorries in revolt; the kurds of Iran, Iraq, Syria, and Turkey ». In: *The political role of minority groups in the Middle East*, ed. By R.D. McLaurin, New York : Praeger, 1979, pp. 49-75.

103-Andrew Whitley, The Kurds : pressures and prospects. *The Round Table (London)* 279, juil.1980, pp.245-257.

104-Martin Short & Anthony McDermott, *The Kurds*. London : Minority Rights Group, 1981. Coll. 4° 3477 (23-1981).

104–مارتین شۆرت و ئەنتۆنی ماکدێرمۆت، *کورد*. ئەم دۆسیەی گروپی مافی مرۆڤ دوو بەشە. بەشی یەکەم: گەلی کورد کە مارتن شۆرت نووسیوویەتی و باسی ڕەوشی گشتی کوردە لە هەر چوار پارچەی کوردستان و هەروەها ڕەوشی کورد لە لوبنان و یەکێتی شورەوی دا (لا: 4–15). بەشی دووەم: بە ناوی تەنگژەکانی ئێستەکەیە و ئەنتۆنی ماکدێرمۆت نووسیوویەتی باسی ڕێکەوتنامەی جەزایر و ڕەوشی کورد لە دوای ئەم ڕێکەوتنامەیە باسدەکات (لا: 16–24). هەروەها کتێبەکە کۆمەڵێك وێنە و نەخشەی کوردستانیشی لەگەڵە.

105-Nariman Yalda, *Ferdralism and Self-Rule for Minorities: A Case Study of Iran and Kurdistan.* PH.D., Claremont Graduate School, 1980, (199 p). DAI 42 (September 1981), pp. 1302A.

106-Manuchehr Rostam Khosrowshahi, *Management of Communal Conflict in the Middle East: The Case of the Kurds.* Ph.D. dissertation, North Texas State University 1983.p

107-David McDowall, *The Kurds, Report, Minority Rights Group*; no. 23, London : Minority Rights Group, 1989, (32 p).

108- Dan Soen, Ezrachi, Ruth. Kurdish immigrants, culture contact and social adjustment in Israel. *Sociologus* vol 40, n°2, 1990, pp. 97-120.

109-David McDowall, « The Kurds : an historical perspective », In: *Asian Affairs / Royal Society for Asian Affairs.* London: Soc. –22.1991, 3 (October), pp. 293–302.

**109–داڤید ماکدۆیل، "کورد: ڕوانگەیەکی مێژوویی". باسی ڕەوشی کورد دەکات لە دوای جەنگی کەنداو و لە باسەکەیدا گەڕاوەتە سەر ئامازەپێکردن بە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و باسی شۆڕشەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم و پاشان باسی سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانی و کورد لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەم لە نێوان سیاسەتی بریتانیا و ڕووسیا دەکات. پاشان بایەخێکی تایبەتی بە پێکهاتەی خێڵەکیی کۆمەڵگەی کوردی و نیشتمانی کورد و دواجاریش سنووری کوردستان و خەباتی پەکەکە داوە.**

110-Maria T. O'Shea (ed), *Kurdistan political and economic potential*, London: School of Oriental And African Studies, University of London, GRC Occasional paper series; no.2, 1991, (77 p).

111-Richard A. Falk, "The cruelty of geopolitics: the fate of nation and State in the Middle East". In: *Millenium* 20 (3), 1991, pp. 383-393.

112-David McDowall, "The Kurdish question: a historical review", In: *The Kurds : a contemporary overview* / ed. by Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl. London; New York : Routledge. 1992, pp. 10–32.

**112–داڤید ماکدۆیل، "پرسی کورد: ئاسۆبینینێکی مێژوویی". بریتییە لە باسێکی مێژوویی دەربارەی بزووتنەوەی کورد لە دەورانی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری تا ڕووداوەکانی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم. لەم ڕوانگەیەوە نووسەر ڕووناکی خستۆتە سەر ڕۆڵی هۆز و ئەو فشار و گوشارانەی کە هێزە گەورەکان و وڵاتە ناوچەییەکان دەیسەپێنن. باسەکە بۆ خۆی لە بنەواندا موحازەرەیەك بووە لە 8 ی ئایاری 1991 پێشکەش بە کۆمەڵەی شاهانەی کاروباری ئاسیەوی کراوە لە لەندەن.**

113-Eve Bring, "Kurdistan and the principle of self-determination". In: *German Yearbook of International Law* 35, 1992, pp. 157-169.

114- Hilal Khashan & Judith P Harik, “The plight of the Kurds”. In: *Bulletin of Peace Proposals* 23 (2), juin 1992, p. 147-157.

115-Maria T. O'Shea, Greater Kurdistan, the mapping of a myth? In: *Kurdistan : political and economic potential* (ed. By) Maria T. O’Shea. London : School of Oriental and African Studies, 1992, pp. 1–26.

116-Martin van Bruinessen, “Kurdish society, ethnicity, nationalism, and refugee problems”, In: *The Kurds: a contemporary overview* / ed. by Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl. London; New York : Routledge. 1992, pp. 33–67.

**116–مارتن ڤان بروێنسن، "کۆمەڵگەی کورد: ئیتنیسیتی، ناسیۆنالیزم و کێشەگەلی کۆچباران". باسێکی فرە لایەنە دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری، فرە زمان، فرە ئایین و پێکهاتە کەمایەتییە غەیرە کوردییەکان و دواتر دەگەڕێتەوە سەر پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری و باسی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خەڵکی عەشیرەتگەرا و نا عەشیرەتگەرا دەکات و کاریگەری دەوڵەتانی ناوەند لەسەر ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانە شیدەکاتەوە. بەشێکی دیکەی وتارەکەی مارتن بۆ باسی کەسایەتی ئیتنیکی و دیاردەی وەدیارکەوتنی بیروباوەڕی ناسیۆنالیزم لەناو کورد تەرخان دەکات و لە دوایین تەوەری باسەکەشیدا باسی زەبروزەنگ و خەباتی چەکداری و شەپۆلی ڕاگوێزانی کورد لەناو خاك وسەرزەمینی خۆیاندا و کۆچبەرانی کورد بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا باسدەکات.**

117-Munir Morad, “Kurdistan: the way forward “, In: *Kurdistan : political and economic potential*, ed. by Maria T. O’Shea. London : School of Oriental and African Studies, 1992, pp.  62–72.

118-Robert Olson, « The creation of the Kurdish state in the 1990's ? », In : *Journal of South Asian and Middle Eastern Studies (*1992) vol. 15, Summer pp. 1-25.

118– ڕۆبەرت ئۆلسن، " دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم دا؟". نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیدا بەراورد لە نێوان ئەو هۆکارە جیۆپۆلیتیکی و جیۆسترتیژیانە دەکات کە هێزە ئەورپاییەکان نەخوازە بریتانیا خستیەڕوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و ئەو سیاسەتانەی کە بوونە هۆی بەجێنەهێنانی سیاسەتێکی ئەوها. نووسەر وایدەبینێ کە ئەو گۆڕینکاریانەی سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە نەوەدەکان هاتنە ئاراوە زۆر کەم گرینگترن وەك لەوەی ساڵانی بیستەکان وێرای ئەوەی کە هۆکارە جیۆپۆلیتیکییەکان جیاوازن. هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نفوزێکی ئاوای لە سیاسەتی هەرێمایەتی دا نییە وەکوو ئەوەی بریتانیا لە بیستەکان دا هەیبوو. دەوڵەتە  بنەڕەتییەکان (جگە لە عێراق) واتە: تورکیا، ئێران و سوریا هیچیان دەوڵەتێکی کوردی ناخوازن. بۆیە پێشبینی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە نەودەکان و دواتر زۆر کزە هەتا ئەگەر ئەمە داهێنانێکی ڕۆژئاوایش بێت.

119- Tom J. Farer, “Human rights and foreign policy : what the Kurds learned (a drama in one act)”. In: *Human Rights Quarterly* 14 (1), fév. 1992, pp. 62-77.

120-Jamal Fuad, *"The Kurdish question: Missed opportunities and future challenges"*, Tallahassee, FL, Badlisy Center for Kurdish Studies, 1993, (12p).

121-John Bulloch & Harvey Morris, *No friends but the mountains : the tragic history of the Kurds*, First Ed.Viking, 1992, (242 p), Second.Ed. London : Penguin, 1993. (257 p).

122- Richard Black,"Political refugees or economic migrants ? Kurdish and Assyrian refugees in Greece". In: *Migration (Berlin, West)* (25), 1994, pp. 79-109.

123-Lasse Budtz, *"The Kurds".* In: Turkey report, 1994 & Turkey, Kurdistan, Iraq report, 1993 / Danish NGO delegation, Lasse Budtz, Villo Sigurdsson, Klaus Slavensky, Copenhagen : Danish Centre for Human Rights, 1994.

124-Robert Olson, "The Kurdish question and the Kurdish problem : some geopolitic and geostrategic comparisons", In: *Peuples méditerranéens*– Paris, N°. 68–69. 1994 (juillet–décembre), pp. 215–241.

**124–ڕۆبەرت ئۆلسن، "پرسی کورد و کێشەی کورد: بڕێك بەراوردکاری جیۆپۆلیتیکی و جیۆستراتیژی". ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ باسی ئەو گۆڕانکاریی جیۆپۆلیتیکی و جیۆستراتیژیانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا ڕوویان دا وەك ئەنجامی جەنگی دووەمی کەنداو لە ساڵی 1991 دا کە ئەم گۆڕانکاریانە پێوەندیان بە پرسی کورد و کێشەی کوردەوە هەیە. نووسەر بە شێوەیەکی تایبەتی باسی ئەو**

پەرەسەندنانە دەکات کە لە کۆتایی ساڵی 1992 تاوەکوو ناوەڕاستی ساڵی 1994 ڕوویانداوە و ئەمەش بە ڕووییکی تایبەت پێوەندیان بە پرسی کورد و عێراق و ڕەوشی جیۆپۆلیتیکی دەوڵەتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە کە پرسی کورد کاریان تێدەکات.

125-Edgar O'Ballance, *The Kurdish struggle 1920-94*, Houndmills, Basingstoke [England] : Macmillan Press New York : St. Martin's Press, 1996, (xxi, 251 p).

125- ئێدگار ئۆبالانس، ***خەباتی کورد 1920-94***. دوای چارەگە سەدەیەك لە بڵاوبوونەوەی یەکەم کتێبی لەبارەی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق 1961-1970، ئێدگار ئۆبالانس کە لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی دا لە ڕیزی سوپای بریتانیا کاری کردووە و لەوەتای ساڵی 1948- یشەوە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکات لەم کتێبەیدا باسی هەموو بەشەکانی کوردستانی کردووە. ئەم کتێبە باسێکی گشتیە لەسەر کورستان و مێژوی بزووتنەوەی کورد و دابەشی سەر چوارده فەسڵ کراوە. پێشبار (لا: حەوت-سیانزە). فەسڵی یەکەم: کورد (لا: 1-11). فەسڵی دووەم: دابەشبوونی کورد (لا: 12-20). فەسڵی سێیەم: کۆماری مەهاباد (1946) (لا: 21-35). فەسڵی چوارەم: چەوساندنەوەی کورد: 1950-1960 (لا:36-46). فەسڵی پێنجەم: شۆڕشی کورد لە عێراق 1961-62 (لا: 47-63). فەسڵی شەشەم: دووەم و سێیەم هێرشی عێراق 1963-1965 (لا: 64-80). فەسڵی حەوتەم : هێرشی زیاتری عێراق 1966-1975 (لا: 81-101). فەسڵی هەشتەم: ڕوداوە هەرێمایەتییەکان: 1976-80 (لا: 102-122). فەسڵی نۆیەم: شەڕی ئێران-عێراق (لا: 123-145). فەسڵی دەیەم: بەرگری کورد لە تورکیا (لا: 146-168). فەسڵی یانزەهەم: لە نێوان شەڕەکاندا 1988-90 (لا: 169-184). فەسڵی دوانزەهەم: نەوای ئارامی کورد: 1991-1992 (لا: 185-205). فەسڵی

**سیانزەم: کێشەی تورکیا** (لا: 206–226). **فەسڵی چواردەم: خاڵی وەرچەرخان:** 1994 (لا: 227–234). **نەخشەکان** (لا: 235–238). **بیبلیۆگرافیا** (239–240).

126-James Ciment, *The Kurds : state and minority in Turkey, Iraq, and Iran. Conflict and crisis in the post-cold war world.* New York : Facts on File, 1996, (xii, 225 p).

127-Kendal Nezan, " The Kurds: current position and historical background", In: *Kurdish culture and identity* / ed. by Philip G. Kreyenbroek and Christine Allison. London; New Jersey : Zed Books Ltd. 1996, pp. 7–19.

**127–کەندال نەزان، "کورد: ڕەوشی ئێستە و پاشخانی مێژوویی". نووسەر لەم وتارەیدا لای وایە کە کێشەی کورد دەبێ ڕۆژێك بخرێتە ناو خشتەی کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و باسەکە زیاتر بەرچاوخستنێکی ڕاستی و زانیاریەکانە دەربارەی ڕەوشی ئێستەی گەلی کورد و بە شوێنیشدا تێڕوانینێکی گشتی بۆ پاشخانە مێژووییەکەی.**

128- Mehrdad R. Izady, "The Kurdish demographic revolution and its socio-political implications", In: *Contrasts and Solutions in the Middle East,* (Eds) Høiris, Ole and Yürükel, Sefa Martin. Aarhus: Aarhus University Press, 1997.

129-S. M. Ghafour, *The longest revolution : the Kurdish chrono-political history*, London : Avon Books, 1997, xv, (105 p).

130-Jonathan C. Randal, *Kurdistan : after such knowledge, what forgiveness?* London : Bloomsbury, 1998, (374 p).

**130– جۆناتان.سی. ڕاندالْ، *پاش ئەم هەموو زانیارییە، لێبوردنی چی؟*. ڕاندالْ ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی ناوداری ڕۆژنامەی واشنگتنۆن پۆست و ماوەی چارەگە سەدەیەك زیاتر وەکو پەیامنێری جەنگ لەو ناوچانەی کێشە و شەڕیان تێدابووە کاری ڕۆژنامەنووسیی کردووە. ڕاندالْ گەرچی وەك خۆی دەڵێ لە نیوەی دووەمی هەشتایەکانی سەدەی بیستەم بیری نووسینی کتێبێکی لەبارەی کوردەوە لەمێشك دا بووە بەڵام ڕاپەرینی ساڵی 1991 کوردستانی عێراق کە خۆی وەکوو پەیامنێری هەواڵ بەشداری تێدا کردووە و دواتر بینی تاوانەکانی ڕژێمی عێراق و گفتوگۆی لەگەڵ سەرکردە کوردەکان و ڕوانین و ڕوانگەی خۆی ئەم کتێبەی لێکەوتۆتەوە کە زیاتر خوێندنەوەیەکی ڕۆژنامەنووسیانەیە، بەڵام خوێندنەوەیەکی جیاواز و زۆر بەداوێن و واقیعبینانە ترە کە تا ئەو دەم ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی نووسی بێت. ڕاندالْ لە کتێبەکەیدا قەتماغەی برینەکانیشمان بۆ هەڵدەداتەوە بەڵکو هەر هیچ نەبێت ئەم زامانە ببن بە پەند بۆ کورد، پەندێك بۆ ئەو نەوە نوێیەی کە دەسەڵاتی کوردستان دەگرێتە دەست.**

131-Amir Hasanpour, "Modernity, popular sovereignty and the Kurdish question: a rejoinder to Argun", In: *Journal of Muslim minority affairs / Institute of Muslim Minority Affairs*. Abingdon: Carfax, Vol. 19 Issue 1 (April 1999), pp. 105-114

132-Ferhad Ibrahim & Gülistan Gürbey, *The Kurdish conflict in Turkey : obstacles and chances for peace and democracy,* Münster : LIT; New York : St. Martin's Press, 2000, (208 p).

133-Bill Park, *Turkey's policy towards northern Iraq: problems and perspectives*, London : International Institute for Strategic Studies New York : Routledge, 2005, (77 p).

134- Denise Natali, *The Kurds and the State: evolving national identity in Iraq, Turkey, and Iran,* Syracuse, N.Y. : Syracuse University Press, cop. 2005, (XXX-238 p).

134–دەنیز ناتالی، *کورد و دەوڵەت: پەرەسەندنی ناسنامەی نەتەوەیی لە عێراق، تورکیا و ئێران دا*. ناتالی ماوەیەك پرۆفیسۆر و مامۆستای زانستە سیاسییەکان بووە لە زانکۆی سەلاحەددین و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی کوردستان بووە. ئەم کتێبە هەوڵدانێکی زانستییە بۆ خوێندنەوەی پەرەسەندنەکانی ناسنامەی کوردی لە دەورانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە. کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی: دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی ئیتنۆ–ناسیۆنالیزم. پێشەکیەکی گشتییە لەبارەی ئیتنۆ ناسیۆنالیزمی کورد و شێوەی شەکلگرتن و دروستبوونی ئەم ناسنامەیە (لا: حەڤدە–سی). ئینجا کتێبەکە دابەشی سەر (9) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: دوایین قۆناغی ئیمپراتۆریا: فەزای گەورەی سیاسیی. بریتییە لە خوێندنەوەیەکی مێژوویی–سیاسیانەی دوایین قۆناغی ئیمپراتۆریای عوسمانی و لەم ڕێگەیەوە دواتر خوێنەر دەباتە ناو کرۆکی باسەکەوە (لا: 1–25). فەسڵی دووەم: گۆڕانی عێراق بۆ دەوڵەتی کۆلۆنیال. لەم فەسڵەدا باسی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بریتانیا و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، پارچەپارچەبوونی ناسیۆنالیزمی کورد و ناسنامەی هاوبەشیی کورد دەکات (لا: 26–48). فەسڵی سێیەم: گۆڕانی عێراق بۆ کۆمارێکی سەربەخۆ. باسی دروستبوونی کۆماری عێراق و سیاسەتی دەوڵەتیی عەرەبی عێراق دەکات بەرامبەر بە کورد لەم قۆناغەدا (لا: 48–69). فەسڵی چوارەم: گۆڕینی تورکیا بۆ کۆمارێکی سەربەخۆ. لەم فەسڵە باسی قۆناغی گواستراوەیی دەکات لە ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە بۆ کۆماری تورکیا، پارچەپارچەبوونی ناسیۆنالیزمی کورد، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆماری تورکیا و

دژایەتی کورد بۆ دەوڵەتی تورکیا شیدەکاتەوە (لا: 70-91). فەسڵی پێنجەم: گۆڕینی تورکیا بۆ دەوڵەتێکی تا ڕادەیەك دیموکراتی: فەزای سیاسیی ئاڵۆز. باسی دوای جەنگی دووەمی جیهانی و بە تایبەت لە قۆناغی دیموکراتەکانی تورکیا دەستپێدەکات و باسی بەشارنشینکردن، پەرەسەندنی ئیتنۆ-ناسیۆنالیزمی کورد لە ساڵەکانی شێستەکان و حەفتایەکان و دواتریش باسی قۆناغی بە میلیتاریزەکردن و بە ئیسلامیکردنی فەزای سیاسیی دەوڵەتیی دەکات لە دوای کودەتای 12 ی سێپتامبەری 1980 و هاتنە ناوەوەی پەکەکە بۆ ناو گۆڕەپانەکە (لا: 92-116). فەسڵی شەشەم: گۆڕینی ئێران بۆ پاشایەتیەکی دەستوورخواز. باسی قۆناغی گواستراوەیی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و بزووتنەوەی سمکۆ و هاتنە سەرکاری ڕەزا شا و دروستبوونی سیستمی پاشایەتی دەکات لە ئێران دا و دواتر گرینگیەکی تایبەتی بە شێوازی نویێ کوردایەتی دەدات لە دوای ساڵەکانی 1940 و ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد و دواتر باسی ساڵانی پەنجایەکان، شێستەکان و تا کۆتایی ساڵانی حەفتایەکان دەکات (لا: 117-139). فەسڵی حەوتەم: گۆڕینی ئێران بۆ کۆمارێکی ئیسلامی. باسی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و ئیتنۆناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کورد دەکات لە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و دیدی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کورد شیدەکاتەوە (لا: 140-159). فەسڵی هەشتەم: لەودیو نەتەوەوە: دووبارە ڕێکخستنەوەی کوردایەتی. باسی کورد دەکات لە دوای جەنگی کەنداو و کوردایەتی و دیموکراتی لە عێراق، دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و هەر لەوێشەوە باسی کوردەکانی تورکیا و ئێرانیش دەکات (لا: 160-179). فەسڵی نۆیەم: دەرئەنجام: دووبارە بیرکردنەوەی ناسیۆنالیزم، ئیتنیسیتیێ و پرسی کورد (لا: 180-189). فەرهەنگۆك (لا: 193-195). بیبلیۆگرافیا (لا: 197-226).

135-Faleh A. Jabar & Hosham Dawod, *The Kurds : nationalism and politics*. London [u.a.] : Saqi, 2006, (344 p).

135-فالح عەبدولجەبار و هیشام داود (ئیدیتۆر)، *کورد: ناسیۆنالیزم و سیاسەت.* کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە دەربارەی ناسیۆنالیزمی کورد و سیاسەت. کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. فالح عەبدولجەبار و هیشام داود، لەبەرایی کتێبەکە لە بارەی ئیتنیستیێ، ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی یەکگرتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا: نموونەی کورد دەدوێن (لا: 7-8). بەشی یەکەم: پێناسەی ناسیۆنالیزمی کورد. لەم بەشەدا ئەم تۆژەرەوانە بەشداریان کردووە: فریدە هالیدای، مارتن ڤان بروێنسن، عەباس وەلی، هیشام داود (لا: 11-89). بەشی دووەم: کۆمەڵگە، زمان، کولتوور و مێژوو. لەم بەشەدا ئەم لێکۆڵەرەوانە بەشداربوون: سامی زوبێدە، جۆیس بلۆ، ماریا ئۆشیا، حەمید بۆزئەرسلان (لا: 93-147). بەشی سێیەم: کورد لە عێراق دا. بەشداربووەکان: میشیلی لیزینبێرك و سەعد ئەسکەندەر (لا: 151-227). بەشی چوارەم: دوای تەنگژەی-عێراق. مایکل گونتەر، گارێت ستانسفایلد، فالح عەبدولجەبار (لا: 231-306). لە بەشی پاشکۆ دەقی ئینگلیزی دەستووری عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بڵاوکراوەتەوە (لا: 307-330). بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (لا: 335-337).

136- Jwaideh Wadie, *The Kurdish national movement : its origins and development*, Syracuse, NY : Syracuse Univ. Press, 2006, (XX 419 p).

136-جویدە وەدیع، *بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد: بنچینە و پەرەسەندنەکەی.* ئەم کتێبە لە بنەواندا بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی 1960 پێشکەش بە زانکۆی Syracuse کردووە.[6] جوەیدە خەڵکی بەسرەیە و لە خێزانێکی عەرەبی-ئاخێو لە دایك بووە و دواتر دەچێتە بەغدا و لەوێشەوە بۆ

[6] *Cf.*Wadie Jwaideh, *The Kurdish Nationalist Movement: its origins and development*, Syracuse University, Syracuse (New York), 1960, Ier tome: pp. 1-382; II.ème tome: pp. 383-895

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. دامەزرێنەری بەشی زمان و ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی ئینديا India University . ئەم کتێبە کە لە ڕووی کارنامەی دوکتۆراکەیەوە چاپکراوە لە ڕەگ و ڕیشەی بزووتنەی نەتەوایەتی کورد دەکۆڵێتەوە و لە مێژووی کۆنەوە دەستپێدەکات تا ساتەوەختی سالانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی. کتێبەکە بەمشێوەیە داڕێژراوە. ماتن ڤان بروێنسن پێشەکیەکی بۆ کتێبەکە نووسیووە (لا: نۆ–چواردە). فەسڵی یەکەم: پاشخانێکی جوگرافی، مێژوویی و کولتووری. لەم فەسڵەدا باسی جوگرافیای کورد، ئاو و هەوا، مێژووی نشینگەی کورد، کورد لە دەورانی کۆن و دەورانی داگیرکردنەکانی ئیسلام و میرنشینە کوردەکان باسدەکات(لا:3–26). فەسڵی دووەم: ڕێکخراوە کۆمەلایەتییەکانی کورد, (لا: 27–53 ). فەسڵی سێیەم: هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی نیمچە–ئۆتۆنۆمی لە کوردستان دا (لا:54–74). فەسڵی چوارەم: شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (لا: 75–101).فەسڵی پێنجەم: کاریگەری گەنجە–تورکە شۆڕشگێڕەکان بەسەر ناسیۆنالیزمی کورد (لا: 102–114). فەسڵی شەشەم: سیاسەتی کوردیی ڕووسیا (لا: 115–124). فەسڵی حەوتەم: کورد و جەنگی یەکەمی جیهانی (لا:125–132), فەسڵی هەشتەم: ڕەوشی کوردستان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لە تورکیا، ئێران و سوریا دا (لا: 133–146 ). فەسڵی نۆیەم: پشێوی لە هەرێمی مووسڵ و ئەربیلی کوردستانی عێراق لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دا: ( لا:147–159). فەسڵی دەیەم: شێخ مەحموود، سەرهەڵدان و ڕوخانی کۆنفیدراسیۆنی جنووبیی لە کوردستانی عێراق لە دوای جەنگی یەکەمی (لا: 160–184. فەسڵی یانزەهەم: دووەمین شۆڕشی شێخ مەحموود (لا: 185–202). فەسڵی دوانزەهەم: ڕاپەڕینی کورد لە تورکیا (لا: 203–218). فەسڵی سێزدەهەم: شۆڕشی بارزان 1931–32 (لا: 219–229). فەسڵی چواردەهەم: شۆڕشی مەلا موستەفا بارزانی (1945–1943) و گەشەسەندنی ڕێکخراوگەلی سیاسیی کورد (لا: 230–242). فەسڵی پانزەهەم: کۆماری کوردیی مەهاباد (لا: 243–266). فەسڵی شانزەهەم: کورد وپرسی کورد لەوەتای ڕوخانی کۆماری مەهاباد (لا: 267–289).

دەرئەنجام (لا: 290–295). پاشکۆ (لا: 299–300). پەراوێزەکان (لا: 301–375). بیبلیۆگرافیا (لا: 381–395).

## 2.3: ناسیۆنالیزمی کورد، ناسنامە و زەبروزەنگی دەوڵەتیی

137-*Memorandum on the situation of the Kurds and their claims* : summary of the Memorandum presented by the Kurdish delegation in Paris on November 29th 1948 to His Excellency Mr. Trygve Lie, Secretary General of the United Nations, Paris : [s.n.], 1949, (26 p).

137–*یادداشتنامە دەربارەی ڕەوشی کوردەکان و داخوازینامەکانیان.* بریتییە لە چاپی ئینگلیزی ئەو یادداشتنامەیەی کە بە زمانی فرەنسی[7] لە لایەن وەفدی کوردی لە پاریس لە 29 ی نۆڤەمبەری 1948 پێشکەش بە Trygve Lie ی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە و یادداشتنامەکە لە نۆزدە بەش دا مێژوو و داخوازینامەکانی کورد ڕووندەکاتەوە. سەرەتا باسی گەواهینامەی چەند نووسەر و ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەورووپی دەکات دەربارەی کورد و کوردستان و پاشان باسی جوگرافیای فیزیکی، ئابووری ئیتنیکی، ژمارەی دانیشتوانی هەموو کوردستان کە لە یادداشتانەمەکە بە هەشت ملیۆن دانراوە. دواتر بەشی گرینگی یادداشتنامەکە تەرخانکراوە بۆ باسی مێژووی کورد لە کۆنی کۆنەوە تاوەکوو سەدەی نۆزدەهەم، سەردەمی ڕاپەڕینەکانی کورد لە سەدەی نۆزدەهەم، دەورانی پەیماننامە گەورەکان (پەیماننامەی سێڤەر) و پاشان باسی کوردستانی تورکیا، پەیماننامەی نەتەوەیی تورك، سیاسەتی کەمالیزم، ڕاپەڕینەکانی: شێخ سەعیدی پیران، ئاگری داغ و سیاسەتی ناوەخۆیی تورکیا شیدەکاتەوە. بەشێکی دیکەی یادداشتنامەکە

[7] *Memorandum sur la situation des Kurdes et leurs revendications*, Paris, 1948, (47 p).

**تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵی ژاندرمەیی عێراق و ڕەوشی کورد لە عێراق و لەم بەستێنەدا باسی بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود، بزووتنەوەی بارزان، قۆناغی دووەمین جەنگی جیهانی و سیاسەتی کوردیی حکومەتی عێراق ڕووندەکاتەوە. دوایین تەوەری سەرەکی یادداشتنامەکە تەرخانکراوە بۆ مێژووی ئێران و کوردەکانی ئێران، بنەماڵەی شکاك، جەعفەر ئاغای شکاك، سمکۆ و مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران. دوای ئەوە باسی ڕێکخراوە کوردییەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی و کۆماری مەهاباد و ڕوخانی کۆمار و لە دوایین بەشیش باسی سیاسەتی داپلۆسێنەرانەی حکومەتی ئێران دەکات بەرامبەر بە کورد و دەرئەنجامی یادداشتنامەکە و مادده و برگەکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەبیر دەهێنێتەوە. شایانی گوتنە بگوترێ کە هەمان یادداشتنامە بە زمانی ئیتالیش[8] بڵاوکرایەوە,**

138-Robert F. Zeidner, "Kurdish nationalism and the new iraq government", In: *Middle Eastern affairs / Council for Middle Eastern Affairs.* New York, NY: Council 10. 1959, 1 (January), pp. 24–31.

139-Shafiq Kazzaz, « Time for a Wise decision », in : *The Kurdish Journal*, Takoma Park, Maryland, December. 1963, pp. 2-3.

140-Shafiq Kazzaz, « KSO-USA »(Kurdish students Organization in the United States of America », in : *The Kurdish Journal*, Vol. 1, No. 2 (March 1964), p. 17.

---

[8] *Memorandum sulla situazione dei Kurde e lore revendicazioni.* Roma 2.1.1949.

141-Cecil John Edmonds, “The Kurdish National Struggle in Iraq”, in *Asian Affairs* 58, (June 1971), pp. 147-158.

141–س.ژ. ئیدمۆندز، " خەباتی نەتەوەیی کورد لە عێراق دا" ئەم وتارە بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە بەرچاوخستنێکی کتێبەکەی عیصمەت شەڕیف وانلی (پرسی نەتەوەیی کوردستانی عێراق) کە ساڵی 1970لە نیوشاتل بڵاوکرایەوە. دوای چاوپێداخشانێکی بە پاشخانی جوگرافی، مێژوویی، کولتووریی کێشەی کورد بە شێوەیەکی تا ڕادەیەك بەرفراوان باسی چوار ساڵی و نیوی حوکمڕانی دیکتاتۆریەتی قاسم و نۆ مانگی یەکەم حوکمڕانی بەعسییەکان دەکات و بەشێکی کەمتریش بۆ داو ودەزگە سیاسیی، عەسکەری و ئیدارییەکانی شۆڕش و کارکردنیان لەماوەی دوو ئاگربەسی دووەم و سێیەم دا و هەروەها ساڵەکانی 1965–1969 تەرخانکراوە. هەرچی بەشی دوایی باسەکەیە ئەوا باسی هەڵوێستی کورد و کێشەی کورد لە تورکیا، ئێران، سوریا و جیهانی عەرەبی بە گشتی و دەوڵەتانی دیکە و نەتەوە یەکگرتووەکان باسدەکات.

142-Cecil John Edmonds, « Kurdish nationalism”, In: *The journal of contemporary history.* The Institute of Contemporary History. London : Weidenfeld and Nicolson, 6.1971, 1, pp. 87–107.

142–س.ژ. ئیدمۆندز، " ناسیۆنالیزمی کورد". ئێستەکە کوردەکان لە نێوان پێنج دەوڵەتی: ئێران، تورکیا، عێراق، سوریا و یەکێتی شوورەوی دابەشبوون. هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دروستبوونی دەوڵەتانی دیکە لە شوێنییەوە نەیتوانی نیشتمانێکی بۆ کورد لێبکەوێتەوە. ناسیۆنالیزمی کورد لە هەر کوێیەك کورد هەبێ گوازرشت لە خۆی دەکات و زۆربەی جار بە شێوازێکی زەبروزەنگاوی، بەڵام تاکتیکەکانی یاخیبوونەکە وادیارە سوودێکی نییە. یەکێتی شوورەوی خۆی وەکو پارێزەر و ڕەچاوکاری

خواستەکانی کورد نیشان دا، بەڵام دوو دڵ نەبوو لەوەی قوربانیان پێبدات کاتێکی بینی ئەمە خزمەتی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەکات. ئێستە چالاکی دژە کورد لە عێراق دا ڕەنگە بەنزین بە ئاگری ناسیۆنالیزمی کورد دا بکات. دواڕۆژی بزووتنەوەکە هێشتا دیار نییە بەڵام ئەوەی دڵنیایە ئەوەیە کە ئەوەی دوایی گوێی لێنابێ

143-Shafiq Tawfiq Qazzaz, *Nationalism and cultural pluralism ; The Kurdish case*, Washington, Diss. 1971, (247 p).

143-شەفیق تۆفیق قەزاز، ***ناسیۆنالیزم و پلورالیزمی فەرهەنگیی: نموونەی کورد.***
دوو ڕوانگە هەن کە دەبێ لەوێوە بڕوانرێتە پرسی کورد. یەکیان پرسی کورد وەك دیاردەیەك لە دیاردەکانی ناسیۆنالیزمی درەنگ وەختە دەیبینێ کە بایەخ بە کێشەی گەل و هەرێمێکی پارچەپارچەبوو دەدا و ئەو دیکەیان وای دەبینێ کە دەبێ پلورالیزمی فەرهەنگیی کوردی لەبەرچاو بگیرێ و پێویستە دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا چارەسەری ئەو پرسە بکەن بۆ ئەوەی سەرچاوەیەکی کۆنینەی نا ئارامی و پشێوی لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتیی ناوەڕاستیی دا کوێر بکرێتەوە. ناسیۆنالیزمی کورد وەك چەمکێکی ڕەمزی خاوەنی تایبەتمەندێتییێکی فەرهەنگیی هاوبەشە لە داخوازینامەی کورد بۆ خواستی سەربەخۆیی و پاشانیش ئامانجی دەمودەستی کە وەگیرخستنی ددانپیانانی تایبەتە لە چوارچێوەی هەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدایە ڕەنگ دەداتەوە. ناسیۆنالیزمی کورد وەك ئەوەی ئایدۆلۆژیایە بۆ ئامانجە نەتەوەییەکان تێدەکۆشێ بۆیە بەوە جیادەکرێتەوە کە داوای سەربەخۆیی کورد دەکات. لەناو ئەم چوارچێوە ناوچەیی و ئیقلیمیەدا خواستە نەتەوییەکان دنە دەدرێن و کۆت و بەندی ڕەوشی پارچەپارچە بووی کوردستان خۆیی هەمیشە کاریگەری هەبووە بۆسەر پاشخستنی گۆڕینکاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کورد و کۆشش بۆ ئاڕاستەکردنی بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی یەکگرتووانە. لێرەوە کۆششی ڕێکخراوی سیاسیی ئەمڕۆی کورد لە

نێوان چاودێریکردنی ئامانجگەلی سیاسیی ڕوون لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی کارا و ڕێکخراو لەناو کوردەکانی عێراق و نەبوونێکی گشتی ئەم کۆششە نەتەوییە لە لای کوردەکانی تورکیا دەبینرێ.

144- Honore M. Catudal, "The war in Kurdistan : end of a nationalist struggle". In: *International Relations (London)* 5 (3), May 1976, pp. 1024-1044.

144-هۆنۆرا م. کاتیودال، "جەنگ لە کوردستان: کۆتایی خەباتی نەتەوەیی". باسی شکستی ساڵی 1975 ی کوردستانی عێراق دەکات و نووسەر گەڕاوەتە سەر مێژووی بزووتنەوەی کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و باسی پەیماننامەی لۆزان و شۆڕشەکانی کورد لە کوردستانی تورکیا (بەهاری 1924، 1927، 1930 و 1937) دەکات. دواتر باسی خەباتی نەتەوەیی کورد دەکات لە دەورانی ئینتیدابی بریتانیا 1922-1932. دواتر باسی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی 1961 و بایەخێکی تایبەتی بە بزووتنەوەی کورد داوە لە شێستەکان و حەفتایەکاندا و بە تایبەتی جەنگی ساڵی 1974-1975.

145- A. Krikavova, « A contribution to the question of the formation of the Kurdish nation », In : *Archiv Orientalni* (1979) vol. 47, 3, pp. 145-160.

145-ئەدیلە کرکاڤۆڤا، " بەشدارییێك لە پرسی دروستبوونی نەتەوەی کورد دا". نووسەر لەم باسەیدا کورتەیەکی بڕێك لەو بزووتنەوانە بەدەستەوە دەدات وەکوو ئاماژەگەلێك بۆ گۆڕانکاری چۆنایەتی لە هۆشیاری کورد لە پرسی ئینتیما بۆ عەشیرەت و بۆ نەتەوەی تازە وەدیارکەتووی کورد. بۆ ئەم مەبەستە نووسەر قۆناغەکانی بۆ سێ قۆناغی مێژوویی دابەشکردووە. یەکەم: تاوەکوو سەدەی نۆزدەهەم کە لەم قۆناغەدا هەستی ئینتیما بۆ یەکێتی نەتەوەیی بەشێوەیەکی گشتی

تەنها لای خەڵکانی خوێندەوار دا هەبوو و هەرچی خەڵکی بوو بە گشتی زیاتر هەستی عەشیرەتگەریان هەبوو. قۆناغی دووەم: کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم کە لەم قۆناغەدا بڵاوکراوە و ڕۆژنامەی کوردی و دەستەبژێرێکی ڕووناکبیری کوردی هاتە پێشەوە. هەرچی قۆناغی سێیەمە لە دەورانی دوای جەنگ و بەتایبەتی ساڵەکانی 1961–1970 کە کوردستانی عێراق جەنگێکی چەکداری تێدابوو کە تا ڕادەیەکی زۆر بەشداری کرد لە دروستبوونی یەکێتی نەتەوەیی دا.

146- Richard Sim, « Kurdistan : the search for recognition”. In: *Conflict Studies* 124, nov. 1980, pp. 1-21.

146–ریشارد سیم، کوردستان: گەڕان بەدوای دانپیانان". کوردەکان کە ژمارەیان حەڤدە ملیۆنە و لە ناوچەیەکی ستراتیژی دەوڵەمەند دا دەژین کە لە کەنداوەوە تا ناوەڕاستی تورکیا درێژدەبێتەوە. کوردەکان چەندین نەوەیە بۆ وەدیهێنانی نیشتمانی ئازادکراوی خۆیان خەبات دەکەن. جەنگی نێوان عێراق و ئێران گوڕو تینێکی نوێی بە داخوازینامەکانیان بەخشی. بزووتنەوەی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستان نەیتوانی خۆی لە بزووتنەوەی کوردەکانی عێراق بەهێزتر نیشان بدات کە ئێستە بەسەر دوو حیزبی سەرەکی دابەش بوون. لە ئێران ڕوخانی حوکمی شا ڕێگەی بۆ کوردەکان خۆشکرد دەست بەسەر زۆربەی بەشی کوردستان دا بگرن. هەروەها وتارەکە باسێکی کوردەکانی تورکیا و یەکێتی شورەوەیش دەکات.

147-Fuad Mohammad Hussein, *The legal concept of self-determination and the Kurdish question*, Amsterdam, Luna, 1985, (72 p)[9].

---

[9] Red. In: *Yearbook of the Kurdish Academy* 1990 / Kamal Fuad ; Ferhad Ibrahim ; Najat Mahwi (eds.). – Ratingen : The Kurdish Academy, 1990, pp. 22–40.

147–فوئاد محەمەد حوسێن، *چەمکی یاسایی ماف چارەی خۆنووسین و پرسی کورد*. لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی چەمکی ماف چارەی خۆنووسین و پراکتیزەکردنی بەسەر پرسی کورد. بە ڕای نووسەر کوردەکان کە ئێستەکە لە نێوان تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا دابەشبوون و ئەوانە دەوڵەت گەلێکن کە دان بە ماف چارەنووسینی ئەو کوردانە دانانێن کە لەسەر خاکەکەیان دا دەژین. دوای ئامارژەدان بە چەمکی ماف چارەی خۆنووسین، پێناسەکردن و شیکردنەوە و پەرەسەندنی بە درێژایی قۆناغە هەمەچشنەکان، نووسەر خشتەیەکی زەمەنی لەبارەی پەرەسەندنەکانی ستراتیژیەتی بزووتنەی کورد دەخاتە بەرچاو و دواجار بەو ئەنجامە دەگات کە کورد بە ماف چارەی خۆنووسینی خۆیان شاد نابن تەنها لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراتی دا نەبێت.

148- Nader Entessar, “Casual factors in ethnonationalism”. In: *International Review of History and Political Science* 22 (2), mai 1985, pp. 57-80.

148–نادر ئینتیسار،" فاکتۆرە هۆیەکیەکان لە ئیتنۆ–ناسیۆنالیزمی کوردی دا". ئینتیسار لەم باسەیدا باسی ئەوە دەکات کە ئیتنۆناسیۆنالیزمی کورد ڕەگێکی کۆنینەی هەیە و بەرەنگاری ئەم سەپاندنە دەبێتەوە کە لە لایەن دەسەلاّتی نویّ ی ئیسلامییەوە بەسەریدا سەپاوە. کوردەکان کە پەیوەستن بە خاکی خۆیان و زمانی خۆیان لە ئاستێکی بەرفراوان دا بەکار دەهێنن و ئایینی تایبەتی خۆیان هەیە، بوونەتە نیشانە بۆ ئەو سیاسەتە ڕگەزپەرستیەی کە هێزو گوڕی هۆشیاری نەتەوەیی زیاتر کردوون و مکوڕتری کردوون لەسەر داکۆکیکردن لە خۆیان.

149-Ismail Besikci, *M. Kemal Ataturk, UNESCO & destruction of Kurdish identity in Turkey*, Kurdologia publications; no, London: Kurdologia, 1988, (42 p).

150-Martin van Bruinessen "The ethnic identity of the Kurds", in: *Ethnic groups in the Republic of Turkey*, compiled and edited by Peter Alford Andrews with Rüdiger Benninghaus [=Beihefte zum Tübinger Atlas des Vorderen Orients, Reihe B, Nr.60]. Wiesbaden: Dr. Ludwich Reichert, 1989, pp. 613-21.

**150–مارتن ڤان بروێنسن، "ناسنامەی ئیتنیکی کورد". باسی ناسنامە و فرەچەشنەیی ئیتنیکی کورد دەکات لە تورکیا. نووسەر ئەو ڕاستییە باسدەکات کە کاتێك لە تورکیا لە کەسێك دەپرسی ناسنامەت چییە زۆربەی کات کوردەکان یەکەمجار ئاماژە بە زمان و ئایین دەکەن. دواتر باسی ئەوە دەکات کە زۆر کەم وا ڕێك دەکەوێ ئاخێوەرێکی کورمانجی لە زازا بگات، بەڵام زۆربەی جار ئاخێوەری زازا لە کورمانجی دەگات, پاشان باسی جیاوازی مەزهەبی و ئایینی دەکات لە کۆمەڵگەی کوردی و باسی ئەوە دەکات کە شۆڕشی شێخ سەعید (1925) لە ساڵانی یەکەمی کۆماردا کەمێك یەکێتی نەتەوەیی کوردی نیشاندا بەوەی کە تا ڕادەیەك هۆزەکانی زازا بە درێژایی کەناری موراد سوو بەشداریان لە شۆڕشەکەدا کرد، بەڵام شۆڕشی ساڵی 1937 ی دێرسیم تەنها عەلەوییەکان بەشداریان تێدا کرد. دواتر باسی ڕۆڵی ئایین دەکات لە دروستبوونی ناسنامەی کوردی و باسی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و شەرەفنامە دەکات و دواجاریش باسی بزووتنەوکانی کورد دەکات تاوەکوو ساڵانی شێستەکان.**

151- Nader Entessar, “The Kurdish mosaic of discord”. In: *Third World Quarterly* 11 (4), oct.1989, pp. 83-100.

151–نادر ئینتیسار، "مۆزایکیی ناتەبایی کوردی". باسێکە دەربارەی ئیتنۆ–ناسیۆنالیزمی کورد لە کۆتایی سەدەی بیستەم دا  لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی کورد وەك فاکتۆرێکی یەکلاییکەرەوە لە سیاسەتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا. دوای پێشبارێکی کورت دەربارەی هۆشیاری ئیتنیکی لای کورد نووسەر باسی جەوهەری ناسیۆنالیزمی کورد و ئەو هۆکارانە دەکات کە بەردەوامییان پێبەخشیوە. پاشان لە سیاسەتی حکومەتەکانی تورکیا، ئێران و عێراق دەکۆڵێتەوە بەرامبەر بە داخوازینامە ئیتنیکیەکانی سیاسیی کورد بە شێوەیەکی زیادەبوو. ئیتنۆ–ناسیۆنالیزمی کورد خۆی لەناو چەندین بزووتنەوەگەلی سیاسیی دا بینیوەتەوە کە ئامانج  و ستراتیژیەتی هەر یەکەیان بەشێوەیەکی بنەڕەتیی لەوی دیکەیان جیاوازە. دواجار شیکردنەوەیەکی کاریگەری جەنگی عێراق–ئێران دەکات بۆسەر کورد و بە تایبەتی بەکارهێنانی عێراق بۆ چەکی کیمیاوی دژی کورد و بەردەوام بوون لە هەڵقەلاندنیان لە زێدی خۆیان کە لەوەتای ڕاوەستانی جەنگی عێراق–ئێران کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

152-Robert Olson, *The emergence of Kurdish nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880 – 1925*, Austin : Univ. Of Texas Pr., 1989, (XIX, 229).

152–ڕۆبەرت ئۆلسن، *وەدیارکەوتنی ناسیۆنالیزمی کورد و ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران 1880–1925*. ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبە زانستیانەی کە تەرخانی قۆناغێکی ناسکی مێژووی کورد کراوە کە ئەویش سەروبەندی دوای جەنگی یەکەمی جیهان لە پەیماننامەی مۆدرۆسەوە بۆ ڕاپەرینی چەکداری ساڵی 1925 ی شێخ سەعیدی پیران. نووسەر لەم کتێبەدا پشت ئەستوور بە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانی و بە تایبەتیش بەڵگنامە نهێنییەکانی هێزی ئاسمانی مەلیکیی بریتانی توانیوویە زۆر لایەنی شاراوەی ئەم مێژووە بخاتە ڕوو. کتێبەکە بە دوای پێشەکی ولیام .ف. توکەر (لا: پانزە–نۆزدە) دابەشی سەر شەش فەسڵ کراوە: فەسلی یەکەم: سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد: شێخ عوبەیدوڵلا و کۆمەڵەی کوردان. لەم فەسڵەدا

کە تەرخانی بزووتنەوکەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ساڵی 1880 کراوە و نووسەر ئەم مێژووە بە سەرەتای دروستبوونی ناسیۆنالیزمی کورد دادەنێ ( لا: 1–25).
فەسڵی دووەم: ناسیۆنالیزمی کورد لە پەیماننامەی سێڤەر تا شۆڕشی شێخ سەعید (لا: 26–51). فەسڵی سێیەم : خولی دووەم: سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر بە کورد لە مۆدرۆسەوە تا لۆزان (لا: 52–90). فەسڵی چوارەم: جۆشدان بۆ ڕاپەڕین: لە بەیتولشەبابەوە بۆ پیران (لا: 91–106). فەسڵی پێنجەم: ڕاپەڕین و ئەنجامەکانی (لا: 107–127). ئەم دوو فەسەڵە (فەسڵی چوارەم و پێنجەم) بایەخێکی تایبەتیان هەیە و زۆر تێبینی و لێکدانەوەی نوێ بەخۆوە دەگرن. دوایین فەسڵی ئەم کتێبە تەرخانی لایەنە نێودەوڵەتییەکانی ڕاپەڕینی شێخ سەعید کراوە (لا: 128–152).
دواتر کتێبەکە هەشت پاشکۆی بەڵگەنامەیی مێژوویی گرینگی لەگەڵە لەوانە: پرۆژەی پێشنیارکراوی ئۆتۆنۆمی کوردستان کە لە ڕۆژی 10 ی شوباتی 1922 لە لایەن ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی ئەنقەرە گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و نووسەر ڕاستەوخۆ ئەم بەڵگەنامەیەی لە ئەرشیڤی بریتانی وەرگرتووە (لا: 169–171).، ڕاگەیاندراوی (میر ئالا) ئۆزدەمیر بۆ هۆزە کوردییەکان (لا: 176–177). دواجار بیبلیۆگرافیا (لا: 213–220) و ئیندێکس (لا: 221–229).

153-Siyamend Othman, « Kurdish nationalism: Instigators and Historical influences », in : *Armenian Review* 42, N° 1 (Spring 1989), pp. 39-59.

153–سیامەند عوسمان، "ناسیۆنالیزمی کورد: دنەدەرەکان و کاریگەرییە مێژووییەکان". نووسەر لەم وتارەیدا بەراوردێك لە نێوان پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی، عەرەبی و کوردی دا دەکات لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ڕوناکی دەخاتە سەر یەکەمین دەستەبژێری سیاسیی کوردی کە ساڵی 1908 لە ئەستەموولْ یەکەمین ڕێکخراو و یانەی کوردیان دروستکرد و لە هەوڵی ئەوە دابوون

پاڵپشتی گروپە ئیتنیە نا موسڵمانەکانی غەیرە تورك و هێزە گەورەکان لە ماوەی جەنگ و کۆنفرەنسی ئاشتی بەلای خۆیانەوە ڕابکێشن.

154-Thomas M. Ricks, « Kurds and Kurdistan: the emergence of Kurdish nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880–1925; by Robert Olson » [review], In: *The Middle East journal* / Middle East Institute. Bloomington, IN: Indiana University Press, 44. 1990, 3, pp. 711–713.

154-تۆماس م. ڕیکس، "کورد و کوردستان: سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد و ڕاپەڕینی شێخ سەعید". بریتییە لە خوێندنەوەیەکی کتێبەکەی ڕۆبەرت ئۆلسن (سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد). کتێبەکەی ئۆلسن پشت ئەستوور بە فایلەکانی هێزی ئاسمانی بریتانی کە پێشتر نەخرابونە بەرچاو ڕووناکی نوێ دەخاتە سەر مێژووی ناسیۆنالیزمی کورد و ڕووداوەکانی ساڵی 1925. کتێبی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد بە دووروردرێژی بەشوێن دروستبوونی سوارەی حەمیدییەوە دەچێ لە ساڵی 1890 و پاشان باسی ئەوە دەکات کە لەگەڵ بەدیلگرتنی شێخ سەعید لە نیسانی 1925 ئیدی ڕاپەڕینەکە کۆتایی هات. تێزەکانی ئۆلسن دوو لایەنەیە کە دەشێ ئیسلام و ناسیۆنالیزم پێکەوە هاوجووت بن و و ڕاپەڕینی شێخ سەعید نموونەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی شۆڕشی نەوتەوەییە.

155-Turaj Atabaki & Margreet Dorleijn (ed), *Kurdistan in search of ethnic identy* : papers presented to the First Conference on Ethnicity and Ethnic Identity in the Middle East and Central Asia, Utrecht : University of Utrecht, Department of Oriental Studies, Papers on ethnicity and ethnic identity; 1, 1990, (78 p).

155-توراژ ئەتابکی و مارگرێت دۆرلیژن، (ئیدیتۆر)، *کوردستان لە گەڕان بەدوای ناسنامەی ئیتنیکی دا.* بریتییە لە کارنامەی کارەکانی یەکەم کۆنفرانسی ئیتنیستیٚ و ناسنامەی ئیتنیکی لە ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست کە لە 7 ی حوزەیرانی 1990 گیرا. ئەم بابەتانەی کە لەم کتێبەدا بلاٚوکراوەنەتەوە. پێشەکی ئیدیتۆرەکانی کتێبەکە (لا: حەوت-هەشت). 1-حەمید بۆزئەرسلان، "پرسی کورد لە ژیانی سیاسیی تورکیا دا: ڕەوشی سالٚی 1990". (لا: 1-23). مارتن ڤان بروێنسن، " کۆمەلٚگەی کوردی و دەولٚەتی نویٚ: ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی بەرامبەر نەتەوە-بونیاتنان" (لا: 24-51). 3- فیلیپ گ. کرینبروك، " ناسنامەی کورد و پرسی زمان" (لا: 52-69). 4- مونیر موردا، " ناسنامەی ئیتنیکی کورد لە عێراق " (لا: 70-78).

156-Habibollah Atarodi, “The Kurds : A nation of 30 million denied its freedom”. In: *Journal of Social, Political and Economic Studies* 16 (3), aut. 1991, pp. 273-285.

157- Ismail Besikçi, *Kurdistan : internationale Kolonie*, Frankfurt am Main : ISP Verlag, 1991, (236 p).

157-ئیسماعیل بێشکچی، "کوردستان: کۆلۆنیەکی نێودەولٚەتیی". نووسەری ئەم کتێبی ئیسماعیل بێشکچی یەکێکە لەو ئانترۆپۆلۆگ و ڕوناکبیرانەی کە ئەوەندە بۆ خزمەتی زانست و حەقیقەت دا دەنووسن، ئەو هێندە سل لە دەسەلاٚت و ئایدیۆلۆجیا ناکەنەوە بە تیابەت لە دەولٚەتێکی وەك تورکیا ئەو قسە لەسەر بابەتێك دەکات و بوارێك دەکاتە کێلگەی تۆژینەوە و زانستییەکانی کە تەنانەت نووسەرانی بێگانەش ناوێرن لە دوریشەوە توخنی بکەون: کورد و پرسی کورد و ستاتووری کورد و کۆمەلٚگەی کوردەواری. ئەم کتێبە یەکەمجار چاپی تورکی سالٚی 1990 بلاٚوکرایەوە دواتر هەزوو بۆ سالٚی دواتر لە ئەلٚمانیا چاپی ئەلٚمانی و ئینگلیزی کتێبەکە بلاٚوکرایەوە. سالٚی 1992 بو ئیسپانی و سالٚی 1996 کرایە فرەنسی. لەم

کتێبەدا نووسەر باسی چەمکی ناسنامەی کوردستان، کۆلۆنییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، سیاسەتی کۆلۆنیالیانەی ڕۆژئاوا دەکات بەرامبەر ڕۆژهەڵات و بە هەمان شێوە باسی ململانێی ئیمپریالیزم لەسەر دابەشکردنی کوردستان دەکات و دواتر باسی دروشمەکانی کەمالیزم و باسی بزووتنەوەی چەکداری کورد لە تورکیا و سیاسەتی کۆلۆنیالیانەی تورکیا دەکات لەبەرامبەر کورد و چەپی تورك و مەسەلەی کورد و دواجار دەیەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە چەندین سەدەیە هەر لە شەرەفخان و خانی و حاجی قادر و دەیان ڕوناکبیر بە دوایدا وێڵن کە داخۆ بۆچی کوردستان نەیتوانیووە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دروسبکات؟.

158- Nader Entessar, "Kurdish identity in the Middle East". In: *Current World Leaders* 34 (2), April. 1991, pp. 270-282.

158- نادر ئینتیسار، "ناسنامەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا". کورد گرۆیەکی ئیتنی موسڵمانن لە نێوان هەژدە تا بیست ملیۆن کەسن و بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئێران، عێراق، تورکیا دەژین و لە گرینگترین ئەو گەلانەن کە دەوڵەتیان نییە و چەندین گرێی دە ساڵییە بۆی کۆشش دەکەن. ئەم باسە لێکۆڵینەوەیەکی بزووتنەوەی کوردە لە هەر یەك لەم سێ دەوڵەتانە لەگەڵ کورتەیەکی مێژوو، تێڕامان و پێشهاتی ئایندەیی لە بارەی سەربەخۆییەوە. ڕوداوە نوێیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا ئاستەنگە ناوەخۆییەکان (بە نموونە دووبەرەکایەتی ناوەخۆیی) و هۆکارە دەرەکییەکان (بە نموونە سیاسەتی نێودەوڵەتیی) بەردەوام دەبن لە ئاستەنگ دروستکردن بە ڕووی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ. دەوڵەتە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان دەبێ دان بە ماف کولتووری کورد دابنێن کە ئەم مافانە هەڕەشە لە شیمانەی پەرەسەندنی سیاسیی دەوڵەتانی هاوسێ ناکات.

159-Robert Olson, "Five stages of Kurdish Nationalism: 1880-1980", In: *Journal of Muslim Minoruty Affairs*, Vol XII, N° 2 (July 1991), pp. 391-409.

**159-ڕۆبەرت ئۆلسن، " پێنج قۆناغی ناسیۆنالیزمی کورد". ئۆلسن لەم وتارەیدا مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ پێنج قۆناغ دابەشکردووە. قۆناغی یەکەم: سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و کۆمەڵەی کوردی تاوەکوو مردنی شێخ لە ساڵی 1883 کە لەم قۆناغەوە ئیدی ڕۆڵی شێخەکان لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد دەستپێدەکات. قۆناغی دووەم: سوارەی حەمیدییە لە دامەزراندنییەوە لە ساڵی 1891 تاوەکو هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی. قۆناغی سێیەم: لە ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە تا پەیماننامەی سێڤەر (10 ئابی 1920). قۆناغی چوارەم: دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و پەرەئەستاندنەکانی دوای جەنگ تاوەکوو ڕاپەڕینی شێخ سەعید. قۆناغی پێنجەم: کۆماری مەهاباد کە ماوەی یەکساڵ تەمەنی بوو (15 ی کانوونی یەکەم-15ی کانوونی یەکەمی 1946). نووسەر لەم وتارەیدا پیٚ لەسەر واتا و قۆناغەکانی هەر یەك لەم قۆناغانە دا دەگریٚ و بە گوێرەی ئۆلسن قۆناغی شەشەم لە مێژووی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ساڵی 1980 هاوکات لەگەڵ جەنگی عێراق و ئێران دەستپێدەکات بەڵام ناچێتە ناو وردەکارییەکانی ئەم قۆناغەوە.**

160- Yayla Mönch-Bucak,. “The Kurdish language in Turkey between repression and resistance”. In: *Plural societies* 21 (1-2), 1991, pp. 75-87.

161-Ferhad Shakely, *Kurdish nationalism in Mam û zîn of Ahmad-î Khanî,* Bruxelles : Kurdish Institute of Brussels, 1992, (146 p).

161–فەرهاد شاکەلی، *ناسیۆنالیزمی کورد لە مەم و زینی ئەحمەدی خانی دا*. ئەم کتێبە لە بنەواندا بریتییە لە ماستەرنامەی نووسەر کە ساڵی 1983 پێشکەش بە زانکۆی ئۆپسالای کردووە[10]. کتێبەکە بریتییە لە: پێشەکی (لا: 5–15). فەسڵی یەکەم: ژیانی ئەحمەدی خانی (لا: 16–32). فەسڵی دووەم: نووسراوەکانی ئەحمەد خانی (لا: 33–59). فەسڵی سێیەم: بنچینەکانی ناسیۆنالیزمی کورد لە مەم و زین دا (لا: 60–104). دەرئەنجام (لا: 105–108). پەراوێزەکان (لا: 109–141. سەرچاوەکان (لا: 142–145).

162- Hafizullah Emadi, "Conflicts in the Middle East : the Kurdish national question". In: *Contemporary Review* 261 (1519), août 1992, pp. 62-71.

163-Nader Entessar, *Kurdish ethnonationalism*, Boulder, Colo; London : Rienner, 1992, (viii, 208 p).

163–نادر ئینتیسار، *ئیتنۆ–ناسیۆنالیزمی کوردی*. ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ سەرەتا و مێژووی دروستبوونی ئیتنۆ–ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕوانگەی پێوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکان. نووسەری ئەم باسە گەرچی بە ڕەچەڵەك ئێرانییە بەڵام لەم باسەدا وەك کەرەسەیەکی زانستی مامەڵەی لەگەڵ باسەکەدا کردووە و بە پاڵپشتی چەندین سەرچاوەی هەمەجۆر هەوڵیداوە لە پەیدابوونی ئیتنۆ–ناسیۆنالیزمی کورد بکۆڵێتەوە. باسەکە بەمشێوە دارێژراوە. بەرایی (لا: حەوت–هەشت). فەسڵی یەکەم: ئیتنیستیٚ ی کورد: پێشەکی و چاوپێداخشانێکی گشتیی. باسی وەدیارکەوتنی ئیتنیستەی کورد، زمان، پێوەندی نێوان دەوڵەت و ئیتنی،

[10] *Cf*. Ferhad Shakely, *Kurdish nationalism in Mem u Zin of Ehmedi Xani*, Uppsala : University of Uppsala, 1983, (63p).

زمان، وابەستەبوونی ئابووریی دەکات (لا: 1–10). فەسڵی دووەم: کورد لە ئێران دا. بایەخێکی تەواو بەم مێژووە دراوە بۆ ئەم مەبەستە نووسەر ئاوڕێکی خێرای لەسەدەی حەڤدەهەم داوەتەوە و تا دەگاتە ساڵانی دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و بزووتنەوەکەی سمکۆ، کۆماری مەهاباد، ساڵانی دوای ڕوخانی کۆماری مەهاباد و شۆڕشی ئیسلامی ئێران 1979 و ڕەوشی کورد دوای ئەم شۆڕشە زۆر بە وردی بەسەرکراونەتەوە (لا: 11–48). فەسڵی سێیەم: ڕەوشی کوردەکان لە عێراق دا. باسی مێژووی بزووتنەوی کورد دەکات هەر لەگەڵ کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق تا وەکوو کۆتایی جەنگی عێراق و ئێران (لا: 49–80). فەسڵی چوارەم: "تورکە شاخاوییەکان" کورد لە تورکیادا. مێژووی بزوتنەوەی کورد لە تورکیا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بە تایبەتی دوای جاڕدانی کۆماری تورکیا و تێکشکانی شۆڕشەکانی کورد لە دوای ساڵی 1938 و دواتر دووبارە زیندبوونەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی بە تایبەت لە شەستەکان و حەفتایەکان و دواجاریش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە ناوەڕاستی هەشتایەکاندا زۆر بە وردی قامکیان خراوەتە سەر (لا: 81–112). فەسڵی پێنجەم: ڕەوشی نێودەوڵەتیی و هەرێمایەتی ناسیۆنالیزمی کورد (لا: 113–158). لەم فەسڵەدا چوارچێوە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکانی بزووتنەوەی کورد باسدەکات و بە ڕوییێکی تایبەتیش پیێ لەسەر ساڵانی شەستەکان و حەفتایەکان و شەڕی نێوان عێراق و ئێران و جەنگی کەنداو دا دەگرێ. فەسڵی شەشەم: کوردستان بەرەو کویێ؟ هەوڵدەدا وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە داخۆ دوای جەنگی کەنداو چارەنووسی کوردستان بەرەو کویێ ملدەنیێ و ئاسۆبینینەکان لەمبارەیەوە چین؟ (لا: 159–169). پەراوێزەکان (لا: 171–191). بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (لا: 193–201).

164-Günter Bierbrauer, « Toward an understanding of legal culture : variations in individua-lism and collectivism between Kurds, Lebanese and Germans”. In: *Law & Society Review* 28 (2), 1994, pp. 243-264.

165-Maria T. O'Shea, Between the map and the reality: some fundamental myths of Kurdish nationalism, In: *Peuples méditerranéens,* n° 68–69.1994 (juillet–décembre), pp. 165–183.

165-ماریا ئۆشا، "لە نێوان نەخشە و حەقیقەت دا. بڕێك لە ئەفسانە بنەڕەتییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد". سەرەڕای دابەشبوونی کوردستان کەچی چەمکی کوردستانی گەورە هەر بەردەوام هەبووە. بەکارهێنانی ئەفسانە لە دروستکردنی ناسیۆنالیزمی کورد و ئامادەکردنی چەمکی کوردستانی گەورە وەك ئەبستراکتێکی کولتوری و کۆنکرێتی هەر بەرچاو کەوتووە. بڕێك لە ئەفسانەکان لە زمان، لە مێژوو، لە پۆشاك، لە مۆزیقای ترادسیۆنیی و کولتووری و دروستکردنی سیمبۆلەکانی سەر بە نەتەوە دروست بوون. کورد داو دەزگەی دەوڵەتی نییە تا بتوانێ ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی هاوبەش بۆخۆی دروست بکات بەڵام لە ڕێگەی نەخشەوە توانیویەتی ئیماژی خاك و نیشتمانی کورد دیاری بکات. ئەم نەخشانە نابێ هەر تەنها وەکوو نەخشەی سادە و پروپاگەندە سەیر بکرێن بەڵکو دەبێ وەکوو شێوەیەکی ئاخاوتن (دیسکورس) بۆ نیشاندانی خواستە نەتەوەییەکانی کورد سەیربکرێن.

166-Michael Gunter, Review of : « Nader Entessar, *Kurdish Ethnonationalism*. Boulder: Lynne Rienner, 1992". In: *The International Journal of Kurdish Studies* 7, no. 1-2 ,1994, pp. 121-122.

166-مایکل گونتەر، "نادر ئینتیسار، ئیتنۆ-ناسیۆنالیزمی کورد", بریتییە لە خوێندنەوەیەکی کتێبەکەی ئینتیسار، بڕوانە کتێبی ژمارە ( 163).

167–Abbas Vali "The making of Kurdish identity in Iran », in: *Middle East Critique*, Volume 4, Issue 7, 1995, pp. 1 – 22.

168- Erich D. Frankland, "A new nationalism for a new world order : the Kurds". In: *Small Wars and Insurgencies* 6 (2), aut. 1995, pp. 183-208.

169- John J. Maresca, « Self-determination under scrutiny : some guidelines for applying the principle". In: *Mediterranean Quarterly* 6 (1), hiv. 1995, pp. 17-26.

170-Paul White, "Ethnic differentiation among the Kurds : Kurmancî, Kızılbaş and Zaza", In: *Journal of Arabic, Islamic and Middle Eastern studies* / Arabic and Middle Eastern Study Group, a part of the Centre for the Study of Asia and the Middle East. Malvern, Vic, Australia : Deakin University. 2.1995, 2, pp. 67–90.

171-Abbas Vali, "Nationalism and Kurdish Historical Writing", in: *New Perspectives on Turkey*, Spring 1996, 14, pp. 23-51.

172-J. Blau and Y. Suleiman, "Language and Ethnic Identity in Kurdistan: Ahistorical Overview". In. Y.Suleiman (ed), *Langue and Identity in the Middle east and North Africa* (Richmond, 1996), pp. 153-64

173- M. Yegen, "The Turkish State Discours and the Exclusion of Kurdish Identity", In: *Middle Eastern Studies*, Vol. 32, No. 2, 1996 (Special issue), , *Turkey, Democracy, politics*, S.Kedouri (ed), London Portland, 1996, pp. 216-229.

173-مەسعود یوغەن، "ئاخاوتنی دەوڵەتیی تورك و قەدەغەكردنی ناسنامەی كوردی", لە ناوەڕاستی ساڵانی بیستەكانەوە تاوەكوو كۆتایی هەشتایەكان دەوڵەتی تورك وای دادەنا كە توخمگەلی كورد لەسەر خاكی توركیا بوونی نییە. پرسی كورد لە ئاخاوتنی ڕەسمیی دەوڵەت وەكوو بەرگری خێڵەكیی یان دواكەوتنی ناوچەیی سەیر دەكرا نەك وەك پرسێكی ئیتنی-سیاسیی. ئاخاوتنی دەوڵەتیی تورك هەمیشە پرسی كوردی شێواندووە و ناسنامەی كوردی قەدەغە كردووە. هۆزە كوردییەكان لە دەورانی میرنشینەكان بەشێوەیەكی دیفاكتۆ تاوەكوو سەدەی شانزەهەم سەربەخۆ بوون. لەو مێژووە بە دواوە ململانێی نێوان عوسمانی و سەفەوی كۆتایی بە "دیفاكتۆی سەربەخۆیی" میرنشینەكان هێنا و میرنشینە كوردە سوونییەكان بەگەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانی كەوتن  دژ بە ئیمپراتۆریای شیعەی سەفەوی. پاشان نووسەر باسی شۆڕشی میر و بەگە كوردەكانی سەدەی نۆزدەهەم دەكات و باسی ڕۆڵ و شوێنی شێخەكان دەكات لە بزووتنەوەی كورد دا و لەم ڕووەوە باسی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و شێخ سەعیدی پیران دەكات.  ئاخاوتنی تورك هەمیشە كوردی وەكوو ڕابووردوو (وەك نوێنەری سوڵتان و خەلیفە)لە بەرامبەر ئێستەدا (ڕژێمی كۆماری) نیشاداوە

174-Robert Olson (ed), *The Kurdish nationalist movement in the 1990s : its impact on Turkey and the Middle East.* Lexington : University Press of Kentucky, 1996, (208 p).

175-Robert Olson and Yücel Bozdağlıoğlu, « The new democracy movement in Turkey: a response to liberal capitalism and Kurdish ethnonationalism" In: *The Kurdish nationalist movement in the 1990s : its impact on Turkey and the Middle East* / Robert Olson (ed.). Lexington: The University Pressof Kentucky. 1996, pp. 154–172.

176-Abbas Vali, “Kurdish nationalism in Iran : the formative period, 1942-1947”, in: *The Journal of Kurdish Studies* (1996-97) vol. 2, pp. 1-12.

**176–عەباس وەلی، "ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران لە قۆناغی دروستبوون دا 1942–1947". مەبەستی ئەم وتارە شیکردنەوەی مەنتیقی و پراتکی سیاسیی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردە لە کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی 1942–1947 دا، کە ئەمە ماوەیەکی مێژوویی کورتە و تێیدا کۆماری کوردستان لە ساڵی 1946 ڕاگەیەندرا. وتارەکە باسی تایبەتمەندێتی مێژووی کورد و کۆمەڵگەی کورد دەکات لە ئێران و پێوەندی ئەم گۆڕانکاریانە لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرنی ئێران. ئاخاوتن و ئامانجە ستراتژییەکانی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و پێوەندی نێوان مۆدێرنیتە و ترادسیۆن و ئاخاوتنی ناسیۆنالیستی کوردی لەم قۆناغە مێژوویە زۆر بە وردی شیدەکاتەوە.**

177-Martin van Bruinessen, "'Aslini inkar eden haramzadedir': The debate on the ethnic identity of the Kurdish Alevis." Working paper, Centre for the Study of Asia & the Middle East, Deakin University, Malvern, Victoria (Australia). [A revised version of this paper was published in: Krisztina Kehl-Bodrogi, Barbara Kellner-Heinkele and Anke Otter-Beaujean (eds), *Syncretistic religious communities in the Near East*. Leiden: Brill, 1997, pp. 1-23]

**177–مارتن ڤان بروێنسن، "گفتوگۆ دەربارەی ناسنامەی ئیتنیکی کوردە–عەلەوییەکان". بوونی ژمارە گەلێك هۆزی کوردی زازا کە زمانی تورکی وەکو زمانی پەرستن بەکاردەهێنن و زۆرینەی هۆزەکانیان ناوەکانیان تورکییە، وایکردووە هەم**

نەتەوەخوازە کوردەکان و هەم نەتەوەخوازە تورکەکان کێشەی ئەوەیان ببێ پێناسەی ناسنامەی ئەم گروپانە بکەن. بڕێك هەوڵی سادە و ساکار هەیە تا بیسەلمێن کە کوردی و زازا لە بنچینەدا تورکین و لەبەرامبەر دا بڕێکی دیکە لە کوردەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەتا عەلەوییە تورکەکانیش ئایینی خۆیان لە بنچینەدا لە کوردەکانەوە بۆ ماوتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدا ئەم پرسە ئاڵۆزە شیبکاتەوە و بەدوای ئەو وەڵامەدا بگەڕێ داخۆ عەلەوییە کوردەکان کێن؟ بۆ ئەم مەبەستە نووسەر گەڕاوەتە سەر بنچینەی کۆنی کوردە عەلەوییەکان و بە مێژوی پێش-ئیمپراتۆریای عوسمانی و سەرەتای ئیمپراتۆریای ئەم گروپە هەڵگەڕاوانە دا چۆتەوە . وەك نووسەر دەڵێت بڕێك لە مێژوونووسە خۆولاتییەکانی وەك (فرات، ڕەشڤانلو و کۆجاداغ) هەوڵدەدەن بنچینەی تورکی هۆزە کوردە عەلەوییەکان بسەلمێنن. هێندێکی دیکە لەوانە دێرسیمی پێ لە سەر کورد بوونیان دادەگرن. دواتر نووسەر باسی پێوەندی نێوان ئێزیدی و عەلەوی و پاشان باسی عەلەوییەکان دەکات لە دەورانی کەمالیستی و دوایین پەرەگراف لێکۆڵینەوەکەی بەوە کۆتایی پێدەهێنێ " کە دەشێ هەرگیز نەتوانین وەڵامی پرسیاری بنچینەی کوردە عەلەوییەکان بدەینەوە بە بێ ئاڵۆزی و بە شێوازێکی ڕازیکارانە بەڵام واپێدەچێ جارێ ئەم گفتوگۆیە هەر بەردەوام بێت".

178- Resat Kasaba & Sibel Bozdogan (ed.), *Rethinking Modernity and National Identity in Turkey*, Seattle, University of Washington Press, 1997.

179-Abbas Vali, "The Kurds and their "Others"". In: *Comparative Studies of South Asia,* Africa ans the Middle East, Vol 18 (1998), pp. 82-95

179-عەباس وەلی، "کوردەکان و "ئەوانی دیکە" یان ناسنامە و سیاسەتی پارچەپارچەبوو". بریتییە لە خوێندنەوەیەکی تیۆری بۆ چەمکی دەوڵەت-نەتەوە کە

**ناسیۆنالیزمی کورد خۆی ئەنجامی بەرهەمی پیادەکردنی ئەم مۆدێلەیە کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە ڕۆژهەڵات پیادەکرا. ناسیۆنالیزمی کورد بۆ خۆی ناسیۆنالیزمێکی پارپاچە بووە و لەبەر ئەوەی یەك یەکەی یەکگرتوو نییە دابەزیوە بۆ ئاستی بزووتنەوەیەکی ناوەخۆ و ئۆتۆنۆمیخوازی ناوچەیی. ناسیۆنالیزمی کورد هەرگیز نەیتوانیووە کولتوورێکی سیاسیی نەوتەوەیی دروست بکات کە بتوانێ بەرەو ڕووی هێزی داپلۆسێنەرانەی چوار ناسیۆنالیزمی دوژمنکارانەی ناوچەکە ببێتەوە.**

180-A. C. Turner, "Kurdish Nationalism", In: P. J. Chelkowski and R. J. Pranger (eds), *Ideology and Power in the Middle East* (Durham and London), 1998, pp. 379-410.

181-Amir Hasanpour,“The racialization of Kurdish national identity”, In: *Between imagination and denial : Kurds as subjects and objects of political and social processes*; May 29–31, 1998 ; Kurdological conference […] at Harnack House / Eva Savelsberg; Siamend Hajo; Carsten Borck (eds.). Berlin:Kurdistan-AG Ast AFU 1998, pp. 10–12.

182-Hakan M Yavuz, "A Preamble to the Kurdish Question: The Politics of Kurdish Identity", In: *Journal of Muslim Minority Affairs*, Vol. 18, No. 1, 1998, pp. 9-18

183-Martin Van Bruinessen, "Shifting National and Ethnic Identities: The Kurds in Turkey and the European Diaspora", In: *Journal of Muslim Minority Affairs,* Vol. 18 Issue 1 (April-1998), pp. 39-42

184-Betigul E Argun,"Universal Citizenship Rights and Turkey’s Kurdish Question", In: *Journal of Muslim Minority Affairs*, Vol. 19 Issue 1 (April-1999), pp. 85-103

185-Romano D. Sirkeci, "The Ethnic Question in an Environment of Insecurity: The Kurds in Turkey", *Ethnic & Racial Studies*, Vol. 22 Issue 6 (November-1999), pp. 991-1010.

186-Martin van Bruinessen, *Kurdish ethno-nationalism versus nation-building states :* collected articles, Ed. Isis Press, 2000, (301p).

187-Nicole F. Watts,“Relocating Dersim: Turkish State-Building and Kurdish Resistance, 1931-1938,” . In: *New Perspectives on Turkey* 23 (Fall- 2000), pp. 5-30.

188-Hirschler Konard, “Defininig the Nation: Kurdish Historiography in Turkey in the 1990s”, in: *Middle Eastern Studies*, Vol. 37, n° 3, 2001, pp. 145-166.

**188– هیرشلەر کۆنراد ،" پێناسەکردنی نەتەوە: مێژوونووسیی کوردیی لە تورکیا لە ساڵانی نەوەدەکان دا". ئەم باسە تەرخانی مێژوونووسی کورد کراوە لە تورکیا لە ساڵانی نەوەدەکان دا و بە تایبەتی لەو ڕێگایانەی کە دەکرێ ناسنامەی کوردی بوون بناسێتەوە و دووبارە ناسنامەی نەتەویی کورد بونیات بنرێتەوە. باسەکە تەنها لەسەر بنەمای ڕۆژنامەی کوردیی (ئۆزگور گوندەم)* هەڵچنراوە وەك سەرەچاوەیەك بۆ مێژونووسیی کوردی. نووسەر لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی ئەم ڕۆژنامەیە بە**

* *Özgür Gündem*

**مێژوونووسیی کوردی دا چۆتەوە خوارەوە و باسی پێکهاتی کۆمەڵگە، بزووتنەوەی کورد، مێژوو و پێکهاتەی ئیتنیکی کۆمەڵی کورد دەکات.**

189-Martin van Bruinessen ,"Ismail Beşikçi: Turkish sociologist, critic of Kemalism, and kurdologist", *The Journal of Kurdish Studies,* vol. V (2003-04 [2005]), 19-34. Translated into Turkish as: "İsmail Beşikçi: Türk sosiologu, Kemalizm eleştirmeni ve Kürdolog", *İkinci Bilim ve Siyaset* 1, 1 (yaz-sonbahar 2001), pp. 39-52.

190-Nouri Talabany, *Arabization of the Kirkuk region,* Uppsala : Editions Kurdistan Studies Journal, 2001, (141 p).

191-Sophia Idabella Wanche, *Identity, nationalism and the state system : the case of Iraqi Kurdistan.* Theses. University of Durham, 2002.

192-Abbas Vali (ed), *Essays on the origins of Kurdish nationalism,* Costa Mesa, Calif. : Mazda Publ., Kurdish studies series : 4, 2003, (234 p).

192–**عەبباسی وەلی** (ئیدیتۆر)، ***چەند وتارێك دەربارەی بنچینەکانی ناسیۆنالیزمی کورد.*** **بریتییە لە کۆکراوەی کۆمەڵێك وتاری زانستی لەبارەی چەمکی ناسیۆنالیزمی کورد و شێوەکانی شەکلگرتن و سەرهەڵدانی، قۆناغەکان و ئاسۆی ئەم ناسیۆنالیزمە دەخەنە ڕوو و کتێبەکە لە زنجیرەی ژمارە چواری (** *Kurdish Studies Series* **) یە. بەشداربووەکانی ئەم کتێبە هەموویان مامۆستای زانکۆ و خەڵکانی پسپۆڕن لە بواری مێژوو و بیری کوردی. کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. عەباسی وەلی، "ناسیۆنالیزم و پرسی بنچینە"** ( **لا:** 1–13).، **حەمید بۆزئەرسلان، "چەند تێبینییێك**

**لەبارەی مێژوونووسیی ئاخاوتنی کوردی لە تورکیا 1919–1980" (لا: 14–39).،**
**مارتن ڤان بروینسن، " مەم و زینی ئەحمەدی خانی و ڕۆڵی لە سەرهەڵدانی هۆشیاری ناسیۆنالیزمی کوردی دا" (لا: 40–57).، عەباسی وەلی،" بنچینەی کورد: بونیاتی نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەیی لە نووسینی مێژووی کورد دا" (لا: 58–105).، ئەمیر حەسەنپوور، "دروستکردنی ناسنامەی کوردی: پێش سەدەی سەدەی بیستەم ئاخاوتنی مێژوویی و ئەدەبی" (لا: 106–162).، حەمید بۆزئەرسلان، " ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیا: لە پەیماننامەی ڕانەگەیەندراوەوە بۆ شۆڕش 1919–1925"(لا: 163–190).، نالیدە فوکارۆ، " کورد و ناسیۆنالیزمی کورد لە دەورانی ئینتیدابی سوریا دا: سیاسەتی کولتوور و ناسنامە" (لا: 191–217).**

193-Hamit Bozarslan, "The Kurdish nationalism in Turkey : From the tacit contract to rebellion (1919-1925)", in A. Vali (dir.), *Essays on the Origins of Kurdish Nationalism*, Costa Mesa, Mazda, 2003, pp. 163-190.

194-Martin Strohmeier, *Crucial images in the presentation of a Kurdish national identity : heroes and patriots, traitors and foes*, Social, economic and political studies of the Middle East; 86, Leiden : Brill, 2003, xvii, (265 p).

**194–مارتین شترۆمیێر، *وێنەگەلی دژوار لە وێناندنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دا: پاڵەوان و نیشتیمانپەروەر، خیانەتکار و دوژمن*. نووسەری ئەم کتێبە مامۆستای لێکۆڵینەوەی تورکییە لە زانکۆی قوبرسی–نیقۆسیا. ئەم کتێبە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی وردی یەکەمین قۆناغەکانی سەرهەڵدان و ڕسکانی هۆشیاری نەتەوەیی و زۆر بە تایبەتیش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە. کرۆنۆلۆژی باسەکە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تاوەکوو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و وردتر تاوەکوو ساڵی 1930 دەگرێتەوە. ئەم کتێبە بریتییە لە پێشەکی و ( 3 )**

بەشی سەرەکی. بەشی یەکەم: وریابوونەوەی کورد (لا:9-74 ) کەوا باسی دوایین دەورانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانی و وەدیارکەوتنی چاپەمەنی کوردی و بە ڕوویێکی تایبەتیش باسی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکات. هەر لەم بەشەدا باسی ئۆپۆزسیۆنی سوڵتان حەمید، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردستان (1898)، مەم و زین، جەمعیەتی کورد تەعاون و تەرەققیی، ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد و جەمعیەتی تەعالی کوردستان و ڕۆژنامەی ژین و گۆواری کوردستان دەکات. بەشی دووەم: پرسی کورد لە کۆماری تورکیا دا ( لا:77-147 ). لەم بەشەدا باسی شوکری محەمەد سەگبان وەك نیشتمانپەروەر، کۆمەڵەی ئازادی و ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، خۆیبوون و ئارارات، سورەیا بەدرخان، شوکری محەمەد سەگبان "خیانەتکار"، نامەی جەلادەت بەدرخان بۆ ئەتاتورك، مێژووی پرسی کورد لە تورکیا و یاسای بڵاوەپێکردن. بەشی سێیەم : دەروازەیەکی"نوێ" بۆ بەرچاوخستنی نەتەوەی کورد (لا: 151-198). لەم بەشەدا باسی بنەماڵەی بەدرخان و ڕۆژهەڵاتناسی فرەنسی، بەرهەمەکانی کامەران بەدرخان وەك (هەڵۆی کوردستان) و جەنگ لەپێناو کوردستان لە باسە سەرەکیەکانیەتی. دواجار دەرئەنجام (لا:199-203)، بیبلیۆگرافیا (لا:205-213) و کۆمەڵێك پاشکۆش کراونەتە پاشبەندی کتێبەکە کە بریتین لە تەرجەمی ئینگلیزی تێکستی چەند وتارێك لە ڕۆژنامە کوردییە یەکەمینەکان وەك: کوردستان، کورد تەعاون و تەرققیی غەزەتەسی، ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد، کوردستان، ژین کە هاوکات فاکسمیلی ڕووپەڵی یەکەمی ڕۆژنامە و گۆوارەکان بڵاوکراوەنەتەوە لەگەڵ وێنەی کۆمەڵێك کەسایەتی کوردی وەك برایەکانی بەدرخان و محەمەد شوکری سەگبان.

195-David Romano, *The Kurdish nationalist movement : opportunity, mobilization, and identity.* Cambridge Middle East studies; 22, Cambridge; New York : Cambridge University Press, 2006, (xii, 277 p).

## 3.3: کورد لە تورکیا

196-Sureya Bedr Khan, *The case of Kurdistan against Turkey, by authority of Hoyboon, Supreme Council of the Kurdish Government,* Philadelphia: Kurdish Independence League, 1928, (76 p).

197- *The Massacres of kurds in Turkey*, Publication of Ligue nat. kurde, Hoyboun; 3, Cqiro: Barbey, 1928, (32 p).

197-خۆیبوون، قەتلوعامی کورد لە تورکیا. زنجیرەی ژمارە (3) ی جڤاتا وەلاتیێ کوردا (خۆیبوون)ە لە قاهیرە چاپکراوە. ئەم نامیلەکەیە بریتییە لە کورتە باسێکی ڕەوشی کورد پێش ئاگربەسی مۆدرۆس و دواتر باسی داپلۆسینی شۆڕشی ساڵی 1925 ی کورد دەکات و بەشی گەورەی ئەم نامیلکەیە بریتییە لە کۆنووسی موحاکەمەکردنەکانی سەرکردە و ڕێبەرەکانی شۆڕشەکە و دواتر باسی لە سێدارەدانەکانیان دەکات و کۆنووسی ئەم دادگاییکردنانەش لە ڕۆژنامە تورکییەکانی ئەم سەردەمە و بە تایبەتیش لە ڕۆژنامەی (وقت) ی تورکی کە ئەوکات هێشتا بە ئەلف و بێ ی تورکی عوسمانی بلاودەکرانەوە کراون بە فرەنسی. ماوەتە سەرە ئەوەی بڵێین ئەم بلاوکراوەیە بە دڵنیاییەوە لە نووسینی (سورەیا بەدرخان بەگ)ە.

198- F. F. Rynd, "Open letter to Mostafa Kemal a Kurdish chief". In : *JRCAS*, July 1935, pp. 471-475.

198-ف.ف.ڕیند، "نامەی کراوە لە سەرۆکێکی کورد بۆ موستەفا کەمال".

199- Jafar R. Majeed , *Under-underdevelopment : a regional case study of the Kurdish area in Turkey.* Studies of the Social policy association in Finland (24), 1976, (152 p).

199-مەجید جەعفەر. ر، *لەژێر-لەژێر دواکەوتن دا: لێکۆڵینەوەی حاڵەتێکی هەرێمایەتیی ناوچەی کوردەواری لە تورکیا دا.* بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرا لە بواری زانستە سیاسییەکان کە ساڵی 1976 پێشکەش بە زانکۆی هێلنسکی- فینلەندا کراوە و هەر هەمان ساڵیش لە زنجیرەی "لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی سیاسیی کۆمەڵایەتی لە فینلەندا" ژمارە 24 بڵاوکراوەتەوە. باسەکە بریتییە لە 2 بەشی سەرەکی کە یەکێکیان باسێکی تیۆرییە و ئەوی دیکەشیان باسێکی پراتیکییە و تەرخانی بەشێکی کوردستان کراوە کە ئەویش ناوچە کوردەوارییەکانی کوردستانی تورکیایە و ئامانجیش لەو لێکۆڵینەوەیە زیاتر تۆژینەوەیە لە ڕەوشی پەرەئەستاندنی ئابووری-کۆمەڵایەتی کوردستانی تورکیا و پێشکەشکردنی ئاسۆبینین و ڕوانینێکی واقیعبینانەی ورد لەبارەی پەرەسەندنی ئابووریی ئەم بەشەی کوردستان. باسەکە دابەشی سەر پێشەکیەکی میتۆدۆلۆجی(لا:5-9) و (7) فەسڵی جیاواز کراوە. فەسڵی یەکەم: پێشکەوتن و دواکەوتن ( لا: 10-44). ئەم فەسڵە زیاتر خوێندنەوەیەکی تیۆرییە لەبارەی چەمکەکانی پەرەسەندن و دواکەوتنی وڵاتان و دەرگەیەکی تیۆرییە بۆ ڕێگە خۆشکردن بۆ چوونە ناوباسەکە. فەسڵی دووەم: پاشینەی مێژوویی ڕەوشی باو و ئەو ڕوکارانەی ئێستەی هەرێمەکە ( لا:45-59). نووسەر لەم فەسڵەدا لە مێژووی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە سەدەی شانزەهەمەوە تا سەدەی نۆزدەهەم بە مێژووی دەستێوەردان و دزەکردنی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بۆناو ئیمپراتۆریا هاتۆتە خوارەوە و دواتر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی و لێرەدا فاکت و بەڵگەنامەگەلێك بەدەستەوە دەدات کە ورد و زانستین. هەر لە دواین چمکی ئەم فەسڵەدا نووسەر بەشوێن ڕەگەکانی ئەو دواکەوتنە دا دەگەڕێ کە دواتر لە باسەکەیدا باسیان لێدەکات. فەسڵی سێیەم: ئابووری هەرێم و هەڵقوڵینی سەرچاوەکانی. لەم فەسڵە باسی سەرچاوەکانی ئابووریی هەرێم، ڕەوشی کشتوکاڵ، موڵکداریێتی زەوی و زار و بێکاریی دەکات.

بەهەمان شێوە باسی ڕەوشی پیشەسازی، وزەی کارەبا، بوارگەلی بازرگانی و لەشساغی باسدەکات(لا:60–81 ). شایانی گوتنە کە داتا و فاکتەکان تایبەتی دەورانی کۆتایی شێستەکان و سالآنی حەفتایەکانن. فەسڵی چوارەم: دانیشتوانی هەرێم و شێوازی نیشتەجێکردن (لا: 82–94). باسێکی گشتییە لە بارەی دانیشتوانی ناوچە کوردەوارییەکان، شارنشینیی و سیمایەکانی "شار" لە هەرێم و دانیشتوانی کورد لە تورکیا. فەسڵی پێنجەم: سیاسەتی هەرێمایەتی لە تورکیا دا (لا: 95–107 ). فەسڵی شەشەم: جیاوازی لە نێوان ئاستەکانی بژێوی لە نێوان هەرێم و باقی ناوچەکانی دیکەی تورکیا دا (لا: 108–127) و فەسڵی حەوتەم: خاتیمە کە دەرئەنجامی هەموو ئەو هاوکێشە و فاکتانەیە کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیدا نووسەر پێیی گەیشتووە (لا:128–147). دواجار بیبلیۆگرافیا (لا: 148–152).

200-Kamal Madhar, « The Kurdish revolt of 1925 » , In: *The Kurdish culture bulletin / Noah's Ark Cultural Project*. – London:Noah's Ark Cultural Project, 1.1988,1, pp. 68–86.

201- Robert Olson, « The Koçgiri Kurdish rebellion in 1921 and the draft law for a proposed autonomy of Kurdistan », In : *Oriente Moderno* (1989) vol. 8, 1-6, pp. 41-56.

202-Robert Olson, "Kurds and Turks: Two Documents concerning Kurdish Autonomy in 1922 and 1923", in: *Journal of South Asian and Middle Eastern Studies*, Vol XV, n° 2 (1991), pp. 20-31.

202–ڕۆبەرت ئۆلسن، " کورد و تورک: دوو بەڵگەنامە دەربارەی ئۆتۆنۆمی کورد لە 19222 و 1923 دا". بەلای کەمییەوە لە دوو ساتە وەختی زۆر ناسك دا کە دەوڵەتی تورکیا تازە لە قۆناغی دروست بوون دابووە، موستەفا کەمال باسی

شیمانەی حوکمڕانیەتێکی ئۆتۆنۆمی کوردی کردووە. چەند سەرچاوەیەك ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەرچەندە تورکیا ددانی پێدانەهێناوە کەوا لە کۆبوونەوەی ئێوارەی 16ی کانوونی دووەمی 1923 ئەتاتورك ئاماژەی بۆ نوێنەرانی کورد کردووە کە بیر لەوە دەکاتەوە ئۆتۆنۆمیەکی دیاریکراو بە کورد ببەخشێ و هەروەها لە کۆبوونەوەیەکی پێشووتریش لە 10 ی شوباتی 1922 دا وەختایەك ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورك موناقەشەی ڕەشنووسی یاسایەکی دەکرد کە بەشێوەیەکی بەشیی ڕەزامەندی لەسەر ئۆتۆنۆمی کوردی تێدابووە.

203-Robert Olson, The Skeikh Said Rebellion in Turkey in 1925: Estimates of Troops Employed", in *Turcica* 24 (1992), pp. 263-275.

203–ڕۆبەرت ئۆلسن، " ڕاپەڕینی شێخ سەعید لە تورکیا ساڵی 1925: خەملاندنی ژمارەی ئەو سەربازانەی کە بەشداربوون". ڕاپۆرتە جاسووسییەکانی هێزی ئاسمانی بریتانی لە مووسڵ و بەغدا ڕێگەی بۆ نووسەر خۆشکردووە وردەکاری ورد لەبارەی ئەو هێزانە بەدەستەو بدات کە ساڵی 1925 بەکارهێنران. دەکرێ ژمارەی پێشمەرگە کوردەکان ئەوانەی بەشداریان لە ڕاپەڕینەکەدا کرد بە نزیکەی پانزەهەزار جەنگاوەر بخەملێندرێ بەڵام ژمارەی ئەو سەربازانەی کە حکومەتی تورکیا بۆ ئۆپێراسیۆنی داپلۆسین و پاککردنەوەی ناوچەکە ڕەوانەی کردبوون بە گوێرەی سەرچاوە ئینگلیزییەکان ژمارەیان 50000 جەنگاوەر بووە. بەهەمان شێوە وتارەکە وردەکاری لەبارەی ڕێکخستنی گروپ، یەکەی ئەفسەرەکان و چەکدارەکانیش بەدەستەوە دەدات.

204-Martin Van Bruinessen, "Genocide of the Kurds", In: *The Widening Circle of Genocide*, (ed by) Israel W. Charny; With a foreword by Irving Louis Horwitz, New

Brunswick, N. J : Transaction Publisher, c1994 (Genocide-Vol 3), pp. 165-191.

205-Michael M. Gunter, “A Trip to free Kurdistan”, In: *PS: Political Science and Politics,* (Washington, D.C) 27, (March 1994), pp. 146-148.

206-Robert Olson, “The Defeat of the Kurdish Revolt at Mt. Ararat (1930) and the Role of the Turkish Air Force”, in: *The International Journal of Kurdish Studies* 7, N° 1-2 (1994), pp. 17-20.

206–ڕۆبەرت ئۆلسن، " تێکشکانی شۆڕشی کورد لە چیای ئارات ساڵی 1930 و ڕۆڵی هێزی ئاسمانی تورکی". تا ئێستە زۆر کەم باسی ڕۆڵی هێزی ئاسمانی کراوە لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بە تایبەتی لەو دەوڵەتانەی کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دامەزران. ئەم ڕەوشە تورکیاش دەگرێتەوە. لە تورکیا بەتایبەت لە بیستەکان و سیەکانی سەدەی بیستەم دا پەرەسەندنی هێزی ئاسمانی تورکی، ئامانجی یەکەمی سەرکوتکردن و لەناوبردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردبوو، ئەم باسەی کە ئۆلسن لەم لێکۆڵینەوەدا بەدوایدا دەچێ.

207- Robert Olson, « The Sheikh Said Rebellion Its Impact on the Development of the Turkish Air Force », In *Journal of Kurdish Studies*, Volume 1, 1995, pp. 77 – 83.

207– ڕۆبەرت ئۆلسن، " ڕاپەڕینی شێخ سەعید و کاریگەرییەکەی لە پەرسەندنی هێزی ئاسمانی تورکی". ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران فاکتۆرێکی سەرکی پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کوردی و بەڵکو هەروەها بنچینەی پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی تورکیش بوو. داپلۆسینی شێخ سەعید گورزێکی گەورە بوو

بۆ ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیا، ئێران و عێراق و بەشداریکرد لەوەی ڕەزا شا لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران دا بزووتنەوەی کورد بهاڕێ و بریتانیا کۆنترۆلی ناسیۆنالیزمی کورد بکات لە باکووری عێراق دا. لێرەوە ئیشارە بە داپلۆسینی کوردەکانی ئێران دەکرێ دوای ساڵی 1925 لە لایەن ڕەزا خان لە چوارچێوەی بەکارهێنانی هێزی تازە دروستبووی ئاسمانیی ئێران و هەروەها لە عێراق هێزی ئاسمانیی پادشایی ئەمرازی بریتانیای فەخیمە ڕۆڵی هەبوو لە داگیرکردنی باکووری عێراق لە 1918 تا 1920: ئەم ساڵەی دوایی کە بریتانیا بوو بە هێزی مانداتێری عێراق.

208-Hakan M Yavuz, "Turkey's imagined enemies': Kurds and Islamists", *The World Today* 52, no. 4 (April -1996), pp. 99-101.

209-Jonathan Rugman & Roger Hutchings, *Atatürk's children : Turkey and the Kurds*; foreword by John Simpson, London : Cassell, 1996, (128 p).

209-جۆناتان ڕۆگمان و ڕۆژەر هۆچینگن، *منداڵەکانی ئەتاتورک: تورکیا و کورد*. باسێکی کوردەکانی تورکیایە لە ساڵەکانی ناوەڕاستی هەشتایەکان و زیاتر خوێندنەوەیەکی ڕۆژنامەنووسیانەیە بۆ کێشەکە. جۆناتان ڕۆگمان دەرچووی زانکۆی کامبریدجە و پاشان پێوەندی بە BBC کردوە و ساڵی 1991 پەیامنێری BBC لە ئەنقەرە بووە و لە ساڵی 1993 چووەتە ئەستەموول و وەکوو پەیامنێری گاردیان و ئۆبزێرڤەر کاری کردووە و چەند جارێك سەردانی کوردستانی تورکیای کردووە. Joh Simpson بەرایی بۆ کتێبەکە نووسیووە (لا: 11-12). پاشان جۆناتان ڕۆگمان پێشەکیەکی بۆ کتێبەکە نووسیووە (لا: 13-20). دواتر کتێبەکە دابەشی سەر چوار فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: کوردەکانی تورکیا کێن؟ (لا: 21-26). فەسڵی دووەم: وەدیارکەوتنی پەکەکە (لا: 27-36). فەسڵی سێیەم: بەهرەمەندی

کورد له دەرەوە دا (لا: 37–72)، فەسڵی چوارەم: منداڵەکانی ئەتاتورك (لا: 73–78). بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (لا: 79). چەند دەنگێك لەناو ئاگربارانەوە (لا: 80–95). پاشان ڕۆژنامەنووسی فۆتۆگراف ڕۆژەر هەچینگن بە ناوی (ڕۆژهەڵاتی کێوی) پێشەکیەکی کورتی نووسیوە (لا: 96–97) و دواتر لە لاپەرەکانی (98–128) کۆمەڵێك وێنەی فۆتۆگرافی ڕۆژنامەنووسی تێدا کە هۆچینگن وێنەکانی گرتوون.

210- Servet Mutlu, « Ethnic Kurds in Turkey : a demographic study », In : *International journal of Middle East studies* (1996) vol. 28, 4, pp. 517-541.

210–سەروەت موتلو، "ئیتنیی کورد لە تورکیا: لێکۆڵینەوەیەکی دیمۆگرافی". سەروەت مامۆستای بەشی ئابوورییە لە زانکۆی ئیجە لە تورکیا. نووسەر باسەکەی بەو گوتە میللییە دەستپێدەکات کە دەڵێ لە "حەفتا دوو و نیو میللەت لە تورکیا هەیە". بەڵام تێرمی میللەت لێرە بە هەمان مانای تێرمی دەورانی عوسمانی نایەت بەڵکو زیاتر بە واتەی ئیتنی یان کۆمیونیتە بەکار دێت. نووسەر دواتر باسەکەی تەرخانی یەکێك لەو ئیتنیانە دەکات کە کوردە و باسی پێکهاتە، پێناسەی کورد، میتۆدی بەکارهێنانی خەملاندنی دانیشتوانێك وەکوو گروپێکی ئیتنی شیدەکاتەوە و باسی کۆچی کورد و ژمارەی دانیشتوانی ئیتنی کورد و دابەشبوونی کورد بەسەر هەرێمەکان باسدەکات و داجار ئەو ڕاستییە دەخاتە بەرچاو کە ژمارەی دانیشتوانی کورد لە ساڵی 1965 سێ ملیۆن سەد و سی و دوو هەزار کەس بووە کەچی ساڵی 1990 گەیشتۆتە حەوت ملیۆن و چل و شەش هەزار کەس. جگە لەوە وتارەکە کۆمەڵێك ستاتستیکی ورد و نەخشیەکی هەرێمەکانی تورکیا لەگەڵ دایە.

211-Martin van Bruinessen , "Genocide in Kurdistan? : the suppression of the Dersim rebellion in Turkey (1937–38) and the chemical war against the Iraqi Kurds (1988)". In: *Genocide: conceptual and historical dimensions* / George J.

Andreopoulos (ed.). Philadelphia : University of Pennsylvania Press. 1997, pp. 141–170.

211–مارتین ڤان بروینسن، "جینۆساید لە کوردستان؟ داپلۆسینی ڕاپەرینی دێرسیم لە تورکیا (19137–38) و شەڕی کیمیاوی لە دژی کوردەکانی عێراق (1988)". بروێنسن لە سەرەتای وتارەکەیدا باسی ڕەوشی کوردستانی عێراق و تاوانەکانی ڕژێمی سەددام حوسێن دژ بە شیعە و کورد باسدەکات و دواتر دەگەڕێتەوە سەر قەتڵوعامی دێرسیم 1937–38 و باسی هەوڵەکانی بێشکچی دەکات لە تورکیا بۆ ناساندنی قەتڵوعامەکە و دواتر لە ڕوانگەی کۆمەڵێك سەرچاوەی مێژوویی لەوانە کتێبەکەی نووری دێرسیمی باسێکی وردی قەتڵوعامەکە دەگێڕێتەوە. دواتر باسی سیاسەتی کوردیی کۆماری تورکیا دەکات لە هەمبەر کورد و لە دوایین جاریش دەگەڕێتەوە سەر قەتڵوعامی کوردەکانی عێراق کە پەنجا ساڵ دوای قەتڵوعامی دێرسیم ئەنجام درا و لەم بەستێنەدا باسی سیاسەتی عێراق دەکات لە بەرامبەر کورد و هێرشی چەکی کیمیاوی ساڵی 1988 بۆ سەر کوردەکانی عێراق باسدەکات.

212-Nicole F Watts, “Expanding Kurdish Studies: A Review Essay”. In: *Bulletin of the Middle East Studies Association of North America* 32:1 (Summer-1998), pp19-24.

213- Andrew Mango, « Atatürk and the Kurds », In : *Middle Eastern Studies* (1999) vol. 35, 4 pp. 1-25.

213–ئەندریۆ ماگۆ، " ئەتاتووك و کورد". باسی ڕەوتی سیاسیی تورکیا و سەرەتای ژیانی سیاسیی موستەفا کەمال دەکات و سەرچاوەی ئیلهام بەخشینی موستەفا کەمال وەك گەنجە–تورکەکان شاعیری تورك نامیق کەمال بووە . نامیق ساڵی 1878 نووسیوویە کە "پێویستە هەموو زمانەکانی دیکە جگە لە تورکی لە وڵاتەکەمان تورهەڵبدەین". موستەفا کەمال تا ساڵی 1916 پێوەندی لەگەڵ هۆزە

**کوردەکان دا نەبووە و کاتێکیش لە 19 ی ئایاری 1919 گەیشتە ئەنادۆڵ بە لێزانی خۆیەوە توانی بۆ ڕێکخستنی بەرگری دژ بە هاوپەیمانەکان پێوەندی لەگەڵ سەرۆکهۆزە کوردەکان ببەستێ. یەکەمین تێلێگرامەکانی موستەفا کەمال هەشت ڕۆژ دوای گەیشتنی بۆ ئەنادۆڵ، لە 28 ی ئایاری 1919 بۆ چوار سەرۆکهۆزی کوردی ناردووە, پاشان بە درێژەی جەنگی سەربەخۆیی باسی نامە و نامەکارییەکانی و پێوەندی موستەفا کەمال لەگەڵ سەرۆکهۆزە کوردەکان باسدەکات .**

214- E. Fuller Graham, « Turkey's Restive Kurds: Theo Challenge of Multiethnicity », in: *Ethnic conflict and international politics in the Middle East, edited by Leonard Binder, Gainsville,* Fla. : University Press of Florida, c1999, pp. 224-244.

215-Hakan M Yavuz, "Search for a New Social Contract in Turkey: Fethullah Gulen, the Virtue Party and the Kurds". In: SAIS Review - Volume 19, Number 1, Winter-Spring 1999, pp. 114-143.

216-Yegen Mesut "The Kurdish Question in Turkish State Discourse", In: *Journal of Contemporary History*, Vol. 34 Issue 4 (October-1999), pp. 555-568.

217-Martin van Bruinessen, "Popular Islam, Kurdish nationalism, and rural revolt: the rebellion of Shaikh Said in Turkey (1925)", in: *Mullas, sufis and heretics: the role of religion in Kurdish society*: collected articles / Martin van Bruinessen. Istanbul: The Isis Press. 2000, pp. 143–157.

217–مارتن ڤان بروێنسن، " ئیسلامی میللی، ناسیۆنالیزمی کورد و شۆڕشی دەشتەکی: ڕاپەڕینی شێخ سەعید لە تورکیادا (1925)". لەم لێکۆڵینەوەیەدا بروێنسن باسی ڕاپەڕینی ساڵی 1925 ی کورد دەکات دژ بە کەمالیستەکان هەر چەند مانگێك دوای هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت، بەڵام بزووتنەوەکە زیاتر بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی بوو لەوەی بزووتنەوەیەکی ئایینی بێ ویڕای ئەوەی کە سەرکردایەتیەکەی شێخەکان بوون. بۆ خامۆشکردنی ئەم ڕاپەڕینە حکومەتی تورکیا ناچار بوو 35000 سەرباز جۆشبدات و توانی دوای دوو مانگ ڕاپەڕینەکە نوقمی ناو خوێن بکات و سەرکردەکانی بزووتنەوەوکە لە سێدارە دران. ئەم باسەی بروێنسن پشت ئەستوورە بە گەلێك بەڵگەنامەی تورکی و ئینگلیزی و چەندین چاوپێکەوتن کە لەناوەوەی تورکیا ئەنجامی داون.

218-Robert Olson, « The Kurdish rebellions of Sheikh Said (1925), Mt. Ararat (1930), and Dersim (1937–8) : their impact on the development of the Turkish air force and on Kurdish and Turkish nationalism, In: *Die Welt des Islams,* Leiden [u. A.] : Brill. 2000,1, pp. 67–94

## 4.3: کورد لە ئێران

219- D. M. Donaldson, « Kurds of Khorasan ». In : *Missionary Review*, 52, Dec. 1929, pp. 929-937.

220-Wolfgang Behn, *The Kurds : a minority in Iran: an annotated bibliography*, Toronto: School of Library Science, 1969, (28 p).

221-Jane Bestor, *The Kurds of Iranian Baluchistan: A Regional Elite*. M.A. Thesis, McGill University (Montreal) 1979.

222-Martin van Bruinessen, « Kurdish tribes and the state of Iran: the case of Simko's revolt», in: *The Conflict of tribe and state in Iran and Afghanistan*, ed. By Richard Tapper. London; Canberra; New York: Croom Helm; St. Martin's Press. 1983, pp. 364–400.

**222–مارتین ڤان بروینسن، " عەشایری کورد لە بەرامبەر دەوڵەتی ئێران دا: شۆڕشی سمکۆ ". باسی پێوەندی نێوان خێڵ و دەوڵەت و ڕۆڵی خێڵی کورد لە کۆمەڵگەی ترادسیۆنی و هۆز و پاشان دەچێتە سەر چەمکەکانی میرنشین، کۆنفیدراسیۆن و هۆز. دواتر دەگەڕێتەوە سەر مێژوی پێوەندییەکانی نێوان ئیمپراتۆریا و خێڵە کوردییەکان لە ئیمپراتۆریای عوسمانی و سیاسەتی پان ئیسلامیزم و ناسیۆنالیزمی کورد باسدەکات و دوای ئەوە دێتە سەر باسکردنی مێژووی سمکۆ و کۆنفیدراسیۆنی هۆزی شکاك و ڕۆڵی ئەم کۆنفیدارسۆنە لە بزووتنەوەی کوردایەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەم و بە ڕوویێکی زۆر تایبەتیش دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لە دوایین چمکی لێکۆڵینەوەکەشدا باسی ڕۆڵی شکاکەکان دەکات چۆن بەشێکیان لایەنگیری کۆماری مەهاباد و بەشێکیشیان دژی کۆمار بوون و دوایین جاریش باسی پێکدادان و پێکداهەڵپرژانەکانی نێوان هۆزەکان و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دەکات لە بەهار و هاوینی 1979 چۆن بەناچارییەوە داویانەتە پاڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی ئێران.**

223-« Merchants and government, tobacco and trade: the case of Kordestan, 1333 AH/1919 AD », In : *Iranian Studies* (1987) vol. 20, 1 pp. 1-15.

223–مەنصورە ئیتحادییە (نظام مافی)، "بازرگان و حکومەت، تووتن و بازرگانی: نموونەی کوردستان، 1333 کۆچی /1919 ی زاینی". ئەم باسە لەسەر مەتریالی ئەرشیڤی خانەوادەی ئەمین الضرب نووسراوەتەوە کە یەکێك لە بازرگانە گەورەکانی ئێران بوو, خانەوادەی ئیتحادییە لە بنەڕەت دا خەڵکی ئازەربایجانن، باوکی حاجی ڕەحیم بە ناوی حاجی لوتف عەلی وەکوو نوێنەری کۆمپانیای ئیتحادییە لە دەستپێکی ساڵی 1890 لە ئازەربایجان چووەتە تاران. حاجی ڕەحیم کە کاری باوکی درێژە پێدەدا و ئەم وتارە لە ڕوانگەی وەسڵی مالیاتی تووتن لە کوردستان نوساروە کە دەوڵەت لە ساڵەکانی 1919–1920 وەسڵی مالیاتی بە ئیتحادییە دابوو. ساڵی 1890 دەوڵەتی ئێران پاوانی بەرهەمی تووتنی بە کۆمپانیایەکی ئینگلیزی بەخشی کە ئەمە ناڕەزاییەکی زۆری لێکەوتەوە. کوردستان یەکێك لەو شەش حەوزەیە بوو کە تووتنی تێدا بە کرێدەدرا و کوردستان ناوچەیەکی یەکجار گرینگ بوو بۆ تووتنەوانی و دواتر نووسەر باسی کێشمەکێشی کۆمپانیای ئیتیحادییەکان دەکات لەگەڵ دەوڵەت کە ماوەی سێزدە ساڵ درێژەی کێشا.

224- Charles G. MacDonald, « The Kurdish challenge and revolutionary Iran », In : *Journal of South Asian and Middle Eastern Studies* (Fall/Winter 1989) vol. 13, 1-2, pp. 52-68.

224–شارل گ. ماکدۆنالد، " تەحەدی کوردی و ئێرانی شۆڕشگێر ". باسی شوێنی کورد دەکات لە شۆڕشی ئیسلامی ئێران و ڕۆڵی ئیتنیکی کەمینە نەتەوە لە وڵاتی فرەنەتەوە و پاشان باسی ناسنامەی کوردی دەکات لە ئێرانی شۆڕششگێڕ و ئینجا باسی داخوازینامە نەتەوییەکانی کوردەکانی ئێران، ڕەوشی دیفاکتۆی ئۆتۆنۆمی کوردستان، وەڵامی خومەینی و دواجار باسی شوێنی کورد دەکات لە سیستەمی دەسەڵاتی ئیسلامی خومەینی و باسێکی ڕێکخراوە کوردییەکانیش دەکات.

225-Fereshteh Kohi-Kamali, « The Development of nationalism in Iranian Kurdistan", In: *The Kurds : a contemporary overview* / ed. by Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl. London; New York : Routledge. 1992, pp. 171-192.

**225–فریشته کوهی–کەمالی، "پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم لە کوردستانی ئێران". نووسەر لای وایە کە ترۆپکی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری مەهاباد ساڵی 1946 دەست پێدەکات و کۆمار بە سیمبولێکی گەورەی ناسیۆنالیزمی کورد دادەنێ. نووسەر باسەکەی بۆ دوو قۆناغی سەرەکی دابەشکردووە: قۆناغی یەکەم: لە تێکشکاننی خێڵەکی و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد تاوەکو ساڵی 1979. لەم قۆناغە باسی ئەوە دەکات کە تاو,کوو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بەشی گەورەی ناوچە کوردییەکان دابەشی سەر چەند ئیمارەتێك بوو بوون کە تێکەڵاویێك بوون لە خەڵکانی خێڵەکی و نا خێڵەکیی.، ئەم میرنشینانە لەژێر تەوژمی سیاسەتی بەناوەندیکردنی وڵات لە لایەن دەسەڵاتکارانی قاجارەکان لە ساڵی 1865–ەوە هەڵوشێنرانەوە. دواتر لە دوای ساڵی 1920 باسی سیاسەتی ڕەزا شا دەکات کە چۆن بوو بە سۆنگەی ئاستەنگ بۆ هۆزەکانی ئێران. دوو بزووتنەوەی گەورەی کورد لە ئێران لەم قۆناغەدا : ڕاپەڕینی سمکۆ 1918–1922 و کۆماری کوردیی مەهاباد بوون. پاشان باسی سیاسەتی کوردیی ئێران دەکات تاوەکوو ڕیفۆرمی ساڵانی شێستەکان. قۆناغی دووەمی باسەکە بریتییە لە کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران 1979 و شەڕی ئێران–عێراق بۆسەر بزووتنەوەی کورد شیدەکاتەوە.**

226-Ramesh Farzanfar, *Ethnic Groups and the State: Azaris, Kurds and Baluch of Iran.* PH.D., Massachusetts Institute of Technology, 1992, (192 p). DAI 53 (December 1992), pp. 2085-2086A

227-Amir Hasanpour, The nationalist movements in Azarbaijan and Kurdistan, 1941–46 / Amir Hassanpour, In: *A century of revolution: social movements in Iran* / Joan Foran (Ed.). London: UCL Press. 1994, pp. 78–105.

228- Ali Homam Ghazi, "Ghazi Muhammad: Scholar, Patriot and Father."In: *The International Journal of Kurdish Studies* 11, nos. 1-2 (1997), pp. 3-8.

229- Borhanedin Yassin, "A History of the Republic of Kurdistan." *The International Journal of Kurdish Studies* 11, nos. 1-2 (1997), pp. 115-240.

230- Mahmud Osman, "The Mahabad Experience: Lessons Learned, Lessons Lost."In:*The International Journal of Kurdish Studies* 11, nos. 1-2, 1997, pp. 63-68.
An article by one of the founders of the United Socialist Party of [Iraqi] Kurdistan and currently a member of the political leadership of the Iraqi Kurdistan Front.

231- William Eagleton, "Mahabad: 1946, 1961, 1996". In: *The International Journal of Kurdish Studies* 11, nos. 1-2 (1997), pp. 69-72.
Ambassador William Eagleton began his career as a member of the United States Foreign Service in the Middle East in 1951. This article is primarily a discussion of the activities and problems involved in interviewing and collecting data materials about the Republic of Kurdistan for a book on the Republic that he .

232-Farideh Koohi-Kamali, « Obstacles hindering the Kurdish question in Iran », In : *The kurdish question and the 2003 Iraki war* edited by Mohammed M. A. Ahmed and Michael M. Gunter. 2000, pp. 192-205.

233-Abbas Vali, Modernity and the stateless : the Kurdish question in Iran, London: Tauris, 2001, ( 256 p ).

## 5.3 : کورد لە ڕووسیا و ئەودیوی قەوقاز

234- T. F. Aristova, *"The Kurds of Transcaucasia »,* In : Central Asian Review, Vol. VII, No. 2, 1959, pp. 163-174.

**234–ت.ف. ئاریستۆڤا، " کوردەکانی قەوقاز". بریتییە لە وەرگێڕانی ئینگلیزی وتارێکی ئاریستۆڤا بە زمانی ڕووسی بەناوی (گەشتێك بۆ ناو کوردەکانی قەوقاز)* کە لە ژمارە 6 ی ساڵی 1958 ی گۆواری (ئیتنۆگرافیای شوورەوی)** بڵاوکراوەتەوە. ئەم وتارە بەرهەمی گەشتێکی نوسەرە کە لە نێوان 15 ی ئاب و 15 ی ئۆکتۆبەری 1957 بۆ قەوقازیا کردوویەتی بۆ کۆکردنەوەی مەتریال و کەرەسەی ئیتنۆگرافی. وتارەکە باسێکی دابەشبوونی جوگرافیی کوردەکانی قەوقاز دەکات و پاشان پاشخانی مێژوویی بوونی کورد لە قەوقازیا باسدەکات کە چۆن ساڵی 1813 دوای جەنگی ڕووس–ئێران و بە گوێرەی پەیماننامەی گوڵستان ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە کوردەکان لە ئێرانەوە کۆچیان کرد بۆ ئازەربایجان و هەندێکیشیان بۆ ئەرمەنستان, پاشان باسی هۆزە کوردەکانی قەوقاز، زمان، ئایین،**

* *Poyezdka k Kurdam Zakavkaz'ya*

** *Sovetskay Etnografiya*

پێکهاتەی کۆمەلایەتی، ڕەوشی ژیان، جل و بەرگ، سەما و هەڵپەرکێ و ئەدەبیاتی کوردەکانی قەوقاز باسدەکات. دواتر س.ژ.ئیدمۆندز لە دوایین بەشی وتارەکەدا تێبینی و کۆمێنتاری خۆی لەسەر وتارەکە نووسیووە و جگە لەوە وتارەکە نەخشەیەکی کوردەکانی قەوقازیشی لەگەڵ دایە.

235- T. F. Aristova, and G.P. Vasil'yeva, "Kurds of the Turkmen SSR," In : *Central Asian Review,* Vol. XIII, No. 4, 1965, pp. 302-309.

235-ت.ف. ئاریستۆڤا و گ.پ. ڤاسیلیڤا، "کوردی تورکمانستانی شورەوی". ئەم باسە ساڵی 1963 بە زمانی ڕووسی نووسراوە و لە گۆواری *Sovetskaya Etnografiya* ژمارە (5) ی ساڵی 1964 بلاوکراوەتەوە. ساڵی 1959 ژمارەی کورد لە تورکمانستان 2263 کەس بووە و کوردەکان بە زۆری لە شارەکانی ئەشقاباد، ماری و بەیران-عەلی دەژین. پاشان دەگەڕێتەوە سەر مێژووی سەدەی نۆزدەهەمی کوردەکان و باسێکی ئیتنۆگرافی کۆمەڵگەی کوردی، داب و نەریت، پێکهاتەی خێزان و زمانی کوردی دەکات لە تورکمانستان.

236-Nadir Nadirov, "What Do the Soviet Kurds Want?", In: *Asia and Africa Today,* n° 1 (January-February 1991), pp. 74-76.

236-نادری نادرۆڤ، "کوردەکانی شورەوی چییان دەوێ؟". باسی ڕەوشی کوردەکانی شورەوی دەکات و باسی ئەوە دەکات کە مێژووی بوونی کورد لە شوروەوی دەگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگەکانی ڕوسیا و ئێران 1804-1813 و 1826-1828. لە جەنگی یەکەم محەمەد سەفی سوڵتان ساڵی 1807 سنووری ئێران-ڕووسیای بڕی و بە خۆیی و 600 خێزانەوە لە خاناتی قەرەباغ دا جێگیر بوو. دواتر ساڵی 1855 چەندین هۆزی کوردەکانی تورکیا بوون بە ڕەعیەتی ڕووسیا.

ساڵی 1923 بە دەستپێشخەری لێنین، شەش ناوچەی کوردی ئازەربایجان لەسەر بڕیاڕی ئەنجومەنی کۆمیسێریای گەل لە ناوچە کوردییەکان کۆمارێکیان دروستکرد کە ناوەندە ئیدارییەکەی (پیرجان) بوو و بەناوی کوردستانی سوور ناسرا. ئەم کۆمارە ڕۆژنامەی تایبەتی خۆیی و قوتابخانەی خۆی هەبوو. قۆناغی سەربەخۆیی کورد کورت بوو و ساڵانی 1930–1940 کوردەکان هەر وەك گەلانی قەوقاز لەسەر خاکی خۆیان وەدەرنران و نووسەر خۆی یەکێك بووە لەوانەی کە لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە ڕاگوێزراوەتەوە بۆ کازاخستان و باوك و دایکی خۆی ونکردووە. دواتر نووسەر دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی لە ئەمڕۆدا خواستەکانی کوردەکانی شوورووی چین.

237-Ismet Chériff Vanly, "The Kurds in the Soviet Union", In: *The Kurds: a contemporary overview* (Ed). by Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl. London; New York : Routledge, 1992, pp. 193–218.

237–عیصمەت شەریف وانلی، " کورد لە یەکێتی شوورەوی دا". وانلی لەم لێکۆڵینەوەیدا باسی کوردستانی "سوور" دەکات کە یەکەمین سەرۆکی کۆمسی جیف بوو لە ساڵی 1923 تا ساڵی 1929. بە قسەی وانلی ژمارەی کوردەکانی شورەوی دیار نییە. کوردەکانی شورەوی خۆیان بە 30000 تا 1200000 کەس دادەنێن. بەڕای نووسەر "کۆماری ئەرمینیا تاقە کۆماری سۆڤیەتە کەوا دوای چەوساندنەوەی ستالین ژێرخانی کولتووری کوردی پاراستبێ".

238-Nadir Nadirov, "The life of a Kurd in the USSR ", In: *International Paris Conference : the Kurds: Human Rights and cultural identity*; 14–15 October 1989 / Institut Kurde de Paris (ed.). Paris: Institut Kurde de Paris. 1992, pp. 82–84.

239–نادری نادرۆڤ، "ژیانی کوردێك له یەکێتی شورەوی". ئەم باسە بریتییە لەو موحازەرەیەی کە لە کۆنفرانسی کورد: مافەکانی مرۆڤ و ناسنامەی فەرهەنگیی لە 14–15 ی ئۆکتۆبەری 1989 لە پاریس بەسترا خوێندرایەوە. کورد لە شوورەوی لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 وەکوو باقی نەتەوەکانی دیکە توانی بچێتە پێشەوە. لە ساڵی 1923 کوردستانی سوور لە ئازەربایجان بە فەرمانی لێنین پێکهات. لە شاری لاسین قوتابخانە و ڕۆژنامە و شانۆ بە زمانی کوردی دروست بوون. هێندەی نەبرد ساڵی 1929 هەموو قوتابخانە کوردییەکان داخران و لە نێوان ساڵانی 1937–1944 کورد لە شورەوی کارەساتی زۆری بەخۆیەوە بینی. لەم قۆناغەدا بوو کە کوردگەلێکی زۆر ڕاگوێزرانەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست و کۆماری کازاخستان. ڕاگوێزراوەکان نەدەبوو تەنانەت پێکەوە لە یەك تاقە شوێنیشدا کۆببنەوە و هەر خێزانێك ناچار دەکرا لە گوندێك دا نیشتەجێ بێت "من خۆم یەکێك لەو خێزانە ڕاگوێزراوانە بووم. باوکم ساڵی 1937 مرد و دایکم بە خۆیی و (9 منداڵ مایەوە و شەوێك لە شەوەکانی 1937 هێزەکانی دەوڵەت هاتنە سەرمان و فەرمانیان پێداین بۆ سەفەرێکی دوورودرێژ. ماوەی حەوت مانگ لەناو خێوەتگای سوپای سوور માینەوە تا ساڵی 1956 لەگەڵ هاتنی خرۆشۆف ئەوجا توانیومانە بە ئازادی سەفەر بکەین". دوای گەیشتنی گورباتشۆڤ بەهۆی ئەو تەنگژەیەی کە لە نێوان کۆمارەکانی ئازەربایجان، ئەرمەنستان و قیرغزستان دا هەیە ڕەوشی کوردەکانی شورووی ئێستە خراپتر بووە.

239-Julie Flint, *The Kurds of Azerbaijan and Armenia*, London : Kurdish Human Rights Project, 1998, (iv,110 p).

240-Daniel Müller, « The Kurds and the Kurdish Language in Soviet Azerbaijan according to the All-Union Census of December 17, 1926 (A Contribution to the history of the So-called "Red Kurdistan") », In : *The Journal of Kurdish Studies* (1998-2000) vol. 3, pp. 61-84.

241-Daniel Müller, « The Kurds of Soviet Azerbaijan, 1920-91 », In : *Central Asian Survey* (2000) vol. 19, 1, pp. 41-77.

241- دانێل میوللەر،"کوردەکانی ئازەربایجانی شوورەوی 1920-1991". ئەم وتارە لەبارەی مێژووی کوردەکانی ئازەربایجانی شورەوی لەگەڵ بایەخ پێدانێکی زۆر بە مێژووی (کوردستانی سوور) کە لە لاسین و کەلبەجار لە نێوان ئەرمەنستان و چیایەکانی قەرەباغ دا دامەزرا. نووسەر گەڕاوەتە سەر مێژووی سەدەی نۆزدەهەمی کوردەکانی ئازەربایجان و دواتر کورد لە دەورانی *موساوات* Muâvat دا. لێنین بە باوکی "کوردستانی سوور" دادەنێ و دواتر باسی پێکهاتەی کوردستانی سوور، سەرژمێری و ستاتسیکی ورد و کتێبەکانی قوتابخانە باسدەکات. پاشان باسی قۆناغی ڕاگوێزانی کوردەکانی شورووی دەکات 1937-1944 و باسی سەرژمێرییەکان و قەبارەی کۆمیونیتەی کورد لە ئازەربایجان دەکات و بە گوێرەی سەرژمێری 1990 لە ئازەربایجانی شورووی 12.221 کورد هەبووە. لەوەتای نیوەی ئایاری 1992 هێزەکانی ئەرمەن چونەتە ناو چیایەکانی قەرەباغ و ڕێڕەوی لاسین یان داگیر کردووە.

## 6.3: کورد لەژێر ئینتدابی بریتانیا، عێراق و ئینگلیز

242-Hyacinth Louis Rabino, *Report on Kurdistan*. Simla, 1911, IOR/L/MIL/17/15/21 (Held by) *British Library, Asia, Pacific and Africa Collections* (ii, 200 p ).

243-Admiralty War Staff, *A handbook of Mesopotamia*. Vol III. Central Mesopotamia with southern Kurdistan and the Syrian desert London: Admiralty War Staff, Intelligence

Div, IOR/L/PS/20/C138/3 (Held by) *British Library, Asia, Pacific and Africa Collections,* 1917 (416 p).

244-E. B. Soane, *Report on the Sulaimania of Kurdistan,* Calcutta : Superintendent government printing press, 1918, (161 p).

**244–ئی. بی. سۆن، *ڕاپۆرت دەربارەی ناوچەی سلێمانی کوردستان. (نهێنی)*. سۆن لە ساڵی 1910 نزیك شەش مانگێك لە سلێمانی ماوەتەوە بە ناوی غولام میرزا حوسێن شیرازی و بە جل و بەرگی ئێرانییەوە لە سلێمانی ماوەتەوە دواتر بۆ کاری زانیاری کۆکردنەوە و گەڕان بەناو کوردستان دا وەکوو فرۆشیاری گەڕۆك بەناو زۆر ناوچەی کوردستان دا گەڕاوە و پێوندی زۆری لەگەڵ سەرۆکهۆز و کەسایەتییە باڵادەستەکانی کوردستان پەیدا کردووە. ئەم ڕاپۆرتەی سۆن لەسەر داوای حکومەتی ئینگلستان بووە بۆ زانیاری کۆکردنەوە لەبارەی هۆزەکان و ڕوانین لە کێشەکانی سنووری نێوان تورکیا و ئێران کە لەو سەروبەندەدا ئینگلستان و ڕووسیا وەکوو نێوانکار لە نێوان تورکیا و ئێران لووتیان لەناوچەکە ژەنیبوو و خەریکی چارەسەرکردن و لێکۆڵینەوەی کێشەکەکانی سنووری نێوان ئەم دوو دەوڵەتە موسڵمانە بوون. سۆن ڕاپۆرتەکەی خۆی دابەش کردۆتە سەر (4) بەش. لە بەشی یەکەم دا باسی کەوشەنەکانی کوردستان، تێبینی لەسەر دانیشتوان، سەرچاوە سروشتییەکان، کەش و هەوا، سەرچاوە سروشتیەکان، زمان، ئایین و توانای سەربازی ناوچەکەی نووسیووە (لا: 1–40). بەشی دووەم: سەرلەبەری تەرخانکراوە بۆ هۆزگەل و کۆنفیدراسیۆنە خێڵەکیەکانی ئەملاو ئەولای سنووری هەردوو وڵات کە وەکوو ئەکتەری ناوچەیی ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە کێشەکانی سنوور و بەشێکیش بوون لە کێشەکە لەوانە هۆزگەلی: حەسەنلوو، سپیکانلوو، حیدەرانلوو، شکاك، هەکاری، مامەش، موکری، هەمەوەند و هەندێکی دیکە (لا: 41–51). بەشی سێیەم: لەم بەشەدا کە تەواوکەری بەشەکەی پێشووە گەڕاوەتە سەر سنوور و تێبینی لەسەر مێژووی خێڵ و هۆزە سەرەکیەکانی سەر سنوور نووسیووە وەکوو**

هۆزەکانی: حەسەنلوو، موکری، هەکاری، گۆران، هەمەوەند (لا: 52–80). بەشی چوارەم بریتییە لە هەمەچەشنە کە تەرخانکراوە بۆ پێدانی زانیاری لەبارەی بەڕێوەبردنی ئیدارەی تورکیا و ئێران لە ناوچە کوردییەکان و لەم بەستێنەدا باسی هێزی سەربازی تورکیا لەناوچەکە، پۆستەخانە و ڕەوشی کشتوکاڵ و بازرگانی لە ناوچەکە خراونەتەڕوو (لا: 81–97). لە بەشی پاشکۆدا چوار پاشکۆی گرینگ بەگەڵ ڕاپۆرتەکە خراون. A – بنەماڵەی شێخەکانی کوردستانی جنووبی (لا: 98–101).، B – باری هاتووچۆ و نرخەکانی گواستنەوە (لا: 102–107). ، C– فەرهەنگۆك (لا: 108–135).، D – فەرهەنگۆکێکی ئینگلیزی بەرامبەر کوردی ) دیالێکتەکانی کوردیی باکور، کوردیی ناوەڕاست و کوردیی باشوور (کرماشانی) (لا: 136–161). هەروەها کتێبەکە نەخشەیەکی گەورەی کوردستانیشی لەگەڵ دایە.

245-Godfrey Rolles Driver, Sir, *Kurdistan and the Kurds,* Mount Carmel : G.S.I. Printing Section, 1919.( 144 p).

246-G.R. Driver, *A report on Kurdistan and the Kurds*, for the use of British army officers, Mount Carmel,1919.

247-*Kurdistan and the Kurds*, [based on the reports of military and political officers C.F., Woolley, E. Noel, and on a paper written by Sir Mark Sykes], [London] : [Royal Anthropological Insitute], [1919?], (116 p).

247– ڕاپۆرتی ئەفسەرانی سیاسیی، *کوردستان و کورد*. ئەم ڕاپۆتە لەسەروبەندی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لە لایەن کۆمەڵێك لە شارەزا و پسپۆڕی ئینگلیزی لە بواری ڕۆژهەلات و کورد بۆ بەرچاو ڕوونیی لەبارەی پرسی کورد و چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکومەتی ئینگلیز لەگەڵ پرسی کورد ئامادە کراوە و ساڵی 1919 بلاوکراوتەوە و وا دیار کتێبەکە لە لایەن ئەفسەرانی سیاسیی وەك: وولی و نۆیل و

لەســەر بنــەوانی ڕاپۆرتەکــەی مــارك ســایکس دەربــارەی "هــۆزە کوردییــەکانی ئیمپراتۆریـای عوسمـانی" ئامـادەکراوە، دواتـر درایڤـەر کارەکـەی تـەواو کـردووە و کاپیتان وولی پێشەکی بۆ ڕاپۆرتەکە نووسیووە. ئەم کتێبە بریتییە لە سێ بەشی ســەرەکی: بەشــی یەکــەم: کوردســتان و کــورد (لا: 8- 18 ) کــە بریتییــە لــە بەرچاوخستنێکی جوگرافی و مێژوویی کوردستان و تەنها باسی کوردستانی باکوور و باشــوور دەکـات و بــە هــیچ شـێوەیەك تـوخنی کوردســتانی ڕۆژهــەلات (ئێـران) نەکــەوتووە. بەشــی دووەم: هــۆزە کوردییــەکان (لا: 19-74 ) لــەم بەشــەدا بەشێوەیەکی سەرەکی باسی هۆزە کوردییەکانی کوردستانی تورکیا و دواتر باسی هۆزە کوردییەکانی کوردستانی باشور و بەتایبەتی هۆزە ئێزیدییەکان دەکات و بە هەمان شێوە کەمێکیش باسی هۆزگەلی کوردەکانی سوریا دەکات. بەشی سێیەم: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد (لا: 75- 116 ). لەم بەشەدا لە ساڵی 1908-ەوە بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد هاتۆتە خوارەوە و باسی ڕێکخراوە سیاسیەکان و سەرهەڵدانی پرسی کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و بزووتنەویە کورد لە سلێمانی و شێخ مەحمود و و دواجار تێکشکانی شۆڕشی شێخ مەحموود ساڵی 1919 و دوایین جاریش باسی پیاوە سیاسیەکانی هەردوو بنەماڵەی بەدرخان و شەمدینان دەکات و باسی ئەو سێ سەرکردەیەش دەکات کە شیمانەی ئەوە هەیە ببنە سەرۆکی کوردستان کە ئەوانیش: سورەیا بەدرخان، شەریف پاشا و ئیبراهیم پاشا-ن. گەرچی ئەم کتێبە ساڵی چاپکردنی لەسەر نەنووسراوە بەڵام بە دڵنیاییەوە وەك ئەوەی لەناو ڕاپۆرتێکی ئەرشیڤخانەی نیشتیمانی بریتانی داهاتووە دەڵێم کتێبەکە لە نیوەی دووەمی ساڵی 1919 بڵاوکراوەتەوە.

248-Major E. W. C. Noel , *Note on the Kurdish situation*, Baghdad:Office of the Civil Commissioner in Mesopotamia, Baghdad ; printed at the Government Press, 1919.

248- مێژەر ئی. دەبلیو. سی. نۆئێل، *چەند سەرنجێك دەربارەی ڕەوشی كورد.* نووسەری ئەم ڕاپۆرتە مێجەر نۆئێل یەكێك ئەفسەرە سیاسییە بریتانییەكان بوو كە سۆز و لاینگیرییەكی یەكجار زۆری بۆ كورد هەبوو و بەمانای تەواوی وشەكە کورددۆست بوو. نۆئێل لە یەكەم تەشكیلەی حكومەتی شێخ مەحموود ساڵی 1918 كرا بە ڕاوێژكاری شێخ مەحوود و هێندەی نەبرد سۆن جێگەی نۆئێلی گرتەوە. ئەم ڕاپۆرتە كە ساڵی 1919 لە بەغدا چاپكراوە ئێستە تەنها یەك دوو دانەیەكی بە چاپكراوی لێماوەتەوە. وادیارە ئەم ڕاپۆرتە بۆ بەرچاوڕوونی لەبارەی ڕەوشی كوردستان نووسراوە و بریتییە لە كورتەباسێكی مێژووی گەلی كورد، زمان، هۆشیاری نەتەوەیی كورد، پێوەندییەكانی كورد و ئەرمەن بەشێكی چاكی ئەم نامیلكەیەی داگیركردووە، پێوەندی نێوان تورك و كورد و سیاسەتی سەرپانكردنەوەی توركیا بەرانبەر بە كورد و دروستبوونی سوارەی حەمیدییە بە وردی قامكیان خراوەتە سەرو و دواتر نووسەر باس لە داخوازینانەكانی كورد دەكات و سنووری ئیتنیكی كوردستان دیاری دەكات و دواجاریش زۆر بەوردی باس لە فاكتەری ڕووس دەكات. ئەم كتێبە لە كەش و هەوای ئەم سیاسەتە نووسراوە كە ڕاستەخۆی لە دوای كۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانی ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی لە سیاسەتی ئینگلیز دا هێشتا لە خشتەی ئەگەرەكان دا ڕەشنەكرابۆوە.

249-Office of the Civil Commissioner- Iraq, *Memoranda on Kurdistan affairs*, Baghdad, 1919, 20

250-Office of the Civil Commissioner- IRAQ, *Précis of Affairs in Southern Kurdistan during the Great War*, Baghdad, 1919, (20 p).

251-Office of the Civil Commissioner- Iraq, *Notes on the Tribes of Southern Kurdistan, between the Greater Zab and the Dialah*, Baghdad, 1919, (25 p).

251-ئۆفیسی حاکمی مەدەنی (عێراق)، ***چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو (لە نێوان زێی گەورە و دیالە)***، **برتییە لە ڕاپۆرتێکی دایەرەی حاکمی مەدەنی ئینگلیز لە بەغدا و یەکێکە لەو ڕاپۆرتانەی کە ئەفسەرە سیاسیەکانی ئینگلیز بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتا لەسەر هۆزەکانی کوردستانی خواروو (کوردستانی عێراق) بۆ کاری نهێنی نووسیوویانە و لەم ڕاپۆرتە زۆر بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە ئەمە بۆ کاری شۆفاری و دامرکاندنەوەی نارەزایی هۆزەکان ئامادەکراوە. وەك لە پێشەکی نامیلەکەدا هاتووە ئەم ڕاپۆرتە لەسەر زانیارییەکانی ڕاپۆرتەکەی مێجەر سۆن لە بارەی ناوچەی سلێمانی، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو(سۆن)، ڕاپۆرتی حاکمی ئیدارەی مەدەنی لەبارەی هۆزەکان و کەسایەتییەکانی ڕۆژئاوای ئێران و راپۆرتەکانی هێزی سەربازی فرەیز و راپۆرتە ڕۆژانەکانی مێجەر نۆیل و برێك ئەفسەری دیکە نووسراوەتەوە. ئەم کتێبە باسی (39) هۆز و کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکیی دەکات لە کوردستانی خواروو و لەم بەستێنەدا: مێژوو، شوێنی جوگراف، هێز، ژمارەی ئەسپسوار، پیادە و ماڵ و ژمارەی تەواوی هۆزەکان تۆمارکراون.**

252-Edward William Charles Noel, *Diary of Major E.M. Noel : on Special Duty in Kurdistan, from June 14th, to September 21st*, 1919, Basrah, [1920], (76 p).

252-ئێدوارد ولیم چارلس نۆئێل، ***یادداشتنامەی ڕۆژانەی ئی.م. نۆئێل: لە کاری تایەتیی لە کوردستاندا، لە 14 ی حوزەیران تا 21 ی سێپتامبەر.*** **نۆئێل یەکێك لەو ئەفسەرە بریتانیانە بوو کە شارەزاییەکی زۆرچاکی لە کاروباری کورد دا هەبوو و زمانی کوردی دەزانی و دۆستی کورد بوو. ئەم یادداشتنامەی کە لە هاوینی 1919**

**بۆناو کوردستانی باکوور بە هاوڕێیەتی دوو لە کورەکانی ئەمین عالی بەدرخان (جەلادەت و کامەران)، ئەکرەم جەمیل پاشا ئەنجام دراوە، ئەم گەشتە وا پێدەچێ لەسەر داوای حاکمی سیاسی بریتانی لە عیراق بووە بۆ زانیاری کۆکردنەوە سەبارەت بە ناوچەکانی کوردستان و ئامادەسازی بووە بۆ زانیاری کۆکردنەوە سەبارەت بە کوردستان. ئەم یادداشتنامەیە کە لەسەر شێوەی یاداشتنامەی ڕۆژانە نووسراون زۆر مەتریال و کەرەسەی مێژووی گرینگیان تێدا بۆ کەسێك بیەوێ لەم دەورەی مێژووی کورد بکۆڵێتەوە. سەرباری ئەمە کتێبەکە کۆمەڵێکی زۆر وێنەی نایاب و دەگمەنی سەرکهۆز و کەسایەتییە کوردەکانی لەگەڵە.**

253-General Staff of Mesopotamian Expeditionary Force, *Military report on Mesopotamia*. (Area 9), Central Kurdistan (provisional), Simla: Government Monotype Press, 1920, (vii, 211 p).

254-G. R. Driver, « The Kurdish Question », in : *The Persia Magazine*, Vol 1, N° 3, September, 1921, pp. 106-117.

254**–درایڤەر، "پرسی کورد". درایڤەر یەکێك لە یەکەمین ئەو مامۆستا زانکۆیانەی بریتانیایە کە بەشێکی ژیانی بۆ خەریك بوون بە مێژووی کورد تەرخان کردبێت گەرچی ئەو کارەشی بۆ بەرچاوڕوونی حکومەتەکەی کردبێت. وتارەکە زیاتر تەرخانی ڕەوشی بزووتنەوەی کورد کراوە لە قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و باسی هەڵوێستی حکومەتی تورکیا لە بەرمبەر کورد دەکات بە جۆرێك "بەر لە جەنگ هەرچەندە کوردەکان ڕووسەکانیان خۆشنەدەویست بەڵام حوکمڕانی نابەجێی تورك کوردەکانی بەرەو لای ڕووسەکان پەلکێش کرد". دواتر باسی تاڵان و بڕۆیی سوپای ڕووسیا دەکات لە کوردستان بە تایبەتی لە زستانی** 1915–1916 **دا و باسی زوڵم و زۆری کوردەکان دەکات لە دەست ئەفسەرانی ڕووس کە چۆن هانایان بۆ ئینگلیز بردووە بۆ بەغدا. دواتر لە سەرەتای مانگی ئایاری** 1918 **هێزەکانی بریتانیا**

گەیشتنە ناوچەکانی کفری، دووز، کەرکووک. درایڤەر لەم وتارەیدا زۆر دوژمنکارانە دژی شێخ مەحموودی نووسیوە و دواتر باسی بزووتنەوەی کورد دەکات لە کوردستانی تورکیا و باسێکی وردی ئەو سەروبەندە دەگێڕێتەوە و باسی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموود و دواتر باسی (ئەگەری) کاندیدایەکانی سەرۆکایەتی کوردستان دەکات و لەوانە نووسەر لای وایە بنەماڵەی نەهری لە ئەستەمووڵ گەرچی ڕێزێکی زۆریان لەناو عەشیرەتەکانی سنووری تورکیا و ئێران دا هەیە بەڵام کاندیدێکی بەجێ نین بۆ سەرۆکایەتی کوردستان. هەروەها باسی چەند کەسایەتیەکی دیکەش دەکات وەك: سورەیا بەدرخان بەگ، شێخ مەحموودی حەفید و مەحموودی کوڕی ئیبراهیم پاشا کە تەنیا ئیبراهیم پاشا بە شیاو دەزانێ بۆ پۆستی سەرۆکی کوردستان.

255-W. R. Hay, *Two years in Kurdistan. Experiences of a political officia 1918-1920*, London, Sidgwick and Jackson, 1921, (XII-383 p).

255–دەبلیو. ئار. های، دوو ساڵ لە کوردستان دا.ئەزموونی ئەفسەرێکی سیاسیی 1918–1920. دەبلیو. ئار. های یان سێر ڕۆبێرت های یەکەمین یاریدەدەری حاکمی سیاسیی ئەربیل (هەولێر) بووە وەحتایەك بەسەر لیوای مووسڵ بووە و پاشان دوای ئەوەی هەولێر کراوە بە یەکەیەکی سەربەخۆ، های کراوە بە حاکمی سیاسیی هەولێر و هەر ئەویش بوو کە ناوچەکانی کۆیسنجاق، ڕانیە و پشدەری بە ئیدارەی داگیرکردنی بریتانییەوە بەستەوە. ئەم کتێبەی کە بریتییە لە یاددشتانامە و تێبینییەکانی خۆی لە کاتی حوکمڕانیکردنی ناوچەکە بە هاندان و دەست لەپشتدانی ویلسنی حاکمی سیاسیی گشتی عێراق نووسیووەتەوە. جا ئەگەر بیرەوەرییەکانی مێجەر سۆن و کتێبەکەی ئیدمۆندز (کورد، تورك و عەرەب) ڕوناکییەکی زۆر بخەنە سەر ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری ئەوا کتێبەکەی های یەکێکە لەو سەرچاوە دەوڵەمەندانەی کە ڕوناکیەکی زۆر دەخاتە سەر ناوچەی هەولێر و دەوروبەری لە قۆناغێکی زۆر ناسکی ناوچەکەدا. ئەم بیرەوەریانەی های

بەمشێوەیە دابەشی سەر (20) فەسڵ کراون. فەسڵی یەکەم: پێشەکی (لا: 1–12).، فەسڵی دووەم: لە ڕووە جوگرافیەکەوە: ئاژەڵ و ڕووەك (لا: 13–34).، فەسڵی سێیەم: کورد (لا: 35–64).، فەسڵی چوارەم: هۆزەکان (لا: 65–80).، فەسڵی پێنجەم: دانیشتوانی شارەکان و ڕەگەزەکانی دیکە (لا: 81–94).، فەسڵی شەشەم: کشتوکاڵ و بازرگانی (لا: 95–109).، فەسڵی حەوتەم: ئاڵتوون کۆپری و یەکەم سەردان بۆ ئەربیل (لا: 110–124).، فەسڵی هەشتەم: کۆیە و ڕانیە (لا: 125–144).، فەسڵی نۆیەم: سەردانی کۆیە و گەشتەکانی دیکە (لا: 145–158).، فەسڵی دەیەم: ئەربیل جارێکی دیکە (لا: 159–178).، فەسڵی یانزەم: دروستبوونی لیوای ئەربیل (لا: 179–190).، فەسڵی دوانزەم: ڕەواندز و دەربەند(لا: 191–203).، فەسڵی سێزدەم: یوسف یەگ (لا: 204–224).، فەسڵی چواردەم: سێ مانگی هێمن (لا: 225–236).، فەسڵی پانزەهەم: سەردانی ڕەواندز و سنووری ئێران (لا: 237–266).، فەسڵی شانزەهەم: نووری: مردنی دوو پیاوی گەورە (لا: 267–280).، فەسڵی حەڤدەم: دەستپێکی پشێوی (لا: 281–309).، فەسڵی هەژدەهەم: تەقینەوەی گەرداوەکە (لا: 310–324).، فەسڵی نۆزدەهەم: خورشید ئاغا وادەکانی خۆی جێبەجێدەکات (لا: 325–347)ز، دواین فەسڵ: دووبارە بوناتنانەوە (لا: 348–359).، دەرئەنجام (لا: 360–368). هەروەها لە بەشی پاشکۆ دا دوو پاشکۆ کراونەتە پاشبەند. پاشکۆی یەکەم: سیستمی بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریای عوسمانی (لا: 369–370) و پاشکۆی دووەم: کورتەیەکی ڕووداوەکان لە میزۆپۆتامیا لە لە ئاگربەسەوە بۆ کۆتایی ساڵی 1920 (لا: 371–372). جگە لەوە کتێبەکە نەخشیەکی وردی شاری هەولێر و دەوربەری لەگەڵ دایە لەگەڵ چەندین وێنەی نایابی کەسایەتیەکانی شاری هەولێر، کۆیە و ڕەواندوز و دەوروبەری.

256-Mark Saykes, “Two Years in Kurdistan”, in: *The Geographical Journal*, N°1, January, 1922, Vol. LIX, pp. 60-62.

257- E. B. Soane, “Evacuation of Kurdistan”, In: *JRCAS*, Vol X, Part I, London, 1923, pp. 73-74.

258-League of Nations, *Question of the Frontier between Turkey and Iraq. Report submitted to the Council by the Commission instituted by the Council Resolution of Septembre 30th, 1924*, Geneva, 1925. (90 p).

258–كۆمەڵەی گەلان، *پرسی سنووری نێوان تورکیا و عێراق، ڕاپۆرتی پێشکەشکراو بەو کۆمسیۆنەی کە بەگوێرەی بڕیارنامەی 30 سێپتامبەر 1924 پێکهات*. بریتییە لەو ڕاپۆرتەی کە کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان لە بارەی ڕەوشی سنووری تێوان تورکیا و عێراق ئامادەی کردووە. کۆمەڵەی گەلان لە خولی سیەمینی دا بڕیاری دا لیژنەیەکی تایبەتی ڕەوانەی ناوچەکە بکات تا ڕاپۆرتی خۆیان لەبارەی سنووری ویلایەتی مووسڵ دیاری بکەن. دوای مانەوەیان لە کۆتایی کانوونی دووەم تا مانگی نیسانی ساڵی 1925 لەناوچەکە، کۆمسیۆن لە هاوینی هەمان ساڵدا ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کرد. ڕاپۆرتەکە ئەوهێندە زانیاری و کەرەسەی گرینگی دەستی یەکەمی تێدایە لەبارەی کوردستان و ناوچەکە کە هەر لێکۆڵینەوەیەك لەو قۆناغەدا بە بێ گەڕانەوە بۆ سەر ئەم سەرچاوەیە کارێکی پڕکەم و کوڕی دەبێت. ڕاپۆرتەکە بریتییە لە سێ بەش و شەش فەسڵی سەربەخۆ. بەشی یەکەم: ڕاپۆرت لەبارەی کارەکانی لیژنە (لا: 5–13). بەشی دووەم: لەبەرچاوگرتنی ئەو داوایانەی کە هەردوو حکومەت پێشنیاریان بۆ کردووە (لا: 14–19).بەشی سێیەم: شارەزابوون بە ناوڕۆکی بابەتەکە. لێرەوە ئیدی بابەتەکە دابەش دەبێت بۆ سەر (6) فەسڵی جیاواز. فەسڵی یەکەم: بیانووە جوگرافی و ئیتنۆگرافییەکان (لا: 20–57). فەسڵی دووەم: بیانووە مێژووییەکان 0لا: 58–59). فەسڵی سێیەم: بیانوە ئابوورییەکان (لا: 73–74). فەسڵی چوارەم: بیانووە ستراتیژییەکان (لا: 73–74). فەسڵی پێنجەم: بیانووە سیاسییەکان (لا: 75–85). فەسڵی شەشەم: دەرئەنجامە گشتییەکان (لا: 86–90). جگە لەوە کتێبەکە کۆمەڵێکی زۆر نەخشەی جوگرافی،

ئیتنیکی و مێژوویی زۆر گرینگی تێدایه و هاوکات کۆمەڵێك ئاماری زۆری لەبارەی پێکهاته ئیتنی و نەتەوەییەکانی ویلایەتی مووسڵ تێدایە.

259-Arnold T. Wilson, (Sir), *Loyalties : Mesopotamia, 1914-1917, a personal and historical record*. London, Ed. Oxford University Press, 1930, (XXXVI, 340 p).

260- Arnold T. Wilson, (Sir), *Mesopotamia 1917-1920. A clash of Loyalties. A Personal and historical record*. London, Ed. Oxford University Press, 1931, (XVII, 420 P).

261-Great Britain. Colonial Office, *Special report by His Majesty's government in the United kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of nations on the progress of 'Iraq during the period 1920-1931*, Series :Colonial; no. 58, London : H. M. Stationery off, 1931, (331 p).

261-بریتییه له ڕاپۆرتی تایبەتیی ئۆفیسی کۆلۆنیالی حکومەتی خاوەند شکۆی بریتانی که ساڵی 1931 بڵاوکراوەتەوە و پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کراوە و تەرخانی ساڵەکانی 1920-1931 کراوە. لەم ڕاپۆرتە لە زۆر جێگەدا باسی کورد و کوردستان هاتووە بە تایبەتی لە (لا: 49-45) و دواتریش لە فەسڵی هەژدەهەم دا لە بەشی کەمینە نەتەوەکان: کورد. لەم فەسڵەدا کە تەرخانی مێژووی کورد کراوە باسی کورتەیەکی مێژووی پەیماننامەی سێڤەر، دامەزراندنی حکومەتی عێراق، کورد و ئەنجومەنی عێراق، گرتنەوەی سلێمانی، کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان، ڕەوشی شێخ مەحموود لە ساڵەکانی 1928 و 1929 و هەروەها ڕەوشی ئاسووریەکانی کوردستان لە باسە سەرەکیەکانیەتی (لا: 251-279).

262-John Gilbert Browne, *The Iraq Levies, 1915-1922,* London : The Royal United Service Institution, 1932, (vii, 88 p).

**262–بریگارد ژی. کیلبێرت براون، *سوپای لیڤی عێراق 1915–1932*. ئەم کتێبە یەکێکە لە سەرچاوە یەکەمینەکانی مێژووی سوپای لیڤی عێراقی کە ساڵی 1915 لە لایەن هێزەکانی بریتانیا دروستکرا و تا ساڵی 1955 ئیدی بە یەکجاری مێژووی پێچرایەوە. مێژووی ئەم سوپایە و بەکارهێنانی وەکوو دەسکەلا بەدەست سوپای بریتانیا دژ بە جولانەوەی کورد لە سالانی 1919–1925 شایانی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی وردە. ئەم کتێبە لە (12) لە فەسڵ مێژووی دروستبوون و شەڕو ڕووداو و تۆمارەکانی ئەم سوپایە دەگێڕێتەوە و بە گوێرەی ڕووداوەکانی ساڵ مێژووی ئەم سوپایە لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تاوەکو هاتنە ناوەی عێراق بۆناو کۆمەڵەی گەلان باسکراوە و بەمشێوەیە دابەشکراوە. فەسڵی یەکەم تەرخانی ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی 1915–1919 کراوە. فەسڵی دووەم: ساڵەکانی 1920–1921. فەسڵی سێیەم و چوارەم: 1921. فەسڵی پێنجەم: 1922–1924. فەسڵی شەشەم: 1923–1924. فەسڵی حەوتەم و هەشتەم: 1925. فەسڵی نۆیەم: 1926. فەسڵی دەیەم: 1926–1927. فەسڵی یانزەهەم: 1928 و فەسڵی دوایی 1928–1932. شایانی گوتنە کە دواجار ئەم سوپایە لەگەڵ دامەزراندنی سوپای عێراق و سەربەخۆیی عێراق (1932) ئیدی بە کۆتایی گەیشت و ناویان گۆڕی بۆ (هێزی پارێزگاری ئاسمانیی) و بە مەبەستی پاراستنی بنکەکانی بریتانیا لە بنکەی حەبانییە و بنکەی شوعەیبیە جێگیر کران و تا دواین جار لە ئایاری 1955 بە یەکجاری ئینگلیز دەستبەرداریان بوون.**

263-C. J. Edmonds, *Kurds, Turks, and Arabs: politics, travel and research in North-Eastern Iraq, 1919-1925,* London; New York : Oxford University Press, 1957, ((xiii-457 p).

263–س.ژی, ئیدمۆندز, *کورد، تورک و عەرەب: سیاسەت ، گەشتنامە و تۆێژینەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتیی عێراق دا*. نووسەری ئەم کتێبە دەرچووی زانکۆی کامبریدج و یەکێك لە ئەفسەرانی سیاسیی بریتانیا و فەرمانکارە باڵادەستەکانی بریتانی بووە لە عێراق. ساڵی 1915 بۆ یەکەمجار هاتۆتە عێراق و نزیکەی سی ساڵ زیاتر لە عێراق ماوەتەوە دوایین کاریشی لە ساڵی 1945 ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوەخۆی حکومەتی عێراق بووە. زمانەکانی: کوردی، فارسی و عەرەبی زانیووە و یەکێك لەو کاربەدەستانەی ئینگلیز بووە کە لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەی کورد بووە و کوردی ناسیووە و ساڵی 1919 کراوە بە حاکمی سیاسیی بریتانی ئەو هێزانەی کە بۆ سەرپانکردنەوەی بزووتنەوەی شێخ مەحموود هێنرابوونە سلێمانی و ڕەنگە بەجۆرێك لە جۆرەکان تەواوکەری مێجەر سۆن بێ لە بواری کاروباری کوردیدا کە لێرەدا زیاتر مەبەستم نوسین و لێکۆڵینەوەیە لەم بوارەدا دەنا ئیدمۆندز بۆخۆی ئەوهێندە لایەنگیر و دۆستی کورد نەبووە. ئەم کتێبە لە بنەوان دا بۆ بەرچاو ڕونکردنەوە لەسەروبەندی کێشەی موسڵ لەگەڵ تورکیا ئامادەکراوە و تەرخانی ئەم کێشەیە کراوە کە بەرۆکی سیاسەتوانانی ئینگلیزی گرتبۆوە. دواتر باسەکە بەگوێرەی تاقیکردنەوە و زانیارییە تایبەتییەکانی نووسەر وەکوو ئەفسەری سیاسیی بریتانی فراوانتر کراوە بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکانی پرسەکە بگرێتەوە خۆ. دیارە دەبێ ئەوەش بگوترێ بە لەبەرچاوگرتنی پایەی ئیدمۆندز ئەم کتێبە تا ڕادەیەك بە بێ لایەنگیری یان (هەولی داوە بێ لایەنگیری بینووسێتەوە). کتێبەکە دابەشی سەر چوار بەش کراوە، بەشی یەکەم زیاتر زانیاری گشتییە لەبارەی کورد و جوگرافیای کوردستانی خواروو و باسی هێزەکەی فرەیزەر و بنەماڵەی بابان و شێخ و مەشایخەکانی کوردستان و ژیان لە سلێمانی دەکات (لا:2–114).، بەشی دووەم: تەرخانکراوە بۆ باسی سلێمانی و شارباژێر و عەشیرەتی جاف و هەورەمان و کاکەییەکان و هەڵەبجە و بزاوتی هێزەکانی بریتانیا لەناوچەکانی کەرکووك و ڕانیە و قەرەداغ و هەر لەم بەشەدا گەڕانەوەیەکی زۆر وردی مێژوویی بۆ کێشەی سنووری نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی کردووە لە پەیماننامەی زەهاو (1639) تاوەکو دەستپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی. لا: 116–263.، بەشی سێیەم:

**تەرخانکراوە بۆ باسکردنی کەرکووک، ژیان لە کەرکوك، کیۆکۆلی یەکەم و دووەم قەرەداغ و جاف و هەڵەبجە، لا: 264–385 .، هەرچی بەشی چوارەمە بە تایبەتی تەرخانکراوە بۆ کۆمسیۆنی لیژنەی کێشەی مووسڵ، (لا: 386–434) و دواجار بیبلیۆگرافیای سەرچاوەکان (لا: 436–437) و ژمارەی دانیشتوانی کورد لە عێراق دا (لا: 438–440) سەرباری ئەوە کتێبەکە کۆمەڵێك وێنەی نایاب و زۆر دەگمەنی کەسایەتی کوردی و ناوچە کوردییەکان و چەند نەخشەشی لەگەڵە.**

264-Robert F. Zeidner, Review of “ C. J. Edmonds: Kurds, Turks and Arabs; politics, travel and research in North-Eastern Iraq, 1919–1925”, In: *Middle Eastern affairs* – New York, NY: Council 11.1960, 9 (October), pp. 277–278.

265-Robert Olson, « The second time around: British policy toward the Kurds (1921–22), In*: Die Welt des Islams: internationale Zeitschrift für die Geschichte des Islams in der Neuzeit*. Leiden : Brill. (n. S.) 27.1987, pp.  91–102.

265–**ڕۆبەرت ئۆلسن، خولی دووەم: سیاسەتی بریتانیا لەبەرامبەر کورد دا** 1921–1922. **بریتییە لە موناقەشەیەکی ورد دەربارەی سیاسەتی بریتانیا بەرامبەر بە دواڕۆژی کوردستان لە قۆناغێکی یەکجار هەستیاردا کە هێشتا چارەنووسی دواڕۆژی کوردستان شێوەی کۆتایی خۆی وەرنەگرتبوو. لەم بەستێنەدا نووسەر باسی سیاسەتی (تێزی ئاسمانیی) ئینگلیز دەکات لە بەرامبەر کوردەکان، کۆنگرەی قاهیرە و بیروڕایە جیاوازەکانی ئەندامانی کۆنگرە، پێوەندی کورد بە یۆنانییەکان، کۆنگرەی یەکەمی لەندەن (** 21 **ی شوباتی–**12 **ئاداری** 1921**) و دواتر نامە و نامەکارییەکانی نێوان چەرچڵ و کۆکس لەبارەی دواڕۆژی سیاسیی کوردستان  بە تایبەت لەبارەی ئەم بەشەی کوردستانی خواروو زۆر بە وردی شیدەکاتەوە.**

266- Othman Ali, *British policy and the Kurdish question in 'Iraq 1918-1932*, Xerographic facsimile of the author's Ph.D.thesis, University of Toronto, 1993, Ann Arbor : UMI, 1996, (X, 503 p).

267-Eric Damielson, “Great Britain and the Origins of the Kurdish Question in Iraq (1918-1932)”, In: *Kurdistan Times*, Part 2, Vol 2, N° 1, (November 1997), pp. 22-27.

268-Mustafa Karadaghi, “Winston Churchil, the master Startegist, Vehemently Supported the Kurdish Independendt State”, In: *Kurdistan Times*, Vol.2, N° 1, (November 1997), , pp: 1-21.

269- Robert Vernon Joseph Young, *The history of the Iraq Levies 1915-1932*, Thesis (PhD) - SOAS, University of London 1997, London, 1997, (278 p).

270- S. Eskander, « Britain's policy in southern Kurdistan : the formation and the termination of the first Kurdish gouvernement, 1918-1919 », In: *British Journal of Middle Eastern Studies* (November 2000) vol. 27, N° 2, pp. 139-163.

**270–س. ئەسکەندەر،"سیاسەتی بریتانیا لە کوردستانی جنووبی: دروستبوون و کۆتایی یەکەم حکومەتی کوردی، 1918–1919". باسێکی دروستبوون و کەوتنی یەکەم حکومەتی کوردستانی خواروەو 1918–1919. نووسەر سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی جەنگی یەکەمی جیهانی و لەوێوە باسێکی پێکهاتەی ئیتنیکی و جوگرافی ویلایەتی مووسڵ دەکات  و پاشان باسی ڕەوشی دروستبوونی یەکەم حکومەتی**

**کوردستانی خواروو دەکات لە سلێمانی و سیاسەتی کوردیی بریتانیا و ڕوخانی حکومەتەکە ڕوندەکاتەوە. دواتر باسی هەڵوێستی بریتانیا و ڕوانگەی سیاسەتوانە ئینگلیزەکان لەبەرامبەر چارەنووسی کوردستان شیدەکاتەوە و لە دوایین جاریشدا باسی دەرئەنجامەکانی ئەو شکستە دەکات لەسەر پرسی کورد و قۆناغەکانی دواتر.**

271-Wallace Lyon, *Kurds, Arabs and Britons: the memoir of Wallace Lyon in Iraq, 1918-44*; edited and with an introd. By D.K, London; New York : I. B. Tauris, 2002, (xiv-237 p).

**271-د.ك. فیلدهاوس(ئیدتۆر)، *کورد، عەرەب و بریتانییەکان. یادداشتەکانی والاس لیۆن لە عێراق دا 1918-44*. نووسەری ئەم یادداشتنامەیە والاس. ئا، لیۆن* یەکێك بووە لەو ئەفسەرە ئینگلیزانەی کە لە دوادواییەکەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی ڕەوانەی بەرەی میزۆپۆتامیا کراوە و تا کۆتایی ساڵی 1944، بۆ ماوەی (26) ساڵ هەر لە عێراقدا دەمێنێتەوە و گەلێك پلەی گرینگی سەربازی و مەدەنی بە ئەستۆ دەگرێ. والاس بەشداری لە سەرکووتکردنەوەی بزووتنەوی کورد دا کردووە و لە نزیکیشەوە ئاگای لە کاروباری بزووتنەوەی کوردستانی خواروو هەبووە. ئەم یادداشتنامەیە کە لە نێوان ساڵەکانی 1949-1964 لە دەورانی خانەنشینی تۆماری کردوون و دوای مردنی د.ك. فیلدهاوس وەکوو ئیدیتۆر و بە پێشەکیەکی دووردرێژ بڵاوی دەکاتەوە. ئەم کتێبە بریتییە لەم بەشانەی خوارەوە. پێشەکی: پاشینە: عێراق 1914-1944. بریتییە لە پێشەکیەکی مێژوویی دوورودرێژ کە د.ك. فیلدهاوس مێژووی ئەو ساڵانەی ناوچەکە دەگێڕێتەوە و پێشەکیەکە لەسەر چوار تەوەری سەرەکی هەڵچنراوە: 1-عێراق وەك پاشکۆی بریتانیا 1918-1944.، 2-دەوڵەتی عێراق 1918-1944.، 3-کورد و بریتانیا بڕیاری خۆ بەسەر داسەپاندن.، 4- وەزیفەکانی والاس لیۆن. ئەم پێشەکیە زیاتر دەروازەیەکی مێژووییە بۆ چوونە ناو یادداشتنامەکە (لا: 1-58). دواتر یادداشتنامەکە**

---
* Wallace A Lyon (1892-1977).

دابەشكراوە بۆ سەر (12) فەسڵ. فەسڵی یەكەم: مووسڵ، دهۆك و ڕاپەڕینی ساڵی 1920(1918–1920) (لا: 61–83).، فەسڵی دووەم: هەولێر: "هەڵبژاردن" ی شا فەیسەل 1921 (لا:84–106).، فەسڵی سێیەم: هەولێر و كەركوك: ڕاپەڕینە خێڵەكیەكان و هەڵمەتی دژ بە تورك 1922 (لا: 107–128).، فەسڵی چوارەم: سێر هێنری دۆبس 1923–1924 (لا: 129–140).، فەسڵی پێنجەم: سەردانی شا فەیسەل و كۆمسیۆنی كۆمەڵەی گەلان 1924–1925 (لا: 141–153).، فەسڵی شەشەم: هێنانەوەی سلێمانی بۆ ژێر ڕكێفی حوكمڕانی عێراق 1925–1926 (لا: 154–163).، فەسڵی حەوتەم: سلێمانی، شێخ مەحموود و كۆمەڵگەی ناوەخۆیی 1926–1929 (لا: 164–169).، فەسڵی هەشتەم: كەركووك: گەل و كوللە 1929–1930 (لا: 170–177).، فەسڵی نۆیەم: مووسڵ: سنووری كۆمسیۆن و كۆتایی ئینتیداب 1930–1932 (لا: 178–193).، فەسڵی دەیەم: بەغدا: چارەسەركردنی زەوی و زار لە كووت و كەركووك 1932–1933 (لا: 194–201).، فەسڵی یانزەهەم: كەركووك: سوپای كودەتا و شۆڕش 1934–1941 (لا: 202–218).، فەسڵی دوانزەهەم: ڕاوێژكاری سیاسیی سوپای هیندستان لە عێراق و كۆتایی خزمەت 1941–1944 (لا: 219–228). بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (لا: 229–230). جگە لەوە كتێبەكە كۆمەڵێك وێنە زۆر نایاب و دەگمەنی لەگەڵە.

272-Habibollah Atarodi , *Great powers, oil and the Kurds in Mosul : (Southern Kurdistan/Northern Iraq), 1910-1925*, Lanham, MA : University Press of America, 2003, (xix, 233 p).

273-Mehrdad Izady, "Kurds and the Foundations of the State of Iraq, 1917-1932", In *The Creation of Iraq, 1914-1921*, Edited by Reeva S. Simon, Eleanor Harvey Tejirian, Columbia University Press, 2004, pp. 95–109.

## 7.3: کۆنفرەنسی ئاشتی، کۆمەڵەی گەلان و مەسەلەی مووسڵ

274-Shérif Pasha, *Memorandum on the claims of the Kurd people*, Paris : A. G. L'Hoir, 1919, (15 p)[11].

**274-شەریف پاشا، *یادداشتنامە لەبارەی داخوازینامەکانی کورد گەلی کورد.* بریتییە لە چاپی ئینگلیزی هەمان ئەو یادداشتنامەیە کە لە ئاداری ساڵی 1919 بە زمانی فرەنسی[12] بەناوی وەفدی کوردی پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆنفرەنسی ئاشتی کراوە لە پاریس.**

275-Harry Charles Luke, *Mosul and its Minorities*, Martin Hopkinson & Co. Ltd, London,1925, (161 p).

**275-هاری شارل لوک، *مووسڵ و کەمینەنەتەوەکانی.* ساڵی 1907 سەفەری ڕۆژهەڵاتی کردووە. لە ڕێگەی ماردین، ئۆرفە دەگاتە موسڵ. زانیاری سەرنجراکێش لەبارەی مەسیحییەکانی کوردستان و میزۆپۆتامیا بە دەستەوە دەدات و باسی دێرە و کلێسەی مەسیحییەکان دەکات. ئەم کتێبە لە لایەن (E.A.P) لە گۆواری جوگرافی لەندەن[13] و (P.N.Sykes) لە ژورنالی ڕۆیال ئازیەتیك[14] لەسەری نووسراوە.**

---

[11]Red, In : *The International Journal of Kurdish Studies* 15, nos. 1-2 (2001), pp. 131-136.

[12] *Cf*. Chérif Pacha, *Mémorandum sur les revendications du peuple Kurdes,* Présenté le 22 mars 1919 à Conférence de la paix, Imprimerie. A. G. L'Hoir, Paris, 1919, (14 p).

[13] *Cf.The Geographical Journal*. Vol 67, p.261, Reviewed by E.A.P

276-V. Minorsky, « The Mosul question », in : *Reference service on international affairs of the American library in Paris;* Bulletin n. 9 and 10, april 15, 1926, pp.1-44.

277- "The Kurds of Iraq (Southern Kurdistan)". In : *The Near East and India,* September 25, 1930, p. 348.

**277–کورەکانی عێراق (کوردستانی خواروو). بریتییە لە دەقی یادداشتنامەیەك کە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد لە 31 ی ئابی 1930 پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کراوە و یادداشتنامەکە بە ئیمزای هەریەکە لە : محەمەد ساڵح بەگ، محەمەد بەگ، عەزمی بەگ، حەمە ئاغا، مەجید ئەفەندی، حاجی ڕەسووڵ ئاغا، شەفیق بەگ، ڕەشید پاشا، فایەق بەگی بابان، میرزا تۆفیق قەزاز، شێخ محەمەد گولانی، ڕەمزی ئەفەندی، حاجی فەتاح، عیززەت بەگ و عوسمان پاشا لە 31 ی ئابی 1930 لە سلێمانی بەناوی (کۆمیتەی ناوەندیی نەتەوەیی) نووسراوە و بۆ سکرتێری هەمیشەیی کۆمیتەی کۆمەڵە نووسراوە.**

278- Fadhil Hussain, *The mosul Problem- A study in Anglo-Iraqi-Turkish diplomacy and public opinion* (PhD University Indiana University USA 1952).

**278 –فازیل حوسێن، *کێشەی مووسڵ–لێکۆڵینەوەیەك لە دیپلۆماسیەتی ئینگلیزی–عێراقی–تورکی و ڕای گشتی*. بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرا کە ساڵی 1952 پێشکەش بە زانکۆی Indiana University کراوە. کارنامەکە دابەشی سەر (12) فەسڵ کراوە کە هەموویان پێکەوە وێنەیەکی ڕاستەقینەی کێشەکە بە**

---

[14] *Cf.The Journal of the Royal Asiatic Society*, 1926, pp.351-352, Reviewed by P.N.Sykes.

دەستەوە دەدەن. فەسڵی یەکەم: پێشەکی: عێراقی نوێ. لەم فەسڵە باسی ئیدارەی بریتانی بۆ عێراق و ڕووداوەکانی مێژووی عێراقی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەکات تاوەکوو پەیماننامەی ساڵی 1922, فەسڵی دووەم: کۆنفرەنسی لۆزان و پەیماننامەی ئاشتی. لەم فەسڵە باسی تورکیای موستەفا کەمال و هەردوو کۆنفرەنسی یەکەم و دووەمی لۆزان 1923 دەکات. فەسڵی سێیەم: حەواڵەکردنی کێشەکە بۆ کۆمەڵەی گەلان. باسی کۆنگرەی ئەستەمبووڵ پرسی سیستمی ئینتیداب بەسەر عێراق و هێلی برۆکسێل باسدەکات. فەسڵی چوارەم: کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتەکەی. لەم فەسڵە بە دوورودرێژی باسی کاری کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان و ڕاپۆرتەکەی کۆمسیۆن دەکات کە لە دواتر پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کرا. فەسڵی پێنجەم: بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لەبارەی مووسڵ. فەسڵی شەشەم: پاکتاوکردنی یەکجارەکی کێشەی مووسڵ. فەسڵی حەوتەم تایبەتە بە لایەنە یاساییەکانی کێشەی مووسڵ و هەرچی فەسڵەکانی (هەشتەم تاوەکوو یانزەهەم) تەرخانکراوە بۆ باسکردنی یەك لە دوای یەکی : ڕای گشتی عێراق، ڕای گشتی بریتانی، ڕای گشتی تورکی و ڕای گشتی ئەمریکی-فرەنسی لە بەرامبەر کێشەی مووسڵ و دوایین فەسڵی نامەکەش تەرخانی باسی ڕۆڵ و کاریگەری نەوت کراوە لە یەکلایکردنەوەی کێشەکە و دواجار لە پاشکۆی کتێبەکە ماددەی سێیەمی پەیماننامەی لۆزان بە فرەنسی لە بارەی کێشەی دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیا و سوریا، تورکیا و عێراق کراوەتە پاشکۆ و دواتریش لیستی سەرچاوەکان.

279-Kemal Oke, *A chronology of the Mosul question (1918-1926).* Istanbul : Foundation for Studies on the Turkish World, 1991, (75 p).

279-کەمال ئۆکە،" کرنۆنۆلۆژیای پرسی مووسڵ". نووسەر بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە نهێنییە ئینگلیزییەکان دەیەوێ سەنتێزێك لەبارەی پرسی مووسڵ بەدەستەوە بدات، بەڵام نووسەر نەیتوانیووە وەك مێژوونووسێکی بێ لایەن یان هەر هیچ نەبێ دوور لە ڕوانگەی ڕەسمیی تورکییەوە ڕووداوەکان شیبکاتەوە بۆیە

تارمایی بیری رەسمیی دەوڵەتی تورك بەسەر هەموو لێكدانەوەكانی دا دیارە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدانێكی چاكە هەر هیچ نەبێ بۆ ناسینی ڕوانگەی مێژوونووسیی ڕەسمیی توركیا دەربارەی مێژووی پرسی مووسڵ دواجار لەدەستدانی ویلایەتی مووسڵ وەك ئەوەی خۆیان وای دەنووسن.

280-Othman Ali, « The Kurds and the Lausanne peace negotiations, 1922–23 », In : *Middle Eastern studies*. Ilford [u. A.] : Cass, 33.1997, 3, pp. 521–534.

280-عوسمان عەلی، "كورد و گفتوگۆی پەیماننامەی ئاشتی لۆزان 1922-1923". باسێكی پشت ئەستووەرە بە بەڵگەنامە نهێنییەكانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و باسی شوێنی كورد دەكات لە گفتوگۆی كۆنفرەنسی ئاشتی لە نێوان ساڵانی 1922 و 1923 دا. نووسەر سەرەتا بە باسێكی پرسی كورد لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی دەستپێدەكات و پاشان ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو باسەكە و باسی گفتوگۆیەكانی نێوان ئینینۆ و كۆرزن دەكات لەسەر كێشەی ویلایەتی مووسڵ و باسی ئەوە دەكات كە سەركەوتنی كەمالییەكان بەسەر یۆنانییەكان ساڵی 1922 فاكتۆرێكی گرینگ بوو بۆ كۆتایی هاتنی حكومەتی هاوپەیمانی لیۆد جۆرج لە ئۆكتۆبەری 1922 و دواجار گەیشتنی كونسێرڤاتۆرەكان بۆ دەسەڵات و گۆڕینی سیاسەتی بریتانیا لە بەرامبەر عێراق. گفتوگۆی هەردوو لایەنی توركی و بریتانی لە لۆزان لەسەر كوردستانی عێراق بوو و هەر لایەكیان دەیەویست كوردەكان بە قازانجی خۆیان بەكاربهێنن. بۆ نموونە شێخ مەحموود كە ڕازی بوو لەسەر داوای توركەكان بەوەی سێ كورد وەكوو ئەندام پەرلەمانی ویلایەتی مووسڵ بۆ ئەنقەرە بۆناو ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورك بنێرن، ئەمە لە گفتوگۆیەكانی لۆزان دا پشتی توركیای ئەستوور كرد و دواتر نووسەر زۆر بە وردی بە شوێن سەرەداوی ڕووداوەكان و پێكداهەڵپرژانی نێوان توركیا و بریتانیا و شوێنی كورد لەم پێكداهەڵپرژانە شیدەكاتەوە.

# بەشی چوارەم

# بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا وەکو جەنگی کەنداو

## 1.4: بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی باکوور

281-Ismet Chériff Vanly, *Survey of the national question of Turkish Kurdistan : with historical background,* Rome] : Hevra, 1971, (77 p).

281-عیصمەت شەریف وانلی، ***کێومالکردنێکی پرسی نەتەوەی کوردستانی تورکیا: لەگەڵ پاشخانێکی مێژوویی***. بریتییە لە کێومالکردنێکی پرسی کورد لە کوردستانی تورکیا و بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا زانیاری و داتایەکان دەخاتە ڕوو وەکوو شوێنی جوگرافی، ژمارەی کورد لە سەرژمێرییە گشتیەکان و ئینجا ئامارێکی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات بە بەراورد لەگەڵ سەرژمێری هەو وڵاتێك لەو وڵاتانەی کە کوردی تێدایە. بەگوێرەی خەملاندنەکانی ساڵی 1970 ژمارەی کورد بە 16.016.000 دادەنێ و کوردەکانی شورەوی و سوریاش بە 434.000 کەس دادەنێ. دوای ئەوە گەڕاوەتە سەر مێژوو و لە مێژووی کۆنەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە دەورانی میرنشینە کوردییەکان و دەورانی تەنزیمات و لەوێشەوە باسی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەکات لە سەدەی نۆزدەهەم و تا دەگاتە ساتە وەختی نووسینی کتێبەکە.

282-Robert Olson & William Tucker, "The Sheikh Sait Rebellion in Turkey (1925) : A Study in the Consolidation of a developed Uninstitutionalized Nationalism and the Rise of incipient (Kurdish) Nationalism", In: *Die Welt des Islams*, Netherlands, 18, N° 364, 1978, pp. 195-211.

283-Martin Van Bruinessen, "The Kurds in Turkey". In: *MERIP Reports* 14 (2), fév. 1984, pp. 6-12.

284-Michael M. Gunter, "The Kurdish problem in Turkey". In: *The Middle East Journal* 42 (3), Summer 1988, pp. 389-406.

285-Michael M. Gunter, "Kurdish militancy in Turkey : the case of PKK". In: *Crossroads* 29, 1989, pp. 43-59.

286-Hamit Bozarslan "The Kurdish Question in the Turkish Political Life : the Situation as of 1990", in T. Atabeki et M. Dorleijn (dir.), *Kurdistan in Search of Ethnic Identity*, Utrecht, Univ. Of Utrecht, 1990, pp. 1-23.

287- Martin Van Bruinessen, "The Kurds in Turkey : further restrictions of human rights". In: *Review International Commission of Jurists* (45), déc. 1990, pp. 46-52.

288-Michael M. Gunter, "The Kurdish insurgency in Turkey". In: *Journal of South Asian and Middle Eastern Studies* 13 (4), Summer 1990, pp. 57-81.

289-Michael M. Gunter, "The Suppression of the Kurds in Turkey." *Kurdish Times* 3, No. 2, 1990, pp. 5-16.

290-Michael M. Gunter, *“The Kurds in Turkey : a political dilemma”*. Boulder, Colo. : Westview, 1990. (151 p).

**290–مایکل م. گوتنەر، *کورد لە تورکیا. گرفتێکی سیاسیی*. ئەم کتێبە تەرخانی کوردەکانی تورکیا کراوە و دابەشی سەر (8) فەسڵ کراوە. پێشەکی (لا: 1–3). فەسڵی یەکەم: پاشخان. باسی بنچینەی کورد، دابەشبوونی جوگرافی، زمان، دانیشتوان دەکات و ئاماژە بەوە دەدا کە بە گوێرەی خەملاندنی سیای ئەمریکی لە ساڵی 1979 نزیکەی 4 تا 6 ملیۆن کورد لە تورکیا هەبووە کە نزیکەی لە 10% ی دانیشتوانی تورکیا پێکدەهێنن (لا: 5–9). فەسڵی دووەم: پێشەکی بۆ کێشە. باسی مێژووی کوردەکانی تورکیا دەکات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تا وەکوو ساڵانی تێکشکانی ڕاپەڕینی 1938 و دواتر باسی ڕەوشی ساڵانی پەنجایەکان و شێستەکان و سەرەتای حەفتایەکان و دەرکەوتنی ڕێکخراوگەلی کوردی دەکات (لا: 11–21). فەسڵی سێیەم: نا جێگیری سیاسیی و تیرۆریزم لە ساڵانی حەفتایەکاندا. باسی ڕەوشی سیاسیی تورکیا دەکات لە ساڵانی حەفتایەکان دا و شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و سیاسیی ڕەوشەکە دەکات و نەخشەیەکی ژیانی سیاسیی و حیزبی لە تورکیا دەخاتەڕوو (لا: 23–41). فەسڵی چوارەم: داپلۆسین (لا: 43–56). فەسڵی پێنجەم: لە دایکبوونی پەکەکە و پارتە کوردییەکانی دیکە. باسی لە دایکبوونی پەکەکە دەکات لە ئەنقەرە ساڵی 1974 و دواتر باسی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردی دیکە دەکات تا بەر لە لە ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداری پەکەکە (لا: 57–70). فەسڵی شەشەم: هەستانەوەی پەکەکە. باسی هەستانەوەی پەکەکە و ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداری پەکەکە دەکات لە 15 ی ئابی 1984 تاوەکوو سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان (لا: 71–95). فەسڵی حەوتەم: هەژموونی سنووربڕ. باسی ڕەهەندە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکانی پرسی پەکەکە دەکات وەکو وڵاتانی دراوسێ، شوورەوی، ئەرمەنییەکان و وڵاتە یەگرتووەکانی ئەمریکا (لا: 97–122). فەسڵی**

هەشتەم: دەرئەنجام (لا: 123–128). پاشان بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (لا: 129–139).

291-Robert Olson, « The International Consequences of the Sheikh Said Rebellion », In : *Naqshbandis : cheminements et situation actuelle d'un order mystique musulman = historical developments and present situation of a Muslim mystical order,* édités par Marc Gaborieau, Alexandre Popovic et Thierry Zarcone, Istanbul : Isis, 1990, pp. 379-406.

292-Michael. M. Gutner, "Turkey and the Kurds: New Developments in 1991". In: *Journal of South Asian and Middle Eastern Affairs* 15, (Winter 1991), pp. 32- 45.

292–مایکل. م. گوتنەر، "تورکیا و کورد: پەرەسەندنێکی نوێ لە ساڵی 1991". سەرەتا نووسەر باسی سیاسەتی تورکیا دەکات لەبەرامبەر کورد پێش بە دەسەڵات گەیشتنی ئۆزال و دواتر قورسایی گەورەی وتارەکەی خستۆتە سەردەورانی ئۆزال و دەستپێشخەری و کراوانەی ئۆزال بەرامبەر بە پرسی کورد. لە دوا بەشی وتارەکەشیدا باسی کرانەوەی تورکیا دەکات بەرانبەر کوردە پەنابەرەکانی عێراق و چۆن لە دوای کۆڕەوەکەی کوردستانی عێراق نزیکەی 468000 کورد لە باکوری عێراقەوە گەیشتنە سەر سنووری تورکیا و ئەمە جگە لەوەی پێشتر لە درێژەی سەرکوتکردنەوەکانی ئەنفال 30000 کەس لە کوردەکانی عێراق پەنایان بۆ تورکیا بردبوو و دواتر باسی کێشەی کورد لە تورکیا و سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە پەکەکە دەخاتە ڕو.

293-Sheri Laizer, *Into Kurdistan : frontiers under fire,* foreword by Peter Gabriel, London : Zed, 1991, (150 p).

293–شێری لەیزەر، *بەرەو کوردستان: سنوورگەلی ژێر ئاگر.* پیتەر گابرێل پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە و دواتر هەلگا گراهام دێباجەیەکی بەناوی (کورد: پشکۆی جولانەوەی سەربەخۆیی) نووسیووە. دواتر کتێبەکە باسی کورستانی تورکیا دەکات ژیانی گوند و شار و ناوچە خۆرهەڵاتییەکانی تورکیا و دواتر باسی سەروبەندی ساڵانی کۆتایی هەشتایەکان و سەرەتای نەوەدەکان دەکات. دواتر برێك پاشکۆی کردۆتە پاشبەند وەك دەقی بەندەکانی پەیماننامەی سێڤەر (ماددەکانی62–64) بە ئینگلیزی و چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مەسعوود بارزانی کە ساڵی 1989 لە لەندەن کراوە و لەشکری سەربەخۆیی کوردستان و بنکە و ئینستوتە کوردییەکان,

294-Hamit Bozarslan , “Political Aspects of the Kurdish Problem in Contemporary Turkey”. In: P.G. Kreyenbroek & S. Sperl (dir.), *The Kurds : A contemporary Overview*, Londres et New York, Routledege, 1992, pp. 95-114.

294–حەمید بۆزئەرسلان، " ڕووە سیاسییەکانی پرسی کورد لە تورکیای هاوچەرخ دا". نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیدا پێی وایە کەوا ژیانەوەی خێرا و پڕ سوێی ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیا تەنها لە کۆتایی پەنجایەکانی سەدەی بیستەم دا بوو و ئەمەش کۆمەڵێك هۆی خۆی هەبوو: ئەزموونی تورکیا لە پلورالیزمی سیاسیی، تێکەڵاوییێك لە یادەوەری کۆلەکتیڤ و کەلەپووری شۆڕشەکان و کارتێکردنی دەستەبژێری ڕووناکبیری نوێی کورد بە بیروباوەڕی چەپڕەوی و شۆڕشی بارزانی لە عێراق دا. بە پشت بەستن بە دەرهاویشتەی پەرەسەندنەکانی دواتر لە هاوپەیمانی ئەمری واقیع (دیفاکتۆ) لە نێوان تورکیا و کوردەکانی عێراق لە دوای جەنگی کەنداو ساڵی 1991 پێشبینی دەکا بەوەی کە هیچ مەحاڵ نییە ئەنقەرە ناچار ببێ پێوەندی بە حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق بکات بۆ بێلایەنکردنی پەکەکە و دواتر باسی ئەوە دەکات کە حەقیقەتی قەبووڵکردنی پەناهەندە کوردەکان لە (تورکیا) ساڵی 1988 ئاماژەی دەستپێکی داپینانی حکومەتی تورکیا بوو بە ناسنامەی

کوردی و کێشەی کورد کە دەبێ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی دا مامەڵەی لەگەڵ دا بکات.

295- Munir Morad ,"The situation of Kurds in Iraq and Turkey: current trends and prospects". In: *The Kurds : a contemporary overview / ed. by Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl.* London; New York : Routledge, 1992, pp. 115–133.

295- مونیر موراد، ڕەوشی کوردەکانی عێراق و تورکیا: ئاڕاستە و پێشهاتەکانی ئێستە کە. بریتییە لە کێومالّکردنێکی ڕەوشی کورد لە دوای جەنگی عێراق-ئێران و باسی ڕەوشی کورد دەکات لە تورکیا و دواتر باسی کورد دەکات لە جیهانی سیاسیی و رەهەندی عەرەبی و پێوەندی تورکیا بە ئەوروپا و لەوێشەوە بە پێوەند لەگەڵ پرسی کورد و دواجاریش باسی کێشەی کوردە ڕاگوێزراوەکان دەکات و بە پلەی یەکەم باسی ڕاگوێزانەوەی کوردە فەیلییەکان دەکات بە دەستی ڕژێمی سەدام حوسێن کە زیاتر لە 130 هەزار کوردی فەیلی لە نێوان ساڵەکانی 1969-88 لە عێراق وەدەرنران.

296- Michael M. Gunter, "Foreign influences on the Kurdish insurgency in Iraq". In: *Orient (Leverkusen)* 34 (1), 1993, pp. 105-119.

297- Philip Robins, "The overlord State : Turkish State and the Kurdish issue". In: *International Affairs,* London, 69 (4), oct. 1993, pp. 657-676.

297-فیلیپ ڕۆبین، "دەوڵەتی سەرداری باڵا: دەوڵەتی تورك و پرسی كورد"، نووسەر لە وتارەکەیدا شیکردنەوەیەکی سیاسەتی دەوەرەوی تورکیا دەکات لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکێك لە فاکتۆرە گرینگەکانی پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە لە ڕوانگەی ڕەوشی کەمینە نەتەوەی کورد لە عێراق، ئێران و پێوەندیان لەگەڵ کوردەکانی تورکیا سەرچاوە دەگرێ کە نزیکەی 15% ی دانیشتوانی تورکیا پێکدەهێنن. پاشان سیاسەتی تورکیا لە مامەڵەکردن لەگەڵ پەکەکە شیدەکاتەوە و تەورێکی دیکەی گرینگی وتارەکە باسی تورکیا و تەنگژەی کەنداوە لە ئابی 1990 تاوەکوو شوباتی 1991 لەگەڵ هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت و پاشان باسی سیاسەتی تورکیا دەکات لە دوای جەنگی کەنداو (ئادار–ئابی 1991) بە پێوەند لەگەڵ پرسی پەکەکە و سیاسەتیی کوردیی ئۆزال شیدەکاتەوە.

298-David A. Korn, "The last years of Mustafa Barzani". In: *Middle East Quarterly* 1 (2), juin 1994, pp. 12-27.

299-Henri J. Barkey, "Turkey's Kurdish dilemma". In: *Survival (*London*)* 35 (4), hiv. 1993-1994, pp. 51-70.

300- Chris Kutschera, "Mad Dreams of Independence: The Kurds of Turkey and the PKK". In: *Middle East Report*, No. 189, *The Kurdish Experience*. (Jul.– Aug 1994), pp. 12-15.

301-Michael M.Gunter, *The Changing Kurdish problem in Turkey*, London, Research Institute for the Study of Conflict and Terrorism. *Conflict Studies* (270), May 1994, pp. 1-29.

301–مایکل م. گونتەر، *پرسی گۆڕدراوی کورد لە تورکیا*. بریتییە لە ژمارە (270) ی گۆواری (*Conflict Studies*) کە گونتەر پرۆفسیۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی تەکنۆلۆجی Tennessee نووسیویەتی. سەرەتا باسێکی کورتی پرسی کورد لە ئێستەی تورکیا کراوە دواتر نووسەر گەڕاوەتە سەر بنچینەی پرسی کورد لە

**دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و بە تایبەتی سەرەتای ساڵی 1920 و پاشان بە وردی باسی دەستپێشخەرییەکانی ئۆزال ، جەنگی کەنداو و یاسای ژمارە 2932 ی بەکارهێنانی زارەکیی زمانی کوردی کوردی دەکات و سیاسەتی کوردیی دیمیریل (حەقیقەتی کوردی) شیدەکاتەوە. دوای ئەوە باسی شکستی ڕیفۆرمەکان و هاتنە ناوەوەی کوردی عێراق دەکات بۆ ناو پرسەکە لە دوای جەنگی کەنداوی دووەم و ئینجا ململانێی نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا و شکستی ئاگربەسەکانی پەکەکە و ئاسۆبینینەکانی بزووتنەوەی کورد لە تورکیا دەخاتە بەرچاو.**

302- Nur Bilge Criss, The nature of PKK terrorism in Turkey. *Studies in Conflict and Terrorism* 18 (1), janv.-mars 1995, pp. 17-37.

303- James Brown, “The Turkish imbroglio : its Kurds”. In: *Annals of the Academy of Political and Social Sciences* (541), sept. 1995, pp. 116-129.

304- Stephen H. Button, Turkey struggles with Kurdish separatism. *Military Review* 75 (1), déc. 94-fév. 1995, pp. 70-83.

305- Ofra Bengio, “The challenge to the territorial integrity of Iraq”. In: *Survival* (London), 37 (2), (Summer-1995), pp. 74-94.

306- Robert W. Olson, The Kurdish question and Turkey's foreign policy, 1991-1995 : from the Gulf war to the incursion into Iraq. *Journal of South Asian and Middle Eastern Studies* 19 (1), aut.1995, pp. 1-30.

307-Hamit Bozarslan , "Kurds : States, Marginality and Security", in S. Nolutshungu (dir.), *Margin of Insecurity. The International Security of Minorities*, Univ. Of Rochester Press, 1996, pp. 99-130.

308-Hamit Bozarslan , "Political Crisis and Kurdish Issue in Turkey ", in R. Olson (dir.), *The Kurdish Nationalist Movement and Its impact on the Middle East in the 1990's*, Univ. Of Kentucky Press, 1996, pp. 135-153.

309-Hamit Bozarslan , "Turkey's Elections and the Kurds", *Middle East Report*, n°199, 1996, pp. 16-19.

**309–حەمید بۆز ئەرسلان، " هەڵبژاردنەکانی تورکیا و کورد" . لە کاتێك دا هێشتا جەنگی نێوان پەکەکە و تورکیا بەردەوامە و کورد کە ژمارەیان (15) ملیۆن کەسە لە تورکیا بۆ ماف چارەی خۆنووسین خەباتی گەریلایی دەکەن. نووسەر ئەو پرسیارە دەوروژێنێ داخۆ هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە کانوونی یەکەمی ساڵی 1995 دەبنە سۆنگەی هیچ تروسکەیەك لە پێناو چارەسەرێکی سیاسی بۆ دەرچوون لەم بنبەستەدا.**

310-Martin van Bruinessen, "Historcal background : The Kurds, Turkey and the PKK", In: *Violations of human rights in Turkish Kurdistan. Amsterdam* : Stichting Nederland-Koerdistan, 1996, pp, 1–8.

311-H. J. Barkey, "Turkey, Islamic Politics, and the Kurdish Question", In: *World Policy Journal*, Vol. 23, No. 1 (Spring) 1996, pp. 43-52.

312-Henri J. Barkey and Graham E. Fuller, "Turkey's Kurdish question: Critical turning points and missed opportunities". In *The Middle East Journal*. Vol 51, N° 1, Winter 1997, pp. 59-79.

312– هێنری ژ. بارکەی و گراهام ئی. فوولەر، "پرسی کوردی تورکیا: نوختەخاڵی یەکلاییکەرەوە و دەرفەتی لەدەست چوو". باسێکی پرسی کوردە لە تورکیا و سەرەتا باسی پەکەکە دەکات کە چۆن لەوەتای ڕاگەیاندنی شۆڕش لە ساڵی 1984–ەوە زیاتر 20000 کەس کوژراون. پاشان گەڕاونەتە سەر پاشخانی مێژوویی و باسی ساڵانی 1920–1939 دەکەن و دواتر باسی جەنگی دووەمی جیهانی و کودێتای ساڵی 1980 لە تورکیا و ناسنامەی کورد بوون دەکەن لە تورکیا و خەباتی چەکداری لە تورکیا و کێشەی نێوان پدك و ینك لە ساڵی 1996.

313-K. Kirisci & G. W. Winrow, *The Kurdish Question and Turkey: An Example of a Trans-State Ethnic Conflict*, London, Frank Cass, 1997.

314- Michael M. Gunter, *The Kurds and the Future of Turkey*, N.Y, St. Martin's Press, 1997.

315-H. J. Barkey, and Graham E. Fuller, *Turkey's Kurdish Question*, Lanham, Md.; Oxford : Rowman & Littlefield, c1998, (xix, 239 p).

316-H. J. Barkey, "The People's Democracy Party (HADEP): The Travails of a Legal Kurdish Party in Turkey", In: *Journal of Muslim Minority Affairs*, Vol. 18 Issue 1 (April-1998), pp. 129-138.

317-Turkey-Disisleri Bakanlıgı, *PKK terrorism, Ankara :* Ministry of Foreign Affairs, 1998, (46 p).

318- Abdullah Ocalan, *Declaration on the democratic solution of the Kurdish question*, London, Mesopotamian Publishers, 1999.

319-Andrew Mango, "Turks and Kurds", In: *Middle Eastern Studies*, Vol. 35, No.4 (Oct-1999), pp. 1-25.

320-Nicole F. Watts, "Allies and Enemies: Pro-Kurdish Parties in Turkish Politics, 1990-1994". In: *International* Journal *of Middle East Studies* 31:4 (November-1999), pp. 631-656.

321-Turkey. Ministry of Foreign Affairs, *Greece and PKK terrorism 2, The story of Greek support to Ocalan,* Ankara : Ministry of Foreign Affairs, 1999, (79 p).

322-Dogu Ergil,"The Kurdish Question in Turkey", In: *Journal of Democracy,* Vol. 11 Issue 3 (July-2000), pp. 122-135.

323-Dogu Ergil,"Aspects of the Kurdish problem in Turkey". In: Nn *Turkey since 1970: Politics, economics and society*, Lovatt, Debbie (Ed.), New York: Palgrave, 2000, pp. 161-194.

324-Martin van Bruinessen, "Turkey and the Kurds in the 1990's: guerilla, counter-insurgency, and emerging civil

society", In: *Kurdish ethno-nationalism versus nation-building states* : collected articles / Martin van Bruinessen. Istanbul : The Isis Press. 2000, pp. 247–276.

325-Paul J. White, *Primitive rebels or revolutionary modernizers? : the Kurdish national movement in Turkey.* London : Zed, 2000, (xii, 258 p).

326-Martin van Bruinessen, *Kurds and Identity Politics,* London, I.B. Tauris, 2001.

327-Radu Michael, " The Rise and Fall of the PKK", In: *ORBIS*, Vol. 45 Issue 1 (Winter-2001), pp. 47-63.

328-Hamit Bozarslan , « The Kurdish Question in Turkey Following 2003 Iraqi War», in A. Mohammed & M.Günther (dir.), *The Kurdish Question and the 2003 Iraq War*, Costa Mesa, Mazda, Publishers, 2005, pp. 123-135.

329-Kerim Yildiz, *The Kurds in Turkey: EU accession and human rights;* foreword by Noam Chomsky, Londres ; Ann Arbor, Mich. : Pluto Press : in association with Kurdish Human Rights Project, cop. 2005, (XXIX-182 p.)

330-Aliza Marcus, *Blood and belief : the PKK and the Kurdish fight for independence,* New York; London : New York University Press, 2007, (xii, 351 p).

## 2.4.: بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

331-Firouz-Khan Mirza, « the Death of Simko », in: *Near East and India,* London, Vol 38, N ° 1013, October 16, 1930, pp. 435-436.

332-Archie Roosevelt, Jr. «The Kurdish Republic of Mahabad ». In : *Middle East Journal.* Washington DC 1947,1 (July), pp. 247-269.

**332–ئارچی ڕۆزڤێلت، " کۆماری کوردیی مەهاباد". لەم وتارەدا ڕۆزڤێلت زۆر بە وردی سەرەتا باسی دروستبوونی کۆمەڵەی ژێ.کاف، هاتنی سوپای سوور بۆ ناوچەکە و پاشان باس لە دروستبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) دەکات و ئەوجا باسی ڕاگەیاندیی کۆماری میللی مەهاباد و کەسایەتیی قازی دەکات و بەڕێزەوە وەسپی زیرەکی، شایستەیی و بەتوانایی قازی محەمەد دەگێڕێتەوە. زیاد لەوە باسی پێوەندی کۆمار لەگەڵ تەورێز و تاران و دواینجاریش گەڕانەوی سوپای ئێران بۆناوچەکە و ڕوخانی کۆماری مەهاباد دەکات. شایانی گوتنە ڕۆزڤێلت خۆی ئەتاشەی سەربازیی ئەمریکی بووە لە بالوێزخانە ئەمریکا لە تاران (ئاداری 1946–ژانڤییەی 1947). بۆخۆی لە دەورانی شکۆی کۆمار دا سەری مەهاباد و ناوچەی داوە.**

333-William Eagleton.jr, *The kurdish Republic of 1946,* London [usw.]: Oxford Univ. Pr., 1963, (XIV, 142 p).

**333–ولیام ئیگلتۆن، *کۆماری کوردیی ساڵی 1946*. ئێگلتۆن دیپلۆمات و بالوێزی ئەمریکا لە ساڵی 1954–ەوە لەناوچەکە جێگیر بووە و زمانی عەرەبی زانیووە و**

چەندین جار سەردانی ناوچەکەی کردووە. یەکێکە لەو سەرچاوە گرینگانەی کە لەبارەی کۆماری کوردستان نووسراوە. لە پێشەکی کتێبەکەیدا نووسەر باسی ئەوە دەکات وەختایەك کۆمار ڕووخا، ئەو کوردانەی کە بەشدارییان لە کۆمار دا کردبوو هەموو ئەو دەکۆمێنت و بەڵگەنامانەی کە تایبەت بوو بە بەشداربوونی خۆیان لە کۆماردا لەناویان برد"..." سەرچاوە ڕەسمییەکانی ئێرانیش هەرگیز مەیلی ئەوەی نەبووە ئەم بیرەوەرییە تالانە بپارێزێ...." (لا: پێنج ). نووسەر زۆربەی زانیارییەکانی لە خەڵکی بەشداربووی کۆمار و گەڕان و سورانەکانی خۆیدا بە ناوچەکە کۆکردوونەتەوە و لەگەڵ بەشداربووەکانی کۆمار لە هەردوو دیوی کوردستان چاوپێکەوتن و بەدواداچوونی کردووە. کتێبەکە دابەشی سەر (17) فەسڵ کراوە. فەسڵ یەکەم: مێژوو. زیاتر گەڕانەوەیەکی مێژووییە بۆ بەر لە مێژووی سەدەی نۆزدەهەم و دواتر باسی سەدەی نۆزدەهەم، جەنگی یەکەمی جیهانی و دەورانی نێوان هەردوو جەنگی مێژووی کوردستان باسدەکات (لا:1 - 13). فەسڵی دووەم: جەنگی جیهانیی دووەم. باسی پێوەندییەکانی ڕووس و کورد و یەکەمین سەفەر دەکات بۆ باکۆ (لا:14-24 ). فەسڵی سێیەم: مەهاباد. باسی شاری مەهاباد، دانیشتوان و کەمینە نەتەوەکان و قازی محەمەد دەکات (لا: 25-32 ). فەسڵی چوارەم: کۆمەلە. تەرخانی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ك و پێوەندییەکانی نێوان ئازەربایجان و کوردستان دەکات (لا: 33-42 ). فەسڵی پێنجەم: دووەمین وەفد بۆ باکۆ (لا: 43-46 ) . فەسڵی شەشەم: بارزانییەکان (لا: 47-55). فەسڵی حەوتەم: خۆئامادەکردن بۆ ڕاگەیاندنی کۆمار (لا:56-61 ). فەسڵی هەشتەم: ڕاگەیاندنی کۆمار (لا: 62-71). پاشان لە فەسڵەکانی: 9، 10، 11، 12، 13 یەك لە دوای یەك باسی ڕووداوەکانی مانگەکانی: ئازار، نیسان، ئایار، حوزەیران و تەمموز دەگێڕێتەوە. (لا: 72-105). فەسڵی چواردەهەم: دابڕان. باسی کۆبوونەوە لە تاران و بڕیاری ئێران باسدەکات (لا: 106-110 ). فەسڵی پانزەهەم: کۆتایی. باسی ڕوخانی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان و گرتن و رەوشی دوای ڕوخانی کۆمار باسدەکات (لا:111-118). فەسڵی شانەهەم: ئەنجامەکان (لا: 119-129 ) و فەسڵی دوایی: پاشبار (لا: 130-132 ). کتێبەکە چەند پاشکۆیەکی لەگەڵە وەك:

1: ناوی ئەندامانی یەکەمین وەفدی کوردیی بۆ باکۆ (لا: 133).، 2- دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ك (لا: 133).، 3- ناوی ئەندامانی دووەمین وەفدی کوردی بۆ باکۆ (لا: 133).، 4-ناوی ئەندامانی کابینەی کۆمار (لا: 134) و چەند پاشکۆی دیکە و هەروەها کۆمەڵێك نەخشەی کۆمار و کوردستان.

334-Taufiq Wahby, Review of « The Kurdish Republic of 1946 : by William Eagleton, Jr ». In: *Kurdistan / published by the Kurdish Students' Society in Europe (K.S.S.E.)* = Komeley Xwêndikaranî Kurd le Ewropa. London : Kurdish Students' Society in Europe, 9–10.1965 (July), pp. 33.

335-Farideh Koohi-Kamali Dehkordi, *The Republic of Kurdistan: Its Rise and Fall,* St. Antony's College, Oxford, 1986, (117 p).

335-فەریدە کووهی-کەمالی دەهکوردی، *کۆماری کوردستان: سەرهەڵدان و ڕووخانی*. بریتییە لە ماستەرنامە لە بواری فەلسەفەی مۆدێرنی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست و نامەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی, کەمێك باسی ئامانجی نووسینەکە و بڕێك لەو سەرچاوانە دەکات کە لەو بارێوە نووسیویانە ( یەك-چوار), دوای ئەوە نامەکە دابەشی سەر (6) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: زانیاری گشتی دەربارەی جوگرافیا، فەرهەنگ، ئابووری کوردستان و کوردەکانی ئێران و هۆزە سەرەکیەکانی کوردستانی ئێران و باسێکی شاری مەهاباد یش دەکات (لا: 1-18). فەسڵی دووەم سەرەتای بزووتنەوە لە کوردستانی ئێران دا, باسێکی پشێوی دەکات لە ڕەزاییە و یەکەمین سەفەری بۆ باکۆ و کۆمەڵەی ژ.ك (لا: 19-36). فەسڵی سێیەم: پرسی کورد و هێزە گەورەکان. باسێکی سیاسەتی شورەوی و بریتانیا دەکات لە کوردستان و پێوەندی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی (لا: 37-49). فەسڵی چوارەم: ئامادەسازی سیاسیی. باسێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان: دووەم سەفەر بۆ باکۆ،

بارزانییەکان و پاشخانی پێوەندییەکانی کورد و ئازەری (لا: 62–92). فەسڵی شەشەم: ڕوخانی کۆمار. کشانی سوپای ئێرانی بەرەو تەبرێز و مەهاباد. ڕوخانی کۆماری کوردستان و ڕەوشی بارزانییەکان 9لا: 93–106). دەرئەنجام: بۆچی کۆمار ڕوخا؟ (لا: 107–117). بیبلیۆگرافیا (لا: 120–122).

336-Abdul Rahman Ghassemlou : *man of peace and dialogue.* English translation Finjan, Paris, AFK, 1989, (89 p).

336–حیزبی دیموکراتی ئێران، ***عەبدولڕەحمان قاسملوو: پیاوی ئاشتی و دیالۆگ.*** ئەم کتێبە بریتییە لە (7) فەسڵ و بۆ بەرز ڕاگرتنی ناو و خەباتی قاسملۆ نووسراوە. فەسڵی یەکەم: ژیان و مەرگی عەبدولڕەحمان قاسملۆ (لا: 9–26). فەسڵی دووەم: ڕێزلێنان. بریتییە لەو وتارانەی کە لەمەراسیمی ناشتنی قاسملۆ لە گۆڕستانی پێر لاشێز لە ڕۆژی 20 ی تەمموزی 1989 خوێندرانەوە. لەوانە وتەی بێرنار کۆشنەر، تۆماس هامەربێگ و پاتریك بۆدوین (لا: 27–48). فەسڵی سێیەم: کوردستان (1979 تا 1989). بریتییە لە کرۆنۆلۆژیا ڕووداوە گرینگەکان (لا: 49–55). فەسڵی چوارەم و پێنجەم: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دوای جەنگی عێراق–ئێران, بریتییە لە نامە و هەنگاوە دیپلۆماتیەکانی قاسملۆ دوای ڕاگرتنی جەنگی عێراق–ئێران و ئاشکراکردنی ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی کورد دەبنەوە (لا: 57–74). فەسڵی شەشەم : بە دواداچوون لە کوردستانی ئێرانەوە. لەبارەی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و لە کورستان (لا: 75–83). فەسڵی حەوتەم: پزیشکێکی فرەنسی بیرەوەری خۆی دەگێڕێتەوە. بریتییە لە بیرەوەرییەکانی دوکتۆر بێرنار گرانژۆن، جێگری سەرۆکی پزیشکانی جیهان (لا: 85–89)

337-Borhanedin A. Yassin, *Vision or reality? : the Kurds in the policy of the great powers, 1941-1947,* Lund, Sweden : Lund University Press; Bromley, Kent : Chartwell-Bratt,1995, (246 p).

337–بورهانەددین ئا. یاسین. *خەوبینین یان حەقیقەت؟ کورد لە سیاسەتی هێزە گەورەکان دا 1941–1947.* بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی 1995 پێشکەش بە زانکۆی لوند کراوە لە سوێد. کارنامەکە بریتییە لە (9) فەسڵ. فەسڵی یەکەم: پێشەکی. بریتییە لە فەسڵێکی پێشبار و زیاتر باسی چوارچێوە و ئامانجی باسەکە و هەروەها ئەو تیۆر و میتۆدە کراوە کە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر هەڵچنیووە و بەتایبەتیش تیۆرییەکانی دروستبوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزم و جگە لەوە بەسەر ئەو باسانەشدا هاتۆتەوە کە پێش ئەم لێکۆڵینەوەیە بڵاوکراونەتەوە (لا: 15–34). فەسڵی دووەم: کورد: پێشینەیەکی گشتیی. بریتییە لە باسێکی گشتیی مێژووی کورد هەر لە دەورانی کۆن و دیالێکتەکانی زمانی کوردی و شوێنی کورد لە ناوچەکە و دواتر باسی کورد دەکات لە دەورانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ناسیۆنالیزمی کورد و بە ڕوویێکی زۆر تایبەتیش باسی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەکات لە دەورانی دووەمی مەشرووتەوە تاوەکوو ساڵانی دوای یەکلاییکردنەوەی کێشەی مووسڵ (لا: 35–52). فەسڵی سێیەم: کورد لە ئێران تا ساڵی 1941. ئەم فەسڵە تەرخانکراوە بۆ مێژووی کوردەکانی ئێران لە پێش داگیرکردنەکانی ڕووسیا و بریتانیا بۆ ئێران و بە ڕوویێکی تایبەتیش لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ساڵانی دوای جەگی یەکەمی جیهانی دەستپێدەکات. دواتر باسی داگیرکردنی بریتانیا و ڕووسیا، چالاکی ئەڵمانەکان لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیی و ڕەوشی کوردستانی ئێران لە ساڵانی جەنگی دووەمدا باسدەکات(لا: 53–74). فەسڵی چوارەم: هێزە گەورەکان و کورد، قۆناغی یەکەم 1941–1943. ئەم فەسڵە زیاتر تەرخانی سیاسەتی کوردی ڕووسیا و بریتانیا کراوە لە ئێران و پێوەندیی کورد وەك نەتەوەیەکی (بێدەوڵەت) لەگەڵ ئەو هێزانە خراوەنەتە ڕوو (لا: 75–99). فەسڵی پێنجەم: هێزە گەورەکان و کورد، قۆناغی دووەم 1944–1945. لەم فەسڵەدا باسی بنەمایەکانی جەنگی سارد و ئەو هاوکێشە و قالبانەی کە جەنگی ناوبراو بەسەر بزووتنەوەی کوردی دا سەپاند، تەنگژەی نەوتیی نێوان ئێران و ڕووسیا و سیاسەتی کوردیی یەکێتی شورەوی و هەروەها پێوەندیی نێوان (کورد–

دەسەڵاتی مەرکەزی و هێزە گەورەکان شیکراونەتەوە (لا: 100–118). فەسڵی شەشەم: پرسی کورد لە عێراق لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی دا. وەك چۆن پرسی کورد لە عێراق پێوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە بزوتنەوەی کورد لە ئێران دا هەیە، بۆیە نووسەر لەم فەسڵەدا بە تایبەتی گەڕاوەتەوە سەر خەباتی کوردستانی عێراق و باسی ڕەوشی بزووتنەوەی کورد لە ساڵەکانی بەر لە جەنگی دووەمی جیهانیی و ساڵەکانی جەنگ دەکات و لەم بەستێنەدا باسی ڕاپەڕینی مەلا موستەفا بارزانی 1943–1945، مفاوەزاتەکانی بارزانی، نیگەرانییەکانی ئەمریکا و سیاسەتی کوردیی "خۆپاریزانەی" بریتانیا و دوایین هەوڵەکانی ژێنێراڵ شەریف پاشای خەندان دەکات بۆ وەدەستخستنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق (لا: 119–142). فەسڵی حەوتەم: کۆماری میلیی کوردستان ساڵی 1946. لەم فەسڵەدا بەدووردرێژی باسی هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی کۆمار، شێوەکانی ڕێکخستنی سیاسیی، پێوەندیی لەگەڵ شورەوی، دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆی ئازەربایجان، دامەزراندنی کۆماری میلیی کوردستان و پێوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و سیاسەتی هێزە گەورەکان بەرامبەر بە کۆمار باسدەکات (لا: 143–185). فەسڵی هەشتەم: لەناوچوونی کۆمار. باسی هۆکارە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان (ئێرانییەکان–نێودەوڵەتییەکان) لە ڕووخانی کۆمار دەخاتە ڕوو. (لا: 186–219). فەسڵی نۆیەم: دەرئەنجامەکان. تەرخانکراوە بۆ ئەو ئەنجام و ئاسۆبینانەی کە نووسەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا پێیان گەیشتووە (لا: 220–229). دواجار بیبلیۆگرافیا (لا: 230–242).

338-Nader Entessar, «The Impact of the Iraq war on the future of the Kurds in Iran», In : *The kurdish question and the 2003 Iraki war.* Edited by Mohammed M.A. Ahmed and Michael M. Gunter. 2000, pp. 174-191.

339-Farideh Koohi-Kamali, *The political development of the Kurds in Iran: pastoral nationalism,* Basingstoke : Palgrave Macmillan, 2003, (XV-248 p).

339-فەریدە کۆهی-کەمالی، *پەرەسەندنی سیاسیی کوردەکانی ئێران: ناسیۆنالیزمی شوانکارە*. ئەم کتێبە لە بنەواندا بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی 1995 پێشکەش بە زانکۆی Oxford کراوە[15]. کتێبەکە بریتییە لە پێشەکی (لا: 1–24). فەسڵی یەکەم: کورد و کوردستان (لا: 24–43). ئەم فەسڵە بریتییە لە کورتە باسێکی مێژوویی نیشتمانی کورد و کوردەکانی ئێران. فەسڵی دووەم: سیاسەتی ئابووری کوردەکانی عەشیرەتگەرا (لا: 44–65). لەم فەسڵە باسی ڕەوشی ئابووریی کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەم، نیشتەجێکردنی خێڵەکان، باری ئابووری و نیشتەجێکردنی هۆزە کوردەکانی ئێران و جیاوازی و گروپگەلی نوێ لە کۆمەڵگەی کوردی دا دەخاتە بەرچاو. فەسڵی سێیەم: ناسیۆنالیم یان عەشیرەتگەری؟ شۆڕشی سمکۆ (لا: 66–88). تەرخانی پێوەندی نێوان خێڵ و پەرەئەستاندنی عەشیرەتگەری کورد کراوە لە سەدەی نۆزدەهەم و لەم بەستێنەشدا هاوکات باسی دانیشتوانە خێڵەکی و ناخێڵەکییەکان و وەدیارکەوتنی پان-ئیسلامیزم و ناسیۆنالیزم دەکات لە ناوچەکە. هاوکات باسی شۆڕشی سمکۆ، هۆیەکان و ئامانجەکانی سمکۆ و سنووری دەسەڵاتەکانی سمکۆ دەکات وەك سەرکردەیەکی ناسیۆنالیست. فەسڵی چوارەم: کۆماری کوردیی مەهاباد (لا: 89–125). فەسڵی پێنجەم: سیاسەتیی ئابووریی ناسیۆنالیزمی کورد (لا: 126–164). فەسڵی شەشەم: کوردستان لە کۆماری 1946 بۆ ساڵی 1979 ی شۆڕش و کۆماری ئیسلامی (لا: 165–196). ئەم فەسڵە تەرخانی ڕەوشی کوردستانی ئێران کراوە لە نێوان ڕوخانی کۆماری مەهابادەوە تا شۆڕشی ئێران. دەرئەنجام (لا: 197–209).

---

[15] Cf. Farideh Koohi-Kamali Dehkordi, *Economic and social bases of Kurdish nationalism in Iran.* Thesis (D.Phil.)–University of Oxford, 1995, iv, 274 leaves

پاشبار: ڕەوشی کوردەکنی ئێران و وڵاتانی هاوسێ 2002( لا: 210–220).
پەراوێزەکان (لا: 221–236)، بیبلیۆگرافیا (237–244).

340-Kerim Yildiz & Tanyel B. Taysi, *The Kurds in Iran: the past, present and future,* London ; Ann Arbor, Mich., Ed. Pluto Press : In association with Kurdish Human Rights Project, 2007, (IX-134 p).

## 3.4: بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی خواروو

341- I.G.A. Johnson, «The Kurds of Iraq». In: *Geog. Magazine,* X 1939, pp. 382-393; XI, 1940, pp. 50-59.

342-Cecil John Edmonds , The Kurds of Iraq, In: *The Middle East journal* / The Middle East Institute. Washington, DC : Inst. 11.1957,1, pp. 52–62.

343-Cecil John Edmonds ,The Kurds and the revolution in Iraq, In: *The Middle East journal* / The Middle East Institute. Washington, DC : Inst. 13.1959, 1 (winter), pp. 1–10.

343–س.ژ. ئیدمۆندز، " کورد و شۆڕش لە عێراق دا". کوردەکان بەو پێیەی موسڵمانن بێگومان لەگەڵ عەرەبەکان ڕقیان لە جێنشینبوونی جوولەکە دەبێتەوە لە فەلەستین، بەڵام لەگەڵ یەکێتی عەرەبی دا هاوسۆز نین. ڕۆژنامەنووسیی کوردی کە لە ئێستەیدا ستایشی شۆڕشی 14 ی تەمموزی 1958 دەکات لە عێراق و گەڕانەوەی مەلا موستەفا خەیاڵی میللی کوردی داگیرکردووە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بیرکردنەوەیەك لەبارەی کاروباری کورد لە عێراق دا لە ئارادا نییە. زۆربەی گەنجە–

کوردەکان پێشوازی لە حکومەتی قاسم دەکەن کە لایەنگیری شورەوەییە و هیوادەخوازن کە وەزعیان لەژێر حوکمڕانی ئەودا باشتر بێت.

344-Dana Adams Schmidt, *Journey among brave men*.. With a foreword by William O. Douglas, Boston, Little, Brown 1964, (xiv, 298 p).

344-دانا ئادەم شمیدت، ***گەشتێك بۆناو پیاوە ئازایەکان.*** ئەم کتێبە لە لایەن ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی نووسراوە کە چەند گەشتێکی "بەودیووی هێڵەکانی جەنگ"ی کردووە بۆ چاوپێکەوتنی مەلا موستەفا و سەرۆکە کوردەکانی دیکە. شمیدت لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز کاردەکات و یەکەم سەردانی لە ئابی 1962 و دووەم جاریش ساڵی 1963 سەردانی مەلا موستەفای کردووە. نووسەر باسی ئاستەنگەکانی گەشتەکەی خۆی دەکات بۆ کوردستان و جێهێشتنی کوردستان و هەڵسەنگاندنێکی موستەفا بارزانی و سەرکردەکانی دیکە دەکات و بارزانی وەکو پاڵەوانێکی میللیی، ئەفسانەیی باسدەکات کە توانیویە کوردستان یەکبخات و سیاسەتوان و ستراتیژێکی عەسکەری کارامە و کەسێکی سەرڕاستە و گەرچی ماوەیەکی زۆر لە یەکێتی شوورەوی دا ژیاوە بەڵام مەیلی بیروباوەڕی کۆمەنیستی نییە. نووسەر باسی ئەوە دەکات کەوا ئامانجی کورد ئۆتۆنۆمی ناوەخۆییە لە چوارچێوەی عێراق دا بە جۆرێك کەوا کاوباری ئابووری، بەڕێوەبردن و کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە لایەن کوردەکانەوە بەرێوەببردرێ و دواجار بەو ئەنجامە دەگات کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە خواستەکانی کورد بکات کە داخوازیەکانی ڕەوان بەوەی فشارێکی میانەڕۆ (معتدل) بخاتە سەر بەغدا بۆ ئەوەی بچێتە سەر ڕاستە ڕێگە و تورکیا و ئێران یش دڵنیابکرێنەوە لە بارەی پابەندبونی ئێمە بە پەیمانی سەنتۆ، دەنا بە پێچەوانەوەی ئەمە کوردەکان بێهیوا دەبن و نا ئەقلانی و ترسناك دەبن.

345-David Adamson, *The Kurdish war*, New York; Washington : Praeger, 1965, (215 p).

**345– داڤید ئادمسون، *جەنگەکانی کورد*. بریتییە لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسیی کە لەسەر داوا و خوایشتی ڕۆژنامەی "لەندەن سەندای تەلێگراف[16]" نووسراوە و باسی گەشتەکەی خۆی دەکات بۆ کوردستان لە پاییزی 1962 و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ موستەفا بارزانی سەرکردە کوردەکانی دیکەی عێراق. کتێبەکە هاوکات تۆماری چەندین لایەنی هێرشە سەربازییەکان و دیپلۆماسییەکان و چەند لایەنێکی هەمەچشنەی پاشخانی مێژوویی و کولتووری کورد ڕووندەکاتەوە.**

346-Ismet Cheriff Vanly, *The revolution of Iraki Kurdistan*[17], Lausanne, Published by the Committee for the Defense of the Kurdish People's Rights, Part I (From september 1961 to April 1965), April 1965, (58 p)

347-Dana Adamas Schmidt, « Recent Developments in the Kurdistan War », in : *Journal of the Royal Centrai Asian Society*, Vol LIII, February, 1966, Part I, pp. 23-31.

**347– دانا ئادەم شمیدت، " پەرەسەندنە نوێیەکان لە شەڕەکانی کوردی دا". دەقی ئەو موحازەرەیە کە لە لایەن نووسەرەکەیەوە ڕۆژی 9 ی تشرینی دووەمی 1965 لە بارەگای کۆمەڵەی شاهانەی کاروباری ئاسیای ناوەڕاست خوێندرایەوە. باسەکە گفتوگۆ لەسەر پەرەسەندنەکانی عەسکەری دەکات و ئاماژە بە هێزی کورد و بەرەو**

---

[16] *London Sunday Telegraph*

[17] Reviewed in: *The Kurdish Journal*, June 1965, p.21

پێشوەچوونی سیاسیی و هەوڵ و کۆششەکانی سەرۆك وەزیران عەبدولڕەحمان بەزاز دەکات لە بێبەریکردنی کورد لە پشتگیری ئێران و میسر.

348-Cecil John Edmonds, "The Kurdish war in Iraq: A plan for peace," In: *JRCAS*, Vol. LIV, pt. 1, 1967, pp. 10-23.

348–س.ژ. ئیدمۆندز، " جەنگی کورد لە عێراق: پلانێك لە پێناو ئاشتی دا". بریتییە لەو موحازەرەیەی کە لە 25 ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1966 لە بارەگای کۆمەڵەی شاهانەی کاروباری ئاسیای ناوەڕاست خوێندرایەوە. وتارەکە وەسفی کێشەی نێوان کورد و حکومەتی عێراق دەکات و هەموو چەشنە چارەسەرییەکان دەخاتە ڕوو کە هەردوو لا خستویانەتە ڕوو و پاشان پێشنیاری تایبەتی خۆی لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەکە دەخاتە ڕوو.

349-Cecil John Edmonds, "The Kurdish war in Iraq: The constitutional background," In: *The World Today*, Vol. 24, No. 12, December1968, pp. 512-20.

350-Edgar O'Ballance, *The Kurdish Revolt, 1961-1970*, Hamden, Connecticut, Archon Books, 1973, (196 p).

350–ئێدگار ئۆبالانس، *شۆڕشی کورد 1961–1970*. ئەم کتێبەی مێجەر ئۆبالانس تەرخانی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق کراوە. کتێبەکە بریتییە لە بەرایی و (9) فەسڵ. بەرایی (لا: 11–13). فەسڵی یەکەم: کوردەکان. چاوپێداخشانێکی مێژوویی کە دەوازەیەکی ڕێگەخۆشکەرە بۆ چوونە ناو باسەکە و باسی مێژووی کورد دەکات هەر لە دەورانی ئیسلامەتی، کوردستان لە دوای پەیماننامەی زەهاوی 1639، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، سوارەی حەمیدییە و ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و بزووتنەوی کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە هەر یەکە لە

عێراق، تورکیا و ئێران دا (لا: 15–37). فەسڵی دووەم: سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد. باسی ڕەوشی کوردستان لە ساڵانی سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی و دامەزراندن و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد دەکات و دواین جار باسی کاروانەکەی بارزانی دەکات بۆ شورەوی (لا: 38–56). فەسڵی سێیەم: نوێبوونەوەی ناسیۆنالیزمی کورد. باسی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەکات لە دوای قۆناغی ڕوخانی کۆماری مەهاباد و گەڕانەوەی بارزانی بۆ کوردستان و باسی پێوەندی نێوان بارزانی و قاسم دەکات (لا: 57–73). فەسڵی چوارەم: شۆڕش دەستپێدەکاتەوە. باسی یەکەمین قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول دەکات لە سێپتامبەری 1961 تا ماوەی گفتوگۆی شوباتی 1963 (لا: 74–98). فەسڵی پێنجەم تا فەسڵی حەوتەم. یەك لە دوای یەك بریتییە لە قۆناغەکانی هێرشی شۆڕشی ئەیلوول تا بەهاری ساڵی 1967 (لا: 99–145). فەسڵی هەشتەم: هێرشە ناسەرکەوتووەکانی کۆتایی. کە لە سەرتای ساڵی 1968 یدەستپێدەکات و تا پەیماننامەی ئاداری 1970 باسدەکات (لا: 146–163). فەسڵی نۆیەم: ڕوانینێك بۆ ڕابوودوو و ئاسۆبینییێك بۆ سبەینێ (لا: 164–178). لە بەشی پاشکۆیەکاندا دوو پاشکۆ کراونەتە پاشبەندی کتێبەکە. یەکەمیان: پرۆگرامی ئاشتی 12 خاڵ لەگەڵ کورد دا. بریتییە لەو ڕێکەوتنامەی ئاشتی کە سەرۆك وەزیرانی عێراق عەبدولڕەحمان بەزاز لە 29 ی حوزەیرانی 1966 لەگەڵ بارزانی مۆری کرد (لا:179–180) و دووەمیان کورتەی کرۆنۆلۆژیای بابەتەکانی ناو کتێبەکە (لا:181–189).

351-D. A. Schmidt, "The Kurdish insurgency". In: *Strategic Review* 2 (3), (Summer-1974), pp. 51-58.

352-Ḥizb al-Dīmuqratî-Kurdistānī-Information Dept, *On the Kurdish question at the United Nations*, Know the Kurds series; no. 2, Information Dept. Of the Kurdistan Democratic Party, 1974, (IV, 94 p).

353-Edmund Ghareeb, *The Kurdish Question in Iraq*, Syracuse, NY, Syracuse University Press, 1981, (X, 223 p).

353–ئیدمۆند غەریب، *پرسی کورد لە عێراق دا*. ئەم کتێبە لە بنەوان دا بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی 1979 پێشکەش بە زانکۆی Georgetwn کراوە. غەریب لەم کتێبەدا لە مێژووی پرسی کورد لە ئێران، تورکیا دەکۆڵێتەوە و پاشان قورسایی باسەکەی دەخاتە سەر کوردەکانی عێراق و ئاماژە بە هەوڵەکانی حکومەتی بەعس دەکات هەر لە ساڵی 1968–ەوە بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی سیاسیی لەگەڵ کوردەکان لەبارەی وەزعی کورد لە باکووری عێراق دا. سەرنەکەوتنی مفاوەزەتەکان بە قسەی نووسەر بەشداری کرد لە (یاخیبوونێکی) چەکدارانەی کوردی بەرفراوان کە ئێران و ئەمریکا و ئیسرایل بە نهێنی یارمەتیان دەدا. غەریب بە پشت بەستن بەو زانیاریانەی کە لە چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی نەیار و لایەنگیرەکانی بەعس دا کردوویە لەوانە مەلا موستەفا بارزانی بە وردی هەڵوێستی سەرکردە بەعسییەکان و کورد و ئەو هۆکارانە باس دەکات کە بوونە هۆی هەرەسهێنانی مفاوەزاتەکانی نێوانیان و پاشان لە دوایین جار دا هەرەسهێنانی یاخیبوونی کورد. سترەکتووری دابەشکردنی کتێبەکە بەمشێوەیە. بەرایی (لا: نۆ–دە). فەسڵی یەکەم: بنچینەی پرسی کورد لە عێراق (لا: 1–28). فەسڵی دووەم: پرسی کوردی عێراق بەر لە بە دەسەڵات گەیشتنی حیزبی بەعس (لا: 29–44). فەسڵی سێیەم: حیزبی بەعس لە دروستبوونییەوە تاوەکو ساڵی 1963 (لا: 45–69). فەسڵی چوارەم: بەعس و پرسی کورد 1968–70 (لا: 71–86). فەسڵی پێنجەم: بەیاننامەی یانزەی ئاداری 1970: پیادەکردن و ئەنجامەکانی (لا: 87–103). فەسڵی شەشەم: تێکچوونی پێوەندییەکانی نێوان بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان (لا: 105–129). فەسڵی حەوتەم: کاروباری ناوەخۆ (لا: 131–146). فەسڵی هەشتەم: ئۆتۆنۆمی و تێهەڵچوونەوەی شەڕ (لا: 147–185). دەرئەنجام (لا: 187–193) پەراوێزەکان (لا: 195–218).

354- Saad Jawad, *Iraq and the Kurdish Question 1958-1970*, London, Ithaca Press, 1981, (337 p).

354-سەعد جەواد، *عێراق و مەسەلەی کورد 1958-1970*. ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتە بە پرسی کورد لە کوردستانی عێراق لە شۆڕشی تەمووزی 1958 تاوەکوو ساڵی 1970 و لە بنەواندا بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی 1977 پێشکەش بە زانکۆی University College of Wales at Aberystwyth ی کردووە. کتێبەکە بەمشێوە دابەشکراوە. فەسڵی یەکەم: پێشەکی: مێژووی کوردستانی عێراق تاوەکوو ساڵی 1958. لەم پێشەکیەدا کە زیاتر دەروازەی کتێبەکەیە نووسەر زۆر بە کورتی باسی بنچینەی کورد و شوێن و دابەشبوونی کوردستان لەناوچەکە دەکات و دواتر قۆناغەکانی بزووتنەوەی کورد بۆ دوو قۆناغی سەرەکی دابەش دەکات. قۆناغی یەکەم: 1826-1931 و قۆناغی دووەم 1931-1958 و بە تایبەتیش گرینگی بە قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی داوە (لا: 1-35).، فەسڵی دووەم: شۆڕشی عێراق و ئەنجامەکانی 1958-1959 . لەم فەسڵەدا باسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لە پێش شۆڕش و دوای شۆڕش و گەڕانەوەی بارزانی و لاباڵەکانی ناو پارتی (باڵی برایم ئەحمەد و سەرکردایەتی بارزانی) باسدەکات. (لا: 36-62).، فەسڵی سێیەم: قاسم و کورد: لە شەڕی ساردەوە بۆ دوژمنایەتی ئاشکرا 1960-1963. باسی سەرەتایەکانی ناکۆکی نێوان قاسم و کورد، سەرتایەکانی شۆڕشی ئەیلوول و یەکەمین هەنگاوەکانی شۆڕش و ئامانجەکانی شۆڕشی کورد دەکات (لا: 63-106). فەسڵی چوارەم: ڕوخانی قاسم و دووەمین کۆمار 1962-1963. لەم فەسڵەدا بە جۆرێکی سەرەکی باسی کەش و هەوای سیاسیی لە سەروبەندی ڕوخانی حکومەتی قاسم و زۆر بە وردیش باسی کودەتای 8 ی شوباتی ئیئتیلافی ناسری و بەعسییەکان دەکات کە بە (شۆڕشی ڕەمەزان) ناسراوە (لا: 107-129).، فەسڵی پێنجەم: هەوڵدانەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد. باسی ئەو هەولانە دەکات دوای بەدەسەلات گرتنی شۆڕشی رەمەزان کە لە شوبات تا ئایاری 1963 نران بۆ چارەسەرکردنی کێشەی

کورد بەڵام وا دیارە ڕەوتی مفاوزاتەکان لەگەڵ داواکردنی کەرکووك ئیدی لەبەر یەکهەڵدەوشێتەوە و بە هیچ ئاکامێك ناکات (لا: 130–152).، فەسڵی شەشەم: ڕژێمی عەبدولسەلام عارف و کێشەی کورد. لەم فەسەلە زیاتر باسی ناکۆیەکانی ناو پارتی و ئینشقاقی ناو بزووتنەوەی کوردایەتی دەکات (لا: 153–190).، فەسڵی حەوتەم: کورد لە دەورانی ڕژێمی عەبدولڕەحمان عارف دا: نیسانی 1966 تا تەمووزی 1968 (لا: 191–221).، فەسڵی هەشتەم: حیزبی بەعس و گرفتی کورد (لا: 222–276).، فەسڵی نۆیەم: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی و بزووتنەوەی نیشتیمانی کورد (لا: 277–320). فەسڵی دەیەم: دەرئەنجام (لا: 321–337). لە پاشکۆی کتێبەکەشدا پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوکراوەتەوە (لا: 338–349). چاوپێکەوتن و سەرچاوەکان (لا: 350–370).

355-A. Sherzad, "The Kurdish movement in Iraq: 1975-1988". In: *The Kurds : a contemporary overview / ed. by Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl.* London; New York : Routledge, 1992, pp. 134-142.

355–ئا. شێرزاد، بزووتنەوەی کورد لە عێراق 1975–88. باسێکی کورتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەکات لە کوردستانی عێراق و پاشان گەڕانەوەیەکی کورت بۆ بڕیارنامەی لکاندنی کوردستانی خواروو بە عێراق و باسە سەرکیەکە بریتییە لە خەباتی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی 1976 تا 1988. لە ساڵی 1976 بزووتنەوەیەکی گەریلایی هەبوو بەڵام شەڕی عێراق–ئێران وایکرد بەشێکی کوردستان بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەی کوردەوە. پاشان باسی لاباڵە سەرەکیەکانی بزووتنەوەی چەکداری کورد دەکات و هەردوو پارتی سەرەکی پدك و ینك ژمارەی 10000 پێشمەرگەیان هەبووە و هەر یەکە و 5000 پێشمەرگە و هەرچی پارتە ئیسلامییەکان بوو لە نێوان 800 تا 1000 پێشمەرگەیان هەبووە و دواتر باسی ڕەهەندە ناوچەییەکانی پرسی کورد دەکات لە کوردستانی عێراق دا.

356-Middle East Watch, *The Anfal campaign in Iraqi Kurdistan : the destruction of Koreme...oral testimony and physical forensic evidence*, New York : Human Rights Watch, 1993, (116 p).

356–میدل ئیست ویچ)، ***شاڵاوی ئەنفال لە کوردستانی عێراق: وێرانکردنی کوریمی...گەوهیدانی زارەکی و پسپۆری پزیشکی دادوەری***. بریتییە لە ڕاپۆرتی گروپێکی ڕێکخراوی (میدل ئیست ویچ) بەشی چاوەدێریکردنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە نێوان 26 ی ئایار تاوەکوو 22 ی حوزەیرانی 1992 سەردانی کوردستانی عێراق یان کردووە و لە نزیکەوە تەنها باسی گوندێك لە گوندەکانی کوردستانی عێراق دەکەن کە لە ئابی 1988 بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت ئەویش گوندی (کوریمی)یە. گوندی کوریمی کە دەکەوێتە دوڵێکی بچوکی زنجیرەی چیای پێشەوەی زاگرۆس و لە دوری چوار کیلۆمەترە لە باکووری مانگێش لە پارێزگای دهۆك. هەر تەنها لە کاتی ئەنفال بەر شالاوی حکومەتە نەکەوتووە بەڵکو بەلای کەمیەوە پێشتر سێ جار وێران کراوە و ئاوادان کراوەتەوە. ڕۆژی 23 و 24 ی ئابی 1988 بۆمبابارانی ئاسمانی کوریمی دەستپێکرد و گوندیانی کوریمی لەتاو شاڵاوی سوپا لە گوند ڕایانکرد بەڵام هەموو ڕێگەیەکیان بەڕوو دا داخرابوو و ڕۆژی 28 ی ئاب لە گەڕانەوەیان بۆناو گوند کەوتنە بەردەست سوپای عێراق. ڕاپۆرتەکە باسی هێرشی کیمیاوی عێراق بۆسەر گوندەکانی ناوچەکە و دواتر باسی تیپی تیرباران دەکات لە گوندی کوریمی. ئەو گوندیانەی کەوتنە دیلی سوپای عێراق ژمارەیان (150 تا 200) کەس دەبوون. بەگوێرەی گێڕانەوەکان سی و سێ کەسیان دەمودەست هەر لە گوندەکە تیرباران کرد. ڕاپۆرتە نەخشی شوێنی تیربارانەکە و ناوی (27) کەسی لە تیربارانکراوەکانی کوریمی بڵاوکردۆتەوە ناوی ئەوانەی دیکەی لەبەر هۆی ئەمنی بەدەستەوە نەداوە. لەناو ئەوکەسانە شەش کەس لە دەستی تیربارانەکە ڕزگاریان بووە. دوای ئەوە ڕاپۆرتەکە باسی گۆڕی ئەنفالکراوەکان و زیندانیکردن و شوێن بزرکردنی خەڵکی گوندەکە دەکات و دواتر کۆچپێکردنی

زۆرەملی ژن و منداڵەکان بۆ ئۆردوگایەکانی دهۆك و جەژنیکان و دواتر کتێبەکە کۆمەڵێك گەواهی نامە و بەڵگەنامەی گرینگی لەبارەی ئەم کارەساتە شەرمهێنەی مرۆڤایەتی تێدایە.

357-Michael M. Gunter, "Mulla Mustafa Barzani and the Kurdish Rebellion in Iraq: The Intelligence Factor." In: *International Journal of Intelligence and Counterintelligence* 7 (Winter1994), pp. 465-474.

358-Human Rights Watch-Middle East. *Iraq's crime of genocide : the Anfal campaign against the Kurds*. New Haven, Conn. : Yale University Press, 1995, (XXX-373 p).

358–ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست). *جینۆساید لە عێراق دا: شاڵاوی ئەنفال دژی کورد*. ئەم کتێبە بەڵگەنامەییە تەرخانی گەورەترین تاوانی دژە مرۆیی کۆتایی سەدەی بیستەم، تاوانی ئەنفالی بەعس کراوە. چیرۆکی نووسینەوەی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ی کوردستانی عێراق و شکستی صەددام حوسێن لە جەنگی دووەمی کەنداو. دوای ڕاپەڕین هەرچی بەڵگەنامەی بەعس هەبوو و کەوتبووە دەست کورد کە دواتر بەشی هەرەزۆریان گوێزرانەوە بۆ ئەمریکا و بۆناو ئەرشیڤی نیشتیمانیی واشنتۆن. ئەم کتێبە کاری کۆمەڵی تیمی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و لە نزیکەی ماوەی چوار ساڵ دا 1991–1994 کاری لەسەرکراوە. ئەم کتێبە بەڵگەنامەیی بەمشێوەیە دابەشکراوە: سەرەتا (لا:یانزە–بیست ویەك ). تێبینی میتۆدۆلۆجی (لا: بیست و دوو –بیست و حەوت).، پێشەکی (لا: 3–22).، فەسڵی یەکەم: بەعس و کورد (لا: 23–50).، فەسڵی دووەم: دەستپێکی شاڵاوی ئەنفال (لا: 51–92).، فەسڵی سێیەم: ئەنفالی یەك: ئابلۆقەدانی سەرگەڵو و بەرگەلو–23 ی شوبات–19 ی ئاداری 1988 (لا: 93–112).، فەسڵی چوارەم: ئەنفالی دوو: قەرەداغ/ 22ی ئادار–8 ی نیسانی 1988 (لا: 113–128).، فەسڵی پێنجەم: ئەنفالی سێ: گەرمیان، 1–

20 ی نیسانی 1988 (لا: 129–168).، فەسڵی شەشەم: ئەنفالی چوار: دۆڵ و زێی بچووك، 3–8 ی ئایاری 1988 (لا: 169–192).، فەسڵی حەوتەم: ئەنفالەکانی پێنج، شەش و حەوت: دۆڵ و چیایەکانی شەقڵاوە و ڕەواندوز، 15 ی ئادار–28 ی ئابی 1988 (لا: 193–208)، بەشی هەشتەم: کامپەکان (لا: 209–238).، فەسڵی نۆیەم: تیمەکانی لە سێدارەدان (لا: 239–260).، فەسڵی دەیەم: ئەنفالی کۆتایی: بادینان، 25 ی ئاب–6 ی سێپتامبەری 1988 (لا: 261–296).، فەسڵی یانزەم: لێبووردنی گشتی و دوورخستنەوەکانی (لا: 297–318).، فەسڵی دوانزەم: ئەنجام (لا: 319–336).، فەسڵی سێزدەم: لەسەر ڕێگەی ونبوون دا (لا: 337–346). لە بەشی پاشکۆیەکاندا چەند پاشکۆیەك بەگەڵ کتێبەکە خراون وەك: پاشکۆی A: کاسێتەکانی عەلی حەسەن مەجید (لا: 347–354).، پاشکۆی B: ئەنفالچییەکان: نەخشەی ڕێگە دەربارەی دەزگە و کەسە سەرەکیەکان (لا: 355–358).، پاشکۆی C : شالاوی کیمیاوی بەردەوام لە کوردستانی عێراقدا 1987–1988 (لا: 359–364).، پاشکۆی D: چەند نموونەیەك ونبوونی بە کۆمەڵ لە کاتی ئۆپیراسیۆنەکانی ئەنفال بەگوێرەی ناوچە (لا: 365–368).، پاشکۆی E : فەرهەنگۆکی تێرمە عەرەبی و کوردییەکان (لا: 369–370) و جگە لەوە کۆمەڵێك نەخشەی گرینگی شالاوەکانی ئۆپیراسیۆنەکانی ئەنفالی لەگەڵ دایە کە ئاڕاستەی هێرشەکان و گۆڕەپانی شالاوەکان دیاری دەکات.

359-Mullah Mustafa Barzani, “Speech Presented to the Congress of the Kurdish Exiles in the Soviet Union: Baku, January 19, 1948.” *The International Journal of Kurdish Studies* 11, nos. 1-2 (1997), pp. 33-48.

360-Rafiq Hilmi, *Kurdistan at the dawn of the century.* 1, Greenford : New Hope, 1998, (xxvi, 168 p).

360-**ڕەفیق حیلمی، *کوردستان لە سپێدەی سەدەدا*. بریتییە لە وەرگێڕانی ئینگلیزی بەرگی یەکەمی یادداشتنامەکانی ڕەفیق حیلمی** (1898-1960) **و لە لایەن دوکتۆر فەرەیدون ڕەفیق حیلمی کراوە بە ئینگلیزی. سەرەتا لۆرد ئێریك ئاڤبێری وتەی بەرایی نووسووە** (**لا:** دوو-چوار) **و دوکتۆرە پاکیزە ڕەفیق حیلی وتەیەکی کورتی نووسییووە** (**لا:** پێنج-شەش). **دواجار وەرگێڕی کتێبەکە پێشەکیەکی بۆ کتێبەکە نووسیووە** (**حەوت-بیست و سێ**). **دوای ئەوە تێکستی وەرگێڕاوی ئینگلیزی یادداشتنامەکە دەست پێدەکات.**

361-Michiel Leezenberg, « Violence and modernity: The Baath's ambiguous heritage in Iraqi Kurdistan, In: *Irakisch-Kurdistan :* Status und Perspektiven; Ergebnisse einer internationalen Tagung 1999 in Berlin hrsg. Von Awadani e.V. Berlin : Awadani e.V. 1999, pp. 159–166.

362-Massoud Barzani, *Mustafa Barzani and the Kurdish liberation movement, 1931-1961*. ed., with a general introd. By Ahmed Ferhadi, New York : Palgrave Macmillan, 2003, (VIII-392 p).

362-**مەسعود بارزانی، *بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد*** *1931-1961*. **ئەحمەد فەرهادی پێشەکی بۆ نووسووە و کردوویە بە ئینگلیزی. ئەم کتێبە بریتییە لە مێژووی سی ساڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە ڕێبەرایەتی بارزانی لە ساڵی** 1931-**ەوە تاوەکو ساڵی** 1961. **سەرەتا وەرگێڕی کتێبەکە پێشەکیەکی گشتی بۆ کتێبەکە نووسیووە** (**لا:** 1-9). **پاشان کتێبەکە دابەشی سەر چوار بەشی سەرەکی کراوە. بەشەی یەکەم: ڕاپەڕینی یەکەمی بارزان** 1931-1932. **لەم بەشەدا لە فەسڵەکانی** (1 **تا** 6) **باسی بزووتنەوەی کورد لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی، کورتەیەك لەبارەی هۆزی بارزان، جوگرافیا و مێژووی بارزان لە دەورانی**

عەبدولسەلام بارزانی و پاشان باسی شەڕەکان و دورخستنەوەی بارزانی دەکات لە کوردستان (لا: 11–48). بەشی دووەم: شۆڕشی بارزان 1943–1945. لەم بەشەدا لە فەسڵەکانی (7 تا 14) باسی گەڕانەوەی بارزانی دەکات لە مەنفا و لە یەکەمین قۆناغەکانی خۆڕێکخستنەوە و پێشمەرگایەتی و شەرەکان و مفاوەزاتەکان لەگەڵ حکومەت و پێوەندی شۆڕش و حیزبی هیوا دەکۆڵێتەوە (لا: 49–95). بەشی سێیەم: شۆڕشی بارزان 1945–1958. لەم بەشەدا لە فەسڵەکانی (15–32) باسی چوونی بارزانی دەکات بۆ کوردستانی ئێران و بەشداریکردنی لە کۆماری مەهاباد و شەڕەکانی لەگەڵ سوپای ئێران. دواتر باسی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و چوونی بارزانی بۆ یەکێتی شورەوی و ساڵانی مەنفا لە شورەوی دەگێڕێتەوە (لا: 97–150). بەشی چوارەم: کورد و شۆڕشی 14 ی تەمموزی 1958. لەم بەشەدا لە فەسڵەکانی (33 تا 46) باسی شۆڕشی 14 ی تەمموزی 1958، گەڕانەوەی بارزانی لە شورەوی، هەڵوێستی سەرۆکهۆزەکان بەرامبەر شۆڕشی 14 ی تەمموز و پارتی و سەرەتای تێکچوونی پێوەندیەکانی نێوان بارزانی عەبدولکەریم قاسم لە باسە سەرەکیەکانیەتی (لا: 151–232). بەڵگەنامەکان. لەم بەشەدا کۆمەڵێکی زۆر بەڵگەنامە و نامەی تایبەتی بڵاوکراونەتەوە (لا: 233–358). لە بەشی پاشکۆدا دوو پاشکۆی تێدا بڵاوکراوەتەوە: 1–ڕۆڵی ماژۆر ولس لە ڕووداوەکانی 1943–1945 دا (لا: 359–360) ,، 2– لیستی ناوی ئەو پیاوە چەکدارنەی کە بەگەڵ بارزانی کەوتن لە کاروانە مێژووییەکەی بۆ یەکێتی شورەوی (لا: 361–374). پەراوێزەکان (لا: 375–388). بیبلیۆگرافیا (389–390).

363-Kerim Yildiz, *The Kurds in Iraq: the past, present and future,* London : Pluto in associaton with Kurdish Human Rights Project, 2004, (X-236 p).

364-Rafiq Hịlmi, Memoirs, *Iraq and Kurdistan (1908-1923) : Iraqi Kurdistan and the revolutions of Shaikh Mahmud,* London : New Hope, 2007, (585 p).

## 4.4: بزووتنەوەی کورد لە سوریا


365-Ismet Cheriff Vanly, *The Persecution of the Kurdish People by The Baath Dictatorship in Syria* [Europe], 1968, (38 p).

366-Ismet Cheriff Vanly, *The Kurdish Problem in Syria: Plans for the Genocide of a National Minority.* [Europe]: Committee for the Defence of the Kurdish People's Rights. 1968, (40 p).


**366-عیصمەت شەریف وانلی، *کێشەی کورد لە سوریا: نەخشە بۆ قەتڵوعامکردنی کەمینە نەتەوەیەک.* سەرەتا چەند داتایەکی گشتی لەبارەی کوردەکانی سوریا بەدەستەوە دەدات و ژمارەی کورد بە نیو ملیۆن (10% ی دانیشتوانی سوریا دادەنێ). پاشان باسی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا دەکات کە لە ساڵی 1957 دامەزرا. دواتر باسی ڕەوشی کورد دەکات لەژێر دەورانی حیزبی بەعسی سوریا (لا: 1-25) و لە کۆتاییشدا چەند بەڵگەنامەیەکی کردۆتە پاشکۆ وەك: پاشۆی یەکەم یەکەم- ڕاپۆرتی پلان بۆ سەقامگیرکردنی دەوڵەتیی....لە ناوچەی حەسەکە کە لە ڕۆژنامەی (المناضل) ی ژمارە (11) ی دیسامبەری 1966 بلاوکراوەتەوە (لا: 26-31). پاشکۆی دوەم- ڕاپۆرتی تایبەت دەربارەی ناوچەی عەفرین (لا: 32-35) و پاشۆی سێیەم: چەند وەرگێراوێك لە ڕۆژنامە جیهانییەکان دەربارەی کوردەکانی سوریا (لا: 36-40).**

367-Ismet Cheriff Vanly, *The Syrian "Mein Kampf" against the Kurds; Baath thinking reviewed*; Transl. And introd. With commentary and annotations by Ismet Chériff Vanly, Amsterdam: J.S.K., 1968, (38 p).

**367- بریتییە لە وەڵامدانەوەیەکی کتێبەکەی مولازمی یەکەم محەمەد تالیب هیلال، سەرۆکی هۆبەی سیاسیی حەسەکە کە بە ناوی (دراسة عن محافظة الجزيرة من نواحي القومية الاجتماعية السياسية) کە لە بارەی کوردەکانی سوریا نووسیوویە، وانلی پشت ئەستوور بە میتۆد و بەڵگەی زانستی وەڵامی شۆڤینیەتی ئەم نووسەرە بەعسییە دەداتەوە و بەشەکانی کتێبەکە بە وردی بەسەر دەکاتەوە.**

368-Ismet Chériff Vanly, "The Kurds in Syria and Lebanon ", In: *The Kurds: a contemporary overview* (ed). by Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl. London; New York: Routledge, 1992, pp, 143–170.

**368- عیصمەت شەریف وانلی، " کورد لە سوریا و لوبنان دا". عیصمەت شەڕیف وانلی لەم لێکۆڵینەوەیدا دەیەوێ بڵێ بەڵێ کورد لە سوریا دا وەکو خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بونیان هەیە. بۆ نموونە تەنها ناوەکانی وەکوو کورد داغ (لە باکووری ڕۆژئاوای حەلەب)، (حصن الفرسان) کە عەرەبە سوریەکان بە (حصن الاكراد) ناوی دەبەن تەنها ئەو ڕاستیە دووپات دەکاتەوە. هەرچی تایبەتە بە کوردەکانی لوبنان، وانلی لای وایە ئەوانە لە بنەواندا ئەو کۆچبەرانەن کە لە دوای ڕاپەرینی بیست و سییەکانی کوردستانی تورکیا هەڵوەدای لوبنان بوون و لەوێدا جێگیر بوون. خاڵێکی دیکە کە وانلی دەیورژێنێ ئەوەیە کە ڕژێمی ئەسەد هەمیشە کوردەکانی بەکارهێناوە بۆ سەقامگیرکردنی حوکمی کەمینەیی عەلەوێتی خۆی.**

369-Mustafa Nazdar, « The Kurds in Syria», In: *A people without a country: the Kurds and Kurdistan* / ed. By Gerard

Chaliand. New York, Olive Branch Press, 1993, pp. 194–201.

370- Lokman I. Meho, « The Kurds in Lebanon : A Social and Historical Overview.», in *The Journal of Kurdish Studies,* 16, n° 1-2, 2002, Louvain, Peters Press, pp. 59-82.

371-Harriet Montgomery, *The Kurds of Syria : an existence denied*. Harriet Montgomery. Europaïsches Zentrum fuïr Kurdische Studien, Berlin,  2005, (158 p).

**371–هارێیت مۆنتگۆمەری، *کوردەکانی سوریا: بوونێکی حاشالێکراو*. ئەم کتێبە یەکێکە لەو سەنتێزە زانستیانەی کە سەرومڕ تەرخانی کوردەکانی سوریا کراوە. کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. پێشەکی (لا: 11–13). بەشی یەکەم: پاشخانێکی مێژوویی. فەسڵی یەکەم: دابەشبوونی کوردستان, باسی گەمەی هێزە گەورەکان دەکات لە دابەشکردنی کوردستان و دواتریش باسی کوردەکانی سوریا (ڕۆژئاوای کوردستان) دەکات (لا:17–29). فەسڵی دووەم: پێوەندییەکانی عەرەبی–کوردی لە سوریا 1920–1970. باسێکی پێوەندییەکانی نێوان دوو نەتەوەی کورد و عەرەب دەکات هەر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاوەکو ساڵانی حەفتایەکان. (لا:31–46). فەسڵی سێیەم: سوریای ئەسەد: سیستمی دەوڵەتیی سوریا و کورد (لا:47–71). بەشی دووەم: ڕەگەزپەرستی دژی کورد. فەسڵی چوارەم: تەعریب. باسێکی تەعریبی دیمۆگرافی و زمان و مێژووی کورد دەکات هەر لە ساڵی 1962–ەوە ( لا:75–108). فەسڵی پێنجەم: جیاوازیکردنی ئابووری (لا:109–112). فەسڵی شەشەم: چالاکی سیاسیی و قەدەغەکردن (لا: 113–125). بەشی سێیەم: پێوەندی سوریا لەگەڵ تورکیا و عێراق. فەسڵی حەوتەم: پێوەندییە ناوچەییەکان. باسی پێوەندییەکانی تورکیا و سوریا و پاڵپشتی سوریا بۆ پەکەکە و پێوەندی**

سوریا لەگەڵ عێراق و کوردستانی عێراق باسدەکات (لا:129–144). دەرئەنجام (لا:145–146). بیبلیۆگرافیا (لا: 147–154).

372-Kerim Yildiz, *The Kurds in Syria: the forgotten people,* London; Ann Arbor, Mich. : Pluto Press : in association with Kurdish Human Rights Project, 2005, (160 p).

373-Jordi Tejel Gorgas, *Syria's kurds: History, politics and society,* New York : Routledge, cop. 2009, (189 p.)

## 5.4: کورد لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دا

374- William Linn Westermann,« Kurdish independence and Russian expension ». In : *Foreign Affairs*, (N.Y.), N° 4, July 1946, pp. 675-686.

374–ولیام لین وێستەرمان، " سەربەخۆیی کورد و فراوانخوازی ڕووسیا". سەربەخۆیی کورد بە ڕەسمی لە کۆنفرەنسی سان فرانسیسکۆ لە نیسانی 1945 لە نامەیەکدا بەناوی کۆمەڵەی کوردەوە پێشکەش بە وەفدەکانی کۆنفرانسەکە کرا. نامەکە یادداشتنامەیەکیشی بەناوی "پرسی کورد" لەگەڵ دابوو. داوای کوردەکان بۆ سەربەخۆیی زۆر زیادەڕۆیی تێداکرابوو تا ڕادەیەك زۆربەی خوێنەرەکانی یادداشتنامەکە بە گاڵتەجارییان دادەنا. ناوەندی بزووتنەوەی کورد لەو سەردەمە بەسەر سێ ناوەندی سەرەکی دابەش بوو بوو: ناوەندی بەیروتی سوریا، ناوەندی ساوج–بولاق لە ڕۆژئاوای ئێران و سێیەمیشیان ناوەندی پارتی "کۆمەنیست" ی کورد لە عێراق کە پرۆگرامێکی ڕیفۆرمیان بەناوی "پەیماننامەی گەلی کورد" لە 17 خاڵ دا بلاوکردەوە. لە مانگی شوباتی دوایی پارتی دیموکرات بەیاننامەیەکی بەن‌وا

ئێران، عێراق و ڕۆژهەڵاتی تورکیا دا بڵاوکردەوە و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردی لە مەهاباد ڕاگەیاند. دواتر نووسەر گەڕاوەتە سەر داخوازینامەکەی ساڵی 1919 ی شەریف پاشا کە بە ناوی وەفدی کوردی پێشکەش بە کۆنفرەنسی ئاشتی کرد و پاشان باسی پەیماننامەی لۆزان، سێڤەر و کێشەی ویلایەتی مووسڵ و خەباتی کورد دەکات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە و باسی زنجیرە شۆڕشەکانی کورد دەکات لە نێوان پەیماننامەی لۆزان و ساڵی 1942 دا. پاشان باسی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان دەکات کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژا نووی بەیروتی ڕاگوێزاوەتەوە و ژمارەی کورد لەو سەروبەندە بە 2419000 کەس دادەنێ. پاشان باسی جوگرافیای کوردستان و سیاسەتی ڕەزا شا و سیاسەتی کوردیی شوورەوی لە دوای داگیرکردنی ئێران و بە تایبەتی لە ساڵانی کۆتایی جەنگ باسدەکات. جگە لەوە وتارەکە نەخشەیەکی نایابی کوردستانی گەورەی لەگەڵ دایە.

375-Ross Albion, "U.S. to broadcast program to Kurds", in: *New York Times*, Sunday, June 26 1949, pp. 12.

376-Howell (Wilson Nathaniel jr.), *The Soviet Union and the Kurds: A Study of National Minority Problem in Soviet Policy,* University of Virginia, 1965, (691 p).

377-Barzanî's Baghdad-pact, In: *Kurdish facts* : *monthly information service*. Amsterdam : International Society Kurdistan (ISK),10.1970, 2–3 (February–March), pp. 1–5.

378- G. Salomon, *Peace with the Kurds*. New Outlook 14 (4), mai 1970, pp. 35-42.

379- A. Nurray, « The Kurdish struggle". In: *Patterns of Prejudice* 9 (4), (July-Aug 1975), pp. 31-35.

380- E. Naby, « The Iranian frontier nationalities : the Kurds, the Assyrians, the Baluchis, and the Turkmens ». In : *Soviet Asian ethnic frontiers*, ed. W. O. McCagg, Jr., B.D. Silver, New York etc., 1979, pp. 83-114.

381-Howard M. Hensel, « Soviet Policy toward the Kurdish Question, 1970-75 », In : *Soviet Union,* Vol 6, Part 1, 1979, pp.  61-80.

382- Gerald A. Honigman, "British Petroleum politics, Arab nationalism and the Kurds". In: *Middle East Review* 15 (1-2), hiv. 1983, pp. 33-39.

383- Martin Van Bruinessen, "The Kurds between Iran and Iraq". In: *MERIP Middle East Report* 16 (4), août 1986, pp. 14-27.

**383–مارتن ڤان برویێنسن، "کورد لە نێوان ئێران و عێراق دا". کێوماڵکردنێکی پەرەسەندنە سیاسییەکانی کوردەکانی عێراق و ئێرانە لە ماوەی ساڵەکانی 1975 تا 1985 لەگەڵ چەند تێبینی لەسەر ڕێکخراوە سیاسیەکان. کورد لە سۆنگەی جیاوازی ڕوانینی نێوان هۆزەکان و شارنشینەکان، جیاوازی زمانەوانی و کولتوورییەکانی ناوچەکانی دیکە و جیاوزی چینایەتی و هاوپەیمانی سیاسیی لەگەڵ هێزەکانی دەوەرەدا هەر بە دابەشکراوی دەمێننەوە . هەر یەکە لە عێراق و ئێران پشتیوانی لە حیزبە کوردییە یاخیبووەکانی لای بەرامبەر دەکەن و تورکیا بە لەشکرکێشی سەربازی دێتە ناو کوردستانی عێراق. نفووزی ئێران بۆتە سۆنگەی دروستبوونی کۆمەڵێك گروپی ئایینی–سیاسیی لەناو کوردەکان دا و لە ڕەوتی**

**جەنگی عێراق–ئێران دا هەر سێ ڕێکخراوی کوردی (ینك، پدك و حدكا) هەریەکەیان لەسەر حیسابی ئەو دیکە جێپێی خۆیان قایمکرد.**

384-Ali fuat Borovali, "Kurdish insurgencies, the Gulf war and Turkey's changing Role", In. *Conflict Quarterly* 7 (Fall 1987), pp. 29-45.

385- Laura Donnadieu Aguado. The Kurds in the Middle East : struggle for national liberation. *Ethnic Studies Report* 5 (2), juil. 1987, pp. 9-17.

386-Kamal Meerawdali, « The Kurdish problem: Kurdistan & international colonialism » , In: *The Kurdish culture bulletin* / Kurdish Information & Educational Project. London : Kurdish Information & EducationalProject 1.1989, 2, pp. 30–43.

387- Mohammed H. Malek, Kurdistan in the Middle East conflict. *New Left Review* (175), mai 1989, pp. 79-94.

388-Vanita Datta, *State-minority relations in the Middle East: A policy overview of the Kurdish question in Iran and Iraq,* Dissertation: Thesis (M.S.)-Massachusetts Institute of Technology, Dept. of Political Science, 1989.

389-Robert Olson,“ The Churchill-Cox Correspondence Regarding the Creation of the Satate of Iraq: Consequences for British Policy Towards the Nationalist Turkish

Governement, 1921-1923”, In: *International Journal of Turkish Studies* 5 (Winter 1990-1991), pp. 121-136.

390- Suha Bolukbasi, Ankara, Damascus, Baghdad and the regionalization of Turkey's secessionism. *Journal of South Asian and Middle Eastern Studies* 14 (4), Summer 1991, pp. 15-36.

391- John Rees, Third World communists may yet rule. *Orbis (Philadelphia)* 36 (4), aut. 1992, pp. 565-579.

392- William Hale, Turkey, the Middle East and the Gulf crisis. *International Affairs (London)* 68 (4), oct. 1992, pp. 679-692.

**392–ولیام هال، " تورکیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنگژەی کەنداو". نووسەر لەم وتارەیدا باسی ئەوە دەکات کەوا تەنگژەی کەنداو و پرسی کورد قورساییەکیان بە تورکیا بەخشی بۆ ئەوەی بە چالاکیەکی زیاتر بەشداری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بکات. تاوەکوو ڕوخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی وا دەزانرا کە تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەڵام بەشێکی تەواو نییە لە ڕۆژهەڵات. بەڵام لەوە بەدوا دەیەوێ ڕێچکەیەکی جیاواز بگرێتە بەر و لەگەڵ ساڵانی نەوەدەکانەوە تورکیا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکراتی و جێگیرە.**

393- Graham E. Fuller, “The fate of the Kurds”. In: *Foreign Affairs* (New York, N.Y.) 72 (3), print.1993, pp. 108-121.

**393–گراهام ئی. فوولەر، "چارەنووسی کورد". نووسەر لەم وتارەیدا باسی ئەوە دەکات کە کوردەکان لەسەر لاپەرەکانی مێژووی ئەم پەنجا ساڵەی دوایی سڕدرابوونەوە و ئێستە پرسی کورد نابێ چیدیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا**

دوابخرێ. ئێستە کۆنترۆڵی پرسی کورد لە دەست هێزە ئیقلیمییەکان دەرچووە و کورد کە چوارەمین نەتەوەی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن ئێستە وا لە دەرگەی مافی نەتەوەیی خۆیان دەدەن و بەرەو دەوڵەتبوون دەڕۆن. کورد هەرگیز چوونە پاڵ عێراق یان قەبووڵ نەکردووە و تاقیکردنەوەی تاڵیشیان لەگەڵ عێراقدا هەیە, نووسەر دوای لێکدانەوەی هاوکێشە ئیقلیمی و جیهانییەکان و کاریگەرییان لەسەر پرسی کورد ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە هەر شوێنێك بێت ناوچەکەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و هاوسەنگی جارانی ناوچەکە دەگۆڕێت و لە کۆتایی وتارەکەشیدا ئەوە وەبیردەهێنێتەوە کە "لە سیستمی تازەی جیهانیی دا پرسی کورد گیروگرفتی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە".

394- Gregory J. Ewald, “The Kurds' rights to secede under international law : self-determination prevails over political manipulation”. In: *Denver Journal of International Law and Policy* 22 (2-3), print. 1994, pp. 375-407.

395- Henri J. Barkey, “Reluctant neighbors : reflections on Turkish-Arab relations”. In: *Beirut Review* (7), Summer 1994, pp. 3-22.

396- Maria T. O'Shea, « The question of Kurdistan and Iran's international borders », In : *The boundaries of modern Iran Keith McLachlan* . London : UCL Press, . 1994, pp. 47-56.

396–ماریا ت. ئۆشیا، "پرسی کوردستان و سنووری نێودەوڵەتیی ئێران". باسێکی کورتی شوێن و سنووری جوگرافی کوردستان و پێشینەی مێژوویی کوردستان باسدەکات و دواتر باسی فاکتۆری ئایینی دەکات لە ململانێی سنووری نێوان ئێران و عوسمانی و هەر لەم بەستێنەدا چەمکی کوردستان و شوێنی کوردستان لە

پەیماننامە سنوورییەکانی نێوان عوسمانی–ئێرانی شیدەکاتەوە و لە پەیماننامەی دووەمی ئەرزەرۆمەوە (1847) تاوەکو دوایین دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت لە ساڵی (1932) باسدەکات و دوایین بەشی لێکۆڵینەوەکەش تەرخانی کوردەکانی ئێران کراوە لە بنەماڵەی زەندەکانەوە تاوەکو شۆڕشی ئیسلامی ئێران.

397-Michael M. Gunter, “The Kurdish Factor in Turkish Foreign Policy." In: *Journal of Third World Studies* 11 (Fall-1994), pp. 440-472.

398- Robert Olson, "The Kurdish question four years on: the policies of Turkey, Syria, Iran and Iraq". In: *Middle East Policy* Summer Vol.3 No.3, 1994, pp. 136-144.

399-Michael M. Gunter, "The Kurdish Factor in Middle Eastern Politics". In: *International Journal of Kurdish Studies*, Vol. 8, Nos. 1 & 2, 1995, pp. 94-109.

400-Obrad Kesic, “American-Turkish relations at a crossroads”. In: *Mediterranean Quarterly* 6 (1), hiv. 1995, pp. 97-108.

400–ئۆبراد کەیس، "پێوەندییەکانی ئەمریکی–تورکی لە دووڕیان دا". لە 30 ی سێپتامبەری 1994 ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر زاری سکرتێری دەوڵەت، وارن کریستۆفەر تورکیای ئاگادار کردوە لەوەی بەردەوام بەدوای شەری جوداخوازە کوردەکان بچێ. لەم ڕووەوە پرسی کورد نیشانەیەکی ئاشکرایە لەوەی کە پێوەندییەکانی ئەمریکی تورکی بە خێرایی لە دووڕیان نزیك دەبێتەوە. دواتر باسێکی پێوەندییە مێژووییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا دەکات بە تایبەت لەماوەی سەرۆکایەتی تۆرگوت ئۆزال دا و باسی سیستمی جیهانی دوای جەنگی سارد دەکات و پاشان باسی پێوەندی کوردەکانی عێراق بە پێوەند لەگەڵ

پێوەندییەکانی تورکی– ئەمرکی باسدەکات و باسێکی کورتی شەڕی تورکیا دژی پەکەکە و سیاسەتی پارتی ئیسلامی ڕەفاه بەرامبەر بە کوردەکانی تورکیا دەخاتە ڕوو.

401-Robert Olson, « The impact of the Southeast Anatolian Project (GAO) on Kurdish nationalism in Turkey / Robert Olson, In: *The international journal of Kurdish studies* / The Kurdish Library. New York : The Kurdish Library. 9.1996,1–2, pp. 95–102.

402-Robert Olson, *Imperial Meanderings and Republican By-ways. Essays on Eighteenth Century Ottoman and Twentieth Century History of Turkey*, the Isis Press, 1996, (332 p).

402–بریتییە لە کۆکراوە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی ڕۆبەرت ئۆلسن کە لەوتارە زانستییەکان دا بڵاویکردوونەتەوە. کتێبەکە بریتییە لە دوو بەش. بەشی یەکەم: لێکۆڵینەوە لەبارەی سەدەی هەژدەهەمی عوسمانی. کە بریتییە لە (7) وتاری زانستی (لا: 1–100) و بەشی دووەم: مێژووی سەدەی بیستەمی تورکیا کە بریتییە لە (13) لێکۆڵینەوەی زانستی کە (11) وتاریان لەسەر مێژووی کوردە (لا: 101–332).

403-Robert Olson, « The Kurdish question and Turkey's foreign policy toward Syria, Iran, Russia, and Iraq since the Gulf War / Robert Olson, In: *The Kurdish nationalist movement in the 1990s : its impact on Turkey and the Middle East* / Robert Olson (ed.). Lexington : The University Press of Kentucky. (9)1996, pp. 84–113.

404-Robert Olson, "The Kurdish Question and Chechnya: Turkish and Russian Foreign Policies Since the Gulf War", In: *Middle East Policy* 4, March 1996, pp. 106-118.

405-Robert Olson, « Turkey-Syria relations since the Gulf War : Kurds and water, In: *Middle East policy / publ. By the Middle East Policy Council.* Washington, DC : Council. 5.1997, 2 (May), pp. 168–193.

**405-ڕۆبەرت ئۆلسن، "پێوەندی تورکیا-سوریا لەوەتای جەنگی کەنداوە: کورد و ئاو". ئەم وتارە ڕوناکی دەخاتە سەر تەحەدییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد لە بەرامبەر تورکیا و بە تایبەتیی کاریگەری پێوەندی نێوان تورکیا و سوریا بە پێوەند لەگەڵ ئاوی فورات، دەچڵە و ئاسی لەگەڵ کێشەی کورد. نووسەر باسێکی ڕەوشی کورد و بزووتنەوەی کورد دەکات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تا دەگاتە ساڵانی دامەزراندنی پەکە. ئینجا باسی پێوەندییەکانی نێوان سوریا و تورکیا و پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ سوریا و بەتایبەت لە ڕوانگەی پرسی کورد و کێشەی ئاوەوە کە پێوەندییەکی توندی بە پێوەندییەکانی تورکیاوە هەیە لەگەڵ ئێران و وڵاتە عەرەبییەکانەوە.**

407-Robert Olson, "Turkey-Syria Relations : Kurds and Water", In: *Middle East Policy* vol V, USA, May 1997,

408-Martin van Bruinessen , The Kurds as objects and subjects of their history: between Turkish official historiography, Orientalist constructions, and Kurdish nationalists' recuperation of their history. In: *Between imagination and denial : Kurds as subjects and objects of political and social processes*; May 29–31, 1998 ; Kurdological

conference […] at Harnack House / Eva Savelsberg; Siamend Hajo; Carsten Borck (eds.). Berlin : Kurdistan-AG AstA FU 1998 , pp. 13–14.

409-Robert Olson, « *The Kurdish question and Turkish-Iranian relations: From world War I to 1998* / Robert Olson Costa mesa : Mazda Publishers, (Kurdish studies series; 1, 1998, (XX,105 p).

409-ڕۆبەرت ئۆلسن، " پرسی کورد و پێوەندییەکانی تورکیا و ئێران: لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا ساڵی 1998". پرۆفیسۆر ڕۆبەرت ئۆلسن، مامۆستا لە زانکۆی کەنتاکی ئەمریکا یەکێکە لەو مێژوونووسانەی کە زۆر بێلایەنانە پەیامی مێژوویی خۆی ئەنجام داوە. لەم کتێبەدا ئۆلسن لە حەوت فەسڵ دا لە کاریگەری پرسی کورد لە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران هەر لە جەنگی یەکەمەوە تا کۆتایی نەوەدەکان دەدوێ. لە فەسلی یەکەم دا نووسەر دەیەوێ لە کلاورۆژنەی ئەم پرسیارەی (بۆچی دەوڵەتێکی کوردی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دانەمەزرا؟) بە دوای سەرەداوە مێژوویەکان دا چۆنە خوارەوە. فەسڵی دووەم تەرخانە بۆ پرسی کورد لە تورکیا و فەسلی سێیەم باسی ڕیشە مێژووییەکانی پرسی کورد لە ئێران دەکات و فەسلی چوارەم لە ماوەی مێژوویی شۆڕشی ئیسلامی ئێران تا جەنگی کەنداو و فەسڵی پێنجەم باسی پرسی کورد لە دوای جەنگی کەنداو و لە هەردوو فەسڵی کۆتایش باسی بزووتنەوی ئیسلامی لە تورکیا و هاوپەیمانێتی تورکیا-ئیسرائیل و کاریگەری لەسەر پێوەندیەکانی تورکیا و ئێران باس دەکات. دواتر کۆمەڵێك بەڵگەنامە و تێکست کراونەتە پاشکۆ وەکو دەقی دوو نامەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بۆ کۆچران کە ڕاستەوخۆ لەئەرشیڤی بریتانییەوە وەرگیراون، دەقی پەیماننامەی سەعد ئاباد و پەیماننامەی عێراقی ئینگلیزی و تورکی ساڵی 1926 و سەرباری کۆمەڵێك نەخشەی زۆر گرینگ.

410-Paul J Magnarella, "The Kurdish Question and the Middle East". In: *Journal of Third World Studies*, Vol. 16 Issue 1 (Spring 1999), pp. 295-299.

411-Berdal Aral, "Turkey's Kurdish Problem from an International Legal Perspective", In: David Turton & Julia Gonzalez (eds.) *Ethnic Diversity in Europe: Challenges to the Nation State*, (Bilbao, University of Deusto), 2000, pp: 27-53.

412-Michael M. Gunter, "The Kurdish Question and International Law". In the *Kurdish Conflict in Turkey: Obstacles and Chances for Peace and Democracy*, New York: St. Martin's Press, 2000, pp. 31-56.

413-Robert Olson, « Turkey–Iran relations, 1997 to 2000 : the Kurdish and Islamist questions, In: *Third World quarterly : journal of emerging areas* / Centre for Developing Areas Research, University of London. Basingstoke : Carfax. Vol. 21 Issue 5 (Oct-2000), pp. 871-891.

**413–ڕۆبەرت ئۆلسن، "پێوەندییەکانی تورکیا و ئێران و پرسی کورد 1997 تا 2000: کورد و پرسی ئیسلامی". ئەم باسە بریتییە لە شیکردنەوەیەکی پرسی کورد و پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران لە دەورانی بەدەسەڵات گەیشتنی نەجمەددین ئەربەکان وەکوو سەرۆك وەزیرانی تورکیا و هەڵبژاردنی محەمەد خاتەمی وەکوو سەرۆك کۆماری ئێران لە ئابی 1997 تا وەکووساڵی 2000. نووسەر لە باسەکەیدا بۆ بەرچاوڕونی گەڕاوەتەوە سەر مێژووی دوەرانی سەفەوەییکان تاوەکوو ساڵانی 1945–1946 و دواتر دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردی لە ساڵی 1946 و دواتر دامەزراندنی پەکەکە و پاشانیش بە شێنەیی بە مێژووی ئەم**

**سیٚ ساڵەی پێوەندییەکانی تورکی–ئێرانی داچۆتەوە بە پێوەند لەگەڵ پرسی کورد دا.**


414-Robert Olson, « Turkish and Syrian relations since the Gulf War: the Kurdish question and the water problem / Robert Olson, In: *The Kurdish conflict in Turkey* : obstacles and chances for peace and democracy Ferhad Ibrahim; Gülistan Gürbey (eds.). Münster; New York : Lit Verlag ; St. Martin's Press. (8) 2000, pp. 119–149.

415-Muhittin Ataman, "The Kurdish Question and Its Impact on Turkey's Foreign Policy: From 1923 to 2000". In: *Journal of South Asian and Middle Eastern Studies*, Vol. 24, No. 2, 2001, pp. 33-49.

416-Robert Olson, Turkey-Syria relations, 1997 to 2000: Kurds, water, Israel and »undeclared war«, In: *Orient: deutsche Zeitschrift für Politik und Wirtschaft des Orients; Zeitschr.* D. Deutschen Orient-Instituts / im Verbund der Stiftung Deutsches Übersee-Institut, begr. V. Nah- und Mittelost-Verein. Opladen : Leske + Budrich. 42. 2001, 1, pp. 101–117.

417-Eva Ostergaard-Nielsen, *Trans-State Loyalties and Policies: Turks and Kurds in Germany* (Transnationalism, London, Routledge, 2002.

418-Robert Olson, « Turkey–Russia relations, 2000–2001 : containment or congagement?, In: *Orient : deutsche*

*Zeitschrift für Politik und Wirtschaft des Orients ; Zeitschr.* D. Deutschen Orient-Instituts / im Verbund der Stiftung Deutsches Übersee-Institut, begr. V. Nah- und Mittelost-Verein. Opladen : Leske + Budrich. 43. 2002, 1, pp. 79–94.

419-Robert Olson, « The Kurdish question in U.S. foreign policy : a documentary source book; by Lokman I. Meho; Historical dictionary of the Kurds ; by Michael M. Gunter [review article], In: *The Middle East journal* / Middle East Institute. Washington, DC : Inst. 58, 2004, 3 (summer), pp. 513–514.

420-Robert Olson , « Kurdistan-Iraq and Turkey relations, 2004 : the consolidation of Kurdish nationalism, In: *Journal of South Asian and Middle Eastern studies* / Pakistan American Foundation. Villanova, Pa. : Foundation. 28. 2004–2005, 3 (spring 2005), pp. 20–50.

421-Robert Olson, « Turkey-Iran relations, 1979–2004 : accomodation and competition, In: *Journal of South Asian and Middle Eastern studies* / Pakistan American Foundation. Villanova, Pa. : Foundation. 28. 2004–2005, 2 (winter 2005), pp. 1–24.

422-Mehrdad Izady, "Between Iraq and a Hard Place: The Kurdish Predicament", In: *Iran, Iraq and the Legacies of War*, Edited by Lawrence G. Potter, Gary G. Sick, Pekgrave Macmillan, 2006, pp. 71–99.

423-Gottfried Johannes Müller, *In the Burning Orient*, 3rd ed., Salem-Buchdienst GmbH, Stadtsteinach, 2007 [18]

424-Joost R. Hiltermann, *A poisonous affair : America, Iraq, and the gassing of Halabja*, Cambridge University Press, 2007, ( xxxii, 314 p).

**424–ژۆست. ڕ. هیلێرمان، *پرسێکی ژەهراوی: ئەمریکا، عێراق و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی هەڵەبجە*. نووسەری ئەم کتێبە وەکوو بەڕێوەبەری ڕاپەراندنی بەشی سەربازی مافەکانی مرۆڤ کاری کردووە. ئەم کتێبەی بەمشێوەیە دابەشکردووە. بەرایی: گەشتێك بۆ هەڵەبجە (لا: یانزە–بیست و شەش). پێشەکی: هەڵەبجە، مشتومڕ (لا: 1–21). فەسڵی یەکەم: تێپەڕبون بە ئاستانەی کیمیاوی دا (لا: 22–36). فەسڵی دوەم: وەڵامی ئەمریکا: دیاریکردنی بارستی کۆنترۆل (لا: 37–64). فەسڵی سێیەم: وچانی کیمیاوی (لا: 65–80). فەسڵی چوارەم: هەڵەبجە(لا: 104–124). فەسڵی شەشەم: هەڵەبجە خۆنیشاندانی کاریگەری (لا: 125–147). فەسڵی حەوتەم: ئێران و بەکارهێنانی گازی کیمیاوی (لا: 148–182). فەسڵی هەشتەم: دیاریکردنی بەڵگەکان (لا: 183–205). فەسڵی نۆیەم: ڕێگە بۆ کوێت (لا: 206–223). دەرئەنجام: (لا: 224–244) پاشبار (لا: 245–246) پەراوێزەکان (لا: 269–281). لیستی ئەو کەسانەی کە بۆ کتێبەکە چاوپێکەتنی لەگەڵ دا کردوون (لا: 283–291).**

425-Michael M. Gunter, *The Kurds ascending: the evolving solution to the Kurdish problem in Iraq and Turkey*,

[18] English tradition of : Gottfried Johannes Muller, *Im brennenden Orient* ; Hrsg. für d. Mitglieder u. Freunde d. Bruderschaft Salem, Stuttgart, (1959), (230)

Basingstoke; New York: Palgrave Macmillan, 2008, 1 vol. (XIV-178 p.)

## 6.4: کورد، جەنگی کەنداو و حکومەتی هەرێمی کوردستان

426- Edgar O'Ballance, “The Kurdish factor in the Gulf war”. In: *Military Review* 61 (6), juin 1981, pp. 13-20.

427- Charles G. MacDonald, “The impact of the Gulf war on the Kurds”. In: *Middle East Contemporary Survey* 8, 1983, pp. 261-272.

428-Nader Entessar, “The Kurds in post-revolutionary Iran and Iraq”. In: *Third World Quarterly* 6 (4), oct. 1984, pp. 911-933.

428–نادر ئینتیسار، " کورد لە ئێرانی پاش–شۆڕش و عێراق دا". ئەنتیگراسیۆنی ئیتنی لە کۆمەڵگەی جیهانی سێی ی فرەئیتنی دا بە گشتی کارێکی سەرنەکەوتووە. کورد گرۆیەکی ئیتنی موسڵمانن کە لە بنەواندا لە ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا دا دەژین و نموونەیەکی نایابن لە شکستی جێبەجێکردنی ئەنتیگراسیۆن لە جیهانی سیٚ دا. لەم وتارەیدا ئینتیسار باسی ئاستەنگەکانی ئەنتیگراسیۆنی کورد لە عێراقی بەعس و ئێرانی ئیسلامی دەکات لە چوارچێوەی پەرەسەندنی مێژوویی ئیتنۆناسیۆنالیزمی کورد دا. دواتر لە داخوازینامەکانی کورد دەکۆڵێتەوە لە داواکاری بۆ ئۆتۆنۆمی و پێوندی نێوان کورد و حکومەتەکانی بەغدا و تاران. هەروەها شیکردنەوەیەکی سیاسیی ناوەخۆیی کورد لە ئێران و عێراق دا دەکات و

**باسی ڕۆڵی گروپە ئۆپۆزسیۆنە نەیارەکانی دیکە دەکات لە پشتگیریکردنی پرسی کورد لە هەردوو وڵات دا.**

429- Stephen C. Pelletière, *The Kurds : an unstable element in the Gulf*. Boulder, Colo. : Westview, 1984. (220 p).

430-Anthony Hyman, "Elusive Kurdistan: The struggle for Recognition", in: *Conflict Studies,* n° 214 (September 1988), pp. 1-25.

430–**ئەنتۆنی هایمان، " کوردستانی سەراسیمە: خەبات بۆ ددانپیانان". نووسەر لەم وتارەیدا باسێکی پەرەئەستاندنەکانی گەلی کورد دەکات و باسی هۆشیاری نەتەوەیی کورد دەکات کە بەرگرییەکی سەرکەوتووی کردووە دژ بەو سیاسەتەی کە لە دژیان دا پیادە دکرێت. لە کاتێك دا کە کوردەکان هەل و مەرجی جەنگی کەنداو یان لەدەست دا بۆیە ڕاوەستانی جەنگ (جەنگی عێراق–ئێران) دەشێ ببێتە هۆی ئەوەی مل بۆ ئۆتۆنۆمییەکی زۆر دیاریکراو دا بدەن یان بەرەو ڕووی تۆڵەسەندنەوەیکی زۆر قورس ببنەوە لە لایەن هەردوو لا وە.**

431-Ofra Bengio, "The struggle for autonomy in the shadow of the Iran-Iraqi conflict". In: *Immigrants and Minorities* 9 (3), nov. 1990, pp. 249-260.

432-Felipe Sahagun, "The new Kurdish protectorate". In: *European Journal of International Affairs* 12 (2), 1991, pp. 82-106.

433-Peter Galbraith, *Kurdistan in the time of Saddam Hussein: a staff report to the Committee on Foreign Relations of the*

*United States Senate*. Washington: U.S. G.P.O. : For sale by the U.S. G.P.O., Supt. of Docs., Congressional Sales Office, 1991, (VIII, 23 P).

433–**پیتەر گالبرێس، *کوردستان لە دەورانی سەددام حوسێن دا*. بریتییە لە ڕاپۆرتی دەستەیەکی تایبەتی کە لەسەروبەندی دوای جەنگی دووەمی کەنداو سەردانی کوردستانی عێراق یان کردووە و ڕاپۆرتەکە خراوەتە بەردەم لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا و لە نۆڤەمبەری** 1919 **لە چاپخانەی دەوڵەت لە واشنتۆن چاپکراوە. ئەم ڕاپۆرتە کە لە نووسینی پیتەر گالبرێسە و وا دیارە لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکانی دەوەرە نێردراوە بۆ کوردستانی عێراق لە نێوان** 4 **تا** 11**ی سیپتامبەری** 1991 **بەناو کوردستانی عێراق دا (ئەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی بەرەی کوردستانی دابوون) گەڕاوە و باسی وێرانەیی ڕەوشی کوردستان و پێداویستیەکانی دەکات و بە مێژووی تاوانەکانی سەددام حوسێن داچۆتەوە بەرامبەر بە کورد و لە دوایین برگەی ڕاپۆرتەکەشی ئەوە وەبیردەهێنێتەوە کە ئەوە "دەستێوەردانی جیهانیی بوو کە شەڕی سەددام حوسێنی دژ بە کورد ڕاگرت و بە بێ چاودێریکردنی جیهان ئەم شەڕە دەستپێدەکاتەوە".**

434-Peter Malanczuk, “The Kurdish crisis and allied intervention in the aftermath of the second Gulf war”. In: *European Journal of International law* 2, N° 2, 1991, pp. 114-132.

435- Sadaf Ismail, “The Kurdish problem in Iraq”. In: *Pakistan Horizon* 44 (4), oct. 1991, pp. 57-68.

436-Anonymous, *The Kurdish problem in Iraq*, London, Foreign & Commonwealth Office, 1992.

437- Howard Adelman, "Humanitarian intervention : the case of the Kurds". In: *International Journal of Refugee Law* 4 (1), janv. 1992, pp. 4-38.

438- Michael M. Gunter, *The Kurds of Iraq : tragedy and hope.* New York : St Martin's Press, 1992.( X-175 p).

**438–مایکل م. گونتەر، *کوردی عێراق: تراژیدیا و هیوا*. ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی گشتییە دەربارەی بزووتنەوەی کوردەکانی عێراق و بەمشێوەیە دابەشکراوە. فەسڵی یەکەم: پاشخان. بریتییە لە گەڕانەوەیەکی کورت بۆ ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و سەروبەندی پەیماننامەی سێڤەر و لۆزان تا تێکشکانی دوایین شۆڕشی شێخ مەحموود لە ساڵی** 1931 **(لا:** 1–9**). فەسڵی دووەم: مەلا موستەفا بارزانی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد پێش** 1975**. لەم فەسڵە باسی بنچینەی شێخەکانی بارزان، شێخ ئەحمەد، مەلا موستەفا، ناوچەی بارزان و ڕێکەوتنانەی** 11 **ی ئاداری** 1970 **و کۆتایی باسدەکات (لا:** 5–19**). فەسڵی سێیەم: پارتی دیموکراتی کوردستان (لا:** 21–24**) فەسڵی چوارەم: کاریگەرییە دەرەکییەکان. باسی نفوز و پێوەندییەکانی دەرەکی دەکات لەسەر سیاسەتی کورد لەوانە باسی (سیا)، ئیسرایل و هەواڵگری شوورەوی دەکات (لا:** 25–31**). فەسڵی پێنجەم: دوای شکست. باسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات (لا:** 33–36**). فەسڵی شەشەم: جەنگی عێراق–ئێران (کەنداو) (لا:** 37–48**). فەسڵی حەوتەم: جەنگی کەنداو (لا:** 49–57**). فەسڵی هەشتەم: مفاوەزات (لا:** 59–75**). فەسڵی نۆیەم: نەتەوە یەکگرتووەکان: ئاشتی پارێزی (لا:** 77–86**). فەسڵی دەیەم: دیفاکتۆی سترەکتووری دەوڵەتی. باسی هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات. فەسڵی یانزەهەم: فاکتۆری تورکی (لا:** 97–113**). فەسڵی دوانزەهەم: ئاسۆ (لا:** 115–118**).پەراوێزەکان (لا:** 119–152**). بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (لا:** 153–166**).**

439- Michael M. Gunter, The Gulf war and Turkey : new attitudes towards the Kurds. *Journal of Asian and African Affairs* 4 (1), aut. 1992, pp. 60-78.

440-Robert Olson, « The Kurdish question in the aftermath of the Gulf War : geopolitical and geostrategic changes in the Middle East, In: *Third World Quarterly*, Vol. 13 Issue 3, 1992, pp. 475-499.

441- Michael M. Gunter, "A de facto Kurdish State in Northern Iraq". In: *Third World Quarterly* 14 (2), 1993, pp. 295-319.

442- K. Kirisci, " Provide comfort " and Turkey : decision-making for refugee assistance. *Low Intensity Conflict & Law Enforcement* 2 (2), aut. 1993, pp. 227-253.

443- Robert Olson, "The Kurdish question and Geopolitic and Geostrategic changes in the Middle east after the Gulf war", In: *Journal of South Asian and Middle Eastern Studies* 17, Summer 1994, pp. 44-67.

443-ڕۆبەرت ئۆلسن، ***پرسی کورد و گۆڕانکارییە جیپۆلیتیکی و جیۆ- ستراتیژییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای جەنگی کەنداو***". ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە دوای جەنگی کەنداو لە نەوەدەکان دا ڕوویان دا سەبارەت بە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی یان هەتا ناوچەیەك کە خاوەنی ئۆتۆنۆمیەکی تەواو بێت لە باکووری عێراق دا زۆر کەم گرینگن لەبەر ئەم هۆیانە: 1-تورکیا و ئێران و عێراق بە توندی دژی ئەم دەوڵەتە یان دژی ئەم ناوچە ئۆتۆنۆمییە دەوەستنەوە.، 2-ئەمریکا و ئەوروپاش دەوڵەتێکی کوردیان ناوێ هەر هیچ نەبێت لە کاتی ئێستە دا وێرای

**ئەوەی کە دەیانەویَ ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی کورد هەبێت.، 3-ڕووداوەکانی جەنگی کەنداو بوون بە سۆنگەی ئامادەبوونێکی زۆری تورکیا لە باکووری عێراق دا و نفووزی تورکیا بەسەر ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراق دا. ئەم پەرەسەندنانە پێچەوانەی ڕەوشی ناوچەکە بوو لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کە ئەمە یەکێك لە گەورەترین گۆڕانکارییە دراماتیکیەکانی پارسەنگی جیۆپۆلیتیکی و جیۆسیاسییە لە نەودەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا.**


444- Sauri P. Bhattacharya, The situation of the Kurds in the post-Gulf war period and US policy toward it. *Asian Profile* 22 (2), avr. 1994, pp. 151-160.

445-Helena Cook, *The Safe Haven In Northern Iraq. International Responsabilitty For Iraqi Kurdistan*. Essex: University of Essex, Human Right Centre, London: KHRP, 1995.

446- Mehdi Mozaffari, The " new " balkanization of the Persian Gulf ? *Cambridge Review of International Affairs* 8 (2) 9 (1), 1994-1995, pp. 136-149.

447-Michael M. Gunter, "A Kurdish State in Northern Iraq?" In: *Humboldt Journal of Social Relations,* Vol. 20, No. 2, 1995, pp. 45-94.

448-Michael M. Gunter “Civil war in Iraqi Kurdistan : the KDP-PUK conflict”, in: *Middle East Journal* (1996) vol. 50, 2 , pp. 225-241.

448-مایکل م. گونتەر، " کێشەی نێوان پدك و ینك لە باکوری عێراق دا*". ئەم وتارە باسی شەڕی ناوەخۆیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکات لە ئایاری 1994. باسی دوای جەنگی کەنداو (1991) و دروستکردنی ناوچەی (نەوای ئارام) دەکات کە بەگوێرەی بڕیارنامەی ژمارە 688 ی نەتەوە یەکگرتووەکان دروستکرا. پاشان باسی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دواجار بە پاشخانی کێشەکەدا چۆتە خوارەوە و باسی درستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لە 16 ی ئابی 1946 و شۆڕشی ئەیلوول و ئینشیقاقی بزووتنەوەی کورد و تا دواجار باسی دامەزراندنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان/قیادەی موەقەتە لە دوای ساڵی 1975 و ئینجا باسی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات لە حوزەیرانی 1975 لە دیمەشق کە یەکەمین پارت بوو کە ساڵی 1976 لە کوردستانی عێراق پێشمەرگەی هەبوو. ساڵی 1981 کێشەی نێوان پدك و ینك گەیشتە قۆناغێکی ترسناك و لەم بەستێنەدا باسی ساڵانی شەڕی براکوژی ناو شاخ دەکات و دواتر بە وردی دەگەڕێتەوە سەر باسکردنی تێوەگلانی پەکەکە، تورکیا، عێراق و ئێران لە شەڕەکەدا.

449-Sheri Laize, *Martyrs, traitors and patriots : Kurdistan after the Gulf War,* London; New Jersey : Zed books, 1996, (XIII-224 p).

449-*شیری لەیزەر، شەهید، خیانەتکار و نیشتمانپەروەرەکان: کوردستان دوای جەنگی کەنداو.* خاتوو لەیزەر یەکێکە لەو ژنە ڕۆژنامەنووسانەی کە چەندین جار سەردانی کوردستانی کردووە و لە نزیکەوە کورد دەناسێ. مایکل ئیگانتیڤ پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیووە (لا: نۆ-دە) , بەشێوەیەکی گشتی باسی بزووتنەوەی کورد دەکات لە کوردستانی عێراق و تورکیا و بەشێوەیەکی تایبەتیش

* ئەمە ناونیشانی وتارەکەیە لە ناوەوە، بەڵام لەسەر بەرگەکە و لە پێرەستی بابەتەکان ئەم ناونیشانە نووسراوە :
« *The KDP-PUK conflict in northern Iraq* »

دوای جەنگی دووەمی کەنداو. بەشەکانی ئەم کتێبە بەمشێویە دابەشکراون. فەسڵی یەکەم: ڕاپەڕینی کورد, باسی ڕاپەڕینی بەهاری کوردستانی عێراق و ئازادکردنی شار و شارۆچکەکان دەکات (لا: 1–28). فەسڵی دووەم: سیاسەتی واقیعبیتانەی کورد و ڕاپەڕینی سەرنەکەوتوو (لا: 29–34). فەسڵی سێیەم: هاوینی "نەوای ئارام" (لا: 35–46). فەسڵی چوارەم: چاوەڕوانی لەبەر سەرما دا (لا: 47–57). فەسڵی پێنجەم: شەڕی براکوژی (لا: 58–71). فەسڵی شەشەم: شەڕی نەگریس لە تورکیا دا (لا: 72–108). فەسڵی حەوتەم: مردن بە هەزار برینەوە: وێرانکردنی ناوچەیەك (لا: 109–122). فەسڵی هەشتەم: شەڕی ڕەنگەکان (لا: 123–138). فەسڵی نۆیەم: تورکیا: تەنها چارەسەری عەسکەری (لا: 139–160). فەسڵی دەیەم: ژنانی کورد: ناسنامە و ئامانج (لا: 161–192). فەسڵی یانزەهەم: کۆمیونیتەی نێودەوڵەتیی و پرسی کورد (لا: 193–208) پاشبار: دوای براکوژی؟1996 (لا: 209–212). پاشکۆ: حەفتا ساڵ حوکمی عەسکەری ڕێگەدراو لە لایەن یاسای تورکییەوە (لا: 213–214)، بیبلیۆگرافیای هەڵبژاردە (لا: 215–217).

450- Michael M. Gunter, "The foreign policy of the Iraqi Kurds", in: *Journal of South Asian and Middle Eastern Studies* (1997) vol. 20, 3 pp. 1-19.

450–مایکل گوتنەر، "سیاسەتی دەرەوەی کوردەکانی عێراق". نووسەر لەم باسەیدا باسی سیاسەتی دەرەوەی گروپێکی بێدەوڵەتی وەك کوردەکانی عێراق دەکات. سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێش هەشتایەکان و باسی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی کورد دەکات لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا وەکو پێوەندی نێوان کورد و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێوەندی نێوان کورد و ئیسرایل. پاشان جەنگی عێراق–ئێران و دوای ساڵی 1991 یش پێوەندی کورد لەگەڵ تورکیا و دواین جاریش شەڕی نێوان پدك و ینك و پێوەندی کورد لەگەڵ ئەمریکا و هەڵوێستی ئەمریکا لەو شەڕەدا و ئەو هەوڵانەی دران بۆ ڕاگرتنی شەڕی براکوژی.

451-François-Xavier Lovat, *Kurdistan Democratic Party*, London: G.I.D. Editions, 1999, (128 p).

452-Michael M. Gunter, *The Kurdish predicament in Iraq : a political analysis,* Basingstoke : Macmillan, 1999, (x,181 p).

453-Gareth R.V. Stansfield, *The political development of Iraqi Kurdistan,* New York; London : RoutledgeCurzon, 2003, (224 p).

454-Gareth R.V. Stansfield, *Iraqi Kurdistan: political development and emergent democracy*, London, Routledge Curzon, 2003, (xvi, 261 p).

455-Mohammed M. A. Ahmed & Michael M. Gunter, *The Kurdish question and the 2003 Iraqi war*, Costa Mesa, Calif., ED. Mazda Publ, 2005, (XVI, 285 p).

# بەشی پێنجەم

# سەفەرنامە، جوگرافیا و ئابووری

## 1.5: سەفەرنامە

456-John Macdonald Kinneir, *A geographical memoir of the Persian Empire*, 1813.

456- جۆن ماکدۆنالد کینێر، ***یادداشتنامەی جوگرافی ئیمپراتۆریای فارس***. جۆن ماکدۆنالد کینەر (1782-1830) ڕاوێژکاری جۆن مالکم لە ئێران لەم کتێبەدا باسی هەموو هەرێمەکانی ئێران دەکات و ئەوەی پێوەندی بە کوردستانەوە هەیە ئەم هەرێمانەن: یەکەم: ئەردەلان. هەرێمی ئەردەڵان لای ڕۆژهەڵاتیی هەرێمی کوردستانە. درێژییەکەی هەزار میلە و لە ڕوباری چکۆڵەی شاروخ تا هەرێمی زەهاوی تورکیا درێژدەبێتەوە و پانیەکەی نزیکەی سەد و شێست میلە و دواتر باسێکی جوگرافی و باسی دابەشبوونی ئاواییەکان و پێکهاتەی ئیتنیکی هەرێمەکە دەکات (لا: 142-147) ئازەربایجان (لا: 148-158). خوراسان (لا: 169-186) و دواجاریش لە بەشی پاشالیکی ئورفە دا باسێکی جوگرافی گرینگی پاشالیکی ئورفە و باسی پێکهاتە و ئاواییەکانی دەکات (313-318).

457-John Macdonald Kinneir, *Journey through Asia Minor, Armenia, and Koordistan, in the years 1813 and 1814 ; with*

*remarks on the marches of Alexander and retreat of the Ten Thousand*[*]. London : John Murray, 1818, (XII-603 p).

457-**جۆن ماكدۆنالد كينێر، *سەفەر لە ئاسیای بچووك، ئەرمەنستان و كوردستانی لە ساڵەكانی 1813-1814دا.* لیۆتینان كۆلۆنێل كیننێر (1782-1830) لەگەڵ مسیۆنی مالكۆم بۆ ئێران ساڵی 1808-1809 هاتۆتە ڕۆژهەڵات. دوای كۆتایی هاتنی مسیۆنەكەكە چەند گەشتێكی بۆ ئێران كردووە و لە كۆتایی ساڵی 1810 بەشێكی كوردستان گەڕاوە و دواتر بەناو كوردستان و ئاسیای بچووك دا گەڕاوە. ساڵی 1824 پۆستێكی بەرز لە كۆمپانیای ڕۆژهەڵاتیی هیندی وەردەگریٚ و لە تاران نیشتەجیٚ دەبێت. ساڵی 1830 لە تەبرێز كۆچی دوایی دەكات. ئەوەی زیاتر لەم سەفەرنامەیەدا سەرەنجی كینێری ڕاكێشاوە زیاتر سترەكتووری سیاسیی و كۆمەڵایەتی و كاراكتەری مۆرالی كوردەكانە و نووسەر كوردەكان بە ڕەگەزی كێوی و دڕندە باسدەكات.**

458-William Heude, *A voyage up the Persian Gulf, and a journey overland from India to England in 1817: containing notices of Arabia Felix, Arabia Deserta, Persia, Mesopotamia, The Garden of Eden, Babylon, Bagdad, Koordistan, Armenia, Asia Minor*. London: Longman, Hurst, Rees, Orme, and Brown, 1819, (252 p).

458-**ولیام هیود، *سەفەر بۆ سەرووی كەنداوی فارس و سەفەرێك بۆ ناو خاكی هیندستانی ئەنگلستان لە ساڵی 1817 دا.* ئەم سەفەرنامەیەی كۆلۆنێلی سوپای ئینگلیز ولیام هود (1789-1825). ئەم سەفەرنامەیە بریتییە لە (11) فەسڵ و ئەوەی لەم سەفەرنامەیە تایبەتە بە كوردستان بریتیین لە فەسڵەكانی (9، 10 و 11) (لاپەڕەكانی 189-216). هۆد لە 28 ی شوباتی 1817 لە بەغداوە دەردەچیٚ و لە**

[*] Trd. French : *Voyage de la côte de Malabar à Constantinople par le golfe Persique, l'Arabie, la Mésopotamie, le Kourdistan et la Turquie d'Asie, fait en 1817 par William Heude*, Paris : Gide fils, 1820, (356 p).

ڕێگەی کفری دەچێتە سلێمانی دوایی لە ڕێگەی کۆیە دەچێتە هەولێر (ئەربیل) و لەوێشەوە بۆنا و ئێزیدییەکان و قەرەقووش و تا مووسڵ (لا:189–216). دواتر لە نەینەواوە بەناو بیابان دا دەچێتە نەسیبین، ماردین و وەسپێکی وردی شاری جەزیرە و نەسیبین دەکات و پاشان باسی ئێزیدییەکان (یان وەك ئەوەی ئەو پێی دەڵێ شەیتان–پەرستان دەکات) و ئینجا لە ماردینەوە دەچێتە دیاربەکر و لەوێشەوە بەناو چیایەکانی تۆرۆس دا بە مەلاتیە و دۆڵی سیواس دا دەڕوات و باسی ڕەوشی جوتیارەکانی تورکیا دەگێڕێتەوە (لا: 217–252).

459-Robert Ker Porter (Sir), *Travels in Georgia, Persia, Armenia, ancient Babylonia, &c. &c : during the years 1817, 1818, 1819, and 1820. With numerous engravings of portraits, costumes, antiquities*, &, London : Longman, Hurst, Rees, Orme, and Brown, 1821-22, 2 vol. (XX-720, 869 p).

459–ڕوبێرت کێر پۆرتێر (سێر)، ***چەند گەشتێك بۆ جۆرجیا، ئێران، ئەرمەنستان و بابلی کۆن.*** سێر ڕوبێرت کێر پۆرتێر (1777–1842) لە ساڵەکانی 1817 تا 1820 گەشتێکی دوورودرێژی بۆ جۆرجیا، ئێران، ئەرمێنیا و عێراقی عەجەمی عێراقی عەرەبی کوردستان و ساڵی 1821– 1822بە دوو بەرگی گەورە گەشتنامەکەی خۆی بڵاوکردۆتەوە. ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە بەرگی دووەمە گەشتنامەکەیە. نووسەر لە کرماشانەوە (لا: 178) بە ماهیدەشت هاتۆتە قەسری شیرین، لەوێوە چۆتە کوردستانی باشوور (کە ئەو پێی دەڵێ عێراقی عەرەبی) لە دیالەوە چۆتە قزلرەبات و دوایی حەمرین و لەوێشەوە چۆتە بەغد (لا:228). دواتر لە بەغداوە (لا: 427) بەرەو ڕێگەی کوردستان هاتووە و چووەتە کەرکووك و لەوێشەوە چووەتە سلێمانی زۆر بە درێژی باسی سلێمانی و ناوچەی شارەزوور دەکات و پاشان لەوێشەوە چۆتە ساوج–بولاق و ئازەربایجان و مەراغە (لا: 498).

460-Claudius James Rich, *Narrative of a residence in Koordistan, and on the site of ancient Nineveh : with journal of a voyage down the Tigris to Bagdad and an account of a visit to Shirauz and Persepolis*, ed. By his widow, London : J. Duncan, 1836, vol.I (XXXIII, 398 P); Vol II (VIII, 410 p).

460-کلۆدیوس جیمس ریچ: ***سەربوردەی جێنشنێك لە کوردستان و لە شوێنەواری نەینەوای کۆن، لەگەڵ ڕۆژانەی سەفەرێك بە ڕێڕەوی دەجلە بۆ بەغدا و ڕاپۆرتێك دەربارەی شیراز و پەرسیپۆل.*** ریچ (1787–1821). لە دیژۆن لە فرانسا لە بنەماڵەیەکی ئاریستۆکرات لە دایك بووە بەڵام منداڵی خۆی لە بریستۆل بەسەر بردووە. لە منداڵی زۆر حەزی لە مۆسیقا بووە و زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان سەرنجی ڕاکێشاوە. عیبری، ئاسووری، فارسی و عەرەبی فێربووە. لە بیست ساڵی بووە بە موقیمی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندی لە بەغدا و شەش ساڵ لەو پۆستەدا ماوەتەوە. لە بەهاری 1820 باری لەشساغی تێك دەچێ و بۆ هەوا گۆڕین لەسەر داوەتی مەحموود پاشای جاف بە هاوەڵی ژنەکەی و دەستوپێوەندەکانی سێ مانگ لە کوردستان ماوەتەوە و زۆربەی کاتەکانیشی هەر لە سلێمانی ماوەتەوە. سەری تەواوی ناوچەکانی ئەمارەتی بابان و ئەمارەتی سۆرانی و ئەمارەتی ئەردەلانیشی داوە و ئەو زانیاری و مەتریالانەی بەدەستیەوە داون وێنەیەکی زۆر ڕاستەقینەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە کوردستان بەدەستەوە دەدەن و یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە ناکرێ بۆ کەسێك باسی مێژووی کورد بکات لەو سەربەندەدا بێ ئەوەی نەگەڕێتەوە سەر ئەم سەرچاوەیە. ئەم سەفەرنامەیە پانزە ساڵ دوای مردنی ڕیچ وەك وەفایەك لە لایەن هاوسەرەکەیەوە (ماری ماکینتۆش) بە دوو بەرگ لە لەندەن بڵاوکرایەوە. بەرگی یەکەمی ئەم گەشتەنامەیە کە لە 16 ی نیسانی 1820 دەستپێدەکات و لە ڕێگەی دەلی عەباس ، تووزخورماتوو و چەمچەماڵ و ڕۆژی 8 ی ئایار گەیشتۆتە سلێمانی و تا 17 ی تەمموز هەر لە سلێمانی ماوەتەوە و دواتر بە ڕێگەی دەربەند گۆیژە سەردانی سنەی کردووە و ناوچەکانی پێنجوین و مەریوان و ئەو دەروناوچەیە گەڕاوە و دواتر لە 25 ی

ئەیلوول گەڕاوەتە سلێمانی و تا 21 ی تشرینی یەکەمی 1820 لە سلێمانی ماوەتەوە. بەرگی یەکەمی ئەم سەفەرنامەیە سەرومر تەرخانی کوردستان کراوە و بەپێچەوانەوە بەرگی دووەمی لەم ڕۆژەوە دەستپێدەکات کە سلێمانی بەجێدەهێڵێ ( 21 ی تشرینی یەکەم) و هەر تەنها فەسڵی یەکەمی لەسەر کوردستانە و ئەوی دیکە پێوەندییێکی ئاوهای بە مێژووی کوردستانەوە نییە.

461- J. Brant "Journey through A part of Armenia and Asia Minor in Year 1835", In *JRGS*, Vol VI, 1836, pp. 187-223.

461–جیمس برانت، "سەفەر بۆ بەشێکی ئەرمەنستان و ئاسیای بچووک لە ساڵی 1835". سەفەرنامەیەکی کونسوڵی بریتانی جەیمس برانت، کونسولی ئینگلیزە لە ئەرزەرۆم بۆ ناوچە چیاییەکانی ئاسیای بچووک لە هاوینی 1835. ئەم سەفەرە زۆر بە تایبەتی بۆ ناوچە ئەرمەن نشینەکان و کوردنشینەکانی عوسمانی کراوە و برانت لەم سەفەرنامەیەدا زیاتر بایەخ بە وەسفی جوگرافی، بەرزایی چیایەکان، شوێنی جوگرافی، ئاو وهەوا و ژمارەی دانیشتوان داوە. سەرەتای سەفەرنامەکە لەناوچەی تەرابزۆندە دەستپێدەکات و لەوێشەوە بەرەو سنووری ڕووسیا و لەوێشەوە بۆ باتۆم دواتر پاشالیکی قارس و ئەدەهان و ئەرزەرۆم. لە چیایەکانی دوگلیک کە بە قسەی نووسەر تەنها کوردەکانی تێدا دەژین و باسی کوردەکانی ئەم ناوچەیە دەکات. دوااتر باسی ناوچەکانی ئەرزەنجان، عەربگیر (لێرەوە هەستدەکەین ئیدی توخمی کورد لەو ناوچەیەوە باڵادەستە)، دیاربەکر، مەلاتیە، جەزیرە و لە کۆتایی سەفەرنامەکەیشدا نەخشەیەکی گەشتەکەی بە سەعاتە ڕێ و ڕەوشی ڕێگە و بانەکانی باسکردووە

462-James Billie Fraser, *A winter's journey (Tâtar), from Constantinople to Tehran*, published by R. Bentley, London, 1838, 2 volumes (Vol 1, VII+420 p), (Vol 2, 511 p).

**فرەیزەر لەم گەشتە زستانەی خۆیدا تەنها لەنامەی شەشەم (لا 253–303) باسی کورد دەکات و دواتریش لە نامەی حەوتەمیش لە لاپەڕەکانی (304–361) کەم و زۆر باسی کورد دەکات.**

463- J. Shiel, "Notes on a Journey from Tabriz through Kurdistan via Van, Bitlis, Se'rt and Erbil, to Suleimaniyah, in July and August, 1838"[19]. In *The Journal of the Royal Geographic Society of London*, vol. 8 (1838), pp. 54-101.

464- Horatio Southgate, *Narrative of a tour through Armenia, Kurdistan, Persia, and Mesopotamia.* Vol 1, [S.l.] : Tilt and Bogue, 1840

465- J. Baillie Fraser, *Travels in Koordistan, Mesopotamia, etc : with sketches of the character and manners of the Koordish and Arab tribes*, [1840?], 2 v.in 1 (ix, 477 p).

**جەیمس بیللی فرەزەر، چەند گەشتێك بۆ كوردستان و میزوپۆتامیا. فرەیزەر (1783–1856) یەكێك لەو گەڕۆك و گەڕاڵە ئینگلیزانە بوو کە زۆرترین بەشی ژیانی بەسەفەر و گەڕان بەسەر بردووە. فرەیزەر ساڵی 1834 لە ڕێگەی ئەستەموولەوە بە ئەركێكی دیپلۆماسی دەگاتە تەبرێز و ناوچەی حوكمڕانی ئەردەڵانەكان. لە تەورێزەوە دەچێتە ورمیٚ–ساوج–بولاق–سەردەشت و لەوێشەوە ویستویە بچێتە ڕەواندوزی میری پاشای كۆرە بەڵام وادیارە لەبەر ئۆپیراسیۆنەكانی جەنگ نەیتوانیوە ئەو سەفەرە بكات بۆیە ئاڕاستەی سەفەرەكەی بۆ شاری سلێمانی گۆڕیوە و ڕۆژی 1**

[19]Redit. In: *The International Journal of Kurdish Studies* 15, nos. 1-2 (2001), pp. 1-38.

ی تشرینی دووەمی 1834 دەگاتە سلێمانی و ماوەیەك میوانی سلێمان پاشای بابان دەبێ و دواتر لە ڕێگەی کفری دەگەڕێتەوە بەغدا و دواتر لە بەغداوە لە ڕێگەی دیالەوە دەچێتەوە بۆ ئێران. فرەیزەر گەشتەنامەکەی خۆی لەسەر شێوەی نامە بۆ هاوسەرەکەی نووسیووە و بە پۆستە بۆ ئەنگلستانی ڕەوانە کردۆتەوە. سەفەرنامەکە ساڵی 1840 لە لەندەن لە دوو بەرگ دا بڵاوکرایەوە کە بەرگی یەکەمیان (15) نامە و بەرگی دوەمیشیان بریتییە لە (19) نامە.

466-J. Brant, “Notes of a Journey through a part of Kurdistan in the Summer of 1838”, In *JRGS*, Vol X, 1841, pp. 341-432.

466– جیمس برانت، "چەند سەرنجێك دەربارەی گەشتێك بەناو بەشێکی کوردستان لە هاوینی ساڵی 1838 دا". ئەم وتارە بریتییە لە تێبینی و سەرنجی گەشتێکی کونسوڵی ئینگلیز لە ئەرزەڕۆم جیمس برانت سکوایر و گەشتەکە لە ئەرزەڕۆم لە 16 ی حوزەیرانی 1838 دەستپێکردووە و بە ناوچەکانی وان، موش و بدلیس دا ڕۆیشتووە و لە 19 ی ئەیلوولی هەمان ساڵ تەواو بووە. برانت دۆڵ بە دۆڵ و شاخ بە شاخی ناوچەکە گەڕاوە و وەسپێکی وردی دۆڵ، چیا و پێدەشت و کانیاوەکان دەکات و ئەم گەشتە زیاتر بە ئامانجی زانیاری کۆکردنەوە بووە لەبارەی کوردستان و ڕەوشی ئەرمەنییەکان و شایانی گوتنە کە لەم گەشتەدا هەر یەکە لە میستەر ئادام گیفۆرد گلاسکۆتی ئەفسەری هێزی زەریایی لەگەڵ دابووە کە نەخشەی ڕێگەو بانەکانی سەفەرەکەی کێشاوە و هەروەها پزیشکی نەشتەرگەر ئەدوارد دیکسۆنی لەگەڵ دا بووە. دواجار برانت ڕۆژنامەیەکی دەرچوون و ناوی ئەو شوێنانەی کە سەفەری تێدا کردوون بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ دووری ڕێگای نێوان ناوچەکان.

467-George Fowler, *Three years in Persia, with travelling adventures in Koordistan*, London, 1841, 2 v.(XII, [2], 330; X, 2, 333, 1 p.)

468- Justin Perkins, "Journal of a Tour from Oroomiah to Mosul through the Koordish Mountains"[20]. In : *JAOS*. II, 1851, pp, 71-119.

469-Moritz Wagner, *Travels in Persia, Georgia and Koordistan : with sketches of the Cossacks and the Caucasus, London:* Hurst and Blackett, 1856, 3 vol. (320, 319, 318 p.).

470-J. G. Taylor, « Travels in Kurdistan, with Notices of the sources of the Eastern and western Tigris, and Ancient Ruins in their neighbourhood », In: *Journal of the Royal Geographical Society*, 1865, pp. 21-58.

**470–بریتییە لە گەشتەنامەی ژ.گ. تایلۆری کونسوڵی ئینگلیز لە دیاربەکر. بریتییە لە بەرهەمی سێ گەشت کە لە نێوان ساڵەکانی 1861–1863 بە ڕەزامەندیی حکومەتی خاوەندشکۆی بریتانی بۆ دیاربەکر، پایتەختی پاشالیکی کوردستان ئەنجامی داون. تایلۆر لەم گەشتنامانە زیاتر مەبەستی بووە لە ڕەوشی بازرگانی ناوچەکە تێبگات و داتاگەلێك کۆبکاتەوە کە خزمەتی بەرژەوەندییە کۆلۆنیالیەکانی بریتانیا بکات. باسی پێکهاتەی ئیتنیکی و ئایینی ناوچە کوردەوارییەکان دەکات و باسی سەرچاوە ئابووری و سروشتیەکان و هەروەها توانای هۆزەکان و پێکهاتەی هۆزەکانی ناوچەکە باس دەکات. دواجاریش لەناو تابلۆیەکدا پێکهاتەی ئیتنی و ئایینی پاشالیکی دیاربەکر دیاری دەکات.**

[20]Redit. In : " *The International Journal of Kurdish Studies* 15, nos. 1-2 (2001), pp.  59-86.

471- Isabella Lusy Bishop (-Bird), « The shadow of the Kurds » In : The *Contemporary Review*, London, May 1891, Vol 59, pp. 642-654; pp. 819-835.

472-Isabella L. Bird Bishop, *Journeys in Persia and Kurdistan,* Tom I Londres : Murray, 1891, (XIV-381 p.); Tom II, Londres : Murray, 1891, (409 p).

**472–ئیزابێل ل, بیرد شۆپ، *سەفەر بۆ ئێران و کوردستان*. مەدام بیشۆب (1832–1904)، نووسەر و فۆتۆگراف. هەموو ژیانی خۆی لەسەفەر و نووسین دا بردە سەر و هەموو دونیا گەڕاوە: ئەمریکا، کەنەدا، ئاسیای ڕۆژهەڵات، چین، ژاپۆن، کۆریا و تیبیت. لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەی لە هیندستان ساڵی 1889 سەری ئێران و هەرێمەکانی عوسمانی دەدات و بەشێکی کوردستانیش گەڕاوە. زیاتر بە دوای مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات دا گەڕاوە و لەو جێگەیانەی سەفەری کوردستانی کردووە تێبینی و سەرنجی زۆری لەسەر کورد نووسیووە. ساڵی 1891 سەفەرنامەکەی خۆی لە لەندەن لە دوو بەرگ دا بڵاودەکاتەوە و لە بەرگی دووەمدا (لا: 261–390) تەرخانی کوردستان کراوە. شایانی گوتنە مەدام بیشۆب ماوەیەك لە شاری خانەقی ماوەتەوە و پاشان لە لای بەختیارییکان ماوەتەوە.**

473-Captain F. R. Maunsell, R.A, « Kurdistan »[21]. In: *The Geographical Journal*, N° .2, February, 1894, Vol. III, pp, 81-95.

**473–کاپیتان.ف.ڕ.مۆنسێل.ر.ئا.، "کوردستان". بریتییە لە گەشتەنامەی کاپیتان مۆنسێل کە لە هاوینی 1892 لە باکوورەوە چۆتە کوردستان و لە 26 ی ئابی 1892**

[21]Reedit.In: *The international journal of Kurdish studies,*– New York: The Kurdish Library. 15.2001, 1–2, pp. 95–107.

کوردستانی جێهێشتووه. باسی ڕێگه بانەکانی سەفەر، تێبینی لەسەر ئاوایی و شار و شارۆچکه کوردییەکان دەخاته ڕوو و بەشی زۆری کوردستانی عوسمانی و کوردستانی ئێران گەڕاوه و پڕیه له زانیاری و کەرەسه دەربارەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی کوردستان له دوایین دەیەی سەدەی نۆزدەهەم دا.

474-Walter B. Harris « A Journey in Persian Kurdistan », In: *The geographical journal , The Royal Geographical Society*– London: Vol.6, 1895 (July–December), pp. 453–457.

474–والتەر .ب. هاریس، "گەشتێك به کوردستانی ئێران". نووسەر له 12 ی ئاداری 1895 له تەورێزەوه سەفەرێکی بۆ ناوچه کوردەوارییەکانی گۆلی ورمێ ئەنجامداوه و له 14 ی مانگ گەیشتۆته مەراغه. بەقسەی نووسەر ژمارەی دانیشتوانی مەراغه 18000 کەس بووه و ئەو شاره به شوێنی نیشتەنی هۆلاکۆبووه. له مەراغەوه دەچێته ساوج–بولاق و لەوێشەوه بەهۆی ڕێبەرێکی کورد و لەگەڵ دەست و پێوەنده تورك و عەرەبەکانی له 20 ی ئایار دەگاته سەردەشت و سەردانی مەنگوڕەکان دەکات. دوای سێ ڕۆژ مانەوه له سەردەشت بەرەو بانه و سەقز، سنه و دەڕوات و له کۆتایی سەفەرنامەکەشیدا ناوی هۆزه کوردەکانی ناوچەی سنه و سەقز و دەوروبەریان بەدەسته دەدات.

475- Walter B. Harris, *From Batum to Baghdad via Tiflis, Tabriz, and Persian Kurdistan*, Edinburgh, Ed. W.Blackwood, 1896, (335 p).

476-F. Goldsmid (Sir), « De Morgan's "Mission Scientifique" to Persia", In: *The Geographical Journal*, N° .4, October, 1896, Vol. VIII, pp. 474-478.

477-Mark Saykes, "Journeys in North Mesopotamia", in: *The Geographical Journal*, N° .3, September, 1907, Vol. XXX, pp. 237-254 & 384-398.

477–مارك سايكس، " چەند گەشتێك بۆ باكووری میزۆپۆتامیا". باسی ناوچەكانی جەزیرەی ئیبن عومەر، هۆزە كوردییەكان، ئیبراهیم پاشا، كوردەكانی تورعابدین و كوردەكانی سوریا و هەروەها كوردەكانی هەردوو لای چیای شەنگاڵ و بایەخێكی تایبەتیشی بە ئێزیدییەكان داوە و چەندین وێنەی نایابی سەرۆكهۆز و ئاوایی كوردی لەگەڵ دایە.

478-William Edward Collins, *Notes of a Journey to Kurdistan,* Reprinted, with additions, from the Anglican Church Magazine, Guildford: For private circulation, 1908, (58 p).

479-Captain Bertram Dickson, « Journeys in Kurdistan »[22]. In: *GJ*, Vol XXXV, n° 4, April 1910, pp, 357-379.

479– كاپیتان بێرترام دیكسۆن، " كوردستان". بەو پێیەی كاپیتان دیكسۆن كۆنسوڵی سەربازی ئینگلیز بووە لە وان بۆیە دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵكەوتووە سەری ئاسیای بچووك بدات و چاوی بە كوردەكان كەوتووە و زانیاری و مەتریالی چاكی لەبارەی كورد كۆكردۆتەوە. ئەم سەفەرنامەیە بەرلەوەی بڵاوبێتەوە لە سیمینارێكدا لە بارەگای كۆمەڵەی جوگرافی شاهانەی* لە ئێوارەی 13 ی دیسامبەری 1909

[22]Reidit. In: The *international journal of Kurdish studies*-The Kurdish Library. – New York : The Kurdish Library, 15.2001,1–2 , pp. 109–129.

* *Royal Geographical Society*

خوێندراوەتەوە و دواتر لە ژمارە 4 ی نیسانی ساڵی 1910 لە گۆواری ( جیۆگرافیکەل ژورناڵ) دا بڵاوکرایەوە. ئەم وتارە خوێندنەوەیەکی ڕەوشی جوگرافیی کوردستان و باسی سترەکتووری سیاسیی–کۆمەڵایەتی و مۆدی ژیانی کاتیگۆرییە کوردییەکان دەکات. هەروەها وتارەکە کۆمەڵێك وێنەی نایابی کۆچەرە کوردەکان و سوارەی کوردی و نەخشەیەکی کوردستانیشی لەگەڵ دایە.

480-Morgan Philips Price, *A journey through Azerbaijan and Persian Khurdistan,* London: Pub. For the [Persia] Society by John Hogg, 1913, (27 p).

481-Major Kenneth Mason, M.C., R.E, " Central Kurdistan", in: *The Geographical Journal*, N° .6, December, 1919, Vol. LIV, pp. 329-347.

481–مازۆر کینیپ ماسۆن، " کوردستانی ناوەڕاست". بریتییە لەو موحازەرەیەی کە لە 3 ی نۆڤەمبەری 1991 پێشکەش بە کۆمەڵەی شاهانەی جوگرافیایی بریتانی کراوە. نووسەر سەرەتا کورتەیەکی مێژوویی کورد و بنچینەکانی کورد باس دەکات و دواتر باسی هۆزە کوردییەکان، شار و شارۆچکەکانی کوردستانی ناوەڕاست دەکات: نەهری، ڕەواندوز، پشدەر، قەڵادزێ و کۆمەڵێکی زۆر وێنەی نایاب و مێژوویی لەگەڵ دایە. دوای تەواوبوونی موحازەرەکە کۆمەڵێك کۆلۆنێل و دەرەجەداری سوپای بریتانی کە لەناوچەکەدا کاریان کردبوو و شارەزای ناوچەکە بوون بەشداریان لە گفتوگۆیەکەدا کردووە.

482-Ely Banister Soane, *To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise* ... Second edition, with a memoir of the author by Sir Arnold T. Wilson., London: John Murray, 1926, ( Xxi. 421).

482– ئی.بی. مێجەر سۆن، *گەشتێك بۆ میزۆپۆتامیا و کوردستان بە جلگۆڕاوی، لەگەڵ چەند سەرنجێکی مێژوویی لەبارەی هۆزە کوردییەکان و کلدانییەکانی کوردستان*. بریتییە لە سەفەرنامە بەناوبانگەکەی ئێلی بانیستەر سۆن* (16 ی ئابی 1881 –24 ی شوباتی 1923). سۆن بەر لەوەی خوێندن تەواو بکات هەر لە ساڵی 1898–ەوە نیازی سەفەری ڕۆژهەڵات لەسەری دابوو بەڵام تا ساڵی 1902ئەم ڕێکەوتەی بۆ نەرەخسا. دوای ئەوەی کۆمپانیای (ئێچ، ئێس، کینگ) کە وەك بانکی شەریکەی هیندی شەرقی بوو و وەکیلەکانی لەگەڵ بانکی لویدز تێکەڵاوبوون، بەمشێوەیە سۆن پێوەندی بە بانکی شاهەنشاهی ئێرانی دەکات و لە شوباتی ساڵی 1902 دەچێتە ئێران. سۆن لەم مێژووە بەدواوە جگە لە دوایین دوو ساڵی تەمەنی و چەند ماوەیەکی کەمی پشووەکانی بۆ ئەنگلستان، هەموو ژیانی هەر لە ڕۆژهەڵات بەسەر دەبات. دوای چوونی بۆ ئێران ماوەیەکی کورت لە تاران بەسەر دەبات و دواتر دەچێتە (یەزد) و لەوێوەوە ساڵی 1903 دوای یەك ساڵ مانەوە لە یەزد دەست دەکات بە وەرگێڕانی چوارینەکانی عومەر خەیام. ساڵی دواتر لە بوشەهر و پاشان لە شیراز دەبێتە ژمێریاری بانکی شاهەنشاهی ئێران. لەو ساتەوە سۆن خولیای ئایینی ئیسلامی دەکەوێتە سەر و دەچێتە مزگەوتەکان و جلی ئێرانی دەپۆشی و لەگەڵ ئاخوندەکان دەکەوێتە وتوێژ و دواجار ساڵی 1905 دەچێتە سەر ئایینی ئیسلام و دەبێتە شیعە. ساڵی 1906 دەبێتە بەڕێوەبەری لقی بانکی شاهەنشاهی ئێران لە کرماشان و لێرەوە دەستدەکات بە فێربوونی زمانی کوردی و لێکۆڵینەوە لەبارەی گەلی کورد. دواتر لە سۆنگەی ناکۆکیی توندی لەگەڵ کۆنسڵی ڕووسیا لەوشارە هێندە لە پۆستەکەی نامینێتەوە و ساڵی 1907 واز لە بانکەکە دەهێنێ و بۆ ماوەیەکی کورت دەگەڕێتەوە بۆ ئەنگلستان. ئەمجارە کە لە لەندەن دەگەڕێتەوە بەناوی خوازراوەی میرزا غولام حوسێن شیرازی گەشتێکی دوورودرێژ بەناو میزۆپۆتامیا و کوردستان دا دەکات و بەرهەمی ئەم گەشتەی ئەم کتێبە نایابە بوو کە ساڵی 1912 یەکەم چاپ و ساڵی 1926 دووەم چاپی بڵاوکرایەوە.

* Ely Bannister Soane

**سەفەرنامەکە بریتییە لەم بەشانەی خوارەوە: پێشەکی نووسەر (لا: پێنج–شەش). فەسڵی یەکەم: لە میزۆپۆتامیا و کوردستان بە جلگۆڕاوی (لا: 1–15). فەسڵی دووەم: لە کۆنستانتینۆپلەوە بۆ هیراپولیس (لا:16–33). فەسڵی سێیەم: لە فوراتەوە بۆ دەجلە، ئەدیسە (ئورفە ) و ئامەد (دیاربەکر) (لا: 34–59). فەسڵی چوارەم: لە دەجلەوە بۆ مووسڵ (لا: 60–88). فەسڵی پێنجەم: مووسڵ، شارە ئاسووری و ئێزیدییەکان (لا: 89–105). فەسڵی شەشەم: ڕوباری زاب، کۆنە ئاشوور و ئەدیابین، ئەربیلا و کەرکووک (لا: 106–139), فەسڵی حەوتەم: کلدانەکان (لا: 140–162). فەسڵی هەشتەم: بەناو وڵاتی هەمەوەندەوە بۆ سلێمانی (لا: 163–183). فەسڵی نۆیەم: سلێمانی (لا: 184–209). فەسڵی دەیەم: شارەزوور (لا: 210–247). فەسڵی یانزەهەم: شارەزوور و هەڵەبجە (لا: 248–272). فەسڵەکانی دوانزە و سیانزەم: ژیان لە سلێمانی دا (لا: 273–324). فەسڵی چواردەم: بەرەو کەرکووک (لا: 325–350). فەسڵی پانزەهەم: بەرەو بەغدا (لا: 351–366) و فەسڵی شانزەهەم: لەبارەی کورد و نیشمانەکەیان (لا: 367–404). پاشکۆ: هۆزە کوردییەکان (لا: 405–407)، بیبلیۆگرافیا (لا: 409–410). لەگەڵ چندین وێنەی نایاب و نەخشەیەکی کوردستان و میزۆپۆتامیا.**


483-E. A. (Ephraim Avigdor) Speiser, *Southern Kurdistan in the Annals of Ashurnasirpal and today,* [New Haven, Conn.?] : American Schools of Oriental Research, 1928, (41 p).

484-G. M. Lees, « Two years in South Kurdistan », In: *Journal of the Royal Central Asian Society*. London, Vol. 15.1928, (3), pp. 253–278.

485-C. J. Edmonds, "Soane at Halabja : an echo", In *Journal of the Royal Central Asian Society*. Vol. 1936, pp. 622-625.

486- Francis M. Halley, “The Gorge of the Qal’a Cholân and its confluence with the lesser Zab: Notes of a Tour in south Kurdistan in 1921”, in: *The Geographical Journal*, Vol. LXXXVI, (July to December), 1936, pp. 158-164.

**486–فرانسیس م. هاللی، " دەربەندی قەڵاچواڵان و بەیەکگەیشتنەوەی لەگەڵ زێی بچووك تێبینییەکانی گەشتێك بۆ کوردستانی خواروو ساڵی 1921". بریتییە لە گەشتێکی نووسەر بۆ سلێمانی (کوردستانی خوارووی ژێر دەسەڵاتی ئینتیدابی بریتانیا و باسێکی جوگرافی ناوچەکە :سلێمانی، قەلادزێ، کێلەشین و ناوچەکانی نزیکی دەکات و نەخشەیەکی تۆپۆگرافی ناوچەکەی لەگەڵ دایە.**

487-Archibald Milne Hamilton, *Road through Kurdistan : the narrative of an engineer in Iraq;* with a foreword by Major-General Rowan-Robinson, London : Faber & Faber limited, 1937, (331 p).

**487– ئارشیبالد میلنا هامیلتۆن، *ڕێگایەك بەناو کوردستاندا: سەربووردەی ئەندازیارێك لە عێراقدا.* ئارشیبالد میلنن هامیلتۆن, ساڵی 1898 لە نیوزلەندە لە دایکبووە. دوای تەواو کردنی خوێندنی ئەندازیاری ساڵی 1927 وەکوو ئەندازیار لە دیوانیە کار دەکات و ساڵی 1928 دەگوازرێتەوە بۆ کوردستان و چوار ساڵی تەمەنی لە کوردستان بە شەقکردنی ئەو ڕێگە تەرخان دەکات کە ئەمڕۆ بەناوی ڕێگەی هامیلتۆن ناسراوە, ساڵی 1972 لە تەمەنی 74 ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. ئەم کتێبە چاپی یەکەمی ساڵی 1937 بڵاوکرایەوە. گێڕانەوەی ئەزموونی ئەندازیاری نیوز–لەندیی هامیلتۆنە وەکوو ئەندازیارێك کە ئەرکی کێشانی ئەو ڕێگەیەی پێسپێردرا بوو کە ئەمرۆ بەناوی ڕێگەی هامیلتۆن لە پارێزگای هەولێر تا حاجی ئۆمەران و سەر سنووری ئێران درێژ دەبێتەوە. هامیلتۆن بە خۆیی و شەش سەد**

**کرێکار لە نەتەوە و ئایینی جیاواز و بە ماوەی نزیکەی پێنج ساڵ ڕێگەکە تەواو دەکات. لەم بیرەوەریانەدا هامیلتۆن هەر تەنها باسی ڕێگەکە ناگێڕێتەوە بەڵکو باسی هاوپێبەندیی هۆزەکان و سەرۆکهۆز و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو دەورانەی ئەم بەشەی کوردستانی عێراقیش دەگێڕێتەوە. چاپی ئینگلیزیی سەربوردەکە ساڵەکانی:** 1937، 1945، 1947، 1958، 1975، 2004 **بڵاوکراونەتەوە. جگە لەوە کتێبەکە کۆمەڵێك وێنەی زۆر نایابی کوردستان و وێنەی کەسایەتییە کوردەکان و هاوکات دوو نەخشەی کوردستانیشی لەگەڵ دایە.**

488-Witold Rajkowski, *"A Visit to Southern Kurdistan"*, In: *GJ*, Vol CVII, N° 3-4, (March-April 1946), pp. 128-134.

489-Francois Balsan, *The Sheep and the Chevrolet. A journey through Kurdistan*[23], London : Paul Elek, 1947, (176 p).

489–**فرانسوا بالسان، *پەز و شیڤرۆلێت: گەشتێك بەناو کوردستان دا.* بریتییە لە وەسفی گەشتنامەیەك بە ئۆتۆمۆبیل بەناو کوردستاندا کە نووسەر و خێزانەکەی ساڵی** 1939 **کردوویانە. گەشتەکە بە شەمەندەفەر کراوە تاوەکوو مەلاتیە بەناو شاری قەیسەری و سواس دا و پاشان بە پشتی ئەسپ بۆ ئەزیغ و لەوێشەوە بە ئۆتۆمۆبیلی شیڤرۆلێت لە دۆڵی مرادەوە بۆ زەریاچەی وان و پاشان بە کەناری باشووری زەریاچەکە دواتر ڕویشتن بۆ ماوەی سەد میل بۆ سەر سنووری ئێران نزیك (خانەسوور). گەشتنامەکە هیچ مێژوو و قۆناغەکانی سەفەر و وەرزەکانی تێدا نییە. کتێبەکە** 40 **وێنەی فۆتۆگرافی نایابی لەگەڵ دایە.**

490-Cecil John Edmonds, The travels of Arthur MacMurrough Kavanagh in Kurdistan and Luristan in

[23] Trad.of : François Balsan, *Les Surprises du Kurdistan*, 1944, Paris.

1850, In: *Journal of the Royal Central Asian Society*. – London : Soc. 36.1949, 3–4 (July–Oct.), pp. 267–273.

491-William M. Masters, *Rowanduz : A Kurdish administrative and mercantile center*, thesis, University of Michigan, 1953, 358 leaves.

492-Peter Hadland Davis, (Lake Van and Turkish kurdistan, a botanical journey (with discssion), *The Geographical Journal*, vol. 27, Nr. 12 April, 1955, pp. 599-606.

493-G. E. Hubbard, *From the gulf to Ararat: an expedition through Mesopotamia and Kurdistan, Edinburgh and London:* W. Blackwood and Sons, 1916, (pp. xv. 273)[24].

494-Mrs Lindfield Soane, "A Recent Journey In Kurdistan", In: JRCAS, London, July 1935, P: 403-417

## 2.5: جوگرافیا و ئابووری

495- Azariah Smith, "Contribution to the Geography of central Koordistan, ( in a letter to the corresponding secrtary) with A map". In: *JAOS*. II, 1851, pp. 61-68.

---

[24] Red. New Delhi : Asian Educational Services, 2003, (XV-273 p).

496- Major F. R. Maunsell, R.A, « Central Kurdistan », In: *The Geographical Journal*, N° .2, August, 1901, Vol. XVIII, pp. 121-144.

496–ماژۆر ف.ر. مونسێل، " کوردستانی ناوەڕاست". باسێکە دەربارەی کوردستانی ناوەڕاست، واتە ناوچە چیاییەکانی نێوان بۆتان و زێی گەورە و باسی جوگرافیای ئەم ناوچەیە دەکات و وا دیارە زانیارییەکان زیاتر بە مەبەستی کاری سەربازی کۆکراونەتەوە و زانیاری زۆر وردیان لەبارەی جوگرافیای ناوچەکە تێدایە. چەند وێنەیەکی دەگمەنی سەرۆکهۆز و هۆزە کوردەکانی لەگەڵ دایە.

497-G. R. Driver, «  Theo Natural and commercial Products of Northern Kurdistan », in : *Asiatic Review*, Vol XVII, (January-October , 1921), Nos. 49-52, pp. 605-700.

497–گ.ئار.درایڤەر، "بەرهەمی سروشتی و پیشەسازی کوردستان". درایڤەر لەم باسەیدا باسی بەرهەمە سروشتییەکانی وڵاتی کوردەواری دەکات هەر لە کۆنەوە و تەنانەت نووسەر باسی نووسەرێکی ڕۆمانی دەکات کە باسی کەرەسە و مەتریاڵەکانی وڵاتی کوردەواری دەکات. هاوکات پیشەسازییەکانی ناو چیاییەکانی کوردستان و سامانە سروشتییەکانی وڵاتی کوردستان باسدەکات.

498- Arnold T. Wilson (Sir), The Bachtiaris, In: *JRGS*, Vol XIII, Part III, Londonm 1926, pp:

499-Major H.I. LIoyd, “The Geography of the Mosul Boundary”, in: *The Geographical Journal*, Vol. LXVIII, (July to December), 1926, pp. 104-117.

499–ماژۆر ھ.ئای. لیۆد، " جوگرافیای سنووری مووسڵ". بریتییە لەو موحازەرەیەی کە لە 8 ی ئاداری 1926 لە کۆمەڵەی شاھانەی جوگرافی لە لەندەن خوێنراوەتەوە. باسەکە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی دەستنیشانکردنی سنووری ویلایەتی مووسڵ. نووسەر سەرەتا باسی چەمکی ویلایەتی مووسڵ دەکات. ئەم ویلایەتە بەواتەی ئەمڕۆ بە نزیکەیی ھەموو کوردستانی ئێستەی عێراق دەگرێتەوە. نووسەر باسێکی جوگرافی ناوچەکە دەکات و بە دوورودرێژی باسی کورد دەکات.

500-J. V. Harrison, "The Bakhtiari Country, Southwestern Persia". In *GJ*, Vol LXXX, N° 3, London, 1932, pp.193-210.

501-J. V. Harrison, " South-west Persia, A Survey of Pish-i-Kuh in Luristan". In *GJ*, July 1946, pp. 55-71.

502-Robert P. Perry, *European exploration in Turkish Kurdistan, 1800-1842*; M.A., Arab Studies, American University of Beirut 1965, (X+206 p).

503- Mehrdad lzady, “Geopolitics of Kurdistan vs. Hopes of a New World Order,” in: Phyllis Bennis & Michel Moushabeck, (eds)., *Altered States: A Reader in the New World Order*, New York: Interlink, 1993.

504- Khasro Pirbal, Kurdistan - *A Regional Profile: An Economic Study about Iraqi Kurdistan*, 2001،

505-Maria T O'Shea, *Trapped between the map and reality : geography and perceptions of Kurdistan,* London : New York : Routledge, 2004, (xix, 258 p).

505-ماریا ت. ئۆشیا، ***گیرخواردوو لە نێوان نەخشە و واقیع دا، جوگرافیا و تێگەیشتنی کوردستان.*** ئەم کتێبە لە بنەوان دا بریتیە لە کارنامەی نووسەر کە ساڵی 1998 پێشکەش بە زانکۆی لەندەن کراوە[25]. کوردستان وەك چەمکێکی کولتووری و سیاسیی لەسەر زۆر ئاستی ئاخاوتن دا بوونی هەیە. وێرای دابەشبوونی کوردستان و لەگەڵ نەبونی خەباتێکی یەکگرتووانە بۆ دەوڵەتێکی کوردی ئەم چەمکە لە واقیع دەردەچێ و وەك تێکەلاوێکی بەهێز لە ئەفسانە و ڕاستی خۆی بەدیاردەخات. ئەم کتێبە فاکتۆرە جوگرافی و مێژوییەکان کە کورد وێنای ناسنامەی خۆی پێکردووە شیدەکاتەوە. لە ڕووی مێژووییەوە کوردستان لەناو دڵی ئەو ناوچەیە کە لەسەر ئاستی ئیتنیکی و جوگرافی ئاڵۆز و ناوچەیەکی پەراوێزخراو و گۆشەگیرە لە نێوان دەسەلاتە ناوچەییەکان و کۆلۆنیالە دژ بە یەکەکان. شوێنی کوردستان کلیلی ڕوداوە سیاسیی و کولتوورییەکانە. ئەم کتێبە هەوڵدەدات ئەم ڕەوشەی کوردستان لەم بەشانەی خوارەودا شیبکاتەوە. فەسڵی یەکەم: پێشەکی ( لا:1-15 ). فەسڵی دووەم: تێگەیشتنی ناوەندێتی لە پەراوێزەکانەوە (لا:17-25). فەسڵی سێیەم: ڕەوشی کۆمەلایەتی پارچەپارچەبووی سیاسیی (لا: 27-40). فەسڵی چوارەم: پێناسەکردنی ناسنامەیەکی کوردی (لا:41-50 ). فەسڵی پێنجەم: سەرچاوەکانی کوردستان، حەقیقەت و خەیاڵی (لا: 51-61). فەسڵی شەشەم: خۆبەستنەوەی هەرێمەکان: روانین و بیروڕای هەڵە لە ساتە وەختی زووی مێژووی کورد دا (لا:63-74). فەسڵی حەوتەم: لە هەرێمەوە بۆ میرنشینایەتی و بۆ بارمتەیی: کوردستان وەکوو ناوچەیەکی بەربەست (لا: 75-92 ). فەسڵی هەشتەم: جەنگی یەکەمی جیهانی (لا: 93-105). فەسڵی نۆیەم: ئیماژێك لە دەرەوە: بایەخدانە ستراتیژییەکان (لا: 107- 119). فەسڵی یانزەم: دروستکردنی کوردیی کوردستان (لا:121-163). فەسڵی دوانزەهەم: لە نێوان نەخشە و حەقیقەت دا (لا:165-188).

---

25 *Cf.*Maria Theresa O'Shea, *Myths, maps and reality : geography and perceptions of Kurdistan,* Thesis: (PhD) University of London 1998, (319p)

**فەسڵی سێزدەهەم: کورتە** (لا:189- 194). **پەراوێزەکان** (لا: 195-232).
**بیبلیۆگرافیا** (لا: 237-247).

# بەشی شەشەم
# کۆمەڵ، ئایین و کۆمەڵە ئیتنییەکان

## 1.6: ئایین، ئیسلامی کورد و تەریقەت

506-Godfrey Rolles Driver, "The Religion of the Kurds" in vol. II, Pt. II, pp. 197 – 213 of the Bulletin, in: *Bulletin of the School of Oriental Studies II* (1921 – 1923), pp. 491 – 511.

506–گودفری ڕۆلیس درایڤەر، " ئایینی کورد". درایڤەر (1892–1975) ڕۆژهەڵاتناس و پسپۆری زمانە سامییەکان و ئاشوریناسی لەم وتارەدا نووسەر باسی فرە ئایینی دەکات لە کوردستان و پاشان باسی تایەفە ئایینییەکان دەکات و لەم بەستێنەدا سەرەتا بە کورتی باس لە تایەفەی قزلباش و تایەفەی بابی و دواتر زۆر بە دورودرێژی سەرتاپای باسەکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئایینی ئێزیدییەکان تەرخانکردووە و باسی ڕێکخستەکانی ئایینی، داب و نەریت، پرەنسیپەیکانی پەرستن دەکات و هەروەها دەقی ئەو سکالایەشی دووبارە بڵاوکردۆتەوە کە ساڵی 1872 ئێزیدییەکان بۆ بەخشینیان لە خزمەتی سەربازی داویانە بە ئیمپراتۆریای عوسمانی. بە گشتی زانیارییەکانی بۆ ئەمرۆ زۆر سەرەتایین بەڵام میتۆدی نووسینی باسەکە بۆخۆی میتۆدێکی زانستییە.

507-Albert Hourani, « Shaikh Khalid and the Naqshbandi Order», in *: S. M. Stern*, Albert Hourani & Vivian Brown (edts), *Islamic philosophy and the classical tradition : essays*

*presented by his friends and pupils to Richard Walzer on his seventieth birthday*, [Oxford, Eng.] : Cassirer, (Oriental studies; 5), 1972, pp. 89-101.

**507–ئەلبێرت حۆرانی، " شێخ خالید و تەریقەی نەقشبەندی". ئەلبێرت حۆرانی ( باسێکی کورتی تەریقەی نەقشبەندی و بڵاوبوونەوەی تەریقەی نەقشبەندییە لە جیهانی ئیسلامەتیدا و دواتر باسی تەریقەی خالدییە دەکات و باسی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و ژیان و کاروانی ئایینی حەزرەتی مەولانا خالید دەکات و نووسەر لەم وتارەدا دەیەوێ بەشوێن وەڵامی ئەم پرسیارە دا بگەرێ بۆچی تەریقەی نوێی نەقشبەندی ئاوا لە کوردستان سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی؟ بۆ ئەم مەبەستە پەنای بردۆتە بەر لێکدانەوەیەکی مێژوویی و سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستان و لەناو مێژوو و واقیعی ئایینی دا وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە دەداتەوە.**

508-Andre Singer, « The Dervishes of Kurdistan », In : *Asian Affairs* 61, (June 1974), pp. 179-182.

**508– ئەندر سینگەر، دەروێشەکانی کوردستان". بریتییە لەو موحازەرەیەی کە لە 3 ی کانوونی دووەمی 1974 پێشکەش بە کۆمەڵی ناوەندیی ئاسەیوی کراوە لە لەندەن و تێیدا باسی ژیانی دەروێشایەتی لە گوندەکانی کوردستان باسدەکات و سەرەتا باسی تەریقەی قادری و شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەکات و پاشان باسی دەروێش کاکە مەحموود دەکات کە ساڵی 1959 لە ئێرانەوە هاتۆتە کوردستانی عێراق.**

509-Matti Moosa, *Extremist Shiites : the Ghulat sects*. Syracuse, NY : Syracuse university press, 1988, (XX-III-580 p).

510-Martin van Bruinessen "The Naqshbandi order in 17th-century Kurdistan", In: Marc Gaborieau, Alexandre Popovic et Thierry Zarcone (eds.), *Naqshbandis: cheminements et situation actuelle d'un ordre mystique musulman*. Istanbul-Paris: Editions Isis, 1990, pp. 337-360.

**510–مارتین ڤان بروینسن، "تەریقەی نەقشبەندی لە کوردستانی سەدەی حەڤدەهەم دا". باسێکە دەربارەی بڵاوبوونەوەی تەریقەی نەقشبەندی لە کوردستان لە سەدەی حەڤدەهەم دا و بە پشت بەستن بە گێڕانەوەکانی ئەولیا چەلەبی و برێك مێژوونووسی دیکەی وەکو: کاتب چەلەبی و نەعیمە و هتد. لەم لێکۆڵینەوەیدا مارتن باسی ژیان ودەستڕۆیشتوویی شێخێکی نەقشبەندی دەکات بە ناوی شێخ مەحموود (شێخی ورمیٚ) کە ساڵی 1639 بە دەستی سوڵتان مورادی چوارەم لە دیاربەکر لەناوبراوە. نووسەر توانیووە لە ڕێگەی پشت بەستن بەو سەرچاوە مێژوویانە کورتە ژیاننامەی (شێخ مەحمود) دروستبکات و بە گوێرەی ئەو شێخ مەحمود ورمیٚ خەڵکی شاری ورمیٚ بووە و دواتر پەڕیوەی ناو خاکی عوسمانی بووە و لە دیاربەکر جێگیر بووە و دیارە خاوەنی نفووزێکی زۆر و دەسەڵاتێکی زۆری ئایینی بووە و لە هەمان کات دا عاریفێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە و بە گوێرەی سەرچاوە مێژوومییەکان هۆکاری لە سێدارەدانەکەی هەر ئەوەبوو کە برێك لە دوژمنەکانی وایان لە سوڵتان گەیاندووە کەوا شێخ خەریکی ڕاپەڕینە. دواتر نووسەر باسی ڕەچەڵەکناسی ڕۆحانیی نەقشبەندییەکانی ورمیٚ دەکات و بە قسەی ئەولیا لە "وان و ورمیٚ و دەوروبەری تەکیەیان هەبووە". دوای ئەوە نووسەر باسی ڕێبازی تەریقەی نەقشبەندی دەکات لە ورمیٚ دوای شێخ مەحموود و باسێکی نەقشبەندییەکانی دیکەی کوردستان دەکات و لەو شەش لقە نەقشبەندییەی کوردستان کە ئەولیا چەلەبی باسیان دەکات سێیان لە ورمیٚ و چوارمیان لە جەزیرە و پێنجەم و شەشەمیشیان لە مەلاتیە و بدلیس بوون و ئەولیا لە سیاحەتنامەکەیدا بە تەکیەی**

نەقشبەندی ناویان دەبات و لە دواین بەشی لێکۆڵینەوەکەشیدا باسێکی تەریقە ئایینییەکانی شارەزوور باسدەکات.

511-Martin van Bruinessen, Religion in Kurdistan / Martin van Bruinessen, In: *Kurdish Times* / publ. By The Kurdish Library, The Kurdish Heritage Foundation. New York : The Kurdish Library. 4. 1991, 1–2 (summer–fall) pp. 5–27.

512- R. Hamzeh'ee, «Structural and Organizational Analogies between Mazdaism and Sufism and the Kurdish Religions », In : *Recurrent Patterns in Iranian Religions, from Mazdaism to Sufism. Proceedings of the Round Table held in Bamberg* (30th September-4th October 1991) Societas Iranologica Europaea– Paris, 1992 , (Studia Iranica, Cahier 11) pp. 29-36.

**512–ڕەزا هەمزەیی–برتییە لە خوێنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی بەراوردکاری لە نێوان ئایینی ئێزدی و ئایینی یارسانەکان کە هەردووکیان بنچینەی زەردەشتیان هەیە. نووسەر گەڕاوەتە سەر ئاڤێستا و لەوێوە بە دوای تاڵەداوە هاوبەشەکانی نێوان ئێزیدیاتی و یارسانەکان دا گەڕاوە بە تایبەت لە بارەی کۆسمۆگۆنی و دروستبوونی گەردوون دا.**

513-S. F. Shoresh, *The Contemporary Religious Situation Among The Kurds Of Iraq*. MA These, School of Oriental and African Studies, London, 1992.

514- Philip G. Kreyenbroek, “Religion and Religions in Kurdistan”, in: Kreyenbroek, Philip G. (ed.); Allison,

Christine (ed.). *Kurdish culture and identity*. London, Ed. Zed, 1996, pp. 85-110.

514–فیلیپ. گ. کرینبروك، " ئایین و ئایینەکان لە کوردستان دا". زۆربەی کوردەکان موسڵمانن. لەم ڕووەوە هیچ هەوڵدانێك بۆ کێوماڵکردنی لایەنی ئایینیی ناسنامەی کوردی کارا نابێت ئەگەر ئەم ڕاستییە ناوەنگیرە لەبەرچاو نەگرێت. بۆیە مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە بە هیچ چەشنێك زاڵکردنی ئیسلامی سوننی نییە لە کولتووری کوردیدا، بەڵام بە هیچ شێوەیەك چەمکی ئیسلام وەك ئەوەی بە زۆری لە ڕۆژئاوا تێیگەیشتوون بەس نییە بۆ ئەوەی وەك نموونەیەکی لێکدانەوەیی بۆ دەربڕینە هەمەچشنەکانی ئایینپەروەری کوردیی پێلێکبدرێتەوە. نووسەر لەم باسەیدا دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کەوا ئەو کوردانەی کە زیاتر بەرەو ڕووی کولتوورگەلی باڵادەست بوونەتەوە لە ناوچەکە مەیلخوازی ئەوەن دەست بە شێوە باوەکانی ئیسلامەوە بگرن، لەوانەیە هێندە جیاوازیان نەبێ لەگەڵ هاوسێ غەیرە کوردەکانیان سەبارەت بە باوەڕ و پراکتیزەکردنی باوەڕی ئایینی یان. لە لایەکی دیکەوە ئەو گروپانەی کە زیاتر گۆشەگیرن بەرامبەر بە کاریگەرییەکانی کولتووری دەرەکی زۆربەی جار عورف و باوەڕی ئایینی خۆیان پاراستووە و بەڵکو سیستمی ئایینی یان تەواو پەرەپێداوە کە توخمگەلی زۆر نامۆ لە ئاراستەی باوی ئیسلام بەخۆدەگرێ.

515-Martin van Bruinessen ,"Medrese education in northern Kurdistan", by Zeynelabidîn Zinar, translated and annotated by Martin van Bruinessen. *Les Annales de l'Autre Islam* 5 (1998).

516-Martin van Bruinessen, « The impact of Kurdish 'ulama on Indonesian Islam », In: *Les annales de l'autre*

*Islam* / Institut national des langues et civilisations orientales. Paris : Inalco. 5.1998, pp. 83–106.

517-Martin van Bruinessen, « Introduction : the Kurds and Islam », In**:** *Les annales de l'autre Islam* / Institut national des langues et civilisations orientales. Paris : INALCO. – 5.1998, pp. 13–35.

518-Philip G. Kreyenbroek, "On the study of some heterodox sects in Kurdistan", In: *Les annales de l'autre Islam* / Institut national des langues et civilisations orientales. – Paris, 5.1998, pp. 163–184.

519-Farhad Shakely,« The Naqshbandi shaikhs of Hawraman and the heritage of Khalidiyy Mujaddidiyya in Kurdistan »[26]. In Elisabeth Özdalga (ed), *Naqshbandis in western and central Asia: change and continuity* papers read at a conference held at the Swedish Research Institute in Istanbul, June 9-11, 1997**,** Istanbul: Svenska forskningsinstitutet Istanbul Richmond : Curzon Press (distributor,), 1999, pp. 89-100.

**519–فەرهاد شاکەلی، " شێخانی نەقشبەندیی هەورامان و میراتی خالیدییەی موجدییە لە کوردستان دا". ئەم باسە بە ڕوویێکی گشتی تەرخانی قۆناغی دوای مەولانا خالید کراوە لە کوردستان و بە تایبەتیش شێخەکانی هەروامان. بۆ ئەم**

[26] Redit. In: *International Journal of Kurdish Studies* 19, no. 1 2005 (January) pp. 119-146.

مەبەستە نوسەر باسێکی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و تەریقەی نەقشی دەکات لە کوردستانی سەدەی نۆزدەهەم و ململانێی نێوان شێخ مارف نۆدەهی لە تەریقەی قادری و مەولانا خالید. دوای ئەوە باسی شێخەکانی سراج ئەلدینی هەورامان دەکات و بە تایبەتیش شێخ عوسمانی سراج ئەلدین (1781–1867) وەك جیگرەوەی سەرەکی مەولانا چە لە سەروبەندی ئاوارەیی مەولانا و چ لە دوای مردنی مەلانا خالید. دوای مردنی شێخ عوسمان، شێخ محەمەد بەهاددین (1837–181) شوێنی دەگرێتەوە و سێیەمین شێخی سیلسیلەی سراج ئەلددین شێخ عومەر زیاددین (1839–1901)بووە. بەقسەی تۆژەر ڕۆڵی شێخەکانی هەورامان ئەوەندە گرینگ بووە کە ئەوان تەریقەی نەقشبەندی خالیدییەی موجیدییەیان لە کوردستان دا چەسپاند. دواتر لە باسکردنی قۆناغی دوای نەقشبەندییەی موجیدییە لە کوردستان باسی پەرەئەستاندن و گەشەسەندن و هەڵوێستی نەقشبەندییەکان دەکات لەبەرامبەر ئیبن العربی و عەقیدەی (وحدە الوجود) ی ئیبن عەرەبی و دواریش باسێکی کورتی میراتی نەقشبەندی دەکات لەناو مەلا و زانایەکانی کوردستاندا.

520-Martin van Bruinessen, .*Mullas, sufis and heretics : the role of religion in Kurdish society* : collected articles, Istanbul : Isis Press, 2000, Analecta Isisiana; (44, 322 p).

521-Martin van Bruinessen, “Religious life in Diyarbekir: Islamic learning and the role of the Tariqats”, In: *Mullas, sufis and heretics: the role of religion in Kurdish society:* collected articles / Martin van Bruinessen. – Istanbul: The Isis Press. – 2000, pp. 69–85.

522-Martin van Bruinessen, "The Qâdiriyya and the lineages of Qâdirî shaykhs among the Kurds", in: Thierry Zarcone, Ekrem Işın & Arthur Buehler (eds.), *The Qâdiriyya*

*Order* [=*Journal of the History of Sufism*, special issue, vol. 1-2]. Istanbul: Simurg, 2000, pp. 131-149.

**522–مارتین ڤان برویێنسن، " قادری و بنەچەی شێخەکانی قادری لەناو کورد دا". لەم لێکۆڵینەوەیەدا ماتین باسی بنەماڵەی شێخەکانی بەرزەنجی دەکات لە کوردستان هەر لە دەورانی هاتنی دوو برا ( عیسا و موسا) بۆ کوردستانی خواروو و دواتر بەشوێن سیلسیلەی سەییدەکانی ئەم تەریقەتە داچووە تا دەگاتە شێخ مارفی نۆدێ، کاکە ئەحمەد و شێخ مەحمودی حەفید و ئینجا باسی شێخەکانی تاڵەبانی دەکات. لە چمکێکی دیکەی وتارەکەدا دەگەڕێتەوە سەر بنەچەی سەییدەکانی نەهری، ئەوراسی (گوندێکی نزیك موکس) و قادرییەکان. دواتر باسی بنەماڵە سەییدەکانی دیکەی قادری دەکات لە کوردستان وەك بنەماڵەی شێخ نورەدیین بریفکانی (1791–1851) (لە بادینانی کوردستانی عێراق)، بنەماڵەی سەییدەکانی قادری لە کوردستانی تورکیا لە ناوچەی بدلیس و تەلۆ و هەروەها باسی بونی چەندین بنەماڵەی سەییدەکانی قاددری دەکات لە سوریا دوای ئەوەی لە پاش داپلۆسینی تەریقە ئاینییەکان لە تورکیا لە ساڵی 1925 و بە تایبەتیش لە شاری عاموودە جێگیر بوون. دواجاریش درەختی ڕەچەڵەکناسی بنەماڵەی سەییدەکانی تاڵەبانی و ئەوراسییەکان بەدەستەوە دەدات.**

523-Martin van Bruinessen , “The Sâdatê Nehrî or Gîlânîzâde of Central Kurdistan”, in: Thierry Zarcone, Ekrem Işın & Arthur Buehler (eds.), *The Qâdiriyya Order* [=*Journal of the History of Sufism*, special issue, vol. 1-2]. Istanbul: Simurg, 2000, pp. 79-91.

**523–مارتین ڤان برویێنسن، "سادتی نەهری یان گەیلانیزادەکانی کوردستانی ناوڕاست". باسێکە تایبەت بە بنەماڵەی شێخەکانی نەهری لە کوردستانی ناوەڕاست. سەرەتا باسی بنچینەی سادداتەکانی نەهری دەکات کە چۆن دەگەڕێنەوە**

**سەر عەبدولعەزیزی کوڕی شێخ عەبدوالقادری گەیلانی و دواتر باسی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، شێخ محەمەد صدیق (؟–1911)، سەیید عەبدوالقادری نەهری (؟–1925)، سەیید تەها (؟–1939) و شێخ عەبدوڵڵا ئەفەندی و کۆلۆنێل عەبدوالەزیز دەکات و لە کۆتاییشدا درەختی بنەماڵەی شێخەکانی نەهری نیشان دەدات لە عەبدوالقادری گەیلانییەوە تاوەکو کوڕ و کوڕەزایەکانی محەمەد صدیق و سەیید عەبدوالقادر.**

524-Martin van Bruinessen , "A nineteenth-century Ottoman Kurdish scholar in South Africa: Abu Bakr Efendi", first published as "A nineteenth-century Kurdish scholar in South Africa", in: Martin van Bruinessen, *Mullas, Sufis and heretics: the role of religion in Kurdish society. Collected articles*. Istanbul, The Isis Press, 2000, pp. 133-141.

525-Martin van Bruinessen , Sûfîs and sultâns in Southeast Asia and Kurdistan: a comparative survey, In: *Mullas, sufis and heretics: the role of religion in Kurdish society : collected articles* / Martin van Bruinessen. – Istanbul : The Isis Press, 2000, pp.  231–243

526-Christopher Houston, *Islam, Kurds and the Turkish nation state,* Oxford; New York : Berg, 2001, (IX-215 p).

526–**کریستۆفەر هوستۆن، *ئیسلام، کورد و دەوڵەتی نەتەوەیی–تورك*. ئایا ئیسلامیزم وەك زۆربەی جار دووپات دەکرێتەوە دەتوانێ تورك و کوردە موسڵمانەکان لەناو یەك ئاخاوتن کۆبکاتەوە کە شوێنی بنچینەی ئیتنیکی بگرێتەوە؟ ئەم کتێبە کە بەری کاری مەیدانیی دوساڵی نووسەرەکەیەتی (ئۆکتۆبەری** 1994–**دیسامبەری** 1996**) لە ئەستەمووڵ و بەشوێن پارچەپارچەبوونی سیاسیی**

ئیسلامیزم دا دەگەڕێ لە تورکیا هەر وەك ئەوەی لە تورکیای داپلۆسین پرۆژەگەلی هەمەچەشنەی فرە ناسنامەی سیاسیی وەدیارکەوتوو سەرهەڵدەدات کە کێبەرکێ لەسەر نفووز دەکەن. تورکیا لە پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنی چەوسانەوە دەردەچێ و بزووتنەوە ئیسلامییەکان ئاهەنگی شکستی لیبرالیزمی ڕۆژئاوایی دەگێڕن و دەگەڕێنەوە سەر ئەو بیروڕایانەی کە بەها بەرزەکانی لەسەر بونیاتنرابێ. گەرچی ئەم ڕوانینە لە لایەن ناسیۆنالیزمی کورد و ئەو ڕابووردووەی کە وڵاتی هەژاند هەڕەشەی لێدەکرێ. بەڵام ئایا هێشتا ئیسلامیزمی مەڵتیکولتورالیزم دەشێ؟ ناکۆکیە ئیتنییەکان لە تورکیا بۆ ئەوە ناچن کە داخۆ کورد و تورك دەتوانن زەمینەیەکی هاوبەش لەناو ئایین دا بدۆزنەوە. ئەم کتێبە خوێندنەوەیەکی قووڵە بۆ گەڕان بە دوای ئەم سەرەداوانە.

527-Hamid Algar, « Sufism and Tarikat in The life and Work of Bediüzzaman Said Nursi », in : "*Journal d'histoire du Soufisme*", 3 (2001), pp. 199-221.

527–حامید ئەلگار، " سۆفیگەری و تەریقەت لە ژیان و بەرهەمی بەدیعولززەمان سەعید نورسی". پرۆفیسۆر ئەلگار (1940–....) لە زانکۆی کالیفۆرنیا مامۆستای دیپارتومانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نزیکە و ئەم وتارەی تەرخانی ژیانی ئایینی و بەرهەمەکانی ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی سەعید نەورسی (1873–24 ی ئاداری 1960) کراوە. جگە لەوە لەم باسەدا ئەلگار باسی کۆمەڵێك کەسایەتی ئایینی دیکەی کوردی تەریقەی نەقشبەندی دەکات.

528-Butrus Abu-Manneh and Th. Zarcone, "Introduction: Shaykh Khâlid and the Khâlidî Suborder", In: *The Journal of the History of Sufism* (The Naqshbandiyya-Khâlidiyya Sufi Order - L'Ordre soufi Naqshbandiyya-Khâlidiyya), (5 / 2007), pp. 1-12.

528–پوترس ئەبو موننە و تێری زاکۆن، "پێشەکی، شێخ خالید و ڕێبازی خالیدی". نووسەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرەتا یلسێکی وەدیارکەوتنی ڕێبازی تەریقەی خالدییە دەکەن لە سەدەی نۆزدەهەم بەناو جیهانی ئیسلام دا و گەڕانەوەی مەلانا خالید ساڵی 1811 بۆ سلێمانی و کردنەوەی یەکەم  مەدرەسی تەریقەی ئایینی ساڵی 1815 لە سلێمانی. هەروەها باسی ململانێی نێوان دوو ڕێبازی باوی ئەو سەردمە سەلەفیەت و سۆفیگەری خالیدی دەکەن بە تایبەتی لە شاری بەغدا. لەم وتارە باسێکی هەڵوێستی مەولانا خالید بەرامبەر بابیعالی و بە تایبەتی سوڵتان کراوە. دوای مردنی مەولانا بە نەخۆشی تاعوون لە ساڵی 1827 گەرچی هێشتا تەریقەی خالدییە لە تەمەنی شانزە ساڵیدا بووە بەڵام ژمارەیەکی زۆر موردی و دەروێشی لێوە کۆببۆوە. دوای مردنی مەولانا، سوڵتانی عوسمانی ساڵی 1828 هەموو خەلیفەکانی لە ئەستەمووڵ دەرکردن.

## 2.6: جولەکە

529-Walter J. Fische, « The Jews of Kurdistan, a hundred years ago : a traveller's record », In : *Jewish Social Studies*, Vol. VI, No. 3 , 1944, pp. 195-226.

530- W. Kieschel, « *The Jews of Kurdistan".* In: *Jewish social studies*, vol 6, 1944, pp. 195-226.

531-Walter J. Fische, « The Jews of Kurdistan, a first hand report on a Near Eastern Mountain Community", In Commentary, New York, Vol 8, N° 6, (Dec-1949), pp. 554-559.

532-Dina Feitelson, « Aspects of the Social life of Kurdish Jews », In: *The Jewish Journal of Sociology*, Vol I, N° 2, Dec-1959, pp. 201-216.

533- Paul J. Magnarella, "A note on Aspects of Social life among the Jewish Kurds of Sanandaj, Iran", In: *The Jewish Journal of Sociology,* Vol XI, N°1, June-1969, pp. 51-58.

534-Shifra Epstein, « The Jews of Kurdistan », In : *Ariel*. 51. 1982, pp : 65-78.

535-Yona Sabar, *The Folk literature of the Kurdistani Jews : an anthology* / translated from Hebrew and Neo-Aramaic sources with introduction and notes by Yona Sabar, New Haven; London : Yale University Press, c 1982, (xli, 250 p).

536-Robert D. Hoberman, *The syntax and semantics of verb morphology in modern Aramaic : a Jewish dialect of Iraqi Kurdistan* (American Oriental Society; V. 69), New Haven, Conn. : American Oriental Society, 1989, (xii, 226 p).

537-Ora Shwartz-Beeri, "Clothing of the Kurdish Jews", In: *Encyclopaedia Iranica Foundation*. London : Routledge & Keegan Paul 5. 1992 (Fascicle 8), pp. 825–826.

538-Erich Brauer, *The Jews of Kurdistan,* Detroit, Mich : Wayne State University Press, 1993, (429 p).

538-ئێریك براوەر، ***جوولەکەکانی کوردستان***. تاوەکوو جەنگی دووەمی جیهانی کۆمیونیتەیەکی جوولەکە لە کوردستانی عێراق دا دەژیان. ئەوانە دواتر کۆچیان کرد بۆ ئیسراییل و لەناو کولتووری جوولەکەدا توانەوە. ئەنترۆپۆلۆگ ئێریك براوەر ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانەی دواندووە و دواتریش دوای ئەوەی ساڵی 1942 کۆچی دوایی دەکات، رافایل پاتی دەسنووسی کتێبەکە تەواو دەکات و بۆ یەکەمجار ساڵی 1947 کتێبەکە بە عیبری بڵاودەبێتەوە. پەنجا ساڵ دوای چاپە عیبرییەکە چاپی ئینگلیزی لە لایەن رافایل پاتی بە ئینگلیزی بڵاوکرایەوە. ڕافایل پاتی پێشەکیەکی بۆچاپی ئینگلیزی نووسیووە (لا: 15-22) و دواتر پێشەکی چاپە عیبرییەکە بڵاوکراوەتەوە (لا: 23-29). پاشان کتێبەکە دابەشی سەر شەش بەشی سەرەکی کراوە. بەشی یەکەم: پێشەکی: لێکۆڵینەوەی ئیتنۆلۆجی (لا: 37-72).، بەشی دووەم: کولتووری ماددی (لا: 75-105).، بەشی سێیەم: خێزان (لا: 106-203). بەشی چوارەم: ڕەوشی ئابووری (لا: 205-221).، بەشی پێنجەم: ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەکردن (لا: 223-273).، بەشی شەشەم: پشووەکان (جەژنەکان) (لا: 275-365). پەراوێزەکان (لا: 367-399). بیبلیۆگرافیا (لا: 401-407).

539-Ora Shwartz-Be'eri, *The Jews of Kurdistan : daily life, customs, arts and crafts*, Catalogue; no. 429, Jerusalem : Israel Museum, 2000, (271 p).

539-ئۆرا شوارتز بێری، ***جوولەکەکانی کوردستان: ژیانی ڕۆژانە، داب و نەریت، هونەر و پیشەگەری***. ئەم کتێبە سەرەتا بە زمانی عیبری بڵاوکراوەتەوە و دواتر دوای نزیکەی بیست ساڵێك لە لایەن مۆزەخانەی ئیسرایل چاپی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە. ئورا بۆ خۆی لە بەشی ئەتنۆگرافیای مۆزەخانەی ئیسرایل کاردەکات ئەم کتێبە لە ساڵەکانی 1981-1982 ئامادە کراوە. کتێبێکی وێنەداری گەورەیە لەبارەی کۆمیونیتەی جولەکەکانی کوردستان و بە تایبەتیش جوولەکەکانی کوردستانی ئێران. کتێبەکە بە وێنە ژیانی ڕۆژانە، ترادسیۆن، تەونکاریی، جل و بەرگ، کەل و

پەلی تایبەت بە کۆمیونیتەی جولەکەکان نیشان دەدات و نەخشەیەکی دابەشبوونی کۆمیونیتەی جولەکەی لە تەواوی کوردستان دا لەگەڵ دایە و یۆنا سابار پێشەکیەکی مێژوویی کورتی لەبارەی کوردە جولەکەکان نووسیووە و دواجاریش فەرهەنگۆکێکی بۆ تێرمەکانی تایبەت بەو کۆمیونیتەیە ئامادەکردووە.

540-Mordechai Zaken, *Jewish subjects and their tribal chieftains in Kurdistan : a study in survival, Jewish identities in a changing world;* 9, Leiden; Boston: Brill, 2007, (xx, 376 p).

541-Ariel Sabar, *My father's paradise : a son's search for his Jewish past in Kurdish Iraq,* Chapel Hill, N.C. : Algonquin Books of Chapel Hill, 2008, (viii, 332 p).

## 3.6: ئاسوورییەکان و پێوەندییەکانی کورد و ئاسووری

542-William Francis Ainsworth, *Report of Mr. Ainsworth and Mr. Rassam to the Society for Promoting Christian Knowledge : respecting the Christians in Kurdistan*, London : Rivington, 1840, (20 p).

543-Asahel Grant, *The Nestorians or, The lost tribes: containing evidence of their identity, an account of their manners, customs, and ceremonies, together with sketches of travels in ancient Assyria, Armenia, Media, and Mesopotamia, and illustrations of Scripture prophecy*. New York : Harper & Bros, 1845, (385 p).

543–ئاشال گرانت، *نەستوورییەکان یا هۆزە ونبووەکان*. سەفەرنامەی مسیۆنێری ئەمریکایی گرانەت ( 1807–1844)ە کە ماوەیەکی زۆر لە کوردستان دا ماوەتەوە و سەردانی ئاکرێ ی کردووە کە ئەو دەم ژمارەیەکی زۆر قوتابخانەی مەسیحی لێبووە. بەهەمان شێوە سەردانی ئامێدی، مووسڵی کردووە و باسێکی وردی ژیان و ڕەوشی مەسیحییەکانی کوردستان دەگێڕێتەوە. هەر لە هەمان ساڵ چاپی فرەنسی و ئەڵمانی[27] بڵاوکرایەوە.

544-George Percy Badger, *The Nestorians and their rituals : with the narrative of a mission to Mesopotamia and Coordistan in 1842-1844 : and of a late visit to those countries in 1850* / also, researches into the present condition of the Syrian Jacobites, papal Syrians, and Chaldeans, and an inquiry into the religious tenets of the Yezeedees. London : J. Masters, 1852, 2 V (XXIV, 448 p XIII, 426 p).

544–بادجەر ماوەیەکی زۆر لە کوردستان ماوەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ئاسووری و کوردەکان و بادجەر لە کتێبەکەی خۆیدا زۆر چەمکی ناڕاست و نا دروستی لە بارەی ئێزیدیەکان بڵاوکردەوە کە دواتر بوون بە سۆنگەی زۆر بیرو ڕای چەوت و نا دروست لەبارەی ئێزیدیەکانەوە بڕوانە بەشی یەکەم (لا: 105–134).

545-Edward Lewes Cutts, *The Assyrian Christians : Report of a journey undertaken by desire of His Grace the Archbishop of Canterbury and His Grace the Archbishop of York ; to the Christians in Koordistan and Oroomiah* / by the Rev. Edward

[27] Asahel Grant, *Die Nestorianer oder die Zehn Stämme : Reisen durch das alte Assyrien, Armenien, Medien und Mesopotamien*, 1843, (IX, 204 S).

L. Cutts, London : printed by R.Clay, Sons and Taylor, 1877, (40 p).

546-John Athelstan Lawrie Riley, *Narrative of a visit to the Assyrian Christians in Kurdistan : Undertaken at the request of the Archbishop of Canterbury* [i.e. E. W. Benson], in the autumn of 1884, London, 1884 , (20 p).

547-Arthur John Maclean, *The Catholicos of the East and his people, being the impressions of five years' work in the "Archbishop of Canterbury's Assyrian mission" :* An account of the religious and secular life and opinions of the Eastern Syrian Christians of Kurdistan and Northern Persia (known also as Nestorians). London: S.P.C.K., 1892, xvi, (360 p).

548-Hormuzd Rassam, *Asshur and the land of Nimrod : being an account of the discoveries made in the ancient ruins of Nineveh, Asshur, Sepharvaim, Calah, Babylon, Borsippa, Cuthah, and Van.* Incl. A narrative of different journeys in Mesopotamia, Assyria, Asia Minor, and Koordistan. With an introduction by Robert W. Rogers, Cincinnati : Curts & Jennings, 1897, (xIV, 432 p).

549-Wigram, *The Cradle of Mankind. Life in Eastern Kurdistan*. Illustrated from sketches and photographs by E. T. A. Wigram, London : Adam & Charles Black, 1914, (xii. 373).

550-Paul Shimmon, *Massacres of Syrian Christians in N.W. Persia and Kurdistan*, London : Wells Gardner & Co., 1916, (23 p).

551-Yusuf Malek, *The British betrayal of the Assyrians.* Published by the joint-action of the Assyrian national federation and the Assyrian national league of America, Chicago, 1935, 1 vol. (382 p).

552- Frederick Gaylord Coan, *Yesterdays in Persia and Kurdistan,* Claremont, Calif : Saunders Studio Press, 1939, (xvi, 284 p).

**522–فریدریك گایلۆرد کۆن، *دوێنێ لە ئێران و کوردستان دا*. بریتییە لە ژیاننامەی مسیۆنێرێکی ئەمریکی لە سەدەی نۆزدەهەم دا کە ماوەی چڵ ساڵ لەناو ناوچە چیاییەکانی کوردستانی ئێران دا وەکوو مسیۆنێر ژیانی بەسەربردووە. لەم کتێبەیدا باسی لایەنی مرۆیی و لایەنیە ڕۆماتیکیەکانی ژیانی مسیۆنێرك دەکات و کتێبەکە سەرەتا مێژوویێکی وڵاتی ئێران، تۆپۆگرافیا و جوگرافیای ئێران باسدەکات و دواتر باسی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەکات لەگەڵ کورد و ئاسوورییەکان دا.**

553-Silvio Van Rooy, « Christianity in Kurdistan », in : *The Star of the East*, Adar, Travancor, Vol. XXIII, n° 1-2, July 1962, pp. 10-14.

554-David Hay, *No through road : A story of the last Assyrian campaign in Kurdistan.* Ipswich: Norman Adlard, 1966, (217 p).

555- Philip Kreyenbroek, « The Lawîj of Môr Basîliôs Shim'ûn A Kurdish Christian Text in Syriac Script ». In *Journal of Kurdish Studies,* Volume 1, 1995, pp. 29 – 53.

556- Robert Blincoe, *Ethnic realities and the church. Lessons from Kurdistan : a history of mission work, 1668-1990,* English, Presbyterian Center for Mission Studies, Religion, USA, Pasadena, 1998, (265 p).

557-F. N. Heazell & Mrs. Margoliouth (ed), *Kurds & Christians,* Rir. ED. Londres : W. Gardner & Darton, 1913, ( p), Red. Piscataway (N. J.) : Gorgias press, 2004, (VIII-239 p).

558-Gordon Taylor, *Fever & thirst* : *a missionary doctor amid the Christian tribes of Kurdistan,* Chicago. : Academy Chicago, 2005, (354 p).

### 4.6: ئەهلی هەق

559-Charles R. Pittman, "The Final Word of the Ahl-i-Haqq", In The Moslem Word, Vol 27, April 1937, pp. 147-163.

560-W. Ivanow, *The truth-worshippers of Kurdistan* / Ahl-i Haqq texts edited in the original Persian and analysed by W. Ivanow, Leiden; (Bombay pr.), Coll. The Ismayli Society Series A; no. 7, 1953, (xv, 246 p).

560-و.ئیڤانۆڤ، *ئەهلی هەقەکانی کوردستان*. ئەم کتێبە دابەشی سەر پێنج فەسل کراوە. فەسلی یەکەم، پێشەکیەکی گشتی لەبارەی تایەفەی ئەهلی هەق، لا: 1-39. فەسلی دووەم: بیروباوەر (لا: 40 -74). فەسڵی سێیەم: خوداپەرستی (لا: 75-98). فەسڵی چوارەم : ناوەڕۆکی تێکستەکان (لا: 100-172) کە بریتییە لە وەرگێرانی ئینگلیزی تەزکەری ئەعلا (لا:100-172 و دواتر لە بەرگی لای راستەوە بۆ چەپی کتێبەکە دەسنووسی فارسی تێسکتەکە وەکوو خۆی بڵاوکراوەتەوە (1-207).

561-V. Minorsky, “Ahl-i Hakk”, In *Encyclopaedia of Islam,* (New Edition), Leiden & London, 1960, pp. 260-263.

562-Cecil John Edmonds , “The beliefs and practices of the Ahl-I Haqq of Iraq”, In**:** *Iran* : journal of the British Institute of Persian Studies. London : Inst. 7.1969, pp. 89–101.

563-A. Vinogradov “Ethnicity, Cultural Discontinuity and Power Brokers in Northern Iraq : The Case of the Shabak”. *American Ethnologist* 1, 1974, pp. 207-218.

564-Michiel Leezenberg, « Between Assimilation and Deportation: The Shabak and the Kakais in Northern Iraq » In: B. Kellner-Heinkele & K. Kehl-Bodrogi (eds.) *Syncretistic Religious Communities in the Near East*. Leiden : Brill, 1977, pp. 155-174.

564-میشێل لیژەنبێرگ، "لە نێوان تواندنەوە و ڕاگوێزان دا: شەبەك و کاکەیی لە باکووری عێراقدا". شەبەك و کاکەیی دوو کۆمیونیتەی لە ئایین هەڵگەڕاوەن* لە کوردستانی عێراق کە وا پێدەچێ لە سەدەی شانزەهەم لە سەروبەندی ململانێی نێوان عوسمانی و سەفەوییەکان وەکوو ئیتنیەکی سەربەخۆ وەدیارکەوتبن. بەمدواییە هەڵوێستێکی نا ڕۆشنیان هەیە لە بەرامبەر ئیتینیەکانی دیکەی ناوچەکە. لەوەتای ساڵانی حەفتایەکان و هەشتایەکان چاوی حکومەتی عێراقیان لەسەرە لە سیاسەتی تێکدانی هاوڕەگەزیی ئیتنیکی و تواندنەوەیان. دواجار وتارەکە بە چەند پارچەیەك لە نووسینی زمانی ناوەخۆیی گۆرانی و دیالێکتی هەورامی کۆتایی دێت.

565-Ziba Mir-Hosseini, „ Breaking the Seal: The New face of the Ahl-E HAQQ„ .In B. Kellner-Heinkele & K. Kehl-Bodrogi (eds.) *Syncretistic Religious Communities in the Near East*. Leiden : Brill, 1977, pp. 175-194.

566-M. Reza Hamzeh'ee, *The Yaresan : a sociological, historical, and religio-historical study of a Kurdish community,* Berlin : Schwarz, 1990, (308 p).

566-م. ڕەزا هەمزەیی، ***یارسان: لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی، مێژوویی و ئایینی- مێژوویی کۆمیونیتەیەکی کوردی***. لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە دەربارەی یارسانەکان (ئەهلی هەق) و کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە. فەسڵی یەکەم: چەمك و میتۆدۆلۆژی. لەم فەسڵە باسی سترەکتووری لێکۆڵینەوەکە، میتۆد و سەرچاوەکانی لێکۆڵینەکە و چۆنیەتی کارکردنەکەی باسدەکات (لا: 1-31). فەسڵی دووەم: پاشخانی سۆسیۆ-ئابووری و مێژویی. لەم فەسڵەدا گەڕاوەتە سەر مێژوی ئەهلی هەقەکان و سەرەتای وەدیارکەوتنی ئایینی ئەهلی هەق و قۆناغە مێژووییەکان دەگێڕێتەوە تاوەکوو کۆتایی ساڵەکانی سەدەی بیستەم (لا: 32-69). فەسڵی

* heterodox

سێیەم: چیرۆکی دروستبوون. لەم فەسڵە باسی چیرۆکی دروستبوونی ئینسان و گەردوون لە ڕوانینی فەلسەفەی ئەهلی هەقەکان دەگێێڕێتەوە (لا: 70–89). فەسڵی چوارەم: مانفێستی خوادیی، فرشتەناسی و دوالیزم (لا: 90–127). فەسڵی پێنجەم: باوەڕبوون بە کۆتایی دونیا (لا: 128–155). فەسڵی شەشەم: داب و نەریتی ئاییینی (لا: 156–197). فەسڵی حەوتەم: ڕێکخراو و دامەزراوەکان. لەم فەسڵە باسی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و داب و نەریتە ئاییینییەکان و پاشان باسی پێکهاتەی ئاییینی کۆمەڵگەی یارسانەکان دەکات ( لا: 198–228). فەسڵی هەشتەم: بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و تەنگژە کۆمەڵایەتییەکان (لا: 229–251). فەسڵی نۆیەم: مانەوەی یارسان (لا: 252–260). پاشان لە بەشی پاشکۆدا سێ تێکستی کردۆتە پاشبەند. 1–بەشێك لە تێکستی (حق الحقايق) کە باسی چیرۆکی دروستبوونی گەردوون دەگێڕێتەوە (لا: 261–265). 2–تەجەللی زاتی خوادیی لە عەلی کوڕی ئەبی تالیب، دووەمین موتەجەللی (لا: 265–276). 3–قوربانی: چیرۆکی قوربانی بزنە کێوی (لا: 276–279) و بیبلیۆگرافیا (لا: 280–302).


567-J. During, « The scared music of the Ahl-I Haq as a means of mustical transmission", in : G. M. Smith & C. W. Ernst (Ed), *Manifestations of sainthood in Islam*, Istanbul : Isis Press, 1993, pp. 27-41.

568-Michiel Leezenberg, *The Shabak and the Kakais: Dynamics of ethnicity in Iraqi Kurdistan*. Amsterdam : University of Amsterdam, 1994, (17 p).

569-Ziba Mir-Hosseini, " Redefining the Tuthe: Ahl-I Haqq and the Islamic Republic", In : *British Journal of Middle Eastern Studies* 21 (2), 1995, pp. 211-228.

570-Ziba Mir-Hosseini, «  Faith, ritual and culture among the Ahl-e Haqq », In:  *Kurdish culture and identity* / ed. By Philip G. Kreyenbroek and Christine Allison. London; New Jersey : Zed Books Ltd, 1996, pp. 111–134.

**570–زێبا میر حوسێنی، " باوەڕ و نەریتی کولتووری لەناو ئەهلی هەقەکان دا" لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی ئایینی ئەهلی هەقەکانی کوردستان و باسی وەدیارکەوتنی مێژووی ئایینی یان دەکات و کرینگیەکی تایبەتیش بە پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئەهلی هەق و شێوەکانی پەرستن و پەرستنکاری ئایینی دەدات لە لای کوردەکانی ئەهلی هەق.**

571-Jean During, “A critical Survey of Ahl-e Haqq Stuides in Europe and Iran”, in :  *Alevi identity: cultural, religious and social perspectives* : papers read at a conference held at the Swedish Research Institute in Istanbul, November 25-27, 1996. (edited by Tord Olsson, Elisabeth Özdalga and Catharina Raudvere), Richmond : Curzon, 1998, pp. 105-125.

572-Martin van Bruinessen "The Shabak, a Kizilbash community in Iraqi Kurdistan", *Les Annales de l'Autre Islam*, No.5 (1998), pp. 185-196.

573-Martin van Bruinessen, « When Haji Bektash still bore the name of sultan Sahak: notes on the Ahl-i Haqq of the Guran district »,  In :  *Mullas, sufis and heretics: the role of religion in Kurdish society* : collected articles / Martin van Bruinessen. Istanbul : The Isis Press. 2000 , pp. 245–269.

## 5.6: عەلەوی ، عەلەویزم و قزلباش

574- M. N. Barnum, « The Kuzzel-Bash Koords », In : *American Messionary Herald*, Boston, 1890, pp. 343-346.

575-Stephen van Rensselaer Trowbridge, "The Alevis, or Deifiers of Ali", *Harvard Theological Review,* 1909, 2, pp. 340-353.

576-Rev. Henry H. Riggs, "The religion of the Dersim Kurds", *Missionary Review of the World* (New York), 1911, 24, pp. 734-744.

577-L. Molyneux-Seel, "Journey into Dersim". In : *The Geographical* Journal Vol. XLIV, (July to December), 1914, pp. 49-68.

577-ل. مۆلینێکس-سیل، "گەشتێك بۆ دێرسیم". گەشتێکە لە مانگەکانی تەمموز، ئاب و ئەیلوولی ساڵی 1911 بۆ ناوچەی دێرسیم بۆ ناو کوردە عەلەوییەکانی ئەم ناوچەیە ئەنجام دراوە. نووسەر سەرتا باسی جوگرافیا و تۆپۆگرافیای ناوچەکە دەکات بەوەی ئەم ناوچەیە هەمیشە پشێوی تێدابووە و ناوچەیەکی سەربەخۆش بووە. ساڵی 1834 بابیعالی سوپای ناردووە بۆ هێورکردنەوەی ناوچەکە. ساڵی 1848 دێرسیم کراوە بە قەزا و ناوەندە ئیدارییەکەی کۆزات بووە. ساڵی 1874-75 سوپای عوسمانی جارێکی دیکە لەشکرکێشی کردۆتە سەر دێرسیم. دواجار باسی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی خێڵەکی و سیستمی ئایینی ناوچەکە باسدەکات و مێژوویێکی پڕبایەخی ئەو ناوچەیە دەگێڕێتەوە, چەندین وێنەی نایابی مێژوویی کوردەکانی دێرسیم و ناوچەی دێرسیمی لەگەڵ دایە.

578- Melville Chater, «The Kizilbash clans of Kurdistan", in : *National Geographic Magazine,* 1928, 54, pp. 485-504.

579- Peter Bumke, "The Kurdish Alevis – boundaries and perceptions", in: Peter A. Andrews, *Ethnic groups in the Republic of Turkey*. Wiesbaden: Reichert, 1989, pp. 510-518.

579-پ.ژ, بومکە، "کوردە عەلەوییەکان: کەوشەن و تێگەیشتنەکان". باسێکە بۆ تێگەیشتن و ڕوانینی ئەورپاییەکان بۆ کوردە عەلەوییەکان و باسی پرسی عەلەوێتگەری، دابەشبوونی جوگرافیایی عەلەوییەکان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان، سیمبولەکانی عەلەویزم و فەزای سۆسیۆ-سیاسیی گروپی عەلەویەکان دەکات و هەروەها باسی ڕێکخستنەکان و هیرارشی ئایینی دەکات لای عەلەوییەکان.

580-Martin van Bruinessen ,"Kurds, Turks, and the Alevi revival", longer version of an article first published in *Middle East Report* 200 (Summer 1996), pp. 7-10.

581-Aysel Betül çelik, « Alevis, Kurds and Hemsehri : Alevi Kurdish Revival in the Ninetiers, in: J. Jongerden & P. J. White (Hg.), *Turkey's Alevi enigma. A comprehensive overview,* Leiden: Brill, 2003, pp. 141–157.

582-Hans-Lukas Kieser, «Alevis, Armenians and Kurds in Unionist-Kemalist Turkey (1908–1938)», in : J. Jongerden & P. J. White (Hg.), *Turkey's Alevi enigma. A comprehensive overview,* Leiden: Brill, 2003, pp. 177–196.

583-Michiel Leezenberg, The Alevi Kurds and the Kurdish Nationalist Movement in the 1990s. In : J. Jongerden & P. J. White (Hg.), *Turkey's Alevi enigma. A comprehensive overview,* Leiden, Brill, 2003, pp.197-212.

584-Paul J. White & Joost Jongerden (edit), *Turkey's Alevi enigma: A comprehensive overview,* Leiden; Boston : Brill, 2003, (xiv-243 p).

585-Paul J. White, « The Debat on the identity of Alevi Kurds ». In : J. Jongerden & P. J. White (Hg.), *Turkey's Alevi enigma. A comprehensive overview,* Leiden, Brill, 2003, pp. 17–29.

## 6.6: ئێزیدیناسی

586-Frederick Forbes, « A Visit to the Sinjár Hills in 1838, with some Account of the Sect of Yezídís, and of various places in the Mesopotamian Desert, between the Rivers Tigris and Khábúr », In : *Journal of the Royal Geographic Society of London* 9 (1839), pp. 409 – 430.

587- W. F. Ainsworth, Notes of an excursion from Mosul. In *JRGS*, London, vol XI, 1841, pp. 1-21.

588-Henry A. Homes, « The Sect of Yezidies of Mesopotamia », In : *Biblical Repository and Classical Review*, Series 2, vol. 7 (1842), S. pp. 329 – 351.

589-Laurie, Rev. "Thomas, Journal of a visit to the Yezidees, with a description of the Excaration at Khorsabad". In : *Bibliotheca Sacra*, Vol 5, 1845, pp. 148-171.

590-Austen Henry Layard, *Nineveh and its remains : with an account of a visit to the Chaldæan Christians of Kurdistan, and the Yezidis, or devil-worshippers; and an inquiry into the manners and arts of the ancient Assyrians*. London : John Murray, (2nd ed.), 1849, 2V (VOL I, XXX, 399 p) , (VOL II, XII, 495 p).

590-***هێنری لایارد، نەینەوا و کەلاوەکانی: لەگەڵ سەربووردەی سەفەرێك بۆ لای مەسیحییە کلدانییەکانی کوردستان و ئێزیدییەکان یان شەیتان پەرستەکان. هێنری***

ئۆستن لایارد* یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئارکیۆلۆژیای کۆنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە. لە تەمەنی ببیست و دوو ساڵی لەندەن بەجێدەهێڵێ بەو هیوایەی بتوانی لە دەرەوەی ولات سەرمایەك پێکەوە بنێ و سەفەری ئیمپراتۆریای عوسمانی دەکات و ساڵی 1840 لە مووسڵ ناسیاوی لەگەڵ ئارکیۆلۆژیستی فرەنسی بۆتا پەیدا دەکات کە لە مووسڵ خەریکی هەڵکەندنی ئارکیۆلۆژی بووە. لایارد دوای ئەم سەفەرەی مووسڵ دەگەڕێتەوە بۆ کۆنستانتینۆپل و لە ساڵانی 1842 تا 1845 لەوێ دەمینێتەوە وەکوو کارداری نا ڕەسمیی لە بالوێزخانەی ئەنگلستان لە لای بابیعالی کاردەکات و لە ئۆکتۆبەری 1845 بە یارمەتی بالوێزخانە بۆ کاری هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژی دەگەڕێتەوە مووسڵ و لە نەمرود جێگیر دەبێ و تا ساڵی 1847 خەریکی کاری ئارکیۆلۆژی دەبێت. هاوینی ساڵی 1846 بۆ خۆوەدوورگرتن لەتاو گڕەی گەرمای هاوین کارەکانی دەوستێنێ و لە ڕێگەی عەین سفنی بەناو ئێزیدییەکان دەچێتە ئامێدی و تا نزیك جولەمێرگ (هەکاری) دەڕوات و لەوێوەوە فەسڵی حەوتەمی کتێبەکەی بۆ قەتڵوعامی ئاسووریەکان تەرخان دەکات کە ڕووداوەکە هێشتا هەر تازە بوو. ئەم کتێبەی لایارد هەر تەنها سەفەرنامەی هەڵکەندنی ئارکیۆلۆژی نییە لە موسڵ و دوەروبەری، بەڵکو سەفەرنامەیەکی مێژویی زیندووی سەردەمی خۆشیەتی و مێژوی کوردستان بەشی شێری بەرکەوتووە. فەسڵەکانی (4 تا 9) تەرخانی مێژووی کوردستانی دەورانی لایارد کراون. بەمشێوەیە لە فەسڵەکانی (4 تا 6) بایەخێکی زۆری بە ئێزیدییەکان داوە و چۆتە ناویان و لە نزیکەوە دۆستایەتی لەگەڵ شێخەکانیان پەیدا کردووە. بەهەمان شێوە لە فەسڵی حەوتەمی کتێبەکە بایەخێکی زۆری بە قەتڵوعامی ئاسووریەکانی هەکاری 1843 داوە و لە فەسڵی هەشتەم باسێکی کورتی مێژووی مەسیحییەکانی کوردستان دەگێڕێتەوە. هەرچی فەسڵی نۆیەمە دیسان دەگەڕێتەوە سەر باسکردنی سەفەری خۆی بۆ ناو ئێزیدییەکان و باسی ژیان، ڕێکخستنی ئایینی و کۆمەلایەتی و داب و نەریتی

* Layard, Austen Henry, Sir, 1817-1894

**ئێزیدییەکان دەکات و چەندین وێنەی مێژوویی بەدەستەوە دەکات و وێنەیەکی ڕوونی دوادواییەکەی نیوەی یەکەمی ئێزیدییەکان باسدەکات.**

591- W. F. Ainsworth, *The Assyrian Origin of Izedis or Yezdis- the se-called (Devil-Worshippers)*, Transaction of the Ethnological Society of London, Vol1 (1861), NS: pp.11-44.

592-John Ussher, *A journey from London to Persepolis : including wanderings in Daghestan, Georgia, Armenia, Kurdistan, Mesopotamia, and Persia.* London, Hurst and Blackett, 1865, (XIII-703 p).

593- Rev. A. N. Andrus, "The yezidees". In : *Encyclopaedia of Missions*, New Yourk, 1891, vol 2, pp. 526-8.

**593– ئەندریوز، " ئێزیدییەکان". مسیۆنێری ئامریکایی ئەندریوز لە وتارەکەی خۆیدا کە لە ئینسیکلۆپیدیای مسیۆنی ئەمریکیدا چاپی ساڵی 1891 بلاوبۆتەوە چەند زانیارییەکی گشتیی لەبارەی ئێزیدییەکان بەدەستەوە دەدات و لە هەمووشی گرینگتر ئەوە کە ئەندریوز مێژووی نووسینی کتێبی جیلوەی بە 558 هـ= 1163 ی زاینی داناوە کە ئەو مێژووە لە مردنی شێخ ئادی نزیکە. هەرچی بۆ مەسحەفا ڕەشە ئەوا ساڵی 743 هـ = 1342–1343 ی داناوە کە تەواو سەد ساڵ دوای مردنی شێخ حەسەن دێت ( 644 ت–1246 زاینی ).**

594-Andrus, Rev. A.N., “More about the Yezidees”. In : *MH*, vol 88, 1892, pp. 175-176.

595-Andrus, Rev. A. N, “Persecution of the Yezidees”. In : *MH*, vol 89, 1893, pp. 149.

596-O. H. Parry, Six months in a Syrian monastery, being the record of a visit to the head quarters of the Syrian church in Mesopotamia : with some account of the Yazidis or devil worshippers of Mosul and El Jilwah, their sacred book, London, H. Cox, 1895, (XVIII, 400). Chapter XVIII, pp. 252-262.

596– ئۆ.هـ.پاری، شەش مانگ لە دێرەی ئاسوورییەکان. ئۆ.هـ.پاری ساڵی 1892 وەختایەك موسڵ بەجێدەهێڵێ تا بگەڕێتەوە ماردین، کتێبێکی دەستنووسی چکۆڵە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ کە سکالانامەکەی ساڵی 1872 ی ئێزیدییەکان بۆ بابیعالی و هەردوو تێکستی عەرەبی کتێبی جیلوە و مەسحەفا رەشی تێدا بووە کە دواتر ساڵی 1895بۆ یەکەمجار E. G. Browne لە ڕووی دەستنووسی ناوبراو هەردوو تێکستی کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەشی لە پاشکۆی کتێبەکەی مسیۆنێری ئینگلیزی .O.H Parry بە وەرگێڕانی ئینگلیزی و لێکدانەوە بڵاوکردەوە ( لا: 357–387). شایانی باسە هەر هەمان ئەم دەستنووسە شوباتی ساڵی 1894 بە 30 فرەنك دەفرۆشرێتە کتێبخانەی نیشتمانی لە پاریس و ئێستە ئەم دەستنووسە بە کۆدی BNF. MS.324 لە هەمان کتێبخانەی ناوبراو پارێزراوە.

597- Isya Joseph, "*Yezidi Textes*". The American Journal of Semitic Languages and Literatures, 1908-1909/XXV, pp. 111-156, 218-254.

597– عیسا جۆزیف، " تێکستە ئێزیدییەکان". ساڵی 1909 دا لە وتارێکی دوورو درێژدا بۆ یەکەمجار تێکستی هەردوو کتێبی ئایینی ئێزیدییەکان بە عەرەبی لەگەڵ چەند پاشکۆییێك کە بریتیبوون لە حەکایەتێك لەبارەی کۆچك و ستایشی شێخ ئادی و برێك بابەتی دیکە کە لە موسل لە دەستنووسێك ساڵی 1898لە لایەن داود

الصايغ-وه بەردەستیخستبوو بە شەرح و وەرگێڕانی ئینگلیزییەوە بڵاویکردەوە. بڵاوکردنەوەی تێکستی کتێبی جیلوە و مەصحەفا ڕەش بە زمانی عەرەبی بۆ یەکەمجار لەم وتارەدا بڵاوکراوەتەوە.

598- W. B. Heard, « Notes on the Yezidis", in : *Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland* 41 1911, pp. 200 – 219.

599-Arrigo Manza de' Neri, « The once secret scriptures of the Yezidis, the so-called devil- worshippers of Kurdistan », London : John M. Watkins, In : *The quest*. Vol. 5, no. 1, 1913, pp. 19-39.

600- A. Mingana, "*Devil-Worshippers : their Beliefs and their Sacred Books*". In : *The Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland*, 1916, XV, pp. 505-526.

600- ئا. مینگنە ،" شەیتان پەرستان: بیرو باوەڕیان و کتێبی پیرۆزیان". لەم وتارەدا کە تەرخانی بیروباوەڕی ئێزیدییەکان و بە ڕوییێکی تایبەتیش باسی کتێبە پیرۆزەکانی ئێزیدییەکان دەکات مینگا زۆر بە توندی رەخنە لە شەماس جێرمیا شامیر و ئەنستانس ماری کەرمەلی دەگرێ و گاڵتەی بەوە دێ کە ئەم فیرقە نەخوێندەوارە چۆن کتێبخانەوانیان هەبووە، میگنە بەو ئەنجامە دەگات کە نووسیاری عەرەبی کتێبە ئاینییەکانی ئێزیدیەکان شەماس جێرمیا شامیری لە دایکبووی عەنکاوەی ئەدیابین و هەڵاتووی دێرەی ئەلقوش بووە کە بەر لە دەساڵ ( واتە ساڵی 1906) دوای تەمەنێکی درێژ کۆچی دوایی کردووە و بە قسەی میگن، نوسیاری ئەم تێکستانە وێرای ئەوەی بە عەرەبی نووسیوونی، بەڵام هەر بە ئاسوری بیری کردوتەوە.

601- Isya Joseph, *Devil-Worship: the sacred books and traditions of the Yezidis. Studies on the origin and traditions of the devil-worshippers*. 1919, Boston: Badger, (222 p).

**601- جۆزیف عیسا، *شەیتان پەرستان: کتێبە پیرۆزەکان و داب و نەریتی ئێزیدییەکان چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ڕەچەڵەك و ترادسیۆنی شەیتان- پەرستەکان.* نووسیاری ئەم کتێبە عیسی جۆزیف موکسی کاهینی ئاسووری، ساڵی 1898 بە ماڵ و منداڵەوە پەڕیوەی ئەمریکا دەبێ بەر لەسەفەرەکەی بۆ ئەمریکا داود الصایغ لە موسڵ دەسنووسێکی عەرەبی پێشکەش دەکات کە وەرگێراوی عەرەبی هەردوو کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان و چەند لاواندنەوەیەك بۆ شێخ ئادی تێدابووە هتد. جۆزیف ساڵی 1907 لە زانکۆ کۆلۆمبیا لەسەر بنچینەی ئەم دەسنووسە بروانامەی ماستەری فەلسەفە لەسەر بابەتی ( *ئێزیدیەکان- شەیتان پەرستان: کتێبی پیرۆزیان و داب و نەریتیان*) پێشکەش بە زانکۆی کۆلۆمبیا دەکات. ئەم کتێبە هەر هەمان ماستەرنامەکەیەتی کە دوای چاوپێداخشاندنەوە و دەستکاریکردن وەکو کتێبێکی سەربەخۆ بڵاوکرایەوە.**

602- A. Mingana, « Sacred books of the Yezidis". In: *JRAS*, 1921, pp. 117-119.

603- M. Sprengling, "The origin of the Yezidis: A question of priority". In: *The American Journal of Semitic Languages and Literatures*, Vol XXXVII, 1920-21, pp. 72-73.

604- W. A. Wigram, "*The Temple of the Devil (Sheikh Adi)*". In *The cradle of Manking*, London, Ed. Black, 1921, pp. 87-110.

605-Robert Newton Flew, « Ong the worshippers of Satan : the religion of the Yezidi Kurds », In *Quest*, January, London, 1923, pp. 145-165.

606-Sir Harry Charles Luke, "The Yezidis or Devil-Worshipper of Mosul", in : *The Indian Antiquity*, Bombay, May 1925, British India Press, Vol 54, pp. 94-98.

607- W. B. Seabrook, Among the Yezidis in the mountain of the Devil-Worshippers. Adventures in Arabia: among the Bedouins, Druses, Whirling Dervishes and Yezidee Devil Worshippers. New York: George G. Harrap & Co, 1928. In *Adventures in Arabia*, London, Ed. Harrap, 1928, pp. 265-308.

608-Henri Frankfort, « A Tammuz Ritual in Kurdistan ». In : *Iraq*, Volume 1. Published by the British School of Archaeology in Iraq, (1934), pp. 137 – 145.

609- Heyworth J. Dunne, "Ismā`ī- Beg Chol, The Yazīdīs Past and Present" (Book review), in: *Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain an Ireland* 1936, S. pp. 545 – 546.

610- P. W. Long, "A Visit to Sheikh Adi: The Shrine of the Peacock-Angel". In : *Journal of the Royal Central Asian Society*, Vol 23, 1936, pp. 632-638.

611- Freya Stark, "The Devil-Worshipper". In: *Baghdad Shetches*, London, 1937, pp. 153-163.

612- Giuseppe Furlani,"The Yezidi villages in Northern Iraq". In : *Journal of the Royal Asiatic Society,* 1937, pp. 483 – 491.

613- Jamshedji Maneckji Unvala, *The Religion of the Yezidis. Relihions texts of the Yezidis, translation,* introduction and notes by G. Furlani, Bombay, 1940, (97 p).

614-Giuseppe Furlani, *The religion of the Yezidis : religious texts of the Yezdis*[*]. Translation introduction and notes by Giuseppe, Furlani; translated from Italian with additional notes an an appendix and index by Jamshedji Maneckji Unvala, Bombay : Jamshedji Maneckji Unvala, 1940, (V, 97 p).

**614–گیوسیپ فورلانی، *ئایینی ئێزیدییەکان: تێکستی ئایینی ئێزیدییەکان*. ئەم کتێبە سەرەتا بە ئیتالی نووسراوە دواتر تەرجەمەی ئینگلیزی کراوە. کتێبەکە بریتییە لە باسێکی ڕێکخستنەکانی ئایینی ئێزیدی و دواتر وەرگێڕاوی کتێبە پیرۆزەکان (مەصحەفا ڕەش و جیلوە) بەدەستەوە دەداتـ چەند تێکستێکی ئایینی ئێزیدییەکان و بەراوردێکیش لە نێوان ئایینی ئێزیدی و زەردەشتی دا دەکات.**

615-Anis Frayha,"New Yezīdī Texts from Beled Sinjār, 'Iraq", in : *Journal of the American Oriental Society 66* (1946), pp. 18 – 43.

[*] Trd. Testi religiosi dei Yezidi,

615–ئەم وتارە بریتییە لە وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ ئینگلیزی هەردوو کتێبی ئایینی ئێزیدییەکان جیلوە و مەسحەفا ڕەش کە لە چیای شەنگال کۆکراونەتەوە و هاوکات بەرچاوخستنێکی گشتییە لەبارەی کەسایەتی شێخ ئادی و ئێزیدیاتی بە تایبەتی لە ئەدەبیاتی عەرەبی دا.

616- A. S. Tritton, "Adi b. Musafir al-Hakkari". In: *The Encyclopaedia of Islam*, NE, I, Leiden, 1955, pp. 195-196.

617- Freya Stark, "The yezidi Devil-Worshippers". In: *Geographical Magazine*, Vol 30, 1958, pp. 527-537.

618-Khalouf A. Al-Jadaan, *Caste Among the Yazidis, An Ethnic Group in Iraq*. MS, Rural Sociology, Pennsylvania State University, 1960.

619-Taufik Wahby, *The remnants of Mithraism in Hatra and Iraqi Kurdistan, and its traces in Yazidism. The Yazidis are not devil-worshippers,1962,* London : T. Wahbi, 1962, (52 p).

619–تۆفیق وەهبی، *شوێنەوارەکانی میترانیزم لە هیترا و کوردستانی عێراق و شوێنکاریان لەسەر ئایینی ئێزیدیاتی*. ئەم باسەی زانای گەورەی کورد تۆفیق وەهبی ( 1890–1894 ) لەسەر دۆزینەوەی ئەو هەڵکۆڵین و شوێنەوارانە بونیاتنراوە کە ساڵی 1954 لەناوچەکانی ڕۆژئاوای شاری موسڵ دۆزراوەنەتەوە و هەروەها ئەو شوێنەوارانەی کە لە نێوان ڕوباری دەچڵە و زنجیرە چیایەکانی زاگرۆس دۆزراوەنتەوە. لەم ڕوانگەیەوە نووسەر بە ئاشکرا کاریگەری پاشماوەکانی میترانیزم لەناو ئایینی ئێزیدی دەبینێ و ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەشێ پێوەندییێکی توند لە نێوان ئایینی میترانیزم و ئێزیدی دا هەبێت و بۆ ئەم مەبەستە

نووسەر خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ باسەکە کردووە و باسی پەرستنەکانی میترا دەکات و دواجار باسی دەورانی ساسانییەکان دەکات و پاشان لێکۆڵینەوەیەکی ئایینی بەراوردکاری ورد لە نێوان هەردوو ئایین دەکات و دواجاریش بە شوێن برێك لە شوێنەوارەکانی ئایینی میترانیزم دا دەگەڕێ لە تقوس و وێردی ئایینی و سومبول و ترادسیۆنی ئێزیدییەکان دا.

620-C. J. Edmonds, "Yêzîdî", in: *The Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland*, 1967, (88 p).

621-C. J. Edmonds, *A pilgrimage to Lalish*, London : Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland; Luzac, 1967, (xii, 83 p).

621–سی. ژی.ئیدمۆندز، "*حەج بۆ لالش*". بریتییە لە مەتریال و کەرەسەی ڕۆژانەی ئیدمۆندز کە لە نێوان ساڵەکانی 1930 تا 1945 کۆیکردوونەتەوە و دواتر دوای بیست ساڵ هاتووە ئەم ڕۆژانانەی کۆکردۆتەوە و ئەم کتێبەی لێدەرچووە. کتێبەکە بریتییە لە سێ بەش. بەشی یەکەم: فێستیڤاڵی پاییزانەی ئێزیدییەکان، لا: 3–21.بەشی دووەم : یادەوەری شێخان. وەرگێران لە عەرەبییەوە بۆ ئینگلیزی، لا: 25–50. بەشی سێیەم یەکەم سەفەر بۆ شێخان، لا: 53–76. پاشان کتێبەکە چوار پاشکۆی لەگەڵە: پاشکۆی یەکەم: هۆزەکان و ڕەچەڵەکەیان، لا: 79–81.، پاشکۆی دووەم: ئاوایی ئێزیدییەکان و خەملاندنی دانیشتوان، لا: 82–87.، پاشکۆی سێیەم: ئاواییەکانی شەبەکەکان (شەبەکخانە)، لا: 87.، پاشکۆی چوارەم: تێبینییەك لەسەر نوسخەی کوردیی کتێبە پیرۆزەکان، لا: 87–88 (باسی ئەو دوو تێسکتە کوردییەی کتێبە پیرۆزەکانی ئێزیییەکان (جیلوە و مەصحەفا ڕەش) دەکات کە ساڵی 1911 لە لایەن ئەنستاس ماری کەرمەلی لە گۆواری (*Anthropos*) بلاوکراوەتەوە دواتر کتێبەکە نەخشەیەکی زۆر وردی ویلایەتی موسڵی لەگەڵدایە.

622- M. J. L. Young, "An account of the history and rituals of the Yezidis of Mosul", In : *Le Muséon*, LXXXV, 1972, pp. 481-522.

623- Sami said Ahmed, "A study of the Yazidis : An Introduction". In: *The Iliff Review*, 30, n° 3, 1973, pp. 37-48.

624-Asil Nasir Dyck, *British travel accounts on the Yazidis of Northern Iraq, 1800-1850,* M.A., History and Archeology, American University of Beirut, 1974.

625- Sami said Ahmed, *The Yazidis: Their Lif and Beliefs*, edited by Henry Field, Ed. Coconut Grove, Miami : Field Research Projects, 1975, Miami, 1975. (485 p)*.

626-TH. Menzel, "Kitā al-Djilwa", In: *El*, Vol. V, Fascicules 81-82, 1980, pp. 208-210.

627- K. F. Al-Jahiri, *Stability and social change in Yezidi society* / [University of Oxford, PhD thesis]. 1981.

628-John S. Guest, *The Yezidis : A study in survival,* London : New York : KPI, 1987, (xviii, 299 p)[28].

* Translation of: al-Yazidiyah, ahwaluhum wa-mu`-taqadatuhum

[28] Second Ed,*Survival among the Kurds : A history of the Yezidis*, London; New York : Kegan Paul international, 1993, (xvii, 324 p).

628-جۆن .س. گیست، *ئێزیدییەکان: لێکۆڵینەوەیەك لە بەردەوامی ژیان دا*. یەکێکە لەو لێکۆڵینەوە زانستیانەی کە دەربارەی ئێزیدییەکان نووسرابێ. کتێبەکە بریتییە لە پێشەکی و )13) فەسڵی سەربەخۆ. پێشەکی (لا: یانزە-چواردە). فەسڵی یەکەم: وەچەکان (لا: 1-14).، فەسڵی دووەم: شێخ ئادی و تەریقەکەی (لا:15-27).، فەسڵی سێیەم: ئایینی ئێزیدی (لا: 28-41).، فەسڵی چوارەم: سەرەتا هەوڵیەکنی پێوەدی گرتن لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا (لا: 42-58).، فەسڵی پێنجەم: زیندانییەکانی سەر پاپۆڕێکی نوغرۆ بوو (لا: 59-72).، فەسڵی شەشەم: مسیۆنێر و دۆزەوەوە ئینگلیزی-زمانەکان (لا: 73-81)ز، فەسڵی حەوتەم: ڕاسام و لایارد (لا: 82-102).، فەسڵی هەشتەم: میحنەتی میر حوسێن بەگ (لا: 103-118).، فەسڵی نۆیەم: عەبدولحەمید و ئێزیدییەکان (لا: 119-140).، فەسڵی دەیەم: بڵاوکردنەوەی کتێبە پیرۆزەکان (لا: 141-158).، فەسڵی یانزەهەم: خوشك و برایەکان (لا: 159-169).، فەسڵی دوانزەهەم: دەورانی میان خاتوون (لا: 170-186).، فەسڵی سێزدەهەم: ئێزیدییەکانی ئەودیوو قەوقاز (لا: 187-196). پاشبار (لا: 197-198). لە بەشی پاشکۆ دا کتێبەکە دوو پاشکۆی بە نرخی لەگەڵ دایە: 1- کتێبە پیرۆزەکانی ئێزیدییەکان و لاواندنەوەی شێخ ئادی. بریتییە لە وەرگێراوی ئینگلیزی تێکستی هەردوو کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان (مەسحەفا ڕەش و جیلوە) و لاواندنەوەی شێخ ئادی (لا:199-206).، 2- دەقی ئەو نامانەی کە بۆ سەدری ئەعزەم و سێر ستراتفۆرد کانینگ نووسراون (لا: 207-210). پەراوێزەکان (لا: 213-250). بیبلیۆگرافیا (لا: 251-282) و جگە لەوە کتێبەکە کۆمەڵێك وێنە زۆر نایاب و مێژوویی ئێزیدییەکانی لەگەڵ دایە.

629- Wadie Jwaideh, "Review of John S. Guest, The Yezidis : A Study in Survival, New York 1987", in : *The American Historical Review 95.* (1990), pp. 1260.

630- Philip G. Kreyenbroek, 'The Yezidis' in : R. L. Tapper (ed.), 'Some Minorities in the Middle East', Foreign and

Commonwealth Office publication, London. [A fuller version of the paper was published in R. Tapper (ed.), Some Minorities in the Middle East, *SOAS* publication, 1992, pp. 67-68.

631- Philip G. Kreyenbroek, *'Mithra and Ahreman, Binyamin and Malak Tâwûs: traces of an ancient myth in the cosmogonies of two modern sects'* In: Ph. Gignoux (Ed.), Recurrent Patterns in Iranian Religions; from Mazdaism to Sufism, Paris, pp. 57-79 [Studia Iranica, Cahier 11], 1992.

632- Alphonse Mingana, *The Yezidis: The Devil Worshippers of the Middle East : Their Beliefs & Sacred Books,* Ed. Holmes Pub Grou Llc, 1993, (23 p).

633- A. Vangent, "The Yezidi Struggle to Survive". In: *Swiss Review of World Affairs*, VI, 1993, pp. 20-21.

634- Nelida Fuccaro, "A 17th century travel account on the yazidis: implications for a socio-religious history", in: *Annali di Istituto Universitario Orientale, Sezione Orientale* 53 1993, No. 3, pp. 241 – 253.

635- Philip G Kreyenbroek,"*Yezidism - its Background, Observances and Textual Tradition". Texts and Studies in Religion*, 62. Lewiston, Queenston and Lampeter: Edwin Mellen Press, 1995, (XVII-349 p).

635-**فیلیپ کریینبرۆك، *ئێزیدیاتی*. کتێبە بریتییە لە دوو بەشی سەرەکی. بەشی یەکەم : باسێکی زانستییە دەربارەی ئێزیدیاتی. بریتییە لە تێگەیشتن و گەڕانەوە بۆمێژووی ئایینی ئێزیدیاتی و باسێکی ڕێکخراوە ئایینییەکان و بڕێك لە بیروباوەر و داب و نەریتی ئێزیدییەکان شیدەکاتەوە** (**لا**: 1–168). **هەرچی بەشی دووەمە بریتییە لە کۆمەڵێك تێکستی ئێزیدیاتی وەکوو**: 1-**قەوڵی زەبوونی مەکسوور بە وەرگێرانی ئینگلیزی و کۆمێنتارەوە** 0**لا**: 170–181), 2-**قەوڵی ئافرینا دونیایێ، بە وەرگێرانی ئینگلیزی و کۆمێنتارەوە** (**لا**: 182–192). 3-**قەوڵێ ئیمانێ. بە وەرگێڕان و کۆمینتار و کۆمەڵێك تێکستی دیکە. بیبلیۆگرافیا** (**لا**: 327–332).

636- Philip G. Kreyenbroek, “Yezidism”. In*: **J.R.** Hinnells* (ed.), A New Dictionary of Religions, Penguin Books, Oxford and Cambridge (Mass.), 1995, pp. 565-566.

637-Christine Allison , « Old and New Oral Traditions in Badinan », in *Kurdish Culture and Identity*, Londres, Zed Books, 1996, pp. 29-48.

638-Christine Allison, « Oral History in Kurdistan: the case of the Badinani Yezidis », *Journal of Kurdish Studies,* 1997, Vol 2, Louvain, Peeters, pp. 37-56.

639-Nelida Fuccaro,”Ethnicity, State Formation, and Conscription in Postcolonial Iraq – The Case of the Yezidi Kurds of Jabal Sinjar, in: *International Journal of Middle East Studies* 29, 1997, pp. 559 – 580.

640-Erhard Franz, "Minorities, Communities, Transnationality: Yezidi, Kurds and Alevis in Germany" Workshop vom 5-6 Juni 1999 in Berlin. In : Orient 40 (1999), 2, pp. 192 – 194.

641- Nelida Fuccaro, "Communalism and the state in iraq : the yazidi kurds, c. 1869-1940. In : *Middle Eastern Studies* 35. 1999, No. 2, pp. 1 – 26.

641–نالیده فوکارۆ، "کۆمیونالیزم[*] و دەوڵەتی عێراق: کوردە ئێزیدییەکان 1896–1940". باسێکی ڕەوشی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئێزیدییەکانی وردستانی عێراق دەکات لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تا وەکوو سەربەخۆبوونی عێراق دەستپێکی سییەکاندا. نووسەر لەم باسەیدا بایەخی بە ڕەوشی ئێزیدییەکان داوە لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و سیاسەتی دەولەتی ئینتیدابی بریتانیا لە بەرامبەر ئێزیدییەکان و باسی پێکهاتەی ئایینی ئێزیدییەکان و سیاسەتی جۆشدانی ئێزیدییەکان دەکات لە بەرامبەر حکومەتی عێراق و بایەخێکی تایبەتیشی بە سەرەتای ساڵانی بیستەکان و سیاسەتی حکومەتی عێراق داوە لەبەرانبەر ئێزیدییەکان لەو دەمانەی کە عێراق خەریکبوو سەربەخۆیی خۆی وەردەگرتەوە.

642- Nelida Fuccaro, "Review of Philip G. Kreyenbroek, Yezidism – Its Background, Observances and Textual Tradition, New York, 1995, in : *British Journal of Middle Eastern Studies* 26, 1999, Nr. 1, pp. 104 – 105.

643-Nelida Fuccaro, *The other Kurds : Yazidis in colonial Iraq*, London : I. B. Tauris, 1999, (xiii, 230 p).

---

[*] کۆمیونالیزم: communalism واتە سەربەخۆبوونی کۆمەڵێك یان گروپێك لە بەڕێوەبردنی ناوخۆیی خۆیاندا.

643–نالیدە فۆکارۆ: *ئێزیدییەکان: کوردەکانی دیکە*. ئەم کتێبە فوکارۆ، تۆژەرەوە لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی دیراساتی کەنداو لە زانکۆی Exeter لە بنەواندا بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی 1994 پێشکەش بە زانکۆی Durham University کراوە[29]. کتێبەکە دابەشی سەر پێشەکی و پێنج فەسڵی جیاواز کراوە. پێشەکی (لا: 1–8). فەسڵی یەکەم: خێڵ، تایەفە و دەوڵەت (لا: 9–39). لەم فەسڵەدا باسی چەمکی دوانەی خێڵ و ئایین دەکات و لەم روانگەیەوە هۆزی کورد، ئایینی ئێزیدیاتی و ڕێکخستنی سیاسیی ئێزیدی لە باکووری عێراق و سیاسەتی ڕیفۆرمخوازانەی عوسمانی لەبەرامبەر ئێزیدییەکان بە وردی شیدەکاتەوە. لە فەسڵی دووەم: کۆمیونیتە و هۆزەکان (لا: 40–81). لەم فەسڵەدا باسی کۆمیونیتەکانی کوردستانی عێراق کراوە وەکوو مەسیحییەکان، هۆزەکانی ئێزیدی و ترادسیۆنی ئێزدیاتی و پێوەندیان ئێزیدییەکان لەگەڵ موسڵمانەکان و پێوەندی نێوانیان و ناکۆکی لەسەر زەوی لە دەورانی ئینتیداب دا لە باسە سەرەکیەکانیەتی. فەسڵی سێیەم: دەورانی کۆلۆنیال (لا: 82–109). لەم فەسڵەدا باسی دەورانی کۆلۆنیالی بریتانی و حوکمی کۆمینیتەکان، سیاسەتی خێڵەکی لە شەنگاڵ، ئیدارەی عێراق و دەسەڵاتی خێڵەکی بەوردی شیکراونەتەوە. فەسڵی چوارەم: خێڵ، سنوور و دروستبوونی نەتەوە (لا: 110–131). لەم فەسڵەدا باسی هێزی ئاسمانی بریتانیی، کێشەی مووسڵ، سنووری نێوان عێراق و سوریا، سیاسەتی ئەنگلۆ–فرەنسی و پشێوییەکانی کەوشەنی نێوان ئێزیدی و بەدەوییەکان باس دەکات. فەسڵی پێنجەم: شەڕی نێوان تایەفەکان و جۆشدانی سیاسیی (لا: 132–165). لەم فەسڵەدا باسی کەمینە نەتەوەکان و کۆمەڵەی گەلان، هەوڵدن بۆ ریفۆرمکردنی ئایینی ئێزیدی، بە سیاسیکردنی کۆلۆنیالیزم و نەتەوەی مەسیحی و ئێیدییەکانی عێراق

---

[29] Nelida Fuccaro, *Aspects of the social and Political History of the Yezidi Enclave of Jabel Sinjar (Iraq) Under the British Mandate 1919-1932* (PhD Durham University, 1994, (    p).

**دەکات. دەرئەنجام** (**لا**: 166–170). **پەراوێزەکان** (**لا**: 171–207). **بیلیۆگرافیا** (**لا**: 208–221).

644-Christine Allison, *The Yezidi oral tradition in Iraqi Kurdistan*, Londres, Ed.Curzon Press, 2001, (313 p).

644–**کریستیان ئالیسۆن، *ترادسیۆنی زارەکیی ئێزیدییەکان لە کوردستانی عێراق دا*. ئەم کتێبە لە بنەواندا بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی** 1996 **پێشکەش بە زانکۆی سواس کراوە**[30]**. باسەکە بریتییە لە دوو بەشی سەرەکی. بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسێکی گشتی دەربارەی یەزیدییەکانی باکووری عێراق** (**کوردستانی عێراق**) **و لە ڕووی تراسیۆنی زارەکی ئێزیدییەکانەوە باسێکی مێژوو، پاڵەوانێتی، شەڕ و مردن ، وێناکردنی کێشەکان و تێمە گەورەکانی ئەدەبی زارەکی ئێزیدییەکان دەگێڕێتەوە** (**لا**: 3–210). **هەرچی بەشی دووەمە بریتییە لە تێکستی کۆمەلێك بەیت و قەواڵی تایبەت بە ئێزیدییەکان و تێکستە کوردییەکان بە ترەنکیپسیۆنی لاتینی نووسراونەتەوە و هاوکات لە بەرامبەردا تەرجەمەی ئینگلیزی کراون. تێکستەکان لە کۆمەڵێك سەرچاوەی جیاواز وەرگیران: بەشێکیان لە کتێبی زارگۆتنا کوردایە** (1978) **و فۆلکۆرا کوردایە سوریایە** (1985) **وەرگیراون** (**لا**: 213–298). **پەراوێزەکان** (**لا**: 281–291). **بیبلیۆگرافیا** (**لا**: 297–303).

645- Philip G. Kreyenbroek, 'Yazîdî', In*: P.J.* Pearson et al. (eds.), Encyclopaedia of Islam, New Edition, vol. 11, fasc. 183-4, (2001), pp. 313-6.

---

[30] Christine Allison, *Views of History and Society in Yezidi oral tradition* (PhD SOAS, 1996, (    p).

646- Ezster Spat, Shahid bin Jarr, “Forefather of the Yezidis and the Gnostic Seed of Seth”. In: *Iran and the Caucasus*, 6, 2002, pp. 27-56.

647- Philip G., Kreyenbroek, « Modern Sects with Ancient Roots: the Yezidis and Ahl-e Haqq of Kurdistani”, in: Pheroza Godrej and Feroza Punthakey Mistree (eds.), *A Zoroastrian Tapestry: Art, Religion & Culture.* Ahmedabad, Mapin, 2002, pp. 260-77.

648- Ezster Spat, “Changes in the Oral Tradition of the Yezidis of Iraqi Kurdistan”. In: *The Journal of Kurds Studies,* Vol V/ 2003-2004, pp. 73-83.

649-Lale Yalçin-Heckmann, « Christine Allison, The Yezidi Tradition in Iraqi Kurdistan », Richmond 2001 (Book review), in: *Journal of the Royal Asiatic Society* 13 (2003), pp. 255 – 257.

650-Christine Allison, « Yezidi » In E. Yarshater (éd.) *Encyclopaedia Iranica,* 2004.

651-Ph. G. Kreyenbroek, « Yezidism and its Sacred Literature: Eastern and Western Perceptions ». In : Dieter Weber (ed)., *Languages Of Iran: Past and Present. Iranian Studies in memorian David Neil MacKenzie*. Wiesbaden, Harrassowitz Verlag, 2005, pp. 69-80.

652-Philip G. Kreyenbroek & Khalil Jindy Rashow, *God and Sheikh Adi are perfect : sacred poems and religious narratives from the Yezidi tradition,* Pub. Iranica; 9, 2005, (XVII, 435).

652-فیلیپ.گ.کرینبروك و خەلیل جندی ڕەشۆ، ***خوداو شێخ ئادی کاملن: شیعری پیرۆز و گێڕانەوەی ئایینی لە ترادسیۆنی ئێزیدیاتی دا.*** ئەم کتێبە هاوبەشەی پرۆفسیۆرێکی ئەڵمانی و نووسەرێکی کوردی ئێزیدی بەرهەمێکی نایابی لێکەوتۆتەوە. سەرەتا پێشەکی کتێبەکە دابەش کراوە بۆ سەر (3) فەسڵی جیا لە فەسڵی یەکەم دا باسی لایەنە کولتووریەکانی کۆمەڵگەی ئێزیدیاتی دەکەن (لا: 3-18).، لە فەسڵی دووەم دا باسی ترادسیۆنی ئێزیدیاتی و تایبتمەندێتی و ناوەڕۆکی گێڕانەوەکان دەکەن (لا: 19-39) و هەرچی فەسڵی سێیەمە باسی سترەکتوور، کار و شێوەکانی ترادسیۆنی تێکستەوانی دەکەن و باسەکان تەرخانی مێژووی نووسراو و زارەکی ئێزیدییەکان و تێکستە زارەکییەکان دەکات (لا: 40-53). دواتر بەشی سەرەکی کتێبەکە بریتییە لە کۆمەڵێك تێکستی زارەکیی پیرۆزی ئایینی ئێزییدیەکان و هەموو تێکستەکان بە کوردی لاتینی و تەرجەمەی ئینگلیزی لە بەرامبەریدا بڵاوکراونەتەوە (لا: 57-412). بیبلیۆگرافیا (لا: 433-435).

653- Ezster Spat, *The Yezidis*, Ed. Saqi Books, London, 2005, (260 p).

653-ئێزستەر سپات، ***ئێزیدییەکان.*** کتێبێکی گشتییە لە بارەی ئێزیدییەکان و سەرەتا لە پێشەکیەکی گشتی دا باسێکی پاشخانی جوگرافی و مرۆیی ئێزیدییەکان دەکات و پاشان باسی کۆمیونیتەی ئێزیدییەکان دەکات لە باکووری عێراق و پێوەندییەکانی نێوان کۆمیونیتەکان دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم شیدەکاتەوە (لا: 17-30). ئینجا کتێبەکە بەمشێوەیە دابەشکراوە: فەسڵی یەکەم: ئایین. باسی ئایینی ئێزیدی و سیرۆمۆنی ئاینی یان، باوەڕیان و پاشان باسی ڕێکخستنی ئایینی دەکات لە لای ئێزیدییەکان (لا: 31-48). بەشی دوەم: فێستیڤاڵ (باسی جەژن و

**ئاهەنگەکانی ئێزیدییەکان دەکات وەکو سیرۆمۆنی پاییز، بەهار و جەژنەکانی ئێزیدییەکان دەکات** (لا: 49–69, **فەسڵی سێیەم: جەنکی کەنداو. باسی ڕەوشی ئێزیدییەکان دەکات لە دوای جەنگی کەنداو** (لا: 71–76) **و فەسڵی چوارەم: دوای جەنگ** (لا: 77–89).

# بەشی حەوتەم
# کۆمەڵناسی، شار و کۆمەڵگە

## 1.7: خێڵ، عەشیرەت و دەوڵەت

654- Charles Stuart Savile, *Karah Kaplan; or, The Koordish chief. : A tale of Persia and Koordistan*, London : R. Bentley, 1842, 3 v.

655-Frederick Millingen (Osman bey), *Wild life among the Koords*, London: Hurst and Blackett, 1870, (xiii, 380 p).

**655-فریدریك میللینگن، *ژیانی سەرەتایی لەناو کوردەکان دا*. میللینگن کە بە ناوی (عوسمان بەگ) و ( ڤلادیمێر ئەندرێڤیچ) یش ناسراوە، بە ڕەچەڵەك ئینگلیزە بەڵام لە کۆنستانتینۆپل لە دایکبووە و خزمایەتی لەگەڵ خانەوادەی عوسمانییەکان دا هەبووە. سەرباری زمانی تورکی، بە تەواوی ئینگلیزین فرەنسی و ئیتالیایی زانیووە. قوتابخانەی حەربییە لە کۆنستانتینۆپل تەواو دەکات و سەرۆکی بەتالیۆنی سوپای عوسمانی بووە. میللنگین بە حوکمی ئەوەی سەرکردی بەتالیۆنی سوپا بووە لە نزیکەوە سەرۆکهۆزە کوردەکانی بینووە و تێبینی و سەرنجی خۆی لەبارەی کورد نوسیوە بەڵام هەرگیز نەیتوانییوە لەو ڕوانگە عوسمانییە بچێتە دەرەوە کە عوسمانییەکان سەیری کوردیان پێکردووە. شایانی گوتنە بگوترێ کە میللنگن بە زمانەکانی ئینگلیزی و فرەنسی کتێبی نووسیووە.**

656- H. Rabino, «Notes on Lur-i-kuchik and Pusht-i-Kuh and Pish-Kuh tribes ». Govt. *Central Press, Simla*, 1906.

657- Mark Sykes,"The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire", in: *Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland* 38 (1908), pp. 451 – 486.

**657–مارك سایكس ، "هۆزە كوردەكانی ئیمپراتۆریای عوسمانی". داوو دەزگەی ئینگلیز هەر لە زووەوە بایەخیان بە ناوچەی كوردستان دەدا و بە هەموو شێوەیەك بەنیازی كۆنترۆڵكردنی ئەم ناوچەیە بوون. بۆ ئەم مەبەستە گەڕال و سیاسەتوانەكانی ناوچەكە بەردەوام خەریكی كۆكردنەوەی مەتریال و داتا بوون لەبارەی كۆمەڵگەی كوردەواری و پێكهاتە هەمەچەشنەكانی. مارك سایكس(1879–1919) پیاوی سیاسیی و ئەفسەری بریتانی ماوەیەك لە ئەستەموول ئەتاشەی فەخریی باڵوێزخانەی بریتانیا بوو لە ئەستەموول و تاوەكوو ساڵانی بەر لە جەنگی یەكەمی جیهانی هەر لە ڕۆژهەڵات دا ماوەتەوە و ساڵانی جەنگی یەكەمی جیهانی (1916–1919) سكرتێری وەزارەتی جەنگ و لەماوەی مانەوەی لە ڕۆژهەڵات چەندین گەشتی بۆ ناوچە جیاجیایەكانی ڕۆژهەڵات كردووە و زیاتر بەناو بەشە ئاسیاییەكانی ئیمپراتۆریای عوسمانی دا گەڕاوە و بە سەر پشتی ئەسپ وەك خۆی گووتەنی 7500 میل بەناو كوردستان دا گەڕاوە و لەگەڵ خەڵك، پۆلیس، مەلا، شێخ، شوانكارە گفتوگۆی كردووە و لە زاریان زانیاری و مەتریالی كۆكردۆتەوە. لەم وتارەدا سایكش هۆزەكانی كوردی بۆ سەر بەشەكانی : A,B,C,D,E,F دا دابەشكردووە.**

658-E. B. Soane, *Notes on the tribes of southern Kurdistan*, Baghdad : Printed at the Government Press, 1918, (39 p).

658–ئی.بی. سۆن، *چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەكانی كوردستانی خواروو*. ئەم نامیلكەیە بریتییە لە چەند زانیاری یەكی گشتی و ئامارگەلی شۆفاری لەبارەی هۆزەكانی كوردستانی خواروو كە زانیارییەكان لە سالآنی جەنگی یەكەمی جیهانی لە ناوچەكەدا كۆكراوەنەتەوە و راپۆرتەكە سالی 1918 لە چاپخانەی حكومەت لە بەغدا چاپكراوە. ئەم نامیلكەیە زیاتر بە نیازی زانیاری و هوال كۆكردنەوە نووسراوە بۆیە زۆر زانیاری وردی لەبارەی هێز، توانای عەسكەری هەر هۆزێك تێدایە و زانیارییەكان تا دوا ڕادە ورد و جێگەی متمانەن. جگە لە دیاریكردنی هێزی مرۆیی و ئابووریی هەر هۆز و كۆنفیدراسیۆنێك ژمارەی سوارەی چەكدار، ئەسپ و هێزی پیادە و ماڵەكان تۆماركراون و لەبارەی هۆزە یان كۆنفیدراسیۆنە گەورەكانی وەكوو: هەمەوەند، جاف و تاڵەبانی هەم درەختی بنەماڵە و هەم كورتە باسێكی مێژوویشیان دەربارە نوسراوە و سەروەت و سامانی بەگزادەكانیش تۆمار كراون.

659- V.F. Minorsky, “Lur”, “Lur-i buzurg”, “Lur-i Kuchik” & “Luristan”. In: *Encyclopaedia of Islam,* Vol. III, Leiden, London, 1936, pp: 41-53.

660-E. R. Leach, *Social and economic organisation of the Rowanduz Kurds, Monographs on social anthropology* ; no. 3, London : Published for The London School of Economics and Political Science by Percy Lund, Humphries, 1940, (74 p).

660–ئی.ئار.لیچ، *ڕەوشی ئابووریی و كۆمەڵایەتیی كوردەكانی ڕواندوز*. ئەم باسە یەكێك لە یەكەمین ئەو باس و خواسە مەیدانییە مرۆناسیانەیە كە بە شێوەیەكی مەیدانی ئەنجام دراوە. ئەم لێكۆڵینەوەیە لە هاوینی 1938 بۆ ماوەی پێنج هەفتە لە ناوچەی ڕەواندوز ئەنجام دراوە و نیازیش وابووە دواتر كاری مەیدانی دیكەی بەشوێن دا بێت بەڵام وادیارە شەڕی دووەمی جیهانی و ڕەوشی ئەورووپا ڕێگەیان

نەداوە ئەم پرۆژەیە بەردەوام بێت. ئەم لێکۆڵینەوەی تەرخانی تۆژینەوە لە دروستبوونی خێڵی کورد و پێوەندییە خێڵەکییەکان نووسراوە و لە هەموو ڕوویێکەوە لێکۆڵینەوەیەکی بێ ها وتایە.

661- V. Minorsky, " E. R. Leach, Social and economic organisation of the Rowanduz Kurds", In: *The Geographical Journal,* April, 1941, pp. 245-255.

661- ڤ. مینۆرسکی،" ئی.ئار.لیچ، " ڕەوشی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کوردەکانی ڕواندوز". بریتییە لەخوێندنەوەیەکی ئەم کتێبەی سەرەوە.

662- V. Minorsky, « The Gûrân », In : *Bulletin of the School of Oriental and African Studies* (1943) vol. 11 pp. 75-103.

622- ڤلادیمێر مینۆرسکی، "گۆران". لەم وتارەیدا کە ترخانی فیدراسیۆنی هۆزی (گۆران) کراوە مینۆرسکی خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر کوردبوونی ئەم هۆزە دادەهێنێ و تەنانەت شوێنی نیشتەنی هۆزەکەش لە نێوان بەغدا و کرماشان بە بەشێکی کوردستان ناناسێ. ئەم وتارە بەمشێوەیە دابەشکراوە. یەکەم: بەکارهێنانی هەمەچەشنەی تێرمەکانی گۆران/ گووران. لەم بەشەدا لە ڕووی بنەچەکەوە بەشوێن ناوی گۆران دا ڕۆیشتووە (لا: 77–78). بەشی دوەم: ئامازە پێکردنی مێژوویی بۆ گۆران. لەم بەشەدا لە ڕووی مێژووییەوە بەشوێن ناوی مێژوویی (گۆران) دا ڕۆیشتووە و بۆ ئەم مەبەستە سەرچاوە یۆنانی و ئیسلامییەکانی بەسەرکردۆتەوە (لا: 79–86). سێیەم: ئەنجام (لا: 86–89). چوارەم: ئەدەبی نووسراو بە زاری گۆرانی. باسی ئەدەبی نووسراو دەکات بە زاری گۆرانی و لەم نێوەدا چەند نموونەیەکی ئەدەبی هێناوەتەوە و لە بەشی شیعریش دا، شیوەننامەی (گلکۆی تازەی لەیل) ی ئەحمەد بەگی کۆماسی بە نموونە هێناوەتەوە و هەم شیعرەکەی بە دیالێکتی گۆرانی نووسیووە و ترەنسکریپسۆنی تێکستەکەشی بە لاتینی و دواجار تەرجەمی ئینگلیزیشی کردووە.

663- V. Minorsky, « Tribes of Western Iran », in : "*Journal of the Royal anthropological institute of Great Britain and Ireland*", 1945, pp. 73-80.

663- ڤ.مینۆرسکی،" هۆزگەلی ڕۆژئاوای ئێران". مینۆرسکی لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە تەرخانی هۆز و تیرەگەلی ڕۆژئاوای ئێران کراوە و دەروناوچەیەك کە لە ڕووی جوگرافییەوە تەواو سنووری ڕۆژئاوای ئێران و ناوچەی زاگرۆس دەگرێتەوە. نووسەر سەرتا باسێکی مێژووی ئێران و ئێرانی کۆن دەکات و دواتر دەورانی ئیسلام و تا سەردەمانی نوێ و ئەو هۆزانەی ناوچەکە بۆ سێ گروپگەلی جیاواز دابەش دەکات: گروپی یەکەم ئەو هۆزانەی کە بە زمانە ئێرانییەکان قسە دەکەن و لەم بەستێنەدا باسی هۆزگەلی یان راستتر کۆنفیدراسیۆنی لوڕ دەکات و کە ئەو بۆ چوار بەشی مامەسێنی، کۆهگیلۆ، بەختیاری و لوڕی بچووك دایان دەنێ و خەتێکی راست بەسەر کوردبوونی ئەمانە دادەنێ و زیاتر بە ئامۆزای فارسەکانیان دادەنێ. دواتر باسی گروپی کورد دەکات و کورد بە نەوەی میدییەکان دادەنێ و دواجار باسی گروپی سێیەم باسی گۆرانەکان دەکات و ڕای وایە کە "هۆزگەلی ئەمرۆی گۆران لە گەلێك تیرەی جیاواز پێکهاتوون و هەندێکیان سەربە گۆرانی بنەرەتیی و ئەوانی دیکەشیان کوردن".

664- M. A. Fredrik Barth, " A Preliminary Report on studies of A Kurdish community". In: *Sumer*, Vol. VIII, N° 1, 1952, pp. 87-89.

665-Fredrik Barth, *Principles of social organization in southern Kurdistan*, Universitet i Oslo. Etnografiske Museum. Bulletins, no.7. Oslo, Universitet i Oslo, 1953, (146 p).

666-Cecil John Edmonds "Principles of social organization in Southern Kurdistan: by Frederik Barth" [review], In:

*Journal of the Royal Central Asian Society*. London: Soc. 44.1957,1 (Jan.), pp. 65–66.

667-Fredrik Barth, « Father's brother's daughter marriage in Kurdistan ». In: *Southwestern Journal of Anthropology*, published by the University of New Mexico and the Laboratory of Anthropology, Santa Fé. – New York: Kraus Reprint [Albuquerque: University of New Mexico Press], 1967 [10.1954] pp. 164–171; pp. 389-396.

668- Patty Jo Watson, *Archaeological ethnography in Western Iran,* Tucson : University of Arizona Press, 1979, (327 p).

**668–پاتتی واتسۆن، *ئیتنۆگرافیای ئارکیۆلۆژی لە ڕۆژئاوای ئێران دا.* لێکۆڵینەوەیەکی ئیتنۆگرافی مەیدانییە لە بارەی هۆزەکانی ڕۆژئاوای ئێران و بەتایبەتی ناوچەی :حەسەن ئاوا، سەردەشت و عەین عەلی. ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لەسێپتامبەری 1959 تا حوزەیرانی 1960 بە پاڵپشتی زانکۆی شیکاگۆ ئامادەکراوە باسی ژیانی گوندنشیانی ئەو ناوچانە و باری ئابووری و سیستمی خزمایەتی دەکات لەناو خێڵەکانی ئەو دەرو ناوچانەدا. کتێبەکە کۆمەڵێك وێنەی جوانی ئاوایيەکانی کوردستانی لەگەڵە.**

669-Robert Olson, « M. M. Van Bruinessen: Agha, Sheikh and state; on the social and political organization of Kurdistan [review] », In: T*he American historical review* / American Historical Association.–Washington, DC : Assoc.1981, 5 (Dec.), pp. 1125–1126.

670-David Brooks, « The enemy within: limitations on leadership in the Bakhtiari », In : *The Conflict of tribe and state in Iran and Afghanistan* / ed. By Richard Tapper. London; Canberra; New York : Croom Helm; St. Martin’s Press. 1983, pp. 337–363.

671-Sekandar Amanolahi, « The Lurs of Iran », in : *Cultural Survival Quarterly*, Vol 9, February 1985, n° 1, pp. 65-69.

672-V. Minorsky “Lak”, In: *The Encyclopaedia of Islam :* new edition; Vol. 5: Khe - Mahi / ed. by C. E. Bosworth; E. van Donzel; B. Lewis; Ch. Pellat. Leiden : Brill, 5.1986, pp. 616–617.

673-Christopher Gandy, " The case of the Kurdish Agha: Vice Consul Honey in Mosul 1911-1913", in: *Asian Affairs* 18, 1987, pp. 138-150.

**673– کریستۆفەر گاندی ،" پرسی ئاغی کورد: جێگری کونسول هۆنی لە مووسڵ 1911–1913". موحازەرەیەکە لە شوباتی 1987 پێشکەش بە کۆمەڵەی شاهانەی کاروباری ئاسایی کراوە و پەیوەستە بە بابەتی تەقەکردن لەنێوان هێنری چارلس هۆنی، جێگری کونسوڵی بریتانی لە مووسڵ و ئاغای کورد، میرزا عەلی و دارودەستەکەی لە ساڵی 1912 دا. هۆنی وەختایەك لە گەشتێك دابووە کە بە بێ ڕێگەپێدان و بە بێ پاسەوان لەگەڵ ئەو ئاغایە دەبێتە شەڕە تەق و لەم تەق و تۆقەدا ئاغا دەکوژرێ. کێشەکە لە بەرزترین ئاستدا چارەسەرکراو خوێنی ئاغا درا و هۆنی خۆی ناچاربوو نیوەی پارەکە بژمێرێ.**

674-Lâle Yalçin, " Tribal Groups in province of Hakkâri (1984), In : P.A. Andrews (ed.) *Etnnic Groups in the Republic of Turkey*. Wiesbaden, 1989 pp. 212-220.

675-Lâle Yalçin –Heckman, " On kinship, tribalism and ethnicity in Eastern Turkey", In: P.A. Andrews (ed.) *Etnnic Groups in the Republic of Turkey*. Wiesbaden, 1989, pp. 622-631.

**675-باسی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەکات و باسی چەمکەکانی** : 1 **خزمایەتی ( خێزان، نشینگە و ئالیکاری، پێوەندییەکانی ژن و ژنخوازی.،** 2- **سیستمی خێڵەکی (خێڵ، شوێن و ئەندامی خێڵ، عەشیرەتگەری ) و** 3-**ئیتنیستی (زمان و جۆرەکانی کۆنتاکتی هاوبەش) شیدەکاتەوە.**

676-P. Oberling « Bâjalân », in *: Encyclopaedia Iranica*. Vol. III, fascicule 4, 1989, pp. 532-533.

677-Lale Yalçin-Heckmann, « Kurdish tribal organization and local political processes », In: *Turkish state & Turkish society* / Andrew Finkel; Nukhet Sirman (eds.). London; New York; Routledge. 1990, pp. 289–312.

678-Lale Yalçin-Heckmann, *Tribe and kinship among the Kurds,* Frankfurt am Main : Peter Lang, 1991, (328 p).

679-Martin van Bruinessen, "Traditional Kurdish society and the state" In : *International Paris Conference : the Kurds: Human Rights and cultural identity*; 14–15 October 1989 /

Institut Kurde de Paris (ed.). Paris : Institut Kurde de Paris. 1992, pp. 39–46.

679–مارت ڤان برویێنسن، "کۆمەڵگەی ترادسیۆنیی کوردیی و دەوڵەت". ئەم باسە بریتییە لەو موحازەرەیەی کە لە کۆنفرانسی کورد: مافەکانی مرۆڤ و ناسنامەی فەرهەنگیی لە 14–15 ی ئۆکتۆبەری 1989 لە پاریس بەسترا خوێندرایەوە. کوردەکان گەورەترین گەلی بێدەوڵەتن، وێرای ئەوەی کە زیاتر لە سەدەیەکە خەباتی نەتەوەیی دەکەن کە بڕێك لە چاوەدێران و زۆربەی کوردەکان لەمەدا ڕەگی پرسی کورد خۆی دەبینن. بەڵام ئەم ڕوانینە ئەوە لە یاد دەکات کە کوردەکان ماوەی چەندین سەدە هەر بەشێوەیەکی سروشتیی بە بێدەوڵەتی خۆیان ژیاون، بەڵام پرسێکی گرینگ لە ئەنجامی کاریگەری بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ئەوروپا پەیدابوو کە لە دەستپێکی سەدەی بیستەم گۆڕانی بەسەر داهات. ئەو گۆڕانەی کە ویستی نەتەوەیی لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوبۆوە. جگە لەوە دەستەبژێری سیاسیی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دابەشکراوە لەوەتای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هەوڵەکانیان چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی وڵاتەکانیان بکەن بە وڵاتی نەتەوەیی. لە دەورانی عوسمانی و ئێرانی دا کە دەوڵەتگەلی فرە ڕەگەز بوون و جیاوازی لە نێوان تاقم و گرۆیەکان دا هەبوو بەڵام ئەم جیاوازییە لەسەر بنەمای ئایین بوو نەك ئیتنی. بۆیە کوردەکان لە هەردوو دەوڵەت دا دەگەیشتنە پایەی بەرز بە بێ ئەوەی ناسنامەی کوردبوونی خۆیان لە دەست بدەن. ململانێی ناوەخۆیی کورد خۆی هاوکات بووە لەگەڵ ململانێیی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریا. هەندێکجار هۆزێك یاخودچەند پەلێکی هۆزێك لە چەندین شەڕی نێوان ئێران و عوسمانی بەشداربوون و وابووە کە ململانێی تایبەتی خۆیان لەگەڵ ململانێی سەرەکی یەکیدەگرتەوە چارەسەر دەکرد یاخوود بەجۆرێك کە ڕایان دەکردە ئیمپراتۆریای هاوسێ و هیچ چارەسەرێکیان نەدەمایەوە جگە لە شەڕکردن نەبێت بۆ ئەم وڵاتە و ئەگەرنا دەردەکران و ئەم تایبەتمەندێتییە تا ئێستە لە مێژووی کورد هەر ماوە. دواتر باسی ڕەوشی کورد دەکات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی  کە لە

سۆنگەی شۆڕشەکانی کورد کۆچی کورد بۆ دەرەوەی کوردستان دەستپێکرد و سێ یەك یان چارەگی کورد لە دەرەوەی کوردستان لە شارە گەورەکانی ئەنقەرە، ئەستەموول، ئیزمیر، دیمەشق و بەغدا دەژین.

680-Martin van Bruinessen, *Agha, shaikh and state : the social and political structures of Kurdistan,* London: Zed Books, 1992, (373 p).

680-مارتن ڤان بروێنسن، ***ئاغا ، شێخ و دەوڵەت: سترەکتووری کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان***. ئەم کتێبە لە بنەواندا بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی 1978 پێشکەش بە زانکۆی Rijksuniversiteit لە هۆڵەندا[31]. ئەم کتێبە دابەشی سەر شەش فەسڵی سەرەکی کراوە. لە پێشەکی کتێبەکەدا باسی چۆنیەتی نوسین کتێبەکە و بابەتی کتێبەکە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ ئەو سەرچاوانە کردووە کە بۆ نووسینی کارەکەی سوودی لێوە بینیوون (لا:1-10). فەسڵی یەکەم: زانیاری گشتی لەبارەی کوردستان. لەم بەشەدا کە زیاتر زانیاری گشتین بۆ ناسین و چوونە ناو کرۆکی بابەتەکە نووسراوە باسی جوگرافیای کوردستان، ڕەوشی جیۆپۆلیتیکی، دانیشتوان و دابەشبوونی کورد لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باسێکی ئابووری و ڕەوشی کۆچەری دەکات لە کوردستان و هاوکات بەسەر زمان و ئایین لە کوردستان چۆتەوە و دواجاریش بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ دبتوانێ بچێتە ناو باسەکەوە لە دوایین چمکی ئەم بەشەدا باسی مێژووی بزووتنەوەی کورد دەکات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا وەکوو سەروبەندی نووسینی کارنامەکە (لا: 11-49). فەسڵی دووەم: هۆز، سەرۆکهۆز و

[31] Cf. Marteen Martinus van Bruinessen, *Agha Shaikh and state : on the social and political organization of Kurdistan,* Thesis (Ph.D.)-Rijksuniversiteit, Utrecht, 1978, (XII, 469P).

گرۆ نا–خێڵەکیەکان.  لەم فەسڵەدا نووسەر باسی دیوی ناوەی کۆمەڵگەی کوردی دەات و خوێندنەوەیەکی ئانترۆپۆلۆژی هۆز، پێکهاتەی هۆز، پێوەندی و کەوشەنی هۆز، ڕۆڵ و پێگەی هۆز و ململاێی چینایەتی لە کۆمەڵگە باسدەکات و دواتریش باسێکی گۆرانەکان دەکات (لا:50–132). فەسڵی سێیەم: هۆز و دەوڵەت, ئەم فەسڵە وەکوو تەواوکەری فەسڵی دووەم بریتییە لە خوێندنەوەیەکی دیوی دەرەوی هۆز، واتە هۆزی کورد لە پێوەندییە ئیقلیمییەکان و  پێوەندی یان بە وڵاتانەی کە کوردیان بەسەر دا دابەشکراوە و کاریگەری دەوڵەتەکان بەسەر هۆزی کورد و هاوکات باسی شوێنی هۆزی کوردیش دەکات لەم هاوکێشەیە دا(لا: 133–204). فەسڵی چوارەم:  شێخ، سۆفیگەری، پیرچاك و سیاسەتوان, لەم فەسڵەدا باسی ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگە دەکات و لەم بەستێنە باسی شوێنی پیاوە ئایینەکان، شێخ و پیاوچاکان دەکات لە کۆمەڵ, بایەخێکی تەواویشی بۆ شوێنی سۆفیگەری داناوە لە ژیانی ڕۆحی کورد و لەمڕووە بە دوورودرێژی باسی هەردوو تەریقەی قادری و نەقشبەندی و پەلوپۆ و نفووزی زۆری ئەم شێخانە دەخاتەڕوو (205–264). فەسڵی پێنجەم: ڕاپەڕینی شێخ سەعید, ئەم فەسڵە زیاتر تەرخانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی شێخ سەعید کراوە و بە درێژی لە هۆکار و شکستەکانی ئەم ڕاپەڕینە دەکۆڵێتەوە (لا: 265–305). تێبینییەکانی کۆتایی (لا: 306–317). لە بەشی پاشکۆ دا ناوی بنەماڵەی شێخەکانی کوردستان (ساداتی بەرزنجە، شێخەکانی نەهری و بارزان، شێخەکانی بیارە و تەوێڵە، شێخەکانی جەزیرە، پاولۆ و شێخە بە نفووزەکانی کوردستان) کراونەتە پاشکۆی کتێبەکە (لا: 319–340). بیبلیۆگرافیا ( 344–361).

681-Michael Gunter, « Bruinessen, Martin van. *Agha, Shaikh and State: The Social and Political Structures of Kurdistan* ». London: Zed Books, 1992. In : *The International Journal of Kurdish Studies* 6, no. 1-2 (1993), pp. 135-136.

682- Pierre Oberling, « Deh-Bokrî », In : *Encyclopaedia Iranica* (1994) vol. 7, 2, pp. 209-210.

683-Ali al-e Dawud & Pierre Oberling, «Donboli », *Encyclopaedia Iranica* (1995) vol. 7, 5 pp. 492-495.

684- H. Özoglu, « State-tribe relations : Kurdish tribalism in the 16th- and 17th- century Ottoman Empire », In : *British Journal of Middle Eastern studies* (1996) vol. 23, 1, pp. 5-27.

685- James J. Reid,. « Hakkârî clan and society : Kurdistan, 1502-1656 », In : *The Journal of Kurdish Studies* (1996-97) vol. 2. pp. 13-30.

686-Mohammad Huseyn Papoli Yazdi, « The Kurds of Khorâsân », in : *The nomadic peoples of Iran.* Richard Tapper; Jon Thompson . London : Azimuth Editions, . 2002, pp. 160-173.

687-Yalçin-Heckmann, Laleh, « Kurdish nomads of western Azarbâijân », in : *The nomadic peoples of Iran* Richard Tapper; Jon Thompson . London : Azimuth Editions, 2002, pp. 144-159.

688-Martin van Bruinessen , Kurds, states, and tribes. In: *Tribes and power : nationalism and ethnicity in the Middle East,* ed. By Faleh Abdul-Jabar and Hosham Dawod. London : Saqi. 2003, pp. 165–183.

689-Hamit Bozarslan, "Asabiyya and the Kurdish politics. A Socio-historical perspective". In F. Jaber (ed.), *Ethnicity and the State: Kurds in the Middle East*, Londres, al-Saqi, 2005.

690-Hussein Tahiri, *The Structure of Kurdish society and the struggle for a Kurdish state*, Costa Mesa (Calif.) : Mazda Publishers, 2007, (XIV-396 p.).

## 2.7: ژیانی ناومالّ، ترادسیۆن و ئیتنۆگرافیا

691-W. Ivanov, “Notes on the Ethnology of Khurasan”, in: *The Geographical Journal*, N° .LXVII, (Jnauary to June), 1926, pp. 143-158.

692-Shafiq Kazzaz, « The Kurdish Calandar ». In : *The Kurdish Journal,* Takoma Park, Maryland, March 1964, pp. 10-11.

693-Donna Shai, *Family conflict and cooperation in folksongs of Kurdish Jews, Jerusalem* : Institute of Asian and African Studies, the Hebrew University of Jerusalem, 1974, 13 leaves .

694-Leszek Dzięgiel, « Iraqi Kurdish traditional costume in it’s process of Europeanization » In : *Acta ethnographica* / Academiae Scientiarum Hungaricae. Budapest : Akadémiai Kiadó. 33, 1984–85,1–4; pp. 93–112.

695-Omar Sheikhmous, "The Kurds in exile", In: *The Kurdish culture bulletin* / Kurdish Information & Educational Project. London : Kurdish Information & Educational Project 1.1989, 2, pp. 9–29.

696-Maria T. O'Shea, "Kurdish costume: regional diversity and divergence", In: *Kurdish culture and identity* (ed. By) Philip G. Kreyenbroek and Christine Allison. London; New Jersey : Zed Books Ltd, 1996, pp. 135–155.

696-ماریا ئۆشیا،" جل و بەرگی کوردی: هەمەچەشنەیی و جیاوازییە ناوچەییەکان ". ئەم وتارەی ماریا بە تایبەت تەرخانی جل و بەرگی کوردەواری کراوە و بە پێچەوانەی ئەو ڕایەی کە لای وایە جل و بەرگی ڕۆژهەلات کەم گۆرانکاری بەسەردا دێت، نووسەر لای وایە کە جل و بەرگی کوردی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و پاشان باسی جۆرەکانی جل و بەرگی ژنانە و پیاوانە دەکات و جۆرەکانی جل و بەرگی سەرەکی پیاوان بە (سێ جۆر) و هی ژنان بە (چوار جۆر) دادەنێ. دواتر باسی جۆرەکانی ئەم جل و بەرگانە دەکات و لەناو هەموو کوردستانیش بۆ باسەکەی تەنها شاری (سنە) ی هەڵبژاردووە و بە نموونەی هێناوەتەوە. لەم دیدگایەوە نووسەر باسی جل و بەرگی پێش شۆڕشی 1979 دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم و دواتر دوای جەنگی دووەمی جیهانی گەرچی جل و بەرگی ناوچەیی قەدەغە نەبوو بەڵام هێندەش وا بەرفراوان نەبوو و ئەوە لە دەورانی دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوەیە (1979) کە زیاتر جل و بەرگی کوردی تەکانێکی گەورە بەخۆیەوە بینیووە. دواتر باسی خشل و زێر و زەبەر و بەرگدروویی و زەماوەندی کوردی دەکات.

697-Parween N. Arif, “Marriage Customs in Kurdistan: Sulemani Case Study”, In: *Kurdistan Times*, Vol.2, N° 1, (November 1997), pp. 79-89.

## 3.7: گوندیاتی، مێژووی شار و ژیانی شارنشینی

698-H. L. Rabino, *Persia : report for the trade and general condition of the city and province of Kermanshah, Diplomatic and consular reports.*. Miscellaneous series ; 590, London, H.M.S.O., 1903, (75 p).

699-H. L. Rabino, *Persia : report for the year 1902-03 on the trade of Kermanshah, Diplomatic and consular reports.* Annual series; 3043, London : H.M.S.O., 1903, (20 p).
Rabino, Hyacinth Louis, 1877-1950.

700-H. L. Rabino, *Persia : report for the year 1903-04 on the trade of Kermanshah and district, Diplomatic and consular reports.* Annual series; 3189, London: H.M.S.O., 1904, (46 p).

701-Cecil John Edmonds, « *Notes on Luristan* », Bagada, 1918, Government Press, (63 p).

702- C. J. Edmons, “Luristan : Pish-kuh and Bala Gariveh”. In : *The Geographical Journal.*, 1922, LIX, May, pp. 335-56, June, pp. 437-53.

702–س.ژ.ئیدمۆندز، "لورستان:پێشکۆ و بالاگریوە". باسێکی جوگرافی ناوچەی لوڕستان –ڕێگەوبانەکان) و دواتر باسی ئەو گەڕۆکە ئەوروپاییانە دەکاتە کە سەردانی ناوچەی لورستان یان کردووە لەوانە: بارۆنی ڕووس دو بۆد (1835).، راولسن (1836).، هۆتۆم–شیندلەر (1877–78).، ماژۆر بێل (1884).، مۆرگان (1889). بیشۆب (1890).، سێر مۆرتیممەر (1899). دوای ئەوەی لە ڕووی کتێبەکەی ڕابینۆ کونسوڵی کرماشان باسێکی گشتی هۆزەکانی لورستان و پشتکۆ و پێشکۆدەنووسێتەوە و باسی گەشتەکانی خۆیشی بۆ لوڕستان لە سالانی جەنگی یەکەمی جیهانی و بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە دەگێڕێتەوە و کۆمەڵێك وێنەی مێژوویی و نەخشەی جوگرافی لەگەڵ دایە.

703- L. E. Hopkins, « Diarbekr ». In : *Royal Engineers Journal*, London, Dec. 1930, pp. 680-683.

704- A. M. Hamilton, « The Construction of the Rowanduz Road », in *: JRCAS*, Vol XX, Part II, 1933, pp. 190-202.

705-Basile Nikitine, « Rawandiz », in : *Encyclopea of Islam* (NE), Vol III, 1936, pp. 1130-1132.

706- J. P. N. Galloway, « A Kurdish village of North-East Iraq ». In : *Geog. Journ*. 124 (1958), pp. 361-366.

706–ژ.پ.ن. گاللۆوەی، "گوندێکی کوردی لە باکووری–ڕۆژهەلاتی عێراقدا". باسی گوندی ڕۆستێ دەکات لە ناوچەی گەلالە لە 25 کیلۆمەتری شاری ڕەواندوز. هاوکات

**باسی ژیانی کۆمەڵایەتی ناوچەکە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و نەخشەیەکی ناوچەکەشی لەگەڵ دایە.**

707- Shakir Khesbak, The trend of population of Sulaimaniya Liwa : A case study of Kurdish population. *Bulletin of College of Arts*, Bagdad Univ., 1, 1959. pp. 42-64.

708- J. I. Clarke, *Kermanshah. An Iranian Provincial City*. University of Durham, Univ. Durham Dept. Geography Research - Paper Series- 10, 1969, 145

709-D. N. Mackenzie, « Hawrāmān » *EI*, Vol. III, 1971, pp. 292.

710- Leszek Dziegiel, *Rural community of contemporary Iraqi Kurdistan facing modernization*, Kraków : Agricultural Academy in Kraków, 1981, (208 p).

**710–لیژەك ژیگیل، *کۆمیونیتەی دەشتەکیی هاوچەرخیی کوردستانی عێراق بەرامبەر مۆدێرنیزەبوون*. بەرهەمی کاری یەکێك لە پسپۆرەکانی تیمی پەیمانگای کشتوکاڵی پۆلۆنیایە کە لە پاییزی 1977 و خاکەلێوەی 1978 و هاوینی 1979 و 1980 کە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە بۆ کۆمەڵێك پرۆژەی ئاودێری کە بۆ شارەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆك ئەنجام دراون. وەك هەموو لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی خاوەنەکەی ناچار بووە لە بەشی یەکەمدا بگەڕێتەوە سەرباسی مێژووی کورد و زمانی کوردی و چەردەیەك جوگرافیای ناوچەکە و بەشی دووەمی کتێبەکە کە بابەتی سەرەکی کتێبەکە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئیتنۆگرافی کە باسەکانی کشتوکاڵ، خۆراك و جل وبەرگ و پیشەوەری و بواری پەروەردەی کوردستانی**

**عێراق دەگرێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر تەرخانی ژیان و شێوەی ژیانی لادێنشینی کورد کراوە.**

711- I. M. Diakonoff, « Elam », in : *The Cambridge history of Iran,* V.2: Median & Achaemenian periods (ed). Ilya Gershevitch, Cambridge : CUP, 1985, pp. 1-24.

712-Amir Hassanpour, "Bahdinan" *Encyclopædia Iranica*, London: Routledge & Kegan Paul, Vol. III, 1988, pp. 485

713-Amir Hassanpour,"Baradust," *Encyclopædia Iranica*, London: Routledge & Kegan Paul, Vol. III, 1988, pp.739-40.

714-Amir Hassanpour "Bukan," In: *Encyclopædia Iranica*, London: Routledge & Kegan Paul, Vol. IV, 1989, pp. 11-511.

715-Amir Hassanpour "Çahriq," *Encyclopædia Iranica*, London: Routledge & Kegan Paul, Vol. IV, 1989, pp.644-45.

716-Abdollah Mardukh, Tchamtchamâl. In :Encyclopaedia Iranica (1990) vol. 4, 7, pp. 729-730.

716–**عەبدوڵڵا مەردۆخ، " چەمچەماڵ". وتارێکی زۆر چکۆڵە و باسێکی جوگرافی مێژوویی ناوچەی (چەمچەماڵ) کە بە قسەی نووسەر (چەم بە وردی واتەی "ڕووبار" و چەماڵ(جەماڵ) یش ناوی کەسە، لە سەرچاوەکان دا بەشێوەی جمجمال یش نووسراوە). بریتییە لە دەشتێکی بە پیت لە ناوچەی کرماشان لە بەشی صەحنەی**

كرماشان، هەرێمێك كە دەكەوێتە ڕۆژئاوای صەحنە لەسەر ڕێگەی كرماشان- هەمەدان. بریتییە لە 97 ئاوایی و دانیشتوانەكەی لە ساڵی 1951 بریتی بووە لە 13.7000 كەس. لە ئاواییە گرینگەكانی: بێستوون، بەدەربان و سفید چاڵ هتد.

717-Leezenberg, Michiel, « The Kurds and the city : an international conference in Sèvres, France, september 1996 », In : *The Journal of Kurdish Studies* (1996-97) vol. 2 pp. 57-62.

718-Abdullah Mardukh, « The Madrasa in Sunni Kurdistan », In *Encuclopaedia Iranica,* Vol VIII, Ed. Mazda Publisher, 1998, pp. 187-189.

718-عەبدوڵلا مەردۆخ، "پەروەردەی مەدرەسە لە كوردستان دا". باسی ژیانی پەروەردە و خوێندنی ئایینی دەكات لە مەدرەسەكانی جارانی كوردستان دا. باسێكی كورتی مەدرەسە و خوێندگە ئایینییەكان كە وا زمانی عەرەبی و تیۆلۆجی یان تێدا دەخوێند بۆ ئامادەكردن بۆ ئەوەی ببن بە مەلا و باسی قۆناغەكانی خوێندنی فەقێیایەتی دەكات.

719-Hâdi Rashid Chaweshli, *The historical heritage of Arbil,* trad. Râvand abd al-Qadir, prefac. Hoseyn Sinjari, Arbil : [S.l.], 1998, (50 p).

720-Zinar Zeynelabidin, « Medrese education in Kurdistan », In : *Islam des Kurdes,* (edts), Martin Van Bruinessen & Joyce Blau. Paris : Institut National des Langues et Civilisations Orientales, 1998, (Les Annales de l'autre Islam, 5) pp. 39-58.

721-Horatio Southgate, “Bitlis”. In: *The International Journal of Kurdish Studies* 15, nos. 1-2, 2001, pp. 41-48.

## 4.7: ژن و ژێندەری کورد

722- Lucy Mary Jane Garnett, *The Women of Turkey and their Folklore, with introductory chapters on the ethnography of Turkey and folk conceptions of nature,* by John S. Stuart-Glennie, The Christian women, London : David Nutt, 1890, (LXVIII-382 p).

**722–لووسی گارنێت، " ئافرەتانی تورکیا و فۆلکلۆریان". ئەم کتێبەی گارنێت[32] بۆ یەکەمجار ساڵی 1891 لە دوو بەرگدا بڵاوکرایەوە، بەرگی یەکەم (382) لاپەرەیە و بەرگی دووەم (546) لاپەڕەیە. ئەوەی تایبەتە بە ئافرەتی کورد لە بەرگی دووەم و لە بەشی دووەم دا فەسڵەکانی ( 1 تا 4) کە دەکەونە لا: 113–189. ئەم کتێبە زیاتر باسی ئافرەتی کورد و داب و نەریت و ژنانی کورد دەکات و دواتر کۆمەڵێك چیرۆك و هەقایەتی کوردی ڕاگوێزاوەتەوە کە لە کۆمەڵەی هەقایەتە کوردییەکانی ژابا و لێرخ وەرگیراون. شایانی باسە کە بگووترێ لووسی گارنێت سەردانی کوردستانی نەکردووە و بۆ لێکۆڵینەوەکەی زیاتر پشتی بە سەفەرنامەکانی میللنگن و ڕیچ و بادجەر بەستووە.**

---

[32] Lucy Mary Jane Garnett, d. 1934)

723-Kamiran Ali Bedir-Xan, “Kurdish Women”, in: *Iran League Quarterly*, Bombay, June 1933, Vol III, N° 4, pp. 241-245.

724-Henny Harald Hansen, *Daughters of Allah : among Moslem women in Kurdistan*. Translated from the Danish by Reginald Spink, London, Ed. Allen & Unwin, 1960, (191 p).

724– هینی هارۆلد هەنسن، *کچانی خوداوەند: گەشتێك بۆناو ئافرەتانی موسڵمان لە کوردستان دا.* ساڵی 1957 بەر لە دەستپێکردنی بەنداوی دوکان بۆ ئەوەی ئەوەی ئوێنەراو کەل وپەلە مێژوویەکانی ئەم ناوچەیە لەفەوتان رزگار بکرێ داوای لە لێژنەیەکی شوێنەوارناسیی دانیمارکی کرد کە کاری هەڵکۆڵینی ناوچەکە ئەنجام بدەن. لێژنەی شوێنەوار هاوکات ویستیان ئیتنۆگرافێکیشیان لەگەڵ دا بێت و ئافرەتیش بێت ئەوەی هەم دیراسەی ژیانی ئافرەتانی کورد بکات و هەم کەل و پەلی شوێنەوارناسی بۆ مۆزەخانەی دانیمارك کۆبکاتەوە. ئەم ژنە ئیتنۆگرافە خاتوو هینی هارۆلد هەنسن–ی نووسەرەی ئەم کتێبە بوو. ئەم کتێبە زیاتر خوێندنەوەیەکی ئینتنۆگرافی کۆمەڵگەی کوردەوارییە و بە رووێکی زۆر تایبەتیی تەرخانی ژنانی کورد کراوە. باسەکان بریتین لە باسگەلی وەك: بووك گواستنەوە، جل و بەرگی کورد، مارو دوپشك، مەراسیمی مردن، ژنانی موسڵمان و بابەتگەلی دیکە.

725-Henny Harald Hansen, *The Kurdish woman's life : field research in a Muslim society, Iraq.* København : Nationalmuseet, Coll. (Nationalmuseets skrifter. Etnografisk række, 7) , 1961, (xii, 213 p).

725– هینی هارۆلد هەنسن، *ژیانی ئافرەتی کورد: توێژینەوەیەکی مەیدانیی دەربارەی کۆمەڵگەی ئیسلامی، عێراق.* ئەم کتێبە بەرهەمی مانەوەی چوار مانگ و

نیوی نووسەرەکەیەتی لە کوردستانی عێراق کە لەگەڵ لیژنەی دانیمارکیی دوکان کە خەریکی پشکنینی گردی شمشارە بوون لە هاوینی ساڵی 1957 هاتۆتە کوردستانی عێراق بە تایبەت ڕاسپێردراوە تا لێکۆڵینەوەی مەیدانیی لەبارەی ژیانی ئافرەتی کورد بکات و ئەوەندەی دەشکرێ کەرەسە و مەتریالی ئیتنۆگرافی بۆ مۆزەخانەی دانیمارك کۆبکاتەوە. خاتوو هەنسن لەماوەی مانەوەی لە کوردستان توانیویە سەری زۆر لە گوندەکانی ناوچەی کەرکووك، سلێمانی و هەولێر بدات. کتێبەکە لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلە لەبارەی هەموو لایەنە ژیارییەکانی ئافرەتی کورد و شوێنی ئافرەتی کورد لە کۆمەلگەی کوردەواری و ئیسلام دەخاتە ڕوو و باسی ئافرەتی گوندنشین و شاریی کورد دەکات.

726-M. J. Lucy Garnett, “Kurdish women status and occupations”. In: *The women of Turkey and their folklore*, David Nutt, London, 1983, pp. 113-189.

727-Lale Yalcin-Heckmann, « Kurdish women and ethnic identity », In: «*Documentation of the International Conference on Human Rights in Kurdistan* », 14.–16. April 1989; Hochschule Bremen / publ. By the Initiative for Human Rights in Kurdistan, Bremen, FRG. Bremen: Initiative for Human Rights in Kurdistan,1989, pp. 117–121.

728-Martin van Bruinessen, “Matriarchy in Kurdistan? : women rulers in Kurdish history”, In: *The international journal of Kurdish studies* / the Kurdish Library, the Kurdish Heritage Foundation of America. – Brooklyn, NY : Library. 6.1993, 1–2 (fall), pp. 25–39.

728-مارتین ڤان بروێنسن، "دایکسالاری لە کوردستان دا: ژنە فەرمانڕەوایەکان لە مێژووی کورد دا". گەرچی کۆمەڵگەی کوردەواری بە درێژایی مێژووی زانراوی خۆی هەر کۆمەڵگەیەکی نێرسالاری بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نموونەی ژنی ئەوتۆ بەرچاودەکەون کە پایە و پلەی بەرزیان هەبووە و بوون بە ڕابەر وسەرکردەی سیاسیی. لەناو ئەو نموونانەدا نووسەر باسی عادیلەخانمی هەڵەبجە یان وەك ئەوەی ئیدمۆندز ناوی دەنێ "شاژنی بێ تاجی شارەزوور" باسدەکات چۆن کاتێك مێردەکەی لەساڵی 1909 دەمرێ دەسەڵات لە دەست نادات و کاروباری سەر بە بنەماڵەکە دەگرێتە دەست. عادیلەخانم سەر بە بنەماڵەی بەگزادەکانی ئەردەلان بووە و کاتێکیش لە سنەوە شووی کرد بۆ هەڵەبجە لەگەڵ خۆیدا وەستا و بیناسازی هێنابوو کە دوو خانووی زۆر جوانی لە هەڵەبجە دروست کرد. پاشان نووسەر باسێکی عادیلە خانم لە ڕوانگەی سۆن و ئیدمۆندز دەگێرێتەوە کە هەردووکیان لە نزیکەوە ئاشناییان لەگەڵ دا هەبووە. دواتر لە ڕوانگەی بڕێك گەڕال و گەرۆکی دیکەی ئەوروپایی دا باسی چەند ژنە سەردارێکی دیکەی کورد دەکات وەك : خانزادی میری سۆران، قەرەفاتم (فاتە ڕەش) و پەریخانی سەرۆکی هۆزی ڕامان و لەناو ئێزیدیەکانیش باسی مەیان خاتوون و لە دواین جاریشدا باسی ڕۆڵی ژن دەکات لە بزووتنەوەی نوێی نەتەوەیی کورد دا.

729- Marzio Babille, et al. Post-emergency epidemiological surveillance in Iraqi-Kurdish refugee camps in Iran. *Disasters* 18 (1), mars 1994, pp. 58-75.

730- Laleh Yalçin-Heckmann, « Gender Roles and Female Strategies among the Nomadic and Semi-Nomadic Kurdish Tribe of Turkey », in : *Women in modern Turkish society :* A reader, (ed) Sirin Tekeli, London, Ed. Zed, 1995, pp. 219-231.

731-Lale Yalçin-Heckmann, « Some notes on the religious life of Kurdish rural women », In: *Les annales de l'autre Islam,* Institut national des langues et civilisations orientales. Paris: INALCO, N° 5.1998, pp. 141–160.

732-Christine Allison, "Folklore and fantasy: the presentation of women in Kurdish oral tradition", in: *Women of a non-state nation:* the Kurds Shahrzâd Mojab . Costa Mesa, Ed.Mazda, 2001, pp. 181-194.

733- Martin Van Bruinessen, « From Adela Khanum to Leyla Zana : women as political leaders in Kurdish history », In : *Women of a non-state nation : the Kurds* Shahrzâd Mojab . Costa Mesa : Mazda, 2001, pp. 95-112.

734- Mirella Galletti, « Western images of the woman's role in Kurdish society » In : *Women of a non-state nation :* the Kurds Shahrzâd Mojab. Costa Mesa : Mazda, 2001, pp. 209-225.

735-"Kara Fatima at Constantinople."* *The International Journal of Kurdish Studies* 15, nos. 1-2 (2001), pp. 87-88.

736-Shahrzad Mojab (ed), *Women of a non-state nation: the Kurds,* Costa Mesa, Calif. : Mazda Publishers, 2001, (x, 263 p).

* Originally published in *The Illustrated London News* (April 22, 1854).

737- Shahrzad Mojab, « Women and nationalism in the Kurdish Republic of 1946 », In : *Women of a non-state nation : the Kurds* Shahrzâd Mojab. Costa Mesa : Mazda, 2001, pp. 71-91.

738-Hashem Ahmadzadeh, « The world of Kurdish women's novels », In : *Iranian studies*.- (2008) vol. 41, n° 5, pp. 719-738.

738–هاشم ئەحمەدزادە. ڕۆمانی کوردی لە ساڵی 1935 لە دایك بووە و تا کۆتایی سەدەی بیستەم بە بڕێکی چاکی چەندایەتی جێگەی خۆی لەناو ژانرەکانی ئەدەبی کوردی دا کردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو کۆتایی دەیەی سەدەی بیستەم ڕۆمانی کوردی لە لایەن پیاوانە دەنووسرا و هیچ نیشانەیەکی نووسینی ژنانەی ڕۆمانی کوردی بوونی نەبوو. لەم چەند ساڵانەی دوایی ڕۆماننووسی ئافرەتی کوردیش بەشداریان لە پەرەپێدانی ئەم ژانرە کردووە. ئەم وتارە تەنها ئەو ڕۆمانانە دەگرێتەوە کە بە قەڵەمی ژنانی کورد نوسراون و شیان دەکاتەوە و ستیل و بابەتەکانیان دیاری دەکات و هەوڵدەدا خەسڵەتە سەرەکییەکانیان بناسێنێ. باسەکە بەگوێرەی شوێنی جوگرافی دابەشکراوە. یەکەم: ڕۆماننوسەکانی مەنفا: 1–گەلاوێژ (لەسەر باڵی سیمرغ)، 2–مەهاباد قەرەداغی (کۆچ) و (ئەوین ئاوی ژیانە), 3–ڕێواس ئەحمەد (ژن و پرتەوی لێکترازان). دووەم: کوردستانی عێراق. تەنها ئەحلام مەنسور (ئەڵوەن). سێیەم: کوردستانی ئێران. 1–نەسرین جافەری (بڵند و نەوی) ، 2–زەینەب یووسفی (شادی، سەرگەردانی و کۆمەڵە چیرۆکی تەیر و ئەوین و ئەژدەها).

739-Nora Ahlberg,.*'No five fingers are alike' : what exiled Kurdish women in therapy told me*[*]. London: Karnac, 2007, 2008, (348 p).

[*] Originally pub.: Oslo : Solum Forlag, 2000.

# بەشی هەشتەم

# زمان، کولتوور و کوردناسی

## 1.8: فۆلکلۆر، ئەدەبی زارەکی و کوردناسی

740- H. Willock, «Notice of the circumstances attending the assassination of professor Schultz while visiting Kurdistan in the year 1829 ». in : *JRAS*, vol I, 1834, pp. 134-136.

741- A. Houtum-Schinder, « Southern Kurdish folksong in kermanshahi dialect ». in : *JRAS*., 1909, pp. 1123-1124.

742-E. B. Soane, "*A Southern Kurdish Folksong* in *Kermanshahi* Dialect". In: *JRAS*, (January-1909), pp. 35-51

743-Edward Noel, « The character of the Kurds as illustrated by their proverbs and popular sayings ». In: *Bulletin of the School of Oriental Studies*, [1. 1917–20] pp. 78–91.

743-ئێدوارد نۆیل، "سروشتی کورد لەژێر ڕوناکی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی میللی یان دا". بریتییە لە کۆکراوەیەکی پەندی پێشینیان و قسەی نەستەقی میللی کوردیی کە وا دیارە نووسەر لە کاتی سەردانەکەی بۆ ناوچەی هەکاری کۆیکردوونەتەوە و پەند و قسە نەستەقەکان ژمارەیان 101 ـە و نووسەر بە دیالێکتی کوردیی هەکاری و بە ترەنسکریپسیۆنی ئینگلیزی نووسیوویەتەوە و تەرجەمی ئینگلیزی کردوون و بۆ چەند سەرەباسێکی جیا جیا وەکو تێمی جیا

وەك: ژن و ژنخوازی، ئایین، سەروەت و سامان، میوانداریێتی...هتد پۆلین بەندیی کردوون. گرینگی ئەم وتارە زیاتر لە پاراستنی ئەم هەموو سامانە فۆلکۆرییەدایە کە نووسەر بۆی تۆمارکردوین.

744- W. G. Elphinston, « In memoriam : the Emir Aali Bedr Khan; the passing of a Kurdish prince ». In: *Journal of the Royal Central Asian Society.* London : Soc. 39.1952, 1 (January), pp. 91–94.

745-A. Zaborski, "Plish Pioneers of Kurdology: Chodz'ko and Zaba", in: *Kurdish Facts*, 9/10, sept-oct.1961, pp. 29-30.

746-Shafiq Kazzaz & Linda Kazzaz, « A Folk Tale », in : *The Kurdish Journal,* June 1964, pp. 4-5.

747-Mem u Zin : *Mam and Zin : Kurdish national epic / with first translation into English by Alan Ward,* Amsterdam : International Society of Kurdistan [ISK], 1968, (49 p).

748-C. J. Edmonds, "*On Gertrude Bell*" In: *Kurdish facts : monthly information service.* Amsterdam : International Society Kurdistan (ISK), 9. 1969, 11–12 (November–December), (14p).

749-D. N. Mackenzie, « Some Kurdish proverbs », In : *Iran* (1970) vol. 8, pp. 105-113.

749–د.ن. مەکەنزی، "برێك پەندی پێشینانی کوردی". بریتییە لە گوڵبژێریێ لە پەندی پێشینانی کوردی کە لە هەردوو کتێبی فەرهەنگی مەردۆخی شێخ محەمەد

مەردۆخ کوردستانی و پەندی پێشنیانی شێخ محەمەدی خاڵ وەرگیراون. پەندەکان بریتیین لە (77) پەند کە هەر هەموویان بە کوردی لاتینی و نووسراون و دواتر تەرجەمەی ئینگلیزی کراون.

750-Michael Chyet, « Is Mem a hero? : an analytical consideration of oral versions of "Mem û Zîn ", In: *Acta Kurdica : the international journal of Kurdish & Iranian studies.* London : Curzon Press, 1. 1994, pp. 155–176.

751-Mirella Galetti, « The Italian Contribution to Kurdology (13th to 20th Century) », In *Journal of Kurdish Studies*, Volume 1, 1995, pp. 97 – 112.

751–میرێلا گالیتی، "بەشداریکردنی ئیتالییەکان لە کوردناسی دا (سەدەی سێزدە تاوەکو سەدەی بیستەم)". دوای زمانی یۆنانی، لاتینی، عەرەبی و کوردی و سەرچاوە کلاسیکیەکانی فرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵکمانی کە نووسراوگەلێکی ناسراون لەسەر ئاستێکی بەرزدا. بەڵام لەگەڵ وەشدا سەرچاوە ئیتالییەکان کۆنتر و کەمتر ناسراون. سەرچاوە یەکەمینەکانی ئیتالییەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی سێزدەهەم و نۆزدەهەم کاتێك دیپلۆمات، مسیۆنێر و گەڕاڵە ئیتالییەکان بە کوردستان دا تێپەردەبون بۆ ئەوەی بچنە میزۆپۆتامیا یان ئێران تێبینی و سەرنجی خۆیان نووسیووەتەوە لەوانە نووسینەکانی دۆمینیك لانزا، مۆریزۆ گارزۆنی، گیوسپ کامپانێل و ئەلیکساندرۆ دە بیانچی.

## 2.8: بیۆگرافیا

752-Ahron Cohen, « Emir Dr. Kamuran Ali Bedir-Khan : An Outstanding Kurdish Intellectual », in : *New Outlook*, 22, May-June 1979, pp. 29-32.

753-W. Behn, « Bârzanî », in: *Encyclopaedia Iranica*. Vol. III, fascicule 8, 1989, pp. 841-841.

754-Jean Calmard, "Chodzko", In: *Encyclopædia Iranica,* Vol V, fascicle 5, 1992, pp. 502-504.

755-D. N. MacKenzie,« The Kurdish of Mullā Sa'īd Šamdīnānī » , In: *The journal of Kurdish studies* / Keith Hitchins; Joyce Blau. Louvain : Peeters.1. 1995, pp. 1–27

756-Amir Hassanpour "Edeb," *Encyclopœdia Iranica*, Vol. VIII, Fascicle 2, 1997, p. 174.

757- Ferhad Shakely, "Muhammad Ghazi: 1915-1998." In: *The International Journal of Kurdish Studies* 12, nos. 1-2 (1998), pp. 117.

758-Michael M. Gunter, *Historical dictionary of the Kurds, Historical dictionaries of people and cultures*; no. 1, Lanham, Md; Oxford : Scarecrow; 2004, (xxxviii, 275 p).

**758–میکایل.م. گونتەر، *فەرهەنگی مێژوویی کورد، فەرهەنگگەلی مێژوویی گەلان و کولتوور.* یەکێکە لەو فەرهەنگە ئینسیکلۆپیدیانەی کە یارمەتیەکی زۆر خەڵکی بێگانە دەدات تا زانیاری و سەرەداوی گشتی لەبارەی سەرجەم بەشەکانی کوردستان دەستبەکەوێ. گوتنەر پێشەکیەکی بۆ کتێبەکەی نووسیووە و لە پێشەکیەکەیدا**

باسی جوگرافیا، ئاو و هەوا، دانیشتوان و باری ئابووری کوردستان دەکات و بەمجۆرە ئەمە ناساندنێکی خێرایە بە مێژووی کوردستان و کورد هەر لە دەورانی کۆنەوە تاوەکوو ئەمرۆ (لا: بیست و پێنج–سی و هەشت). ئینجا بەشی فەرهەنگەکە دێت کە بە گوێرەی ئەلف و بێ ی ئینگلیزی ریزکراون (A-Z ) و بریتین لە ناوی کەسایەتییە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکان، ناوی شار، هۆز و کۆنفیدراسیۆنی خێڵایەتی، ڕووبار، حیزبی سیاسی، تایەفەی ئایینی و ڕێکخراوەکان (لا: 1–219). لە کۆتای کتێبەکەشدا بیبلیۆگرافیایەکی بۆ بەشێك لەوکارانە کردووە (بە تایبەتی ئەو سەرچاوانەی بە ئینگلیزی و فرەنسی ) لەسەر کورد و کوردستان نووسراون (لا211–274).

## 3.8: ئەدەبیاتی نووسراو

759- Basile Nikitine, “The Tale of Suto and Tato”, In *Bulletin of School of Orient and African Studies,* Vol I, London, 1923, pp. 69-106.

759–مێجەر سۆن و بازیل نیکیتین، " چیرۆکی سۆتۆ و تەتۆ: تێکستی کوردی و وەرگێران و پەراوێز". بە هەموو بارێکدا بێت ئەم چیرۆکە یەکێکە لەو تێکستە کوردیانەی کە لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی بە قەڵەمی مەلا سەعیدی قازی کوردستانی ( 1885 –1918)، مامۆستای زمانی کوردی بازیل نیکیتین لە ورمیٚ بۆ نیکیتین نووسراوەتەوە و وێنەیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردەواری بە ڕووە جوان و ناشرینیەکەیەوە نیشان دەدا و چیرۆکێکە بەراستی لە کوردستاندا رویداوە. ئەم چیرۆکە لە کاتێك باسی مێرخاسی کورد دەگێڕێتەوە لە هەمان کات دا ئاوێنەیەکی جوانی ئەو شەڕە براکوژییە دەگێڕێتەوە کە وا دیارە لە مێژوویەکی گەلێك زووەوە بووەتە بەشێك لە مێژووی ئێمە. ئەم چیرۆکە لە لایەن مێجەر سۆن و

**نیکیتین بە پەراوێز و پێشنووسیی تەرجەمەی ئینگلیزی کراوە و هاوکات تێکستە کوردییەکەشیان وەکوو خۆی بە ئیملای کوردی دووبارە نووسیووەتەوە.**

760-Basile Nikitine, « Kurdish Stories from my collections", In *Bulletin of School of Orient and African Studies*, Vol IV, London, 1926, pp. 120-138.

**760-بازیل نیکیتین، " چیرۆکە کوردییە کۆکراوەکانم ". بریتییە لە کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردی کە بە قەڵەمی مەلا سەعیدی قازی کوردستانی نووسراون و نیکیتین هەم چیرۆکەکانی تەرجەمەی ئینگلیزی کردوون و هەم تێکستە کوردیەکانیشی بە کوردی لەگەڵ وتارەکە بڵاوکردۆتەوە. چیرۆکەکان بریتین لە 1- حەکایەتا رەزگین ڕێگر لاوی نامەرد کالی مەرد.، 2-حەکایەتا شێخ سلێمان و زەنگۆڵ.، 3- حەکایەتا میری حەکاریان و مزگینا تەیری بهارێ. دواجار نیکیتین پەراوێزی بۆ چیرۆکەکان نووسیووە.**

761-D. N. MacKenzie,« A Kurdish creed», In : *A locust's leq, studies in honour of S. H. Taqizadeh*. London : Percy Lund Humphries, 1962, pp. 162-170.

**761-د.ن. مەکەنزی، "عەقیدەنامەیەکی کوردی". بریتییە لە تێکستی خولاصەی عەقیدەی شێخ عەبدوڵڵای نەهری. شێخ عەبدوڵلا یەکێك لە شێخە بەناوبانگەکانی نەهری بووە و وەچەی شێخ عەبدولعەزیزی شێخ عەبدوالقادری گەیلانی یە. دوای مردنی شێخ عەبدوڵڵا، سەید تەهای یەکەم ئیجازە وانە وتنەوە لە مەولانا خالید وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە نەهری. ساڵی 1911 کورەی گەورەی سەیید تەهای یەکەم، سەیید تەهای دووەم کۆپیەکی خولاصە لە لایەن مامۆستایەکی نەهری بە ناوی عومەر ئیبن جەرجیس دەنووسرێتەوە بۆ ئەحمەد ڕامزی دەنێرێ بۆ ئەستەمووڵ و**

ئەویش هەمان ساڵ لە ئەستەمووڵ بڵاوی دەکاتەوە[33]. مەکەنزی خولاصەکەی بە پیتی لاتینی نووسیووەتەوە و دواتر تەرجەمەی ئینگلیزی کردووە.

762-Kamal Fuad,« The conquest of fortress Dimdim : based on the narration of Tarikhi Alamarai and the Kurdish folklore » part I, In : *Kurdistan / published by the Kurdish Students' Society in Europe* (K.S.S.E.) Komeley Xwêndikaranî Kurd le Ewropa. London : Kurdish Students' Society in Europe, 9–10.1965 (July) : 30.

762–کەمال فوئاد، "داگیرکردنی قەڵای دمدم لەسەر بنەمای گێڕانەوەکانی تاریخی عالم ارا و فۆلکلۆری کوردی". لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا کە لە بنەواندا سەر بنەمای ناوەڕۆکی کارنامەی ماستەر نامەکەی نووسراوە کە ساڵی 1962 پێشکەش بە زانکۆی بەرلین کراوە[34]، نووسراوە. نووسەر لەم بەشەدا بۆ ئەوەی وێنەیەکی مێژوویی بەرچاو لەبارەی ناوەڕۆکی باسەکە بە خوێنەر ببەخشێ باسی شوێن و پێگەی کورد دەکات لە نێوان صەفەوییەکان و عوسمانییەکان دا و باسی ئەو کارەسات و ماڵوێرانییە دەگێڕێتەوە کە لە سۆنگەی ئەو شەڕانەوە داوێنگیری کورد بوون. "وێڕای دابەشبوونیان لە نێوان هەردوو هێز دا کەچی کورد هەرگیز سەریان بۆ دەسەڵاتی بێگانە نەوی نەکردووە و چەندین شۆڕشی خوێناوی لەم دەورانەدا بەرپابوون. یەکێك لەو جەنگە زۆرانەی کە بۆ داکۆکیکردن لە سەربەخۆیی خۆیان کراوە شەڕی قارەمانانەی کوردە لە قەڵای دمدم دا".

763-Kamal Fuad , « The conquest of fortress Dimdim : part II ; the conquest of fortress Dimdim according to the report

[33] ساڵی 1911 لە ئەستەمووڵ بە 32 لاپەڕە بڵاو دەبێتەوە.

[34] *Cf.* Kamal Fuad, *Die Eroberung der festung Dimdim auf grund der Darstellurg des Tarix-l.Alârâi under Kurdischen folklore,* Berlin, 1962, (54p).

of Iskender Munshi » , In: *Kurdistan / published by the Kurdish Students' Society in Europe (K.S.S.E.)* Komeley Xwêndikaranî Kurd le Ewropa. Liverpool : James E. James, 11–12.1967 (December), pp. 14–15.

763–کەمال فوئاد، "داگیرکردنی قەڵای دمدم لەسەر بنەمای گێڕانەوەکانی تاریخی عالم ارا و فۆلکلۆری کوردی". لە بەشی دووەمی وتارەکەیدا نووسەر لە ڕووی گێڕانەوەکانی مێژوونووسی صەفەوی ئەسکەندەر بەگی مونشی (1560–1635) بە گوێرەی کتێبی (عالم ارا) کە سێ بەرگی لەبارەی بنەماڵەی صەفەوی نووسیووە باسێکی وردی داستانەکە دەگێڕێتەوە. لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا (چاپی ساڵی 1956 ی تاران) مونشی لە (لاپەڕەکانی 791–811) باسێکی بەداوێن لەبارەی داگیرکردنی قەڵای دمدم دەگێڕێتەوە کە گێڕانەوە مێژووییەکانی بایەخێکی مێژوویی یان هەیە و بەدەر لەو گێڕانەوە فۆلکلۆرییە کوردیانەی کە هەن، ئەم گێڕانەوەی عالم ارا یەکێك لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی داگیرکردنی قەڵای دمدمە. دواتر نووسەر بەشوێن گێڕانەوەکانی مونشی و فۆلکلۆری کوردی وێنەیەکی بەسەرهاتی داستانەکە دەگێڕێتەوە کە بەداخەوە لە کۆتایی وتارەکە نووسراوە درێژەی هەیە کەچی دواتر وادیارە لەبەر هەر هۆیەك بووبێت نووسەر لە بڵاوکردنەوەی زنجیرە وتارەکەی وەستاوە.

764-Amir Hassanpour, « Dimdim », In : *Encyclopaedia Iranica.* Vol 7, Ed. Costa Mesa, CA : Mazda Publishers, 1996, pp, 404-405.

764–ئەمیری حەسەنپوور، "دمدم". باسی قەڵای دمدم دەکات کە دەکەوێتە نێوان ڕووباری باراندوز و دۆڵی قاسملوو لە نزیك گۆلی ورمێ بە چەند کیلۆمەترێك لە ڕۆژئاوای ڕێگەی ورمێ–مەهاباد و باسی ئەوە دەکات کە شا عەبباسی یەکەم (996–1038/1588–1626 ماف میرایەتی ناوچەی برادۆست و ورمێی بە

ئەمیرخانی برادۆستی بەخشیبوو، بەڵام دروستکردنی قەڵای دمدم لە ڕوانگەی سەفەوییەکان وەکوو جاڕدانی سەربەخۆیی لێکدرایەوە بۆیە لە نۆڤەمبەری 1609 تا هاوینی 1610 قەڵاکە گەمارۆدرا و دواتر داگیر و تاڵان کرا.

765-Joyce Blau, « Kurdish written literature », In: *Kurdish culture and identity* / ed. By Philip G. Kreyenbroek and Christine Allison. London; New Jersey : Zed Books Ltd. 1996, pp. 20–28.

765-جۆیس بلۆ، " ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی". نووسەر لەم وتارەیدا باسی زمانی کوردی و ئەدەبیاتی کوردی دەکات بە تایبەتی لەسەدەی بیستەم دا و بۆ ئەم مەبەستە ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی بۆ سەرە سێ قۆناغ دابەش دەکات. قۆناغی یەکەم (1920-1960)، قۆناغی دووەم (1960-1980) و قۆناغی سێیەم (1980 تا وەکوو ئەمڕۆ).

766-Hashem Ahmadzadeh, *Nation and novel : a study of Persian and Kurdish narrative discourse,* Uppsala : Uppsala Univ. Library, 2003, (330 p).

767-Christine Allison « Hashem Ahmadzadeh, Nation and Novel: À Study of Persian and Kurdish Narrative-Discourse Acta Universitatis Upsaliensis, Studia Iranica Upsaliensia 6, 2003, 330pp, bibliographie, index », In : *Études kurdes,* Paris, L'Harmattan, N° 6 – Janvier 2004, pp. 115-118.

## 4.8: ڕۆمان و چیرۆك

768-Jean Richard Bloch, *A night in Kurdistan,* Translated by Stephen Haden Guest, London : V. Gollancz, 1930, (287 p).

769-Shafiq Kazzaz & Linda Kazzaz, « A Kurdish Dress (short story) », in : The Kurdish Journal, Mount Rainier Maryland, Dec. 1963, pp. 7-9.

770-Hiner Saleem, *My father's rifle : a childhood in Kurdistan*; translated from the French by Catherine Temerson*, London : Atlantic Books, 2005, (145 p).

## 5.8: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، بیبلیۆگرافیا و ڕۆژنامەوانی

771-Cecil John Edmonds "A Kurdish newspaper: Rozh-I-Kurdistan", In: *Journal of the Royal Central Asian Society.* London : Soc. 12. 1925, 1, pp. 83–90.

772-C. J. Edmonds, "A Bibliography of Southern Kurdish, 1920-36". In "*Journal of the Royal Central Asian Society*". Vol. XXIV, 1937, pp. 487-497.

773-C.J.Edmonds, "A Bibliography of Southern Kurdish, 1937-1944". In "*Journal of the Royal Central Asian Society*" vol. XXXII, 1945, pp. 185-191.

774-Jamal Al-Haidari, "The Kurdish question in Iraq and the common struggle against imperialism for consolidation

---

* Trad.of: *Le fusil de mon père*, Ed.Seuil, Paris, 2004, (173 p).

of the Iraqi Democratic Republic”. In: *Iraqi Review*, Vol I, N°2, 1959, pp: 7-9.

775- D. N. MacKenzie, "A bibliography of Southern Kurdish, 1945-55," *JRCAS*, Vol. 44, pt. 1, 1957, pp. 31-37.

776-Nafie Yunis, « Anniversary of Kurdish Paper », in : *Iraqi Review*, Volume 1, No. 29 (April 30th 1960), p:13-14

777-Hubert Evans, "New Soviet Books", in: *Middle eastern Studies* , Vol 4/n°2 (January 1968), pp. 173-178.

**777–هربێرت ئیڤانس، " کتێبگەلی نوێی سۆڤیەتیی". لەم وتارە کورتەدا ئیڤانس باسی دوو بەرهەمی بەهاداری ڕووسی کە یەکەمیان هەڵبژاردەیەکی بەڵگەنامەییە لەباری قەتڵوعامی ئەرمەنەکان (قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان لە ئیمپراتۆریای عوسمانی دا)، 1966، یەریڤان، 560 لاپەڕە. ئەم بەرهەمە زۆربەی دەکۆمێنتەکانی ئەرمەنی، تورکی، ڕووسی، ئینگلیزی، فرەنسی و ئەڵمانی) بەخۆوە گرتووە و دابەشی سەر دوو بەش کراوە: بەشی یەکەم لە دەورانی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە بۆ ڕژێمی ئیتتیحاد و تەرەققیی کە (89) بەڵگەنامەی بەخۆوە گرتووە و هی دەورانی 1876–1908–ن و هەرچی بەشی دوەمە بریتییە لە (156) بەڵگەنامە کە هەموویان هی ساڵەکانی 1909تا 1918–ن. کتێبی دووەم کە نووسەر باسی دەکات و بە گرینگییەوە باسی دەکات بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای کەمال مەزهەر ئەحمەد : بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عێراق 1918–1932، باکۆ، 1967 (لا:176–178).**

778- ISK's Kurdish bibliography. Edited by Silvio van Rooy and Kees Tamboer, Amsterdam : International Society Kurdistan, 1968, 2 v (Vol 1, 1-329 p) (Vol II, 330-658 p).

779-Elizabeth E. Lytle, A *bibliography of the Kurds, Kurdistan, and the Kurdish question*, Monticello, Ill. : Council of Planning Librarians, 1977, (16 p).

780-Wolfgang Behn, *The Kurds in Iran: A selected and annotated bibliography*, London : Mansell München : Verlag Dokumentation, 1977, (78 p).

**780–ۆلفگانگ بێهن، *کوردی ئێران: بیبلیۆگرافیایەکی تەوسیفی هەڵبژاردە*. بریتییە لە بیبلیۆگرافیایەکی تایبەت بەو کتێب و وتارانەی کە بە زمانە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان دەربارەی کوردەکانی ئێران نووسراون. بیبلیۆگرافیایەکە لەسەر شێوەی تێما (بابەت) نووسراوە وەکوو: ڕۆژنامەگەری، کتێبی گشتی، ئەدەبیات، زمانەوانی، مێژوو هتد. دواجار بە گوێرەی زمانی نووسینی کتێب و وتارەکان پێرەستی کتێبەکان بە پیتی عەرەبی، لاتینی و ڕووسی نووسراونەتەوە.**

781-Hussain Sinjari, Kurds and Kurdistan : a bibliography : in Inglish [Sic], Frensh [Sic], German and Arabic, Kurdologia publications ; no.4, London : Kurdologia, 1987, (162 p).

782-Kamal Fuad; Ferhad Ibrahim; Najat Mahwi (eds.), *Yearbook of the Kurdish Academy* 1990, Ratingen : The Kurdish Academy, 1990, (156p).

783-Amir Hassanpour, “The creation of Kurdish media culture”, In: *Kurdish culture and identity* / ed. By Philip G.

Kreyenbroek and Christine Allison. London; New Jersey : Zed Books Ltd. 1996, pp. 48–84

784-Lokman I. Meho, *The Kurds and Kurdistan : a selective and annotated bibliography.* Westport, Conn. : Greenwood Press, 1997, (xv, 356 p).

785-Lokman I. Meho & L. Kelly, *Kurdish culture and society : an annotated bibliography,* Westport, Conn. [u.a.]: Greenwood Press, 2001, (xv, 365 p).

786-M. Malmîsanj, *The Past and the present Of Book Publishing in Kurdistan language in Turkey ans Syria,* Ed. Vate, Istanbul, 2007, (167 p).

786–م.مالمیسانژ، ***دوێنێ و ئێستەی چاپی کتێب بە زمانی کوردی لە تورکیا و سوریا دا.*** بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لەبارەی ڕەوشی چاپکردنی کتێبی کوردی لە هەریەکە لە تورکیا و لە سوریا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاوەکو ساڵی 2005–2006 و هاوکات کتێبەکە باسی نووسەر، چاپخانە و دەزگایەکانی چاپەمەنی دەکات لە هەردوو وڵات دا. کتێبەکە دابەشی سەر (2) بەش کراوە. بەشی یەکەم تایبەتە بە رەوشی کتێب و چاپکردنی کتێب لە تورکیا و بەگوێرەی زانیارییەکانی ناو ئەم کتێبە لە ساڵی 1923 تاوەکوو 2005 لە هەموو تورکیا تەنها (628) کتێبە بە زمانی کوردی چاپکراوە و لە سوریا و لوبنان لە ساڵی 1925 تاوەکو 2006 تەنها (220) کتێب چاپکراوە.

**6.8: هونەر و مۆسیقا**

787-Ayako Tatsumora, "Music and Culture of the Kurds". In: *Senri Ethnological Studies*, n° 5, Tokyo, 1980, pp. 73-93.

787–ئاياكۆ تاتسومۆرا، " مۆسيقا و كولتورى كوردى". سالّى 1975 دووەمين گروپى لێكۆڵينەوەى زانستى مۆزيقاى نەتەوەيى لە ئێران و توركيا كە گروپێكى ژاپۆنى ئەنجاميان دەدا لە ئازەربايجانى ئێران دەستيان بە لێكۆڵينەوەى مۆسيقاى كوردى كرد. ئەم لێكۆڵينەوەيەى ئێرە بەشێكى كارى ئەو گرووپەيە كە تەرخانكراوە بۆ مۆسيقاى نەتەوەيى كورد و باسى ئاوازى لاديى شيكردنەوەيەكى موسيقاى ڕەسەنى كوردييە بە كۆمەڵێك ميلۆدى و نۆتەى مۆسيقييەوە.

788-Siyamend Othman, "The Güney File", in: *Armenian Review*, Autumn 1984, Vol 37, N° 3-147, pp. 45-59.

788– سيامەند عوسمان، "فايلى گۆناى". بريتييە لە دۆسيەكى تايبەت دەربارەى يەلماز گۆنەى و لە چوار بەش پێهاتووە. بەشى يەكەم: چاوپێكەوتنێكە لە ئۆكتۆبەرى 1983 لە پاريس لەگەلى سازداوە (لا: 45–49). بەشى دووەم: تێبينى لەسەر ژياننامەى گۆناى كە بريتييە لە كرۆنۆلۆژييايەكى ژياننامەى يەلماز گۆنەى (لا: 50–52)، بەشى سێيەم: فيليمسازييەكانى يەلماز گۆنەى كە بريتييە لە سەرجەمى ئەو فيلمانەى كە تاوەكوو سالّى 1983 بەوهەمى هێناون (لا: 53–56) و دوايين بەش: بريتييە لەو كتێبانەى كە لە بارەى گۆنەى بلاّوكراونەتەوە (لا: 57).

7.8: فەرهەنگ ، ڕێزمان و زمانناسى

789-Bela B. Edwards, D.D, « Note on the Kurdistan Langue ». In: *JAOS*. II, 1851, pp. 120-123.

790- C.J. Edmonds, "Prepositions and personnel affixes in Southern kurdish", In: *BSOAS*, XVII/3, 1855, pp. 490-502.

791-Rev. David Tappan Stoddard*, *A grammar of the modern Syriac language, as spoken in Oroomiah, Persia, and in Koordistan*, London : Published for the American Oriental Society by Trübner & Co., 1855, (180 p).

792-Arthur John Maclean, *A dictionary of the dialects of vernacular Syriac, as spoken by the Eastern Syrians of Kurdistan, northwest Persia, and the plain of Mosul : with illustrations from the dialects of the Jews of Zakhu and Azerbaijan, and of the western Syrians of Turabdin and Malula. Oxford:* Clarendon, 1901, (XXII, 334 p).

793- E.B. Soane, "Notes on a Kurdish dialect, The Shadi branch of Kermandji, In *J.R.A.S*, pt. IV, 1909, pp. 895-921.

794-E.B. Soane, "Notes on a Kurdish dialect, Sulaimania (Southern Turkish Kurdistan)", In: *J.R.A.S*, II, pt. IV, Oct, 1912, pp. 891-940.

795- E.B. Soane, *Grammar of the Kurmandji or Kurdish language*, London, Luzac & Co. 1913, (289 p).

**795–ئی.بی. سۆن، *ڕیزمانی کورمانجی یان زمانی کوردی*. ئەمکارەی سۆن یەکێکە لە کارە بەراییەکانی ڕێزمانی کوردی و لەسەر بنەوانێکی زمانەوانی هەڵچنراوە.**

---

* Stoddard, David Tappan, 1818-1857

سۆن ساڵی 1913 ئاخێوەرانی زمانی کوردی بە پێنج ملیۆن کەس دادەنێ. ئەمکارە دابەشی سەر دوو بەشی سەرەکی کراوە. بەشی یەکەم: باسێکی زمانەوانییە و لەبارەی پرسەکانی ئەلف و بێ، ناو، زایەند، ژمارە، جێناو و جۆرەکانی، ئاوەڵناو، کردار و ئاوەڵکردار و گەردانکردن (لا: 1–94). هەرچی بەشی دووەمە (لا: 95–170) بریتیە لە بەکارهێنانی زاراوەیی و دەربڕین کە بریتییە لە چەند تێکستێکی پەخشانی کوردی بە ترەنسکریپسیۆنی ئینگلیزی و وەرگێراوە ئینگلیزیەکەشی لە گەڵ دایە. دواتر شیعری کوردی بە وەرگێرانی ئینگلیزی و ترەنسکریپسیۆنی ئینگلیزی و دواتر لە لاپەرەکانی 134 تا 158 چەند چیرۆکێکی کۆکراوەی ئەلکساندەر ژابای بە ترەنسکریپسیۆنی ئینگلیزی و وەرگێراوە ئینگلیزییەکەشەوە بڵاوکردۆتەوە. لە لاپەرەکانی 170 تا 289 فەرهەنگۆکێکی ئینگلیزی –کورمانجی و هاوکات بەراوردی دیالێکتەکانی گروپی سەروو و گروپی خواررووش دیاری دەکات.

796- L.O Fossum, *A practical Kurdish grammar, with english phonetic pronunciation exercises for translation into kurdish, short stories illustrating Kurdish composition and syntax and vocabulary*. Ed. Minneapolis : Inter-Synodical Evangelical Lutheran Orient-Mission Society, 1919, (279 p)

797- E.B Soane, *Elemontary Kurmanji grammer (Sulaimania district)*, Bagdad, 1919, (197 p).

798-Agha Petros Ellow, *Assyrian, Kurdish & Yizidis* : *indexed grammar and vocabulary, with a few grammatical notes*. Baghdad: Printed at Government Press, 1920, (87, iv p).

798–ئاغا پەترۆس ئیللۆ، *ئاسووری، کوردی و ئێزیدی، ئیندێکسی ڕێزمان و فۆکابیولێر لەگەڵ چەند تێبینییەکی زمانەوانی*. ساڵی 1920 لە چاپخانەی حکومەت لە بەغدا ساڵی 1920 چاپکراوە. سەرەتا نووسەر پێشەکیەکی کورتی بۆ نامیلکەکە نووسیووە (لا: 1–4). پاشان باسێکی ڕێزمانی ئاسووری، کوردی و ئێزیدی باسدەکات. ڕاستیەکەی ئەمە زیاتر فەرهەنگۆکێکە و تەنها سەرەباسەکانی ناونیشانیان بۆ دانراوە. نووسەر وشەکانی سەرەتا بە ئینگلیزی نووسیوە و دواتر بە کوردی یان ئێزیدی و لە بەرامبەریشدا بە ئاسووری نووسیوە. باسەکان بەش بەش کراون بۆ نموونە وەکوو ژمارەی بنچینەیی، ژمارەی ئاسایی، مانگەکان، ڕۆژەکان، وەرزەکان و هتد (لا: 5–78). دواتر چەند ڕستەیەکی پێویست بە ئینگلیزی و بەرامبەرەکەی بە کوردی یان ئێزیدی و بە ئاسووری نووسیوەتەوە (لا: 79–87) و هەموو وشە کورد، ئێزیدی و ئاسووریەکان بە ئەلف و بێی لاتینی(ئینگلیزی) نوسراونەتەوە

799- Captain R.F Jardine, *Bahdinan Kurmanji: a grammar of the Kurmanji of the Kurds of Mosul Division and surrounding districts of Kurdistan*[35], Baghdad : Printed by the government press, 1922, (VII+114 p).

799– کاپتان ر.ف. جاردان، *کورمانجی بەهدینان: ڕێزمانێکی کورمانجی کوردەکانی ویلایەتی موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری هەرێمەکانی کورستان*. نووسەری کتێبەکە یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بریتانی بووە لە دهۆك و کتێبەکەی ڕێزمانێکی زۆر ساکارە. کتێبەکە دابەشی سەر دوو بەش کراوە, بەشی یەکەم باسی ناو و ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، ئەمرازی بەستنەوە، کرداری بوون و جۆرەکانی دیکەی کردار دەکات ( لا:1 تا 39). هەرچی بەشی دووەمە تەرخانی سینتاکسازی کراوە (لا: 40 تا 44). دواتر کتێبەکە چەند پاشکۆیەکی لەگەڵە وەك باسی جێناو، ستیلی

[35] Reviewed by: E.B. Soane in: *JRAC*, (July-1923), pp: 471-472.

کورمانجی و چەند نمونەی کورمانجی هێناوەتەوە کە تاوەکو لاپەڕەی 64 ی کتێبەکەی گرتووە. دواجار فەرهەنگۆکێکی تا ڕادەیەك بەرفراوانی ئینگلیزی- کوردی تێدایە(لا: 65 تا 114) کە نزیکەی 5000 وشەی تێدایە.

800- E. B. Soane, *Notes on the phonology of Southern Kurmandji,* In J.R.A.S, April, pt. II, 1922, pp. 191-226.

801-G. R. Driver, «The Name Kurd and its Philological Connections, In : *The Journal of the Royal Asiatic Society,* July 1923, pp. 394-403.

801-گودفری ڕۆللیس درایڤەر،"وشەی کورد و پێوەندییە فیلۆلۆژییەکانی". لەم وتارەیدا درایڤەر باسی بنەچەك و ناونانە کۆنەکانی کورد (کاردۆخی، کۆردۆخ، گۆردوی هتد) دەکات بەگوێرەی تۆمارە مێژووییەکان و باسی ئەو ناونانە دەکات کە لە سەدەکانی یەکەمی پێش زایین تا سەدەی پێنجەمی زایینی کەوا چۆن بە درێژایی ئەم ماوە مێژووە چۆن وشەی (کوردۆنی) گۆڕانی بەسەداهاتووە. ئەم وتارەدا شیکردنەوەیەکی ورد و قسە کردنە لەسەر ئەم ناونانە مێژوویانە.

802- W. Ivanow, "Notes on the Khorassani Kurdish". In *Journal and Proceedings of the Asiatie Society of Bengal,* vol. XXIII, 1927, pp.167-236.

803- C. J. Edmonds, Suggestions for the Use of Latin Character in the Writing of Kurdish, In *Journal of the Rpyal Asiatic society*, 1931, pp. 27-46.

803-س.ژ.ئیدمۆندز، " چەند پێشنیارێك بۆ بەکارهێنانی پیتی لاتینی بۆ نووسینی کوردی". داوا و پێشنیارگەلێکی کۆلۆنیالیستانەن و لەسەر دەمانێك نووسراون کە

نووسینی کوردی هیچ ڕیفۆرمێکی ئاوا بەرچاوی تێدا نەکرابوو، بۆیە ڕایەکانی ناو ئەم وتارە بۆ سەردەمی ئێستەمان هەموو گرینگی و بایەخی خۆی لە دەستداوە.

804-C. J. Edmonds, “Some developements in the use of latin character for the wirting of Kurdish”, In: *The journal of the Royal Asiatic Society,* London, 1933, pp. 629-650.

804-س.ژ.ئیدمۆندز، "چەند پەرەسەندنێك لە بەكارهێنانی پیتی لاتینی بۆ نووسینی كوردیی".ئەم وتارە ساڵێك و نیو دوای بە دوای پێشنیارەكانی وتاری یەكەمی نووسراوە كە ئەمجارەیان باسی ئەو ئالوگۆڕانە دەكات كە لە سیستمی پێنیاركراوی وتارەكەی پێشویدا هاتبوو. وەك جیاوازی لە نێوان ( d) و ( dh) یا (t ) و (th)، یان پەسندكردنی (x ) لە جیاتی (kh) و كۆمەڵێك پێشنیاری دیكە بۆ نووسینی كوردی كە بە تایبەتی بۆ نووسینی بزوێنەكان وەك بۆ نموونە (u ) ی درێژ ئێستە وەك ( uw ) دەنووسرێ و لە بریتی (uu ) دەنوسرێ و بە دوای بزوێن دەبێت بە (wu) بنووسرێ. دواجار دوو تێكستی كورتیلە چیرۆكی كوردی بە پیتی لاتینی نووسیوەتەوە.

805-V. Minorsky, « Remarks on the romanized kurdish alphabet », In : *Journal of the Royal Asiatic Society,* july 1933, pp. 643-6.

805- ڤ. مینۆرسكی، " چەند بۆچوون دەربارەی بە لاتینیكردنی ئەلف و بێی كوردیی ". بە شوێن بڵاوكردنەوەی وتارەكەی س. ژ. ئیدمۆندز (بە كەڵك وەرگرتن لە پیتی لاتینی بۆ نووسینی كوردی)". ئەم وتارەی مینۆرسكی بریتییە لە بەدواداچوون و پشتگیریكردنی داوایەكەی ئیدمۆندز بۆ نووسینی كوردی بە پیتی لاتینی. بەڵگە و بیانوێك كە مینۆرسكی لەم وتارەیدا دەیهێنێتەوە ڕەنگە بۆ كاتی ئێستە هیچ نرخێكی زمانەوانیی و زماناسی یان پێوە نەبێت.

806- D. N. Mackenzie," Gender in Kurdish", In *BSOAS*, 16, 1954, pp. 529-541.

807-David Neil MacKenzie "The Language of the Medians", In: *BSOAS* 22, 1959, pp. 354-355.

**807-د.ن.مەکەنزی، "زمانی میدییەکان". ئەم وتارە لەسەر چەند ڕستەیەکی کوردی بیناکراوە کە شانیزەر لە وتارێکی خۆیدا باسی ئەلف و بێیەکی تازە دەکات بە گوێرەی دەسنووسێکی کۆنی ئەرمەنی تازە دۆزراوە کە -کە بە گوێرەی شانزەر- مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی پانزەهەم و ڕەنگە لە نێوان ساڵەکانی 1430 تا 1446 نووسرا بێت. لەم دەسنووسە تەنها تاقە دێرێکی کوردی تێدایە کە بە زمانی میدی (کوردی) نووسراوە. نووسەر شیکردنەوەیەکی ئەم دێرەی بە زمانی میدی کردووە و بە هیچ شێوەیەك دژی ئەوە نەبووە کە زمانی میدی بە کوردی دابنێ.**

808- D.N. Mackenzie, "Bâjalânî" In: *BSOAS*, vol XVIII, part 3, 1956, pp. 418- 435.

**808-د.ن. مەکەنزی، "باجەلانی". باسێکی زمانەوانییە دەربارەی زاری باجەلانی کە نووسەر ساڵی 1955 سەردانی ناوچەکەی کردووە و لە نزیکەوە لەگەڵ باجەلانەکان دواوە, لە وتارەکەیدا نووسەر چەند سەرەقەڵەمێکی کورت لەبارەی پێکهاتەی ئیتنی و زنانەوانی و ئایینی ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی مووسڵ بەدەستەوە دەدات و دواتر باسێکی زمانەوانی زارەکە دەکات و باسی (ناو، کار، جۆرەکانی فرمان و گەرادنکردنیان و ژمارەکان بەدەستەوە دەدات) و دواجاریش بڕێك وشەگەلی زاری باجەلانی بە تەرجەمەی ئینگلیزییەوە بەدەستەوە دەدات.**

809-Ernest Mccarus, *A Kurdish grammar, descriptive analysis of the Kurdish of Sulaimanya*, Iraq, American Counncil of Learned Societies. Nex york, 1958, (138 p).

809-ئێرنست مەکاریۆس، ڕێزمانی کوردی، شیکردنەوەیەکی وەسفیی زمانی کوردی سلێمانی، عێراق. یەکێکە لەو کارە زمانەوانیانەی کە تەرخانی دیالێکتی سلێمانی کراوە. باسەکە دابەش کراوەتە سەر ( 5 ) فەسڵی جیاواز. فەسڵی یەکەم: پێشەکیەکی گشتی لەبارەی زمانی کوردی و ئەو سەرچاوە و باسانەی کە بە زمانە ڕۆژئاواییی و ڕۆژهەڵاتییەکان لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراون (لا: 1-12). فەسڵی دووەم: فۆنۆلۆجی. باسێکی زمانەوانی دووروودرێژە لەبارەی بەشەکانی فۆنۆلۆجی زمانی کوردی (لا: 13-44). فەسڵی سێیەم: مۆرفۆلۆجی. باسێکی تایبەتە لەبارەی مۆرفۆلۆجیا، مۆرفیم، گەردانکردنی کردارەکان (لا: 45-81). فەسڵی چوارەم: وشەڕۆنان (لا: 83-91). فەسڵی پێنجەم: سینتاکس (لا: 92-106). دواجاریش لە بەشی پاشکۆیەکان دوو حەکایەتی چکۆڵەی کوردی بە ئەلف و بێی کوردی نووسیوەتەوە و لەبەرامبەریش دا ترەنسکریپسیۆنی کوردییەکە بە لاتینی و دواجاریش هەردوو حەکایەتەکەی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی ئینگلیزی (لا: 107-117). بیلیۆگرافیا (لا: 119-124). فەهەنگۆك کە بریتییە لە فەرهەنگۆکێکی چکۆڵەی کوردی (بە ئەلفو بێی لاتینی)-ئینگلیزی (لا: 127-138).

810-David Neil MacKenzie, "A Kurdish Grammar: Descriptive Analysis of the Kurdish of Sulaimaniya, Iraq by Ernest N. McCarus", In: *Bulletin of the School of Oriental and African Studies*, University of London, Vol. 22, No. 1/3 (1959), pp. 591-592.

811-Ismet Cheriff Vanly (Vanley),"The Question of the unification of the written Kurdish language: Kurmanji or Sorani?," Kurdistan (*KSSE*), Nov. 1959, pp. 5-10.

811-عیصمەت شەریف وانلی، "مەسەلەی یەکخستنی زمانی نووسینی کوردی: کورمانجی یان سۆرانی؟". باسی مەسەلەی یەکخستنی زمانی نووسینی کوردی دەکات هەموو باسەکە لە دوو تەوەر دەخولێتەوە ئایا زمانی کوردی بە کام ئەلفوبێ بنووسین؟ ئایا کام دیالێکت کوردی (سۆرانی) یان کوردی (کورمانجی) هەڵبژێرین؟ هەر زوو نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ژمارەی تێکڕای دانیشتوانی کورد لەسەر خاکی کوردستان 12500000 کەسە و جگە لەوەش 500000 لە خوراسان دا دەژین، لەم ژمارەیە 8000000 ملیۆن کەسی واتە 62% گەلی کورد بە کورمانجی قسەدەکەن. لەوەی کە دەشمینێتەوە نزیکەی 1500000 کەسیان بریتین لە لوڕ و بەختیاری ئەوی دیکە 3500000 کە بە سۆرانی قسە دەکەن و جگە لەوە کە لە کوردستانی ئێران (ئەردەڵان و موکری) بە سۆرانی قسە ناکەن. دواتر باسی ئەوە دەکات کە لە ڕووی پراتیکەوە مەحاڵە کورمانجی بە پیتی عەرەبی بنووسرێ چونکە کوردەکانی تورکیا تەنها لاتینی دەزانن. جگە لەوە نووسەر داوا دەکات کە سۆرانیش بە ئەلف و بێی لاتینی بنووسرێ کە ئەمە بە گەرمی داوای کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیش بووە لە ئەورووپا.

812- Ernest McCarus "Kurdish language studies," *MEJ*, 1960, Vol. 14, No. 3, pp. 325-335; 1961, Vol. 15, No. 1, pp. 123-25.

813-D. N MacKenzie, *Kurdish dialect studies*, London oriental series; v.9,10, London, New York : Oxford University Press , 1961, Vol : I, ( (248 p); Vol II, London

oriental series; 10, London : Oxford University Press, 1962, (378 p).

813–د.ن.مەکەنزی، *لێکۆڵینەوەی دیالێکتی کوردی*. نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا پێزانینی خۆی بۆ ئیدمۆندز دەردەبڕێ کە ساڵی 1951 لە ڕێگەی ئەوەوە هاتۆتە ناو جیهانی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی. ئەم کتێبە کە دوو بەرگە لەسەر بنەمای کارنامەی دکتۆراکەی نووسەر ئامادەکراوە کە ساڵی 1957 پێشکەش بە زانکۆی لەندەنی کردووە. ئەم کتێبە هەردوو بەرگی تەرخانی ئاخێوەرانی دیالێکتەکانی کوردستانی خواروو (کوردستانی عێراق) کراوە. نووسەر لە بەرگی یەکەمی کارەکەیدا دیالێکتەکانی بواری لێکۆڵینەوەکەی دابەشی سەر دوو گرووپی سەرەکی کردووە. گرووپی یەکەم: سلێمانی(دەرماوە، بنگرد، پژدەر، موکری، ئەربیل، ڕواندوز و خۆشناو). گرووپی دووەم: سوورچی ( ئاکرێ، ئامێدی، بەرواری ژووروو، گولی، زاخۆ (شێخان) .پاشان بەرگی یەکەمی دابەشی سەر چوار بەش کردووە: بەشی یەکەم (دیالێکتی گرووپی یەکەم): دیالێکتی سلێمانی لا: 18–49. لەم بەشەدا باسی سیستمی فۆنەتیکی، بزوێن و دەنگسازی کراوە. بەشی دووەم: سلێمانی، دەرمامام، بنگرد، لا: 50 تا 149 کە ئەمە باسێکی وردی ئەم بن دیالێکتانەیە. بەشی سێیەم: دیالێکتی سوورچی: ئاکرێ، ئامێدی، بەرواری ژووروو، گوللی، زاخۆ و شێخان، لا: 150 تا 219. بەشی چوارەم گرووپی دیالێکتەکان باس دەکات لا: 220–225 و دواتر پاشکۆ و لیستی کردارەکان لا: 226 تا 240 کە هەردوو گرووپی بەخۆوە گرتووە. بەرگی دووەمی ئەم کتێبە نموونەی تێکستی کوردی دیالێکتەکانە بە لاتینی و وەرگێرانە ئینگلیزییەکەشی لەگەڵە. شایانی باسە ئەوە بگوترێ کە ئەم کارەی مەکەنزی کە ڕێزمانێکی پێوانەیی نییە و نووسەر زیاتر پشتی بە تێکستی چاپکراو بەستووە و زیاتر خوێندنەوەیەکی فیلۆلۆگی یە تا زمانەوانی.

814-Review of "D.N. MacKenzie, Kurdish Dialect Studies, Vols. I and II, 1961-62," in *Journal of the American Oriental Society*, Vol. 84, No. 3, pp. 305-310.

815-D. N. Mackenzie, « Pseudoprotokurtica », in : *BSOAS*, Vol XXVI, 1963, part 1, pp. 170-173.

816-Shafiq Kazzaz, « The Kurdish Alphabet », in : *The Kurdish Journal*, Takoma Park, Maryland, March 1965, pp. 9-13.

817-D. N. MacKenzie, *The dialect of Awroman (Hawraman-i Luhon) : grammatical sketch, texts and vocabulary*. Historisk-filosofiske skrifterKongelige Danske Videnskabernes Selskab bd.4, nr.3, København : Ejnar Munksgaard, 1966, ( 140 p).

817–د.ن.مەکەنزی، *زاری هەورامان (هەورامانی لهۆن). سکێچی زمانەوانی، تێکست و وشەنامە*. سێ ئەوروپی بە ناوچەی هەورامان دا سولڕاونەتەوە و تێبنییان لەبارەی دیالێکتی ناوچەکە نووسیووە. یەکەمیان ژ.دو مۆرگان لە ساڵی 1904 و دووەمیان ئاگ مێیر بیندێکستن و سێیەمیان ئۆسکارمان. دواتر نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ساڵی 1957 لە لەندەن سەرچاوەیەکی چاکی وەگیرکەوتووە و ناسیاوی لەگەڵ گەنجێکی هەورامان پەیداکردووە بە ناوی تەحسین کوڕی محەمەد ئەمین کە خەڵکی ناوچەی لهۆن بووە و وادیارە مەکەنزی سوودێکی چاکی لەو کورد وەگرتووە بۆ نووسینەوەی کتێبەکەی. دواتر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەنوسێ کە " *هەورامی دیالێکتێکی گۆرانی یە و وەك بەدیاردەکەوێ لەوانەیە زۆر کەوناراتر و باشترین پارێزراوی گروپەکە بێت* ". شایانی گوتنە کە ئەم کتێبە تەنها تەرخانی دیالێکتی هەورامانی لهۆن کراوە و بە تایبەتیش ناوچەی ناوسودە. دواتر نووسەر

کتێبەکەی بەمشێوەیە دابەشکردووە. بەشە ڕێزمانییەکەی بریتییە لە چەند باسێکی: فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی و سینتاکس (لا: 7–59). دواتر بەشی دووەمی کتێبەکە زیاتر باسێکی فیلۆلۆژییە و بریتییە لە کۆمەڵێك تێکستی هەورامانی کە هەموویان بە پیتی لاتینی و تەرجەمەی ئینگلیزی نووسراونەتەوە (لا: 60–85) و دوایین بەشی کتێبەکەش بریتییە لە وشەنامە (ڤۆکابیولێر) بە هەورامی و ئینگلیزی (لا: 86–140).

818-Taufiq Wahby,"The Origins of the Kurds and their language", in: " *Kurdistan" (KSSE),* No. IX and X, July 1965, pp. 23-28, (Tiré a part Oxford: Clarendon Pr, 1966, (16 p).

818–تۆفیق وەهبی، "بنچینەی کورد و زمانی کوردی". بریتییە لە دەقی ئەو موحازەرەیەی کە تۆفیق وەهبی بەگ (1890–1984) لە ڕۆژی 22 ی دیسامبەری 1964 لە لەندەن لە کۆڕێکی کوردناسی لەسەر بنچینەی کورد و زمانی کوردی پێشکەشی کردووە و زۆر بە توندی دژی ئەو ڕایانەی مەکەنزی دەوستێتەوە کە لای وایە (کورد و مادەکان) هیچ پێوەندیەکیان بەیەکەوە نییە و ڕەخنە لە مەکەنزی دەگرێ و بەرپەرچی ڕایەکانی دەداتەوە بەوەی کە مەکەنزی "لای وایە کوردەکانی ئەمرۆ بە هیچ شێوەیەك وەچەی ماددەکان نین".

819-Taufiq Wahby & C. J. Edmonds, A Kurdish-English dictionary, Oxford : Clarendon Press, 1966, (X, 179 p).

820-Jamal Jalal Abdulla & Ernest N. McCarus, *Kurdish basic course : dialect of Sulaimania, Iraq,* Ann Arbor : University of Michigan Press, 1967, (vii, 482 p).

820-جەمال جەلال عەبدوڵڵا و ئێرنست مەکاریۆس. ئەم کتێبە بریتییە لە کتێبی وانەیی بناغەیی بۆ فێربوونی زمانی کوردی بۆ خەڵکانی ئینگلیز زمان و کتێبەکە دابەشی سەر سێ بەشی سەرەکی کراوە. بەشی یەکەم: گۆکردن (لا: 1-28)، بەشی دووەم: ئاخاوتنی کوردیی (لا: 29-418) و بەشی سێیەم: نووسینی کوردی (لا: 29-478). سەرجەمی ئەم بەشانە بۆ (17) وانەی زمانەوانی دابەشکراون و هەر بەشێکیش لایەنێکی تایبەتی زمانی کوردی ڕووندەکاتەوە. ئیندێکس (لا: 479-482).

821-Ernest N. McCarus, *Kurdish-English dictionary : dialect of Sulaimania, Iraq*. Ann Arbor : University of Michigan Press, 1967, (x, 194 p).

821- ئێرنست مەکاریۆس. برتییە لە فەرهەنگۆکێکی کوردیی (دیالێکتی سلێمانی)-ئینگلیزی. سەرەتا وشەکان بە ئەلف و بێ کوردی نووسراون و دواتر ترەنسکریپسیۆنی کوردی (لاتینی) و دواتریش هاوتاکەیان بە ئینگلیزی نووسراوەتەوە.

822-Jamal Jalal Abdullah, *Kurdish Readers I : Newspaper Kurdish*. Ann Arbor : The University of Michigan Press, 1967, (VII-180 p).

822- جەمال جەلال عەبدوڵڵا، *خوێندنەوەی کوردی،* (بەرگی یەکەم- ڕۆژنامەگەری کوردی). بریتییە لە کۆمەڵە هەواڵنامەی ناو ڕۆژنامە و گۆوارە کوردییەکان و هەندێک لەو وتار و هەواڵانە فەرهەنگۆکی وشەکانیان بە ئینگلیزی لەگەڵ دایە و هەندێکیشیان بریتین لە نموونەی زمانەوانی بۆ نیشاندانی کاری رستەکان بە کوردی بۆ خوێنەری ئینگلیز زمان.

823-Jamal Jalal Abdullah, *Kurdish Readers II : Kurdish essays.* Ann Arbor : The University of Michigan Press, 1967, (IX-147 p).

823- **جەمال جەلال عەبدوڵڵا، *خوێندنەوەی کوردی*، (بەرگی دووەم- وتاری کوردی). بریتییە لە کۆمەڵە وتارێکی کوردی کە بە ئەلف و بێی کوردی وەکوو خۆیان نووسراونەتەوە و پاشان هەر چیرۆکێك فەرهەنگۆکی زۆربەی وشەکانی ناو وتارەکەی بە کوردی، بە کوردی (لاتینی) و دواجار مانا ئینگلیزیەکەوە نووسیووە. ئەم کتێبە سەرەتا پێشەکیەکی کورتی بە زمانی ئینگلیزی لە لایەن مەکاریۆس بۆ نووسراوە (لا: پێنج-شەش) و دواتر ئەم وتارانەی تێدا بڵاوکراونەتەوە: 1-یەزیدییەکان (لا: 1-2)(3-6)، 2-بژارکردنی زوبانی کوردی لە وشەی بێگانە (لا:7-8) (9-13)، 3- دارستانەکانمان (لا: 14-16 (17-25)، 4-شێوەکانی زمانی کوردی یەکناگرن بێ ئەوەی کوزمانێکی کوردی پێك نەهێنرێ (لا: 26-28)(29-34)، 5-ئێستگەی بەشی کوردی یە یا ئێستگەی گۆرانی یە؟ (لا: 35-37) (38-44)، 6- ئەتۆم هێزی ئەتۆم (لا: 45-47) (48-54)،7-وردبوونەوەیەك لە دیموکراتیەت (لا: 55-57)(58-63)، 8-زانایانی بەرێوبەرایەتی گشتی عەنتیکە چەند عەنتیکەی گرینگیان دۆزیەوە (لا: 64-66)(67-74)، 9- چۆن چاری دەردی کۆمەڵایەتیمان بکەین (لا: 75-78 (79-90)، 10-جێگای میری گەورەی ڕواندز لە مێژووی نەتەوەی کورد (لا: 91-94)(96=5-107)، 11-مێژووی شاری سلێمانی (لا: 108-113)(114-126)، 12-نە، نەتەوەکەمان دواکەوتوو نییە (لا: 127-132)(133-147).**

824- Jamal Jalal Abdullah, *Kurdish Readers III : Kurdish Short Stories*. préf. De G. G. Cameron. Ann Arbor : The University of Michigan Press, 1967, (IX-115 p).

824-**جەمال جەلال عەبدوڵڵا ، *خوێندنەوەی کوردی*، (بەرگی سێیەم- چیرۆکی کوردی). برتییە لە کۆمەڵێك کورتە چیرۆکی کوردی کە بە ئەلف و بێی کوردی وەکوو**

خۆیان نووسراونەتەوە و پاشان هەر چیرۆکێك فەرهەنگۆکی زۆربەی وشەکانی ناو چیرۆکەی بە کوردی (لاتینی) و دواجار مانا ئینگلیزیەکەوە نووسیووە. ئەم کتێبە بریتییە لە پێشەکیەکی کورت (لا: پێنج–حەوت) بە قەڵەمی ئێرنست مەکاریۆس. دوایی کتێبەکە ئەم چیڕۆکانە بە خۆوە دەگرێ: 1–مامۆستا ف :سەیرانی من (لا:1–2(3–12)،. 2–محەڕڕەم محەمەد ئەمین: بۆ خۆیی (لا:13–16 (17–27)،. 3–ا.ب.هەوری: قارەمانیی ئافرەتێکی کورد (لا: 28–31 (32–46)،. 4– مستەفا ساڵح کەریم: کوا کوڕەکەم؟ (لا: 47–51(52–63)،. 5– میدیا: شاڵڵا سواری کەرێکیشیان بکردیتایە (لا: 64–69 (70–89)،. 6–عەلائەددین سەجادی : ڕاوە ژیشك (لا: 90–97(99–115).

825-Joyce Blau, *Kurdish Kurmandji modern texts*. Introduction, selection and glossary, Wiesbaden : Harrassowitz, 1968, (58 p).

825–جۆیس بلۆ، *کوردیی کورمانجی نوێ. تێکست و پێشەکی، هەڵبژاردن و فەرهەنگۆك*. نامیلکەیەکی بچکۆلەیە و پێشەکیەکی بچووك و پێنج تێکستی هەر یەك لە:عوسمان صەبری، جگەرخوێن، عەرەبی شەمۆ، ئەحمەد میرازی و موسا عەنتر. هەموو تێکستەکان بە کورمانجی لاتینی نووسراون و دواتر فەرهەنگۆکێکی کورمانجی (بەلاتینی)–ئینگلیزی لەگەڵە، لا: 23–56.

826-Margaret Kahn, *Borrowing and Variation in a Phonological Descriptive of Kurdish*. PH.D., The University of Michigan, 1976, (164 p). DAI 37 (December 1976), 3591-A.

827- John Bordie, "Kurdish dialects in Eastern Turkey" in Jazayery, M.A. et al. (eds.),Linguistics and Literary Studies in Honor of Archibald A. Hill, Vol.II. Descriptive

Linguistics. *The Hague*, Mouton Publishers, 1978, pp. 205-12.

828- Yona Sabar, « Multilingual proverbs in the neo-Aramic speech of the Jews of Zakho, Iraqi Kurdistan » *International Journal of Middle East Studies* (1978) vol. 9, pp. 215-235.

829-Th. Bynon, "The Ergative Construction in Kurdish", In: *BSOAS*, 42, 1979, pp. 211-224.

830-Fuad Hama Khorshid, *Kurdish language and the distribution of its diale*cts, Baghdad : Ishbeelia Press, 1983, (36 p).

830–**فوئاد حەمە خورشید، *زمانی کوردی و دابەشبوونی دیالێکتەکانی*. کازم سەعدەددین لە عەرەبییەوە کردوویە بە ئینگلیزی. بریتییە لە پێشەکی** (لا: 7). **فەسڵی یەکەم: زمانی کوردی** (لا: 7–13). **فەسڵی دووەم: دیالێکتەکانی زمانی کوردی. لوم فەسڵە موناقەشەی ئەوە دەکات کە هەردوو دیالێکی لوڕی و گۆران لە لایەن کوردناسەکانەوە بە کوردی دانانرێن و بگرە هەندێك هەر لەو بڕوایە دان کە ئەمانە دیالێکتگەلی فارسین. دوای باسی دیالێکتە کوردییەکان و هۆیەکانی دروستبوونی دیالێکتەکان شیدەکاتەوە.** (لا: 14–20). **فەسڵی سێیەم: نەخشەی دیالێکتە کوردییەکان. لە فەسڵە زۆر بەوردی باسێکی نەخشەی دابەشبونی دیالێکتە کوردییەکان دەکات و ورد بە ورد بەشوێن جوگرافیای دیالێکتەکان دا چووە.** (لا: 21–28). **هەرچی فەسڵی چوارەمە بریتییە لەو ئەنجامانەی کە نووسەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا پێیان گەیشتووە.** (لا: 29–30). **پەراوێزەکان** (لا: 31–35).

831-S. Khoshnaw, *Kurdish Language and Grammar,* South Manchester Resources Centre, Guardian, 1983, (126 p).

832-Terry Lynn Todd, *A Grammar of Dimili (also known as Zaza).* Ph.D. dissertation, University of Michigan 1985.

833-Abdul-Majeed Rashid Ahmad, *The Phonemic System of Modern Standard Kurdish*. Ph.D. The University of Michigan, 1986, (169p) DAI 47 (September 1986), pp. 924-A.

834-David Neil MacKenzie.“Kurds: Kurdistan.V. Language”. In : *The Encyclopedia of Islam,* Vol V, 1986, pp. 479-480

835- G. S. Asatrian, & N. Kh. Gevorgian, "Zaza miscellany: Notes on some religious customs and institutions", *A green leaf. Papers in honour of Professor Jes P. Asmussen* [*Acta Iranica*, XII] Leiden: Brill, 1988, pp. 499-508.

836-Mehrdad Izady, « A Kurdish Lingua Franca? », In : *Kurdish Times* 2, no. 2 (Summer 1988),pp. 13-24.

837-D.N. MacKenzie” The role of the Kurdish language in ethnicity”. In: P.A. Andrews (ed.) *Etnnic Groups in the Republic of Turkey*. Wiesbaden, 1989, pp. 541-542.

**837–د.ن.مەکەنزی، "ڕۆڵی زمانی کوردی لە ئیتنیستیٚ دا". وتارێکی زۆر چکۆڵەیە باسی زمان و پێکهاتەی زمانی کوردی دەکات لە ئیتنیسیتیٚ دا و باسی ئەوە دەکات**

**که زمانی کوردی و ئەوەی پێی دەڵێن زازا گەلی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ سەر بە لقە گرووپی ئێرانی خێزانی زمانە هیندۆئەوروپاییەکانن. پاشان باسی کورد دەکات لە سەرچاوە کۆنەکان دا و ڕای وایە کە زمانی گۆرانی زۆر نزیکترە لە زمانی زازا..**

838-Fereidun Vahman, « Gleanings from Zaza vocabulary », In : *Iranica Varia :* papers in honor of Professor Ehsan Yarshater . Leiden : Brill, 1990 . (Acta Iranica, 30, Textes et Mémoires, 16) pp. 267-275.

839-Kamal Fuad, « On the origins, development and state of the Kurdish language », In: *Yearbook of the Kurdish Academy* 1990 / Kamal Fuad ; Ferhad Ibrahim; Najat Mahwi(eds.). Ratingen:The Kurdish Academy, 1990, pp. 11–21.

840-Amir Hassanpour, « State policy on the Kurdish language: The politics of status planning". In: *Kurdish Times* ,New York, Vol. 4, No. 1-2, (Summer-Fall), 1991, pp. 42-85.

841-Amir Hassanpour, *Nationalism and language in Kurdistan, 1918-1985*, San Francisco : Mellen Research University Press, cop. 1992, (XLII-520 p).

841–**ئەمیری حەسەنپوور، *ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستان دا* *1918–1985*. ئەم کتێبە لە بنەواندا بریتییە لە کارنامەی دوکتۆرای نووسەر کە ساڵی** 1989 **پێشکەش بە زانکۆی** *University of Illinois at Urbana-Champaign*

کردووە[36]. مایکل شایت بەرایی بۆ کارەکە نووسیووە و کارەکە بەرز پەسن دەکات (لا: نۆزدە-بیست و یەك). دواتر بەرایی نووسەر و پاشان لادیسلاڤ زگوستا بەناوی زمان، بە نەتەوەبوون و ستاتووی کەمینە نەتەوەکان پێشەکیەکی بۆ کتێبەکە نووسیووە. کتێبەکە دابەشی سەر (11) فەسڵ کراوە. فەسڵی یەکەم: زانیاری گەلێکی گشتی لەبارەی کۆمیونیەتی کوردیی ئاخێو. لەم فەسڵەدا بە شێوەیکی ورد باسی ناوچە کوردی زمانەکانی ناو تورکیا، عێراق، ئێران، سوریا و یەکێتی شوورەوی دەکات و باسی دیالێکت و بن دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکات (لا: 1-48). فەسڵی دووەم: ڕەوشی مێژوویی ستانداردیزەکردن: وەدیارکەوتنی نەتەوەی کورد. باسێکی مێژوویی وەدیارکەوتنی نەتەوەی کورد دەکات هەر لە کۆنەوە تاوەکوو دەورانی ئیسلام، میرنشینە کوردییەکانی سەدەکانی پانزەهەم، شانزەهەم و حەڤدەهەمی کوردستان، یەکەمین دابەشکردنی کوردستان (پەیماننامەی زەهاو 1639)، ناسیۆنالیزمی دەرەبەگی لە سەدەی حەڤدەهەم، ڕوخانی ئەمارەتە کوردییەکان و بزووتنەوەی نوێی کورد و کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دووەم دابەشکردنی کوردستان 1918 لە باسە سەرەکیەکانیەتی(لا: 49-67). فەسڵی چوارەم: قۆناغی پێش-ستاندارد: ئەدەبی کوردی دیالێکتەکان، لە سەدەی پانزەهەمەوە تاوەکو 1917. باسێکی گشتی ئەدەبی کوردییە بە هەموو دیالێکتە جیاوازەکانی کوردستان(لا: 69-99). فەسڵی پێنجەم: سیاسەتی دەوڵەتیی بەرامبەر بە زمانی کوردی: سیاسەتی ستاتووی زمان (لا: 102-154). فەسڵی شەشەم: هەڵبژاردنی دیالێکتی بناغە (لا: 155-169). فەسڵی حەوتەم: لێکدانەوەی ئەنجامگەلی کارەکە (لا: 170-348) بریتییە لە کرۆکی سەرەکی کارنامەکە و دابەشی سەر حەوت بن-فەسڵی دیکە کراوە و تێیدا باسی چاپەمەنی کوردی، ڕۆژنامەنووسیی، پەروەرە، کاروباری بەڕێوەبەری، زانست، سینەما و شانۆ،

---

[36] Cf.Amir Hassanpour, *The language factor in national development: the standardization of the Kurdish language, 1918-1985,* Thesis (Ph.D.) University of Illinois at Urbana-Champaign, 1989,( xxii, 464 p).

فۆتۆگرافی کراوە. فەسڵی هەشتەم :بەکۆدکردنی فۆرم: هەوڵدان بۆ دانانی نەخشەی سەرجەم بابەتەکانی بەدەست. ئەم فەسڵە دابەشی سەر (5) بن فەسڵی جیا کراوە باسیێکی زمانەواینییە لەبارەی فۆنۆلۆجی، ڕێنووس، مۆرفۆلۆجی، وشەناسی و ڕێزمان دەکۆڵێتەوە (لا: 349–434). فەسڵی نۆیەم : پەسندکردنی نۆرمەکانی سۆرانی (لا: 435–437). فەسڵی دەیەم: ڕەوشی کۆمەڵایەتی ستانداردیزەکردن (لا: 439–454). فەسڵی یانزەهەم: بریتییە لە کورتە، ئەنجامگیری و دەرئەنجامەکانی کارنامەکە (لا: 435–468). بیبلیۆگرافیا (لا: 469–520).

842-Joyce Blau, « The Kurdish language and literature », In: *International Paris Conference: the Kurds: Human Rights and cultural identity;* 14–15 October 1989 / Institut Kurde de Paris (Ed.). Paris: Institut Kurde de Paris. 1992, pp. 47–52.

842–جۆیس بلۆ، "زمان و ئەدەبی کوردی". ئەم باسە بریتییە لەو موحازەرەیەی کە لە کۆنفرانسی کورد: مافەکانی مرۆڤ و ناسنامەی فەرهەنگیی لە 14–15 ی ئۆکتۆبەری 1989 لە پاریس بەسترا خوێندرایەوە. هەمیشە دەستەبژێرێکی کورد هەر هەبووە کە بە درێژایی مێژوو بە زمانی داگیرکاران نووسیوویانە. زۆربەی ڕوناکبیرەکان یان بە فارسی یان بە عەرەبیان نوسیوە. لە سەدەی سێزدەهەم مێژوونووس ئیبن الاثیر بە عەرەبی نووسیووە لە کاتێکدا ئیدریسی بدلیسی ئەو کوردەی کە لە ئیمپراتۆریای عوسمانی پایەکی بەرزی هەبووە بە فارسی ساڵی 1501 (هشت بهشت) ی نووسیووە کە مێژووی یەکەمین هەشت سوڵتانەکانی عوسمانی نووسیوەتەوە. بەهەمان شێوە میر شەرەفخان لە کۆتای سەدەی شانەهەم بە فارسی شەرەفنامەی نووسیوە. ئەستەمە بتوانین مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دەستنیشان بکەین بەجۆرێك لە پێش ئیسلام دا هیچ شتێکمان بەدەستەوە نییە. یەکەمین شاعیری کورد عەلی حەریری یە کەساڵی 1425 لە هەکاری لە دایك بووە و لە دەوروبەری 1495 کۆچی دوایی کردووە. لە دایکبوونی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هاوشانی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە کە بەناوی (کوردستان) لە قاهیرە بڵاوکرایەوە.

دواتر باسی پەرەسەندنی پەخشانی کوردی دەکات و باسی ئەدەبیاتی کوردی دەکات لە دەورانی ئینتیدابی فرەنسی بۆ سوریا و هەروەها باسی ڕەوشی ئەدەبیات و زمانی کوردی دەکات لە تورکیا، ئێران و پاشان باسی ئەدەبیاتی بەرگری کوردی دەکات لە کوردستانی عێراق.

